# نوێبوون

7

## گۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز
مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر/ ئەنوەر صاڵح
جێگری سەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

ڕاوێژکاران

کامەران محمد
مامۆستای زانکۆ

هیوا عزیز
مامۆستای زانکۆ

ئارام عەلی فەرەج
مامۆستای زانکۆ

ئەمیر خوداکەرەم زەندی
مامۆستای زانکۆ

سەرپەرشتیاری هونەری
ئالان قادر

2009



ناونشان / سلێمانی ـ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی

Email: nwebun@pukm1.com
nwebunm1@yahoo.com

Tel: 07480172102 - 0533127591



تایپ/ هەردی ئەنوەر

هەڵەچن / ئاکۆ عبدالمجید

تیراژ/ 1500 دانە

چاپ/ چاپخانەی شڤان


هەواڵنامەی کتێب

## لـــــــــــەم ژمارەیـــــــــەدا


ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و مەسەلەی نیشتمانی — سەرنووسەر — ٥ - ٨


## لێکۆڵینـــــــــــەوە


❖ ئـــەمریکا لـــەنێوان کـــۆچ و داگیرکردندا — د. ئاراس فەریق زەینەڵ — ١٠ - ٣٠

❖ دەرکـــــــەوتنی شـــارستانیــــەت. — فەرهاد محمود حاتم، هێمن جبار محمد — ٣١ - ٤١

❖ ڕەوتە هزرییەکانی جیهانی عەرەبی. — م. کامەران محەمەد قادر — ٤٢ - ٧٥

❖ دادوەری کــــــۆمەڵایەتی — سۆز علی سەعید — ٧٦ - ٩٠

❖ کەلتووری کـوردی و گۆڕانکارییەکانی لەسەر تـاکی کورد. — ئازاد تۆفیق خەیات — ٩١ - ١١٠

❖ گۆڕانی کۆمەڵایەتی (هۆکارو دەرئەنجام) — د.ئەمیرخوداکەرەم — ١١١ - ١٢٣

❖ هەڵوێستی سـۆڤیەت لـەبـەرامبەر کورد — م. هیوا عزیز سعید — ١٢٤ - ١٤٠

❖ حەمە ڕەزا شا لەنێوان دیموکراتیەت و حوکمی تاکڕەوانەدا. — م. سامان حسێن احمد — ١٤١ - ١٥٣


## وەرگـــــــێڕان


❖ جۆن ڕاولز/تیۆرێك دەربارەی دادوەری — ن. صموئیل کورفیتز، و. لەعەرەبییەوە: هەڵست — ١٥٦ - ١٨٤

❖ بینیە دێتـۆ کـرۆچـەو تیئۆری مێژوو لـــەئیتالیا . — و.لەفارسیەوە: وریا فائق — ١٨٥ - ٢٠٥

❖ تورکیا لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆگان. بەشی دووەم — ن: مەنال لوتفی، و.لەعەرەبییەوە: سالارتۆفیق — ٢٠٦ - ٢٥١

❖ کامە ڕێگا و بە چۆن "قوربانی"یەکەوە؟ — و. ئەردەڵان فەرەجی — ٢٥٢ - ٢٦٦


## ووتـــــــار


❖ پرسی کورد لە داهاتوودا. — م.هێرش عبدالله — ٢٦٨ - ٢٧٧

❖ گەنج و ئەرکە گەنجانەکانی — ئەردەڵان فەرەجی — ٢٧٨ - ٢٨٣


## القسم الـــــعربي


❖ نظرية المعرفة. — م. ضياء حبيب توفيق — ٢٨٦ - ٣١٢

❖ مبدأ عـــــدم أستخدام القوة أو التهديـد بها فـــي العلاقات الدولية. — م. ريبوار كريم محمود — ٣١٣ - ٣٢٥


هەواڵنامەی کتێب

# ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و مەسەلەی نیشتمانی

عێراقی فیدراڵ لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی دەکات، ئەمەش سەرجەم پێکهاتەو نەتەوەو حزبو لایەنەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکەن، دیارە ئەم پرۆسەیە لە ناو سیستەمی سیاسی عێراقدا بۆ هەموولایەك پرۆسەیەکی گرنگ و چارەنووسازە، چونکە تواناو شکۆو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری هەر لایەك دەردەخات ، بۆیە ئەگەر جارێك بۆ لایەنە عەرەبییەکان بە سونە و شیعە گرنگ بێت، ئەوا دووجار بۆ کورد گرنگ و بایەخدارە، ئەم گرنگیەش لەچەند لایانێکدا دەردەکەوێت:

کورد بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە ژێر زوڵمو ستەمی دەوڵەتی مەرکەزدا چەوساوەتەوەو بەشداری سیاسی لە سیستەمی سیاسی عێراقدا یان نەبووە یان شێوەیەکی شکڵی بووەو مافەکانی پێشێلکراوە. بۆیە لە فۆرمی



سیاسیی ئێستای عێراقدا کارکردن بۆ پێگەی کورد لە مەرکەزدا بەجیاوازی میکانیزمو بیروباوەڕەکانەوە ئەرکێکی نیشتمانی هەرتاکێکی کوردە، لە لایەکی ترەوە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە دژی هەموو شێوە کیانو دەسەڵاتێکی کورد بوون، هاوکات بۆ پەکخستنو لاوازکردنی بزوتنەوەی سیاسی کوردی کە توانای بەشداریکردنی دەسەڵاتی نەبێت، ئەم لایەنانە بەشێوەیەکی بەردەوامو تا ئێستاش لە هەوڵی دروستکردنی کاریگەریو پلانرێژیدان.

کارکردن بۆ لاوازبوونی پێگەی سیاسی کورد لە سیستەمی دەسەڵاتی عێراقدا مەسەلەیەکە لای زۆربەی هێزە سیاسیەکانی عێراق بەشیعەو سونەوە شتێکە وجودی هەیە. دەبینین بەپراکتیکی کار بۆ ئامانجەکانیان دەکەن کە خۆی لەبەهێزکردنی پێگەی مەرکەزیی دەوڵەتی عێراقو پێداچوونەوەی دەستورو چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوكو مادەی (١٤٠)و مەسەلەی پێشمەرگەو گرێبەستە نەوتیەکاندا دەبینێتەوە. ئەمانە هەمووی لەمادەکانی دەستوری عێراقدا چارەسەری بۆ دانراوە، بەلاَم تائێستا ئەم کێشانە بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، ئەمەش بۆ خۆی ماهیەتی دەوڵەتی عێراق دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە ئایا دەتوانرێت ڕابەرانی سیاسی عێراق وەك هێزێکی دیموکراتخواز بڕوا بە مافی نەتەوەکانی تری عێراق بێنن، یان هەر بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتی بەسەنتراڵ کردنو بەعەرەبکردنی شوناسی دەوڵەت؟ ئەمەش جۆرێك بیرکردنەوە لای کورد دروستدەکات کە بەبەردەوامی بە گومانەوە سەیری گوتاری دەسەلاَتدارانی سیاسی عێراق بکات. ئەگەر هەر لەئێستاوە سەیری هەوڵەکانی نوری مالیکی بکەین، دەبینین بەناوی لیستی (دەوڵەتی یاسا)وە دەیەوێت بنکەیەکی فراوان لە لایەنو ڕێکخراوو حزبو عەشایەرو لیبراڵو دیموکراتەکان



هەواڵنامەی کتێب

بە سونەو شیعەوە یەکبخات کە نزیکەی (٥٠) لایەنن. بەمەش دەیەوێت گوتارێکی عەرەبی یەکگرتوو لە عێراقدا بخاتەڕوو کە غەیری عەرەب هیچ نەتەوەیەکی ترپێگەیەکی سیاسی کاریگەری نەبێت. لە هەمان کاتدا دەیانەوێت بنەمای (تەوافق) لەعێراقدا نەهێڵن‌و مەسەلەی زۆرینەو کەمینە بکەنە پێوەر بۆ مەسەلەکانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، ئیتر لێرەوە ئەوەی دەیانەوێت بەشەریعەتی زۆرینە کاری لەسەربکەن‌و بنەما دەستوریە فیدراڵیەکانی عێراق بگۆڕن‌و گروپی کوردی لە پەرلەمانی عێراقدا هیچ ڕۆڵ‌و بایەخێکی نەمێنێت‌و کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی سیاسی عێراق نەبێت. ئەمەش بیرکردنەوەیەکی شۆڤێنانەی عەرەبە کە لەهەر فرسەتێکدا بۆیان بلوێت دەستی خۆیان دەوەشێنن. بەڵام هیوادارین عەقڵی عەرەبی عەقڵێکی کراوەی سەردەم بێت‌و بەرەو ئەم ئاراستەیە نەڕوات، نمونەی موسڵ لەبەغدادو عێراقدا دووبارە نەکاتەوە.

ئەی ڕۆڵی کورد لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا چۆنە؟ ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکەین هەردوو پارتی دەسەڵاتدار داوای یەك لیستی‌و یەکێتی‌و یەکگرتوویی دەنگی کورد دەکات بۆ دیاریکردنی زۆرترین ڕێژەی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا، هاوکات گرنگە ئەو ئاڕاستەیەی کەئەمڕۆ بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی دەکات بەهەمان گرنگی‌و بایەخپێدانەوە ئەم واقیعە سیاسیە لێکبداتەوەو ڕۆڵێکی پۆزەتیف لەبەهێزکردن‌و پتەکردنی گوتارو پێگەی کورد لەبەغدا ببینێت، کەدواجار خێرو خۆشی هەموومان‌و چەترێکی تۆکمەو فراوانبێت تاوەکو لەسایەیدا هەموومان بەتەبایی‌و ڕێزگرتنی جیاوازییەکانمانەوە هەوڵی پاراستن‌و پەرەپێدانی دەستکەوتە نیشتیمانیەکانمان بدەین.

بۆیە پێویستە چۆن عەرەب بەڕابەرایەتی مالیکی گوتاری عێراقی



یەکدەخات‌و مەسەلەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی گرنگترین مەسەلەی ئەمرۆ بە هەموو جیاوازی دینی و تایەفیەکەوە لەبەرچاودەگرێت، گرنگە ئێمەش جیاوازییەکانمان هەرچۆنێك بێت، لەکوردستان‌و بۆخۆمانی جێبهێڵین، چونکە گواستنەوەی ئەم ناکۆکی‌و جیاوازییانە بۆ عیراق، جگە لەخزمەتکردنی سیاسەتی بەسەنتڕاڵیکردن، هاوکات کردنەوەی دەلاقەیەکە بەڕوی نەیارو کێبەرکێکارانمانەوە لەبەغدا تاوەکو زیاتر دەستوەربدەنە ناوخۆی کوردو هەڵوێستمانی پێلاوازبکەن.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر هەر هەڵوێست‌و کردارێك لەهەر لایەنێك سەرچاوەبگرێت، جا ئۆپۆزسیۆنی ئەمڕۆی هەرێم بێت یاخود یەکێتی‌و پارتی یان هەر هێزێکی تری کوردستانی، کەببێتە مایەی کەمکردنەوە یاخود لەدەستدانی هە دەستکەوتێکی کورد لەسەر ئاستی عیراق، ئەوا دەکەوێتە بەر دەم چارەنوسێکی مێژوویی‌و نیشتمانی کە ئەنجامەکەی هەموومان دەگرێتەوە.

سەرنووسەر



هەواڵنامەی کتێب

# لێکۆڵینەوە

- ئەمریکا لەنێوان کۆچ و داگیرکردندا.
- دەرکەوتنی شارستانیەت.
- ڕەوتە هزرییەکانی جیهانی عەرەبی .
- دادوەری کۆمەڵایەتی.
- کەلتووری کوردی و گۆڕانکارییەکانی لەسەر تاکی کورد.
- گۆڕانی کۆمەڵایەتی (هۆکار و دەرئەنجام).
- هەڵوێستی سۆڤیەت لەبەرامبەر کورد.
- حەمە ڕەزا شا لەنێوان دیموکراتیەت و حوکمی تاکڕەواندا.





## ئەمریکا لەنێوان کۆچ و داگیرکردندا

د.ئاراس فەریق زەینەڵ

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەوێتە نێوەندی کیشوەری ئەمریکای باکوور کە بەشێکە لەسەر زەمینی جیهانی نوێ، ئەم وڵاتە لەباکوورەوە کەنەدا دراوسێیەتی وڵاتی مەکسیك و کەنداوی مەکسیکۆ دەکەونە دیوی باشوورییەوە، لەڕۆژهەڵاتیشیەوە زەریای ئەتڵەسی و لەڕۆژئاواشەوە زەریای ئارام، ئەمە جگە لەویلایەتی هاوای ئالاسکا، چونکە ویلایەتی هاوای دەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەری ئەمریکای باکوور لەناو زەریای ئارام دایە، ویلایەتی ئالاسکاش دەکەوێتە ئەوپەری باکووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەمریکای باکوورو هاوسنووورە لەگەڵ ڕووسیادا.

ئەمریکا نزیکەی (٩,٦٣١,٤٢٠)کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، هاوکات دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی (٧٠-١٢٥) پلە ڕۆژئاوای گرینیچ و بازنەکانی پانی (٢٥-٤٩) پلە باکووری هێڵی یەکسانیەوە.

سروشتی زەمینی ئەمریکای باکوور جۆراوجۆرە، پێکهاتووە لەچیاو گردۆلکەو دەشت، دووری نێوانی رۆخی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای دەگاتە (٤٨٢٧)کم.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەشت رووباری گەورەی تێدایە، ئەوانیش (میسیپی، هدسۆن، بۆتۆماك، ئۆهایۆ)، گەورەترین رووباری ئەمریکا میسیپییە، درێژییەکەی دەگاتە (٣٩٧٤,٢٣کم) دەڕژێتەناو رووباری هدسۆنەوەو پاشان هەریەکە لەم رووبارانە دەرژێنەناو زەریای ئەتلەسیو کەنداوی مەکسیكو کەنداوی کالیفۆرنیا لەرۆژئاوای مەکسیك.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (١٧٧٦/٧/٤) سەربەخۆی خۆیان راگەیاند لەئینگلتەراو پاش (٨) هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ بەریتانیا توانیان لە (١٧٨٣/٨/٣) بەتەواوی سەربەخۆی خۆیان بەدەستبهێنن، بریتانیاو فەرەنسا و وڵاتانی تری جیهان دان بەو سەربەخۆییەی ئەمریکا دابنێن، ئەمریکاییەکان لەپاش ئەم سەربەخۆییە توانیان یەکەم دەستور بۆ ئەم وڵاتە دابنێنو لە (٣٠)ی نیسانی ساڵی (١٧٨٩ز) یەکەم حکومەتی فیدڕاڵی ئەمریکا دامەزرا بەسەرۆکایەتی (جۆرج واشنتن)و (جون ئادامز) وەك جێگری سەرۆكو جیفەرسون وەك وەزیری دەرەوەو الکسندر هاملتون وەك وەزیری داراییو هنری نۆکس وەك وەزیری جەنگی، ئەدموند راندولف وەك وەزیری دادو چون چای وەك سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، شاری نیۆیورك وەك پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پاشان لەساڵی (١٨٠١) شاری (واشنتن دی سی) یان دروستکردو پایتەختیان گواستەوە ئەو شارە کە تایبەتە بەفەرمانڕەوایی ئەمریکا، ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا تەنها (٣) سێ ملیۆن کەس بوو، هەروەها لە (١٣) ویلایەت پێکهاتبوو، بەڵام ئێستا (٥٠)پەنجا ویلایەتە لەساڵی (٢٠٠٨) ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا گەیشتە زیاتر (٣٠٣,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن کەسە وچری دانیشتوانی هەر ١٧٢





کەس لە٣١ کیلۆمەتر چوار گۆشەدا نیشتەجێیە و رێژەی گەشەکردنی دانیشتوانی (٨٧٪)و رێژەی مردن تێدا (٠,٦٪) بووە، لەڕووی پەیڕەوکردنی ئاینیەوە (٥٨٪)ی پرۆتستانتو (٢٦٪)ی کاسۆلێكو (٢٪) جوو و (٨٪)ی بێ ئاینو (٦٪) ئاینیەکانی دیکە، هەروەها لەڕووی زمانەوە جگە لەزمانی ئینگلیزی کە زمانی سەرەکیە لەوڵاتدا چەندین زمانی جیاوازی تێدایە وەك (فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی، چینی، ئیسپانی)و چەندین زمانی دیکە، لەڕووی ژیانی ئابوورییەوە ئەمریکا لەریزی پێشەوەی وڵاتە کشتوکاڵیو پیشەسازییەکانەوە دێت، بۆ نموونە کشتوکاڵ لەئەمریکا لەسەر شێوازی کێڵگەی فراوان پەیڕەودەکرێت، هەر لەکەنارەکانی ئەتلەسییەوە تادامێنی چیاکانی رۆکی بەدەشتاییەکانی حەوزی میسیپیشەوە تەرخانکراوە بۆ کێڵگەی دانەوێڵەی وەك (گەنمو جۆو گەنمەشامی)، بەجۆرێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆرجار بە یەکەم وڵاتی جیهان دادەنرێت لەبەرهەمهێنانی گەنمدا، هەروەها چەڵتووك (برنج) لەکەنارەکانی سەر ئەتلەسیو دەشتی میسیپی بەرهەمدەهێنرێت، کۆیلەکان بەتایبەتی ڕەشپێستەکان بەپلەی یەکەم پشتدەبەستن بەم بەرهەمە، هەروەها ئەمریکا لەڕووی بەرهەمی لۆکەش بەهەمان شێوە لەڕیزی پێشەوەی وڵاتانی جیهانەوەیە، هاوکات بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی تری وەکو توتنو قامیشی شەکر لەزۆربەی ناوچەکانی ئەمریکا بەرهەمدەهێنرێت. لەڕووی ئاژەڵدارییەوە ئەمریکیەکان زۆر بایەخدەدەن بەم بوارە، لەسەر شێوازێکی پێشکەوتووانەی هاوچەرخ مەڕوماڵات بەخێودەکەنو داهاتی باشیان دەستدەکەوێت بەهۆی فرۆشتنی بەرهەمەکانیەوە، جگە لە (ماسی) کە بۆ خۆی بەشێکی گرنگی ژیانی ئابووری دانیشتوانی ئەمریکا پێکدەهێنێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئەمریکا خاوەن کەنارێکی دەریای فراوانە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕووی پیشەسازی زۆر پێشکەوتووە

بەتایبەتی لەپیشەسازی ئۆتۆمبیلو چەكو كەرەستەی جەنگی بەهەموو شێوەكانیەوەو كۆمپیوتەرو لەبوارەكانی تەكنەلۆژیاو پێوەندیەكانو سیستمی هاتوچۆدا سەركەوتوو بووە، ئەمەش وایكردووە كە ئابووریناسان پێیان وایە ئەمریكا تەنها لەڕێگەی باج وەرگرتنو پارەی تەلەفۆنو هاتوچۆدا دەتوانێت بژێت، ئەم جگە لەخزمەتگوزاری پزیشكیو بیناسازیو نەوتو هتد...

### * دۆزینەوەی جیهانی نوێ

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كەوا (كریستوف كۆڵۆمبس) یەكەم كەس نەبوو كیشوەری ئەمریكای دۆزیبێتەوە، بەڵكو بەپێی وتەی پرۆفیسوری ئینگلیزی (جیرازبوی) ئاماژە بەوە دەكات كەوا میسرییەكۆنەكان بۆ یەكەمجار لەساڵی (٣١٥٠پ.ز) ئەمریكایان دۆزییەوە بەهۆی پێوەندییەكانی نێوان هەردوولادا.

دۆزینەوەی كیشوەری ئەمریكا لەلایەن ئەوروپیەكانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گەشەكردنی دۆزینەوە جوگرافیەكان لەئەوروپا، سەردەمی بوژانەوەی ئەوروپا كۆمەڵێك دیاردەو سیمای تایبەتی خۆی هەبوو وەك دۆزینەوەی چاپو زیندوكردنەوەی كلاسیكیەتو چاكسازی ئایینیو دۆزینەوەی پێگەی جوگرافیو دورستبوونی كۆمەڵێك كاری یەك لەدوای یەكو بەردەوامی بیرمەندانو زانایانو پیاوانی ئاینیو پیاوانی سیاسیو رۆشنبیران بوون.

دۆزینەوەی ئەمریكاو نیشتەجێبوونو فراوانخوازی تێدا دیاردەیەكی سەیر نەبوو، جگە لەشەپۆلێك لەشەپۆلەكانی پر جوڵەی رەوتی مرۆڤایەتی نەبێت، ئیدی ئەمە بوو، ئەم دیاردەیە هەر لەم دێرانەداو بەم سانایيە، چونكە لەسەرەتای مێژووەوە ئەم شەپۆلانە هەبوون، هەندێكیان لەدوی ئەوانی دیكە هاتوون ئیتر لەشێوەی كۆچی هۆزو خێڵەكان بوو بێت یان تێپەڕینی سوپاكان





بووبێت بەدەشتو كێوو رووبارو دەریاكاندا.

لەبەرئەوە دەبێت ئەو راستییە قبوڵبكەین، كە ژیان بەردەوام لەڕەوتو كۆچو گۆڕاندایە، هەریەك لەمانە (بابلی، سۆمەری، میسری، ئێرانی، رۆمانیەكان،... هتد) هاتنو سەردەمی خۆیان تەواوكردو مێژووش دوایان كەوت، مێژوو هێزێكە كە ناوەستێت لەسنورێكدا، بەڵكو بەردەوام لەگەشەدایە هەركەس هاوئاهەنگو تەریبی بێت ئەوانە زیندوویو كارایی دەمێنێتەوە، ئەوەش پێچەوانەكەی گوزەریكرد دوادەكەوێت دەوەستێت، وەك هەموو ئەو گەورانەی تیاچوون، چیرۆكی دۆزینەوەی ئەمریكاو باشتریش لەگەڵ مێژوو هاوتەریبە، دۆزینەوەی ئەمریكاو باشتریش لەگەڵ مێژوو ئەزمونی مێژوویدا گوزەری كرد لەبەرئەوە هەر لەدۆزینەوەیدا تا ئێستا روو لەگەشەو شارستانیەو بەو ئاڕاستەدەڕوات.

زۆرێك لەمێژوونوسان ئەوەیان دووبارە كردۆتەوە كە بەر لەگەشتەكەی كۆلۆمبس چەندین رەوی تری مرۆڤایەتی لەناوچەكانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپاوە گەیشتۆتە ناوچەكانی ئەمریكا.

هەروەك لەئەفسانە كۆنەكانیشدا هەیە كە زۆربەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخە كۆنەكانو باس لەبوونی زەوییەكی فراوان ئەكەن بەئاراستەی رۆژئاوادا، وەك ئەوەی لەكتێبەكانی مێژوونوس (پیوبومبس) ئەم ئەفسانەیە لەسەر شێوەی دیالۆگ لە نێوان (سلین و میداس )دەبینرێ، سلین باس لەوە دەكات كە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا بە ئاو دەروات، و لە پشتی ئەو ئاوە ڕووبەرێكی گەورەی زەوی هەیە ئەوەی تریش لەم بارەیەوە وتراوە ئەوەیە كە میسرییە كۆنەكانو فینقیەكانو باسكەكانی كەتالۆنیەكانو ئەڵمانیەكانو فەرەنساییەكانو هیندییەكانو یابانیەكانو رۆمانیەكان توانیویانە بگەنە ئەمریكای ئەمرۆ، بەڵام



هەواڵنامەی کتێب

لەڕاستیدا ئەم بیروباوەڕو ئەفسانانە هیچیان پشت راستێکی زانستیان نییە، جگەلەوەش کە دەوترێت کە باکورییەکانی ئەسکەندیناوە یەکەم گروپ بوون کە گەیشتونەتە ئەمریکا، ئەمەش بەگەیشتنی (لیف ئەریکسۆن) بۆ فاینلاند یان زەوییەکانی (کرۆم) لەساڵی (١٠٠٣ز)، کە شوێنەکەی دەکەوێتە نزیك نیویۆرکی ئەمڕۆوە باشتریش براکەی (پۆرفولد) لەساڵی (١٠٠٨ز)دا دووبارە دەگاتەوە فاینلاند، دواتریش (تۆرفین کارلسفنی) ئیرلەندی لەساڵی (١٠١١-١٠١٢ز)دا دەگاتە فاینلاند.

بەڵام باکوریەکانی ئەسکەندیناوە هیچ ئاسەوارێکیان بەجێنەهێشتووە کە گوزارشتو جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە گەیشتۆنەتە ئەو ناوچانە، دیارە ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ژیانی سروشتی دەریاییانو زۆربەی گەشتەکانیان زیاتر لەبەرئەوەش بێت کە هیچ نوسینێکیان جێنەهێشتووە کە باسی لەبونیان بکات یان شوێنەوارێك کە پشت راستی ئەم رووداوە مێژووییەی ئەوان بکاتەوە، زۆربەی ئەو بۆچوونو رایانەش لەبارەی گەشتو کۆششی ئەوانەوە هەیە کە ئەمریکایان دۆزیبێتەوە ئەوەی کە هەیە تەنها لەڕێگەی گێڕانەوەکانەوە بۆیان ماوەتەوە.

جگە لەمانەش هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زانا رۆژهەڵاتییەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەستپێشخەریو ئاسانکاریان کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەمریکا، ئەمەش بەئامادەکردنو ناردنی دەریاوانەکان بەئاراستەی رۆژئاوادا هەروەك ئەوەی (ئیدریسی) گەریدە باسی دەکات کە ئامانجییان دۆزینەوەی وڵاتێکی تازەبوو لەرۆژئاوادا هەروەك لەدواتر (کۆلۆمبس) سودی لێوەرگرتوونو ئاماژەش بەوە دەکات کە سودی لەرای (فەرغانی) فەلەکەوان وەرگرتووە کەخاوەنی کتێبی (المدخل الى علم الافلاك)، کە لەبەر دەرکەوتنی (کۆلۆمبس)بە (٣٠٠)ساڵ کراوەتە لاتینیو رۆژئاواییەکان لەگەشتەکانیاندا سودیان لێوەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا لەڕاستیدا دۆزەرەوەی





دروستی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلە کە دەریاوانە ئیسپانیەکان بوو.

لەڕاستیدا گەڕان بەدوای شوێنو ناوچە وڵاتی نوێ سیمایەکی ئەو سەردەمە بوو، هەربۆ ئەو مەبەستەش هەریەك لەووڵاتانی وەك (ئیسپانیاو پورتوگالو ئیتالیاو هۆڵەنداو فەرەنساو ئینگلتەرا... هتد) یەك لەدوای یەك کەوتنە گەڕانو دۆزینەوەی پێگە جوگرافیەکان، پاش ئەوەی پورتوگالییەکان رێگایەکیان بەرەو هند دۆزییەوە بەخولانەوە بەدەوری ئەفریقیادا، ئەوەبوو دەریاوان (دیاز) توانی لەساڵی (١٤٨٦ز) بگاتە سەری لوتکەی هیوا (رأس الرجاء الصالح) لەوپەڕی باشووری کیشوەری ئەفریقیا، هەروەها (فاسکودی گاما)یش لەساڵی (١٤٩٨ز) توانی ئەو لوتکەیە ببڕێتو بگاتە (کالیکوت)ی هیندستان، ئەم چالاکییانە وای لەئیسپانەکان کرد کەوا بۆ هەمان مەبەست تێبکۆشن بۆئەوەی کە بەئاڕاستەی خۆرئاوادا رێگایەکی نوێی بازرگانی بەرەو چینو هیند بدۆزێتەوە، چونکە مەڵبەندی بازرگانی بوو لەڕۆژهەڵاتدا، هاوکات بۆ کێبڕکێکردنی پۆرتوگالیەکان بۆیە هەستان بەپشتگیریکردنی (کریستوف کۆلومبس) کەوا بەڕەگەز ئیتالیو خەڵکی شاری جەنەوە بوو، یەکەمین کەسێك بوو لەم بوارەدا ناوبانگی هەبووەو پاش مشتومڕێکی زۆر، شاژنی ئیسپانیا (ئیزابیلا) رازی بوو بەوەی کە هەموو کۆمەکێکی بکات، کریستوف کۆلومبس پاش بەدەستخستنی کۆمەڵێك زانیاری جوگرافیو دەریاوانی لە (٣)ی ئابی ساڵی (١٤٩٢ز) بەسێ کەشتی دەریاییو (٨٧) دەریاوانەوە بەندەری (پاڵس)ی ئیسپانیا کەوتە رێو لە (١٢)ی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵە پاش ماندووبونێکی زۆرو بێزاری کەشتیوانەکانو ترس لەئەفسانەکان، گەیشتنە دورگەی (سان سلفادور، دواتر بەرەو "کوباو هایتی" بەرێکەوتن، کاتێك گەیشتنە کوبا وایان زانی ئەمە وڵاتی هیندەو ناوی خەڵکەکەی نا هیندیەسورەکان، چەند ماوەیەك لەدورگەکانی دەریای کاریبیدا سوڕایەوەو



هەواڵنامەی کتێب

لەسەرەتای ساڵی (١٤٩٣ز) گەڕایەوە وڵاتی ئیسپانیا، وە نەبێت تەنها ئیسپانەکان هەوڵی دۆزینەوە جوگرافیەکانیان دابێت، بەڵکو "پورتوگالیەکانو فەرەنسیەکانو ئینگلیزەکان لەگەڵ ئیسپانیەکان" زۆربەی ئەمریکای باکورو باشوریان دۆزیەوە، خەڵکی گەیشتە "رأس هورن" کە دوا وێستگەی ئەمریکای باشوورە.

بەم دۆزینەوە مەزنەش (کریستوف کۆلۆمبس) شۆڕشێکی گەورەی لەجیهاندا لەو سەردەمە بەرپاکرد، چونکە دواتر ئەو کیشوەرە نوێیە بووە نیشتمانی گەلێکی زیندوو و چالاك، هاوکات سروشتی جوگرافی لەباریش لەم کیشوەرە هاندەرێکی باشی ئەوروپییەکان بوو کە بەلێشاو کۆچی بۆ بکەنو تێیدا نیشتەجێ ببن.

دوای گەڕانەوەی کۆلۆمبس لەدوایەمین گەشتی لەساڵی (١٥٠٤ز)دا بۆ ئیسپانیا، (ئەمریکۆ ڤسیوتشی ١٤٥٤-١٥١٢ز)دا بەڕەگەز ئیتالییەو وەك دۆزەرەوەیەکی ئیسپانی هەستا بەچەند گەشتێكو توانی کە ناوی بەرازیل بدۆزێتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا هەواڵی گەشتەکەی بڵاوکرایەوە ناوی لەناوی کۆلۆمبس زیاتر دەربکەوێت. ئەمریکۆ رایگەیاند ئەو وڵاتانەی بۆی چووە وڵاتێکی تازەیەو یابانو هند نییە، بەڵام زەوییەکی تازەیەو جیاوازی هەیە، بەمەش جوگرافیناسەکان ئەم جیهانە تازەیەیان ناونا (ئەمریکا) بەناوی ئەمریکۆوە. لەپاش دۆزینەوەی کۆلۆمبس بۆ ئەمریکا (جۆن کابوت) (١٤٦١-١٤٩٨ز) پەیدابوو، کابوت وەك کۆلۆمبسو ئەمریکۆ بەڕەگەز ئیتاڵییەو لەساڵی (١٤٩٠ز) رۆیشت بۆ ئینگلتەراو بووبە بازرگانێکی دەوڵەمەند، هەستا بە گەشتێك بۆ ئەمریکای باکوور لەسەر راسپاردەی پاشای ئینگلتەرا لەساڵی (١٤٩٧ز)دا، نزیك کەناری رۆژئاوای ئەمریکای باکور بووەو پێدەچێت ئەو شوێنە (نیوفۆندلاند) یاخود (لابرۆ- درۆ) بێت. لەسەر بنچینەی گەشتەکانی کابووت پاشای ئینگلترا





توانی رووبەرێکی فراوان بخاتەسەر ئەم جیهانە نوێیە.

هەرچەندە فەڕەنساش درەنگ کەوتە بواری دۆزینەوە جوگرافیەکان بەهۆی سوربوونی فەرەنسا لەدامەزراندنی ئیمراتۆریەتەکەیان لەئەوروپا وەك لەجیهانی نوێ، بەڵام دواتر لەسەر بنچینەی دوو گەشتەکەی (جاك کارتییە ١٤٩١-١٥٥٧ز) توانی ناوچەیەك لەسەر رووباری (سانت لۆرانس) بدۆزێتەوەو ناوی (مونتریاڵی) لێبنێت، کە گوندێکی هندی بوو.

لەگەڵ ئەو هەموو دۆزینەوانەی کۆلۆمبس، کۆلۆمبس یەکەم کەس نەبووە، ئەمریکای دۆزیبێتەوە لەئەوروپاییەکان، بەڵکو لەپێشتر خەڵکی باکووری ئەوروپا چوون بۆ ئەو شوێنانە بەنزیکەی پێنچ سەدە لەپێش ئەو، لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەکەی کۆلۆمبس بۆ جیهانی نوێ سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ مێژووی ئەمریکا، هەرچەندە هەندێك نوسەر پێیان وایە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدامەزراندنی داگیرگەی ئینگلترا لەسەر کەناری رۆژهەڵاتی ئەمریکای باکور لەسەدەی حەڤدەهەمدا دەستپێدەکات.

ئەمەش وای لەئەوروپیەکان کرد بەلێشاو رووبکەنە ئەم خاکە نوێیەو لەگەڵ خۆیاندا دانەوێڵەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بردو دەستیانکردە کشتوکاڵکردن، هەروەها ئاژەڵو ماسیو گیانەوەرە جۆراوجۆرەکانیش بەشێوەیەکی زۆر لەکیشوەرەکەدا بڵاوبوونەوە، دواتریش دەرکەوت لەکیشوەرەکە پڕە لەکانزای ئاسن، خەڵوز، مس، نەوت... هتد. جگە لەمانەش چەند هۆکارێکی تر یارمەتی گەشەکردنی نەتەوەی ئەمریکیان دا لەوانەش زۆری رووباری گەورە کە وەك هۆکارێکی کارای گواستنەوە بەکاردەهێنران‌و زۆری کەنداوەکانیش یارمەتی بنیانتانی (داگیرگەکانی)ی بچوکی داو هەریەك لەو دورگانە دواتر هەوڵی پاراستنی سەربەخۆییو قەوارەی تایبەت بەخۆیاندا.



هەواڵنامەی کتێب

زنجیرە چیاکانی (اپلاتشیان) بووتە لەمپەر لەبەردەم پەلهاویشتنی بەرەو خۆرئاوا لەهەمان کاتدا (داگیرگە) خۆرهەڵات جمەیان دەهات لەخەڵك و مۆرکی تایبەت بەخۆیان وەرگرت، دواتر خەڵك توانیان لەم چیایە بپەڕنەوەو چیتر خەڵك بەرەو خۆرئاوای کیشوەرەکەش ملیان ناو خەڵکە کۆچبەرەکە لەدەشتەکانی خۆرهەڵاتدا نیشتەجێبوون، چونکە لەسەرەتادا ئاسان نەبوو بەرەو خۆرئاوا کۆچ بکەیت، دواتر بەهۆی چاککردنی ڕێگاکانەوە بووە شتێکی ئاسایی.

**کۆچ بۆ ئەمریکا.... هۆکارو پێکهاتەکانی**

سەرەتای دەستپێکردنی کۆچی ئەوروپییەکان بۆ ئەمریکای باکور بەشێوەیەکی بەرفراوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کریستۆفەر کۆلبس لەساڵی (١٤٩٢ز)دا توانی هەندێك دوورگە لەدەریای کاریبیدا بدۆزێتەوە، هەرچەندە (فایکینگەکان)ی دانیشتونی ئەسکەندەنافیا بە (٥٠٠) ساڵ پێش کۆلۆمبس کۆچیان بۆ ئەم جیهانی نوێیە کردووە.

جگە لەهیندەکان سەرتاپای گەلی ئەمریکا لەڕێگای کۆچەوە چوونەتە ئەو کیشوەرە، یاخود ئەوەی کۆچبەرە کۆنەکانن، تاوەکو هەڵسانی جەنگی نێوخۆی ئەمریکا نزیکەی (٥) ملیۆن کۆچبەر لەئێرلەندە، ئینگلتەرە، ئەڵمانیاوە ڕوویانکردە ئەمریکاو لەنێوان ساڵەکانی (١٨٧٠و ١٩٢٠)دا نزیکەی (٢٠) ملیۆن کۆچبەری تر لەئەمریکا نیشتەجێبوون، زۆرترین ڕێژەی کۆچبەریش لەو نێوچانەوە بوو کە زێدی خۆیان یاخود باوباپیرانیان لەئاراستەکانی خۆرهەڵاتو باشووری ئەوروپا بوو، لەسەرەتادا ئەم کۆچکردنە لەسەر شێوازێکی کۆمەڵ کۆمەڵی بچووك بوو، کە لەجێگەیەکدا دادەبەزینو دەستیاندەکرد بەدروستکردنی شارۆچکەیەکی بچووكو دواتر قەڵاو کڵێسەو بینایان دروستکردو





سەرقاڵی کشتوکاڵکردن دەبوون، بەشێوەیەکی گشتی گرنگیان بەچاندنی (توتن) دەدا کە نرخی لەبازارەکانی (لەندەن)دا زۆر بەرز بوو، بەم هۆیەوە قازانجی زۆریان دەستدەکەوت بۆ وێنە دانیشتووانی (ڤرجینیا) لەدەوروبەری ساڵی (١٦١٩)دا لە (٢٠٠٠) کەس تێپەریان نەدەکرد بەڵام هەر لەو ساڵەدا چەند کاروانێك گەیشتنە ویلایەتەکە یەکێکیان نزیکەی (٩٠) کچی لەگەڵ ڕەسمی (زواج)دا لەخۆ دەگرتو هەر کەسەش خوازبێنی یەکێکیان بکردایە دەبوو (١٢٠) بوند (توتن) بدات بەرامبەر کرێی گواستنەوەی لەئینگلتەرەوە بۆ ئەمریکا، هەروەها لە (هۆڵەندا)شەوە کاروانێك کۆیلەی (زنج) گەشتنە ویلایەتەکەو لەلایەن خەڵکەوە کڕدران، لەنێو مێژوونوساندا بۆچونێك هەیەو پێیان وایە کە سەراپای دانیشتوانی ئەمریکا بەر لەشۆڕشی ئەمریکی خەڵکی بەریتانیا بوون، بەڵام پێدەچێت ئەم بۆچوونە بەو ڕەهاییە نەبێت بەڵام گومان لەوەدانییە کە کۆچبەرە ئینگلیزییەکان ڕێژەیەکی زۆر بگرە هەرە زۆری کۆچبەرەکانیان دەهێناو (داگیرگە) ئینگلیزیەکان زۆر زوو گەشەیاندەکردو لەئایاری ساڵی (١٦٢٩)دا بەندەری (لەندەن) پڕ بوو لەخەڵكو نزیکەی (٤٠٠) کەسی بەریتانی لەگەڵ (٢٠٠) سەر مەڕدا بەرەو ئەمریکا کەوتنەڕێو لەنێوچەی (سایلم) گیرسانەوەو ساڵی دواتر واتە (١٦٣٠) نزیکەی (٩٠٠) کەسی تر لەو نێوچەیە گیرسانەوەو نزیکەی (٩) شاریان بنیاتنا لەوانەش شاری (بوسگن)، جگە لەمەش بەریتانیا (داگیرگە)ی (نیویۆرك)ی والاکرد هەرچەندە هۆڵەندا چەند هەوڵێکی خستەگەڕ کە لەدەوروبەری (نیویۆرك) ناوچەیەك بۆ خۆی دابڕێت، بەڵام بەریتانیا بەزەبری هێز وەدەرینا و ئاڵای ئینگلیزی لەسەرانسەری نێوچەکە هەڵکردو دواتر بوویە گەورەترین شاری ئەمریکاو جیهانو دواتر ئینگلیزەکان پەلیشیان بۆ (فلوریدا) هاویشت، ئینگلیزەکانو کۆلۆنیالیستەکان سەرەتا پێیان



هەواڵنامەی کتێب

خۆشنەبوو کە بیانییەکان رووبکەنە (داگیرگەکان) تەنانەت بەسکوتلەندی یاخود ئیرلەندیش بن، بەڵام وردە وردە ئەم بەندوباوە هەڵوەشایەوە سکونلەندییە ئیرلەندییەکانیش بەقەبارەو ژمارەیەکی نزیك ئینگلیزەکان روویان کردە ئەمریکاو لە (داگیرگە)کاندا نیشتەجێبوون‌و دزەیانکردە سنورە خۆرئاواییەکان‌و لەوێ نرخی زەوی زۆر هەرزان بوو توانیان کۆمەڵگەیەکی بەهێزی دیموکراسی بنیاتبنێن جگە لەمانیش پرۆتستانتە فەرەنسییەکان لەنێوان ساڵانی (١٦٦٠-١٦٩٠)دا رووپانکردە (داگیرگەکان) کە ئەوانە بە (هیوگونت) ناسرابوون‌و خەڵك بەچاوی رێزەوە سەیریدەکردن، چونکە پێیان وابوو کشتوکاڵ‌و بەروبوومی چاك دەهێننە ناو وڵاتەوە، هەروەها بەهۆی جەنگ‌و هێرشی لویسی (١٤)ی فەرەنساو شکستی ئەڵمانیاوە زۆربەی ئەڵمانیەکانیش بەهۆی ئەوەی کە خۆیان بەسەرشۆر دەزانی رووپانکردە ئەمریکاو لەگەشتیارو پیشەوەر پێکدەهاتن‌و لەپنسلفانیاو ماریلندو فرجینیا نیشتەجێبوون‌و جگە لەم گەلە ئەوروپیانە دوو گەلی تر لەئەمریکادا دەژین کە هیندەکان‌و زنجیەکان‌و بوونە. یەکەمیان خاوەنی ئەسڵی وڵاتەکە بوون‌و دووەمیان کۆیلە بوون‌و لەئەفریقیاوە هێنرابوون‌و فاکتەری ئابووری رۆڵی سەرەکی هەبوو لەزۆربوونی ژمارەی ئەم (زنج)یانەدا یەکەمجار کە کۆچبەرەکان رووپانکردە ئەمریکا خۆیان لەچەند کەنارێکی چڕو ئالسکاو بەدارستاندا دەبینییەوە، لەهیندەکانەوە فێری هۆکارەکانی کشتوکاڵکردن‌و دروستکردنی (کوخ)و بەلەمی بچووك‌و پێستەخۆشکردن‌و دارتاشی دەبوون‌و لەوانەوە شێوازی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم ژینگەیەدا فێردەبوون‌و کۆچبەر لەیەك کاتدا پێویستبوو کە راوچی‌و چەکدارو جوتیار بێت‌و لەهەموو بارێکدا بەخۆی ببەستێت.

ئەوانەی کە روویان دەکردە ئەمریکا لەچەند چین‌و توێژێك پێکهاتبوون.





لەوانەش: ئایندارە چەوساوەکان، سامان‌ویست‌و کەسەئاواتخوازەکان، هەژارو کەمدەرامەتانی وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ بەرهەڵستکارانی سیاسەتی بەریتانیا جگە لەکۆیلە (زنج)یەکان کە بەتۆپزی دەهێنران‌و خەڵکانێکیش کە ریسواو ئابڕوتکاوبوون یاخود تاوانبارو قەرزاربوون لەوڵاتی خۆیان هەڵدەهاتن‌و روویان دەکردە ئەمریکا.

**هۆکاری کۆچکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکیش بۆ ئەم کیشوەرە بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانەش:**

**١. هۆکاری سیاسی:**

لەئەنجامی ئەوەی کە (جیمس)ی یەکەم سیاسەتێکی بێزارکەری دەگرتەبەر کۆڕێك لەبەریتانەکان لەوڵات هەڵهاتن‌و رووپانکردە ئەمریکاو بەهیوای وڵاتێکی ئازادەوە کۆچیانکردو بەریتانیایان بەجێهێشت بەهۆی ناکۆکی رێچکەو رێبازی پرۆتستانت‌و کاسۆلیك، ژمارەیەکی زۆر لەم گروپە کۆچیانکرد بۆ ئەمریکا تاوەکو لەوێ ئازادی رادەربڕین بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن‌و ژیانێکی دوور لەچەوساندنەوە بەدەستبهێنن، جگە لەوە لەیاسای چارلی یەکەمدا هاتبوو رێ لەکەس ناگیرێت بۆ کۆچکردن، ئەمەش هاندانی خەڵك دەگەیەنێت بۆ کۆچکردن، لەفەرەنسادا هیگۆنتە پرۆتستانتەکان کەمێك ئازادی ئاینیان لەلایەن پاشای فەرەنسا پێدرابوو، دەیتوانی باس لەئاینزاکەیان بکەن، بەڵام پاش ئەوەی پاشای فەرەنسا لەساڵی (١٦٨٥ز) ئەو رێژە ئازادییە ئاینیەی لێیان سەندەوە، کەوتنە بەر چەوساندنەوەی کاسۆلیکەکان‌و ناچارکران کۆچبکەن بۆ جیهانی نوێ، چونکە کۆچکردنیان بەدواچارەسەر دەزانی.

لەئەنجامی فراوانخوازییەکانی لویسی چواردەهەم‌و شکستی ئەڵمانەکان،

خەڵكانێكی زۆر لەئەڵمانیەكان روویانكردە ئەمریكا چونكە خۆیان بەسەرشۆر دەزانیو نەیان دەتوانی لەوڵاتەكەی خۆیاندا بمێننەوە، هەروەها خەڵكانێكی تر لەئەوروپا بەهیوای ژیانێكی ئاسوودەو ئارام روویانكردە ئەمریكا تا لەبارودۆخی سیاسی نالەباری وڵاتەكەی خۆیان رزگاریان بێت لەپاشماوەی ململانێی پاشاو كڵێسەو پەرلەمانی سەدەكانی ناوەڕاست مابووەوە.

**٢. هۆكاری ئایینی:**

ئەم فاكتەرەش گرنگییەكی زۆری هەبوو، چونكە لەسەدەكانی ناوەڕاستدا لەزۆربەی ناوچەكانی ئەوروپای رۆژئاوادا، خەڵك دوای یەك كەنیسەو رێباز كەوتبوون، ئەویش رێبازو كەنیسەی كاسۆلیكی بوو، لادان لەو رێبازەش بەتاوانێكی گەورە دادەنرا، پاش هەڵگیرساندنی شۆڕش لەسەرەتاكانی سەدەی شانزەهەم دژی پاپاو كەنیسەی كاسۆلیكی، بەناوی (شۆڕشی چاكسازیو پرۆتستانتی) لەزۆر وڵاتانی ئەوروپی وەك ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو ئیسپانیا، زۆرینەی خەڵكی ئەم وڵاتانە لەسەر مەزهەبی كاسۆلیكی مانەوە، بەڵام لەفەرەنسا شۆڕشەكە بەهێزتر بوو، دوای ئەوەی پاشای فەرەنسا لەساڵی (١٥٩٨ز)دا بەئاگربەستێك شەڕەكەی كۆتاییپێهێناو ئازادییەكی كەمی سنوورداركراوی بۆ هۆگۆنتەكانو شوێن كەوتوانی چۆن كالڤن لەپرۆتستانتیەكان، پێدان، بەڵام زۆری پێنەچوو ئەو ئازادییە سنووردارەشیان لێسەندرایەوە، بەمەش شوێنكەوتوانی كالڤن نەخشەیان كێشا بۆ كۆچكردن بۆ ئەمریكا، چونكە لەشوێنی خۆیان بڕوایان بەدەسەڵاتی رۆحی پاشا نەبوو، هەروەها پاشاو سەرانی سەر بەكاسۆلیكیش دژی ئەوان دەوەستانەوە، بۆیە دەیانویست لەڕێگەی ئەم كۆچەیانەوە لەئەمریكا كەنیسەیەكی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروستبكەن، بەڵام لەئینگلتەرا جیاوازی بیروبۆچوونی ئاینی، روویەكی تری وەرگرت، كۆتایی





بەدەسەڵاتی پاپا هێنرا بەتەواوەتی، هەروەها لەدەستوری ئینگلتەرادا هاتووە كە كەنیسەی دەوڵەتی كەنیسەی ئینگلیزییە، ئەمەیان بڵاوكردەوەو وتیشیان هەر كەسێك شوێن ئەم كەنیسەیە نەكەوێت، تووشی لێپرسینەوەو سزا دەبێت، ئەمەش بووە هۆی دەركەوتنی كۆمەڵێك بەناوی پۆریتانییەكان، نارەزاییان لەو بڕیارە دەربڕیو وتیان مافی هەموو كەسو كۆمەڵێك كەنیسەی تایبەتی هەبێت یان شوێن هیچ كەنیسەیەك نەكەوێت.

زۆرێك لەئینگلیزەكان بەهیوای بڵاوكردنەوەی مەسیحیەت بەرەو ئەمریكا كەوتنەڕێو نیازمەندبوون هیندییەكانی ئەمریكا بهێننە سەر ئاینی مەسیحی، جگە لەوە ناكۆكی نێوان ئاینزاكانیش رۆڵی تایبەتی هەبوو كە هەریەك دەیویست ئاینزاكەی خۆی پێش ئەوی تر لەو ناوچانە بڵاوبكاتەوە، كۆمەڵێك بانگخوازیان دەنارد بۆئەوەی بتپەرستەكانی ئەم جیهانە نوێیە، بهێننەسەر ئاینزای خۆیان، هەروەها كەمایەتی وەك هیگۆنتەكانو پۆریتانیەكان بۆ دۆزینەوەی وڵاتو ناوچەیەكی ئازاد كۆچیان بۆ ئەمریكا كرد، بەهۆی نائازادییان لەوڵاتی خۆیان، هەروەها ئینگلتەراش دەیویست رزگاری بێت لەپۆریتانیەكانو بەهیچ شێوەیەك رێگری نەدەكردن بۆ كۆچكردن.

**٣. هۆكاری ئابووری:**

ئەم هۆكارەش لەگەڵێك بواری جۆراوجۆردا خۆی دەبینێتەوە لەوانەش زۆربوونی رێژەی بێكاری لەئینگلتەرەو تێكچوونی سیستمی ئابووریو كشتوكاڵیو دەستبەسەراگرتنی دێرو زەوییەكانی كڵێسەوە، لەنێوان ساڵانی (١٦٢٠-١٦٣٥ز) گوشارێكی ئابووری توند بەسەر ئینگلتەرا هاتبوو، ژمارەیەكی زۆری خەڵك تووشی بێكاری بووبوون، تەنانەت كەسانی لێهاتوو شارەزاش زۆر بەخراپی دەیانتوانی ژەمی رۆژانەیان بەدەستبهێنن، كەمی بەرهەمیش ئەوەندی تر

بارودۆخەکەی گرانکردبوو، تەنانەت لەسەردەمی شاژنە ئیلیزابێس، ئینگلتەرا جمەی دەهات لەژنو پیاوی بێکار، شەقامەکانیان دەکێلا بۆ گەڕان بەدوای کارێکدا یان بۆ دۆزینەوەی خۆراك، ئەمانەش وایکرد خەڵکی بیر لەڕێگەچارەیەك بکەنەوە تا چیتر ژیانیان بەو شێوەیە بەفیڕۆ نەڕوات، بۆیە کۆچکردنیان بۆ ناوچەکانی ئەمریکا بەچارەسەر دەزانی بۆ رزگاربوون لەبارودۆخی خراپی ئابووری وڵاتەکەیان، جگە لەمانەش شۆڕشی پیشەسازی، پیشەسازی نوێی چنینی هێنابووەکایەوە، بۆ بەردەوامبوونی خۆشی پێویستیەکی زۆری بەکەرەستەی خاو لەخوری و پەموو هەبوو، تابتوانێت درێژە بەخۆی بدات، خاوەن کێڵگەکانیش کێڵگەکانی خۆیان جێهێشتبوو، گوندنیشینەکانیشیان ناچارکردبوو مەڕ بەخێوبکەن، بەمەش زۆرینەی جوتیارەکان روویانکردە شارەکان بۆ دەستکەوتنی کارو شارەکانیش جمەیان دەهات لەدانیشتوان، هەموو ئەمانە وایکرد خەڵکانێکی زۆر بۆ چاککردنی باری ئابووریان و پەیداکردنی سەروەتو سامان، کۆچبکەن بۆ ئەمریکا یان بۆ گەڕانەوەی توانایی ئابووریان ئەو کۆچەیان دەکرد تابتوانن ئابوورییە پاشەکەوتووەکەیان بگەڕێننەوە بۆ دۆخی جاران، هەروەها زۆرێك لەوانەی خاوەنی یەك قرش نەبوون، بەپێی ئەو هەواڵانەی پێیان گەشتبوو لەنشنگەکانو ناوچەکانی ئەمریکا، لەوەی باسدەکرێت بەپێدانی زەوییەکی زۆر بەمەرجێك بۆماوەی پێنج ساڵ کار بۆ گەورەکەی بکات کۆچیان بۆ ئەمریکا کرد.

هەروەها بەمەبەستی بازرگانی، کۆیلە رەشپێستەکانیان دەبرد بۆ ئەمریکا، لەوێ بۆ خزمەتکردنو ئیشپێکردن سوودیان لێدەبینین، بەم هۆیەشەوە ئەوروپاییەکان رویانـدەکردە رەشپێستەکانی ئەفەریقاو ژمارەیەکی زۆریان لێراودەکردنو دەیانگرتنو بەکەشتی باریاندەکردنو رەوانەی ناوچەکانی ئەمریکایان دەکردن، بەمەش ئەم رەشپێستانە ئەوەندە جولابوون حەزیان دەکرد





بشکێن نەك بچەمێنەوەو بەرامبەر ئارەزووی پیاوە سپیپێستەکان.

**٤. ململانێی زلهێزەکان:**

بەر لەنیوەی سەدەی شانزەهەم کۆلۆنیالیزمی لەژێر چنگی ئیسپانیاو پرتوگالدا بووەو تاتوانیویانە ناوچەیان بۆ خۆیان داگیرکردووە، بەڵام دواتر ئینگلتەرا وەك هێزێکی کێبرکێ دەرکەوتو بەزۆر خەڵکی رەوانەی ناوچە تازە دۆزراوەکان دەکردو هەرگیز رێگەی لەکۆچکردوان نەدەگرت بۆ کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا، بەڵکو چەندین کۆمپانیا دروستبوو بوو لەئینگلتەرا بۆ رەوانەکردنی خەڵك بۆ ناوچەکانی ئەمریکا، بەڵام بەرامبەر بەکارێك، هەروەها وڵاتانی تریش کەوتنە خۆیان وەك هۆڵەنداو فەرەنساو سویدو... هتد تائەمانیش شوێنی خۆیان لەم ململانێیە بکەنەوە.

**٥. هۆکاری کەسی:**

بیرۆکەی ژیانی باشتر بەسەربردن لەئەمریکا، تەنها ئاینزاکان نەبوو، بەڵکو هەندێك لەوانەی کە روویانـدەکردە ئەمریکا ئاواتەخوازی نێوبانگو پلەوپایەی بڵندبوونو هەندێکیش رابردوویان پاك نەبوو دەیانویست بەکۆچکردن بۆ ئەمریکا لاپەرەیەکی نوێ لەژیانی خۆیان هەڵبدەنەوەو هەندێکیش لەدادگاو بنکەکانی پۆلیس داواکراوبوونو لەترسی گرتن یاخود بەفاکتەری تاوان هەڵدەهاتن بەرەو ئەمریکا.

خەڵکانێکی زۆر هەبوون دەگەڕان بەدوای ژیانێك لەژێر سایەی ئازادیدا بێت، تەنانەت خەریك بوو زۆر بەئاشکرایی سروشتی خۆیانیان دەچەسپاند لەمیانەی کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا، لەپاڵ ئەم کۆچکردوانەشدا کۆمەڵێك کەسی جەربەزەو گەرۆك هەبوونو خاوەنی وتەی بەهێزو رۆحی پەلاماردان بوو و ئەم خەسڵەتەشیان پاڵی پێوەنان رووەو دەریاکانو وشکانییەکان کۆچ بکەن.

### ٦. هۆکاری فەلسەفی:

هەندێك لەکۆچبەران بڕوایان بەوە هەبووە دەکرێت کۆمەڵگایەك بنیاتبنرێت لەبەرزترین پلەی نموونەیی دابێتو لەوکۆمەڵگا گەندەڵانەی خۆیان رزگاریان بکات، واتە کۆمەڵگایەك بێت دەستەبەری دادپەروەریو ئازادیو مافی مرۆڤەکان بکات، ئەمەش لەنوسینەکانی تۆماس مۆرو جۆن لۆك (١٦٣٢- ١٧٠٤ز)و تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩ز)و دیڤید هیوم (١٧١١-١٧٧٦ز)و مۆنتسیکیۆ (١٦٨٩-١٧٥٥ز)ی فەرەنسیو سەرجەم فەیلەسوفەکانی تری ئەوروپایی، کە رۆڵیان لەم کۆچکردنەی خەڵکدا هەبووە.

### ٧. هۆکاری کۆمەڵایەتی:

دابەشبوونی کۆمەڵایەتی چینەکانی خەڵك لەئەوروپا بەپێودانگی سەدەکانی نێوەڕاست دابەشبوونێکی گەندەڵو زیانبەخش بوو بۆ زۆر کەسو لەژێر فشاری ئەو بارە نالەبارەدا زۆر کەس هەڵهاتن، کاتێك کە ئەو خەڵکە کۆچکردووە روویانکردە کیشوەری نوێ هەریەك لەژێر باری دۆخێکی سەختدا بوو کە پێویستی بوو بەرەو باشکردنی بباتو لەم جیهانە نوێیەدا (پشت بەخۆ بەستن) وەك یەکێك لەبنەما پتەوەکانی ئەو کۆمەڵگا نوێیە چەسپاو ئەمەش گیانی بەرەنگاربوونەوەو نەفەسدرێژی بەخشییە ئەمریکاییەکانو هەوڵو خۆماندووکردنەکانیان زۆر رێگای لەبەردەمدا ئاسانکردن.

بەهەزاران کۆچبەریش بەمەبەستی دەربازبوون لەشەڕو ئاژاوەکان روویان لەئەمریکا دەکردو ئەوروپایان بەجێهێشت، زۆرێك لەوانە ماڵو شتومەکەکانیان بەجێ دەهێڵا، هەندێکیش بەهۆی تاوانە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە هەڵئەهاتن، چونکە لەدادگاوە بانگکرابوون یاخود زیندانیبوونو هەڵهاتبوون، بۆیە کۆچیانکرد تا لاپەرەیەکی نوێ لەو رابردووەی هەیبووە هەڵبداتەوە.





### ئینگلیزو داگیرگەکان

ئینگلیزەکان بەشداری بزووتنەوەی دۆزینەوەی جوگرافییان کرد لەکۆتایی سەدەی (١٥ز)وە بۆ یەکەمینجار بەسەکردایەتی دەریاوان (جون کاپوت) ئینگلیزەکان گەشتنە کەناری نیوفاولاندو بەو کەنارەدا بەرەو باشوور شۆڕبوونەوەو سەرجەم ئەو ناوچانەیان وەك موڵکداری پاشایەتی بەریتانیا پاوانکرد.

(جیمستۆن) یەکەمین سەنتەری ئاوەدانی ئینگلیزەکان بوو کە بەناوی (پاشاجیمس)ەوە ناوبرابوو ساڵی (١٦٠٧) ئەوەی شیاوی وتنە سیاسەتی پادشایەتی بەریتانیا لەگەڵ ئەو کۆمپانیاو دامەزراوانەی کە خەریکی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمینی ئەمریکا بوون بەقازانجو بەرژەوەندی نیشتمانی دایك لەئینگلتەرا کەوتەوە هەر ئەمەش بەیەکێك لەگرنگترین فاکتەرەکانی نیشتەجێبوونی ئینگلتەرا دادەنرێت لەئەمریکا.

جگە لەوەش چەوساندنەوەی ئاینی لەبەریتانیا بەهۆی ناکۆکی رچەو رێبازی وەك پرۆتستانتو کاسۆلیك بەتایبەتی ستەمکردنو داپڵۆسینی گروپی (پیوریتانی) بەهۆکارێکی زۆر کاریگەری کۆچکردنی خەڵکی ئینگلتەرا دادەنرێت بۆ ئەمریکا هەروەها بەهەمان شێوە لەفەرەنساش بەهۆی چەوسانەوەی گروپی (هیگۆتۆن).

لەسەردەستی کاسۆلیك پەیڕەوانی ئەم گروپە ناچاری رەوکردن بوونو لە کەنداو شوێنەکانی تری ئەمریکا نیشتەجێبوون.

لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا سەرزەمینی کۆلۆنیالی ئینگلیز لەفراوانبووندا بوون پاشان یەکەی گەورەتری لێدامەزرا کە پێی دەوترا (ویلایەت) هەریەك لەم ویلایەتانە ئۆتۆنۆمی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام بەگشتی ویلایەتەکان پابەندبوون بەتاجی پاشایەتی بەریتانیاوە، پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین



هەوالنامەی کتێب

ئەویش لەسەرەتادا حکومەتی بەریتانیا هانی هاوڵاتیانی خۆی دەداو بەڵکو ئاسانکاریشی بۆ دەکردن لەپێناو کۆچکردنو نیشتەجێبوون لەخاکی تازەی ئەمریکاو چاوەڕێی هیچ کەڵكو قازانجێکی لێنەدەکردن، بەڵام کاتێك سەرنجیدا ئابووری ویلایەتە کۆلۆنیاکە لەئەمریکا پێشکەوتووترو زیاتر گەشەیکردووە بە بەراورد لەگەڵ ئابووری بەریتانیا ئیتر ئەم مەسەلەیە حکومەتی لەندەنی ناچارکرد چەند رێگە چارەیەك بگرنەبەر بۆ بەستنەوەی بازرگان کۆلۆنیالەکان بە بەریتانیاوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاسایەکی پەیوەست بەبازرگانی دەکرد کە خەڵکی ویلایەتەکانی ئەمریکای ناچارکرد تەنها بازرگانی لەگەڵ بەریتانیادا بکەن.

ئەم یاسا بازرگانیەش هێندە توندو دژواربوون دووجار ویلایەتی ماساشۆستی ئەمریکی لەساڵانی (١٦٨٤-١٦٨٩) لەدژی هەڵگەڕانەوە، سەرباری ئەمەش پەرلەمانی بەریتانیا لەساڵی (١٧٥٠) دامەزراندنی پیشەسازی ئاستی لەکۆلۆنیالەکانی ئەمریکای قەدەغەکرد، تەنها بۆئەوەی خەڵکی ئەو کۆلۆنیالانە ناچاربکات بۆ کرینی بەرهەمو کاڵا دروستکراوەکانی کارگەکانی ئینگلتەرا، هەرچۆنێك بێت کۆلۆنیالی ئینگلیز لەئەمریکا رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پەرەیدەسەندو بەهێزتر دەبوو لەچاو کۆلۆنیالەکانی فەرەنساو ئیسپانیا ئەوەشی لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

١. ئینگلیزەکان تاسەر لەدۆزینەوەو گەرانەکانی خۆیاندا بەدوای زێڕدا خەریك نەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەی ئیسپانیو فەرەنسییەکانەوە هەر شوێنێکیان ئاوەدان بکردبایە سەرەتا دانیشتوانە کۆنەکەیان لەناو ئەبرد یان دووریان ئەخستەوە، ئینجا لەسەر ئاستێکی فراوان دەستیاندایە کشتوکاڵو چاندنی زەوی‌و زاری ئەو ناوچانەی داگیریان کردبوو.

٢. هەروەها ئینگلیزەکان لەسەرەتادا چەند ناوچەیەکی تەنگو بچووکیان





ئاوەدانکردبوو بەرلەوەی بەرەو هەرێمەکانی تری ناوەوە بڕۆن بەپێچەوانەی فەرەنسیو ئیسپانیەکان کە خێرا بڵاوبوونەوە لەسەر زەمینێکی فراوانو دواتریش نەیانتوانی پارێزگاری لێبکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆلۆنیالەکانی ئینگلیز هەر لەسنوری کەنەداوە تا باشوور لەشێوازی ژیانو گوزەراندا چوونیەك نەبوون، هەر لەسەرەتاوە دەرکەوت کەوا جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ویلایەتەکانی باکورو باشوور هەیە، لەکاتێکدا ویلایەتەکانی باشوور ئۆرستۆکراتیو خاوەن کێڵگەی فراوانبوون کە قولەکانی ئەفریقیا کاریان تێدا دەکرد.

کەچی ویلایەتەکانی باکور دیموکراتی بوون لەکێڵگەو مەزاری بچووکدا خۆیان (سپیپێستەکان) خەریکی کاروباری کشتوکاڵی بوون، هەروەها لەویلایەتەکانی باکور بەکارامەییو لێهاتوویی چینی خاوەن سەرمایەو بۆرجواز بنکەی شاری گەورەو گەشەکردوو پەیدابوون.



هەواڵنامەی کتێب

# دەرکـــــــەوتنی شـــــارستانیـــــتی

## شارستانێتی لـــــەکـــــە پری جوتیارێکەوە دەستپێدەکـــــات، بەلام لەشاردا نەبێت گەشەناکات.

فەرهاد محمود حاتم
هێمن جبار محمد

سەرەتا پـێش ئـەوەی بـاس لـەهۆکارەکانی دەرکـەوتنی شارسـتانیەت بکـەین، دەبێت بزانین (چەمکی شارستانێتی)چی دەگەیـەنێت؟ دواتـر بـاس لـەهۆکارەکانی دروستبوونی شارستانێتی دەکەین.

دەتوانین (چەمکی شارستانێتی) لەدوو لایەنەوە شیکار بکەین، کـە ئـەوانیش لایـەنی زمانــەوانی و لایـەنی واتـایی سـەردەمە. چـونکە زۆرێـك لەچـەمکەکان لەسـەرەتاوە واتایـەك دەبەخشن، بـەلام بـەپێی تێپـەڕبوونی کـات و بـار واتاکـەیان





دەگۆڕێت، بۆیـە بـۆ ئەمـەش لەهـەردوو لایـەنی زمانـەوانی و زاراوەییـەوە شـیکاری دەکەین:

**أ- لەڕووی زمانەوانییەوە:**

لـەزمانی عەرەبیـدا شارسـتانێتی (حـضارة) بـەواتای سـەقامگیری دێـت و لـە وشــەی (حــضر)ەوە هــاتووە. واتــە پێــچەوانەی چــەمکی دەشــتەکی(بــداوة) خێلایەتییە. بەواتایەکی تر واتە ئەو ژیانەی کە لەشار و گونـدا دەژیـت. (حضر) واتە شـوێنی سـەقامگیری کـە بینـای تێدابێت. واتـە لـەزمانی عەرەبیـدا (حضارة) بەواتای شوێنی سەقامگیری و قەرەباڵغی دێت.

لە لاتینیـشدا (Civilization) لـە (Civis)ی لاتینیـەوە هاتووە کـە مەبەسـت هاوڵاتی نیشتەجێی شار دەگەیەنێت.

**ب- لەڕووی زاراوەییەوە:**

بـەهۆی ئـەوەی شارسـتانێتی پێکهاتەیـەکی ئـاڵۆزو تێکـچڕژاوی هەیـە، لەبـەر ئـەوە هەمیـشە بـە پێناسـەیەك و تەنانـەت چـەند لێکدانەوەیـەکیش گوزارشـتی لێناکرێـت. بۆیـە لـەبارەی پێناسـەی شارسـتانێتی لـەم ڕووەوە ڕاکـان جیـاوازن و هەریەکـە و بـەجۆرێك پێناسـەی دەکـەن. چـونکە هەریەکـە و بـەپێی بـیروڕا و تێـڕوانینی خـۆی بـۆی دەڕوانـی. بـەلام دەتـوانین بلـێین پێناسـەکان لەیـەکترەوە نزیکن، ئەمانەش کۆمەڵێك لەو پێناسانەن:

شارسـتانێتی بریتییـە لەسـەرجەم ئـەو دەسـتکەوتانەی نـەوەی کۆمەلگایـەك لەکۆمەلگاکان بەدرێژایی مێژوویـەکی دوور لـەپێناو چاککردنی بارودۆخی ژیانـدا بەدەستیدێنێت، جا ئەودەستکەوتانە ماددی بن یاخود مەعنەوی. بـەگوێرەی ئـەم ناساندنە سـەرجەم پاشماوەکانی باووباپیران کە نـەوەی دوای ئـەوان بەکاریـدێنن، دەکرێت بە پاشماوەی شارستانی یان دەستکەوتی شارستانی ناوزەند بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

(مصطفي السباعي) دەڵێت: "هەندێ لەنوسەران وا پێناسەی شارستانێتی دەکەن کە بریتیە لە (سیستمێکی کۆمەڵایەتی کەیارمەتی مرۆڤ دەدات تا بەرهەمی رۆشنبیری زیاتر ببێت)".

هەروەها (ئیبن خەلدون) پێیوایە: "شارستانێتی بریتییە لەپلەیەکی پێشکەوتن کە کۆمەڵگاکان پێیدەگەن." هەروەها دەڵێت: (نهێنی خوایە لەدەرخستنی زانست و پیشەکاندا).

(ویل دیورانت) دەڵێت: "شارستانێتی بریتییە لەسیستمێکی کۆمەڵایەتی کەیارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ فرەکردنی بەرهەمە کەلتوریەکان".

(تایلەر) دەڵێت: "شارستانێتی بریتییە لەو هەمووەکیە کۆتبووەی کە زانیاری و بیروباوەڕ و هونەر و ئەخلاق و یاسا و نەریت و فەلسەفە و ئایین و لایەنی نەریتەکانی تر دەگرێتەخۆ کە مرۆڤ لەماوەی چالاکییە بەریەککەوتنەکانی لەگەڵ کۆمەڵگادا بەدەستیدەخات".

هەندێکی تر پێیانوایە شارستانیەت بریتیە لەسەرجەم ئەو دەستکەوتە عەقڵی و ئەدەبی و ئەپستیمیانەی کە کۆمەڵگایەك بەدەستیاندەهێنێت.

بێجگە لەوانە، (رالف پندگتن-)ی ئەنترۆپۆلۆژست ئەم پێکهاتە مەزنە بەمجۆرە دەناسێنێت: (شارستانێتی گەلێك کۆمەڵێك ئامرازی ماددی و هزرییە، بەجۆرێك ئەو گەلە لەسایەیەوە دەتوانێت پێداویستیە زیندەگی و کۆمەڵایەتیەکانی تێربکات و خودی خۆشیان لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنن).

هەندێك لەزانایان پێیانوایە شارستانێتی بەمیرات دەگیرێت.

(مالنوفسکی) پێیوایە (شارستانێتی پەرچە کردارێکە بۆ پێداویستیە مرۆییەکان). شارستانێتی بە کۆمەڵێك فاکتەرەوە بەستراوەتەوە، کە ئەوان





هەنگاوەکانی خێراتر دەکەن، یان تەگەرە دەخەنە سەر رێگەکەی، لەسەروو هەمووی ئەو فاکتەرانەشەوە:

**یەکەم: فاکتەرە جیۆلۆجییەکانن،** ئەوەش لەبەرئەوەی قۆناغێکی شارستانێتی دەکەوێتە نێوان دوو سەردەمی بەستەڵەکەوە، چونکە تەوژمی بەستەڵەك لەهەر کاتێکدابێت سەرلەنوێ پەلاماری زەوی دەداتەوە و دایدەپۆشێتەوە، بەشێوەیەك کە سەرلەبەری دامەزراوەکانی مرۆڤ بەچەندین چینی کەڵەکەبووی بەفر و تاشەبەرد دادەپۆشێت، ژیانیش لە قوژبنێکی بەرتەسکی ئەم زەویەدا بەگیردێنێت، هەروەها دێوەزمەی بوومەلەرزەش کە ئێمە بەبێئاگای ئەو شارەکانمان بینادەکەین، رەنگە بە ئاستەمێك هەردوو شانی بجووڵێنێت و بەوە بێباکانە لوشمان بدات.

**دووەم: هۆکاری جوگرافییە،** چونکە گەرمی هەرێمەکانی سەر پشتێنەی زەوی و پێویستی خاکی ئەو هەرێمانە بە ژمارەیەك مشەخۆری بێکۆتایی، فاکتەری دروستبوونی شارستانێتی فەراهەمناکات، ئەوەتا ئەو تەمبەڵی و نەخۆشییە زۆرانەی بەو هەرێمانەدا بڵاودەبنەوە و ئەو گەشە خێرا و دواتر لەناوچوونە خێرایەش کە لەبارەیانەوە دەیزانین، وادەکەن خەڵکەکەی خۆیان بە کەمالیاتەوە خەریکنەکەن، کە ئەوشتە کەمالیاتانە پایە و بناغەی شارستانێتین، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان بۆ تێرکردنی سکیان و زاووزێ دەخەنەگەڕ، بەشێوەیەك ئیدی مرۆڤ لەوی هیچ توانایەکی پێنامێنێت کە لەگۆڕەپانی هونەر و بیرکردنەوەدا بیخاتەگەڕ، هەروەها بارانبارینیش فاکتەرێکی ژیانە، بگرە لەوانەیە لەتیشکی خۆر گرنگتربێت بۆ ژیان، کە ئاسمانیش هەرڕۆژەی ئارەزووی بەجۆرێك بێت و هۆکاری ئەو هەڵگێڕ و داگێڕەشی نەزانری، کەواتە رەنگە وشکە ساڵی گەلێك هەرێمی لەناوبردبێت، کە رۆژێك لەڕۆژان ئاوەدانی و دەسەڵاتیان



هەواڵنامەی کتێب

بەخۆیانەوە بینیوە، وەك (نەینەوا) و (بابل)، یان ڕەنگە ڕەوتی بەهێزبوون و دەوڵەمەندبوونی گەلێك شاری خێراتر کردبێت، کەوەك دەردەکەوێت لە ڕێگای گواستنەوەو هاتووچۆشەوە دوور بوون، وەك شارەکانی (بەریتانیای مەزن) یان (کەنداوی پێوگێت،) جا ئەگەر خاکی هەرێمەکە پڕ لە خۆراك و کانزابێت و ئەگەر ڕووبارەکانی ڕێگەیەکی خۆشی بۆ فەراهەمبکەن بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا لەگەڵ خەڵکی تردا و ئەگەر کەنارەکانی پڕبن لەپێگەی شیاو بۆ دروستکردنی بەندەری سروشتی بۆ کەشتیگەلە بازرگانییەکەی و لەسەروو هەموو ئەوانەشەوە ئەگەر نەتەوەکە شوێنێکی لەسەر ڕێگای سەرەکی بازرگانیدا گرتبوو وەك (ئاتین) و (قرتاجنە) و (فلۆرەنسا) و (ڤینیسیا)، ئەوکاتە فاکتەرە جوگرافیەکان کە مەحاڵە بتوانن ژیار دروستبکەن، بەڵام دەتوانن بەڕوویدا پێبکەنن و ڕێگەی گەشەسەندنی بۆ خۆشتربکەن.

**سێیەم: بوونی مرۆڤ**، پاش ئەوەی خودا بارودۆخی پێشتری سەرزەوی ئامادەساز پێکرد، پێویستیەکی تری شارستانێتی دێتەکایەوە، کە ئەویش مرۆڤە، چونکە هەرچەندە هەلەکانی لەباربن، بە نەبوونی مرۆڤ شارستانێتی دروستنابێت، چونکە شارستانێتی لە ئەنجامی جوڵە و بزاوت و کارلێکی بەردەوامی مرۆڤەوە دێتە ئاراوە.

**چوارەم: سەقامگیری**، هەرچەندە مرۆڤەکان زیاتر پەرش و بڵاو و جێگۆڕکێکەربن. هێندە زیاتر ڕۆڵی شارستانێتی و بونیادی ژیاری دوادەکەوێت. چونکە وەك لەشیکاری چەمکی شارستانێتیدا باسمانکرد. کاتی ئەو چەمکە بەکاردێت کە سەقامگیری و نیشتەجێبوون هەبێت، ئەمە جگە لەسەقامگیری بارودۆخیش کە پێویستە بۆ ئەم بوارە.

گرنگترین باری سەقامگیری ئەوکاتە دەبێت کە مرۆڤەکان بەگشتی





لەبزاوتێکی گشتیدابن، کە هەموو گەردوون و بوونەوەرەکانی تر لەسەری دەڕۆن تا پێکدادان لەنێوان دەورەکانیاندا ڕوونەدات.

**پێنجەم: فاکتەرە ئابووریەکان**، دەشێت گەل دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێکی هەبێت، یاسایەکی ئەخلاقی و بەرزیشی هەبێت، بگرە ڕەنگە هونەرە زۆر سەرەتاییەکانیشی لەگەشەدابن، وەك حاڵەتی هندییەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەگەر هەر لەقۆناغی ڕاووشکاری سەرەتاییدا مایەوە و بۆمانەوەی پشتی تەنها بەو نێچیرانە بەست کە ڕەنگە و ئەگەروسا بەڵکو ڕێیان لێیان بکەوێت!! ئەوە مەحاڵە لەهەمەجییەتەوە بەرەو ژیانێکی تەواو بپەڕێتەوە، ڕەنگە هۆزێکی بیابانانشینی وەك بیابانانشینەکانی وڵاتانی عەرەب بگەنە ئاستێکی دانسقەی زیرەکی و لێهاتوویی، ڕەنگیشە بگەنە باڵاترین حاڵەتەکانی ئەخلاق وەك ئازایەتی و بەخشندەیی و بەئەمەکی، بەڵام ئەو ئازایەتییە ئەگەر لایەنی کەمی ڕۆشنبیری پێویستی لەگەڵدا نەبوو، ئەوە لەمەترسیەکانی ڕاووشکارو لەپێداویستیەکانی بازرگانیدا هەمووی خەرجدەکات و هیچی لێنامێنێتەوە بۆ پێداویستیەکانی بە شارستانێتیبوون و ئارایشتکاری و جوانکاری و هونەر و خۆشڕابواردنی ئەوشارستانێتیە. یەکەمین شێوەش کە کەلتوور تێیدا دەرکەوت کشتوکاڵ بوو، چونکە مرۆڤ هیچ بۆشایی و پاساوێك بۆ بە شارستانێتیبوونی خۆی نابینێت، ئەگەر لەجێگایەك ئارام نەگرێت و خاکی ئەو جێگایە نەکاتە کشتوکاڵ و خۆراکی پێویستیشی تێدا عەمبارنەکات بۆ ئەو ڕۆژگارەی ڕەنگە سەرچاوەیەکی تێدا نەمێنێتەوە بۆ بەدەستهێنانی خۆراك.

لەم بازنە بەرتەسکەی ئاسوودەییدا -مەبەستمان هەبوونی سەرچاوەیەکی دڵنیای ئاو و خۆراك- دەبینین مرۆڤ خانو و پەرستگا و خوێندنگا بۆ خۆی دادەمەزرێنێت و ئامێرگەلێك دادەهێنێت کە لەبەرهەمهێناندا یاریدەیبدەن و

سەگ و گوێدرێژ و بەراز ماڵی دەکات، لەدواجاریشدا خودی خۆی کۆنترۆڵ دەکاتو فێری ئەوە دەبێت چۆن بە سیستم و بە بەردەوامی کاربکات و ماوەیەکی زۆرتر درێژە بەژیانی بدات و تواناشی زیاتر دەبێت بۆ گواستنەوەی دەستپاکانەی کەلەپوری مرۆڤایەتی، لەبوارەکانی زانیاری و ئیتیکدا بۆ نەوەکانی پاش خۆی.

هەروەك چۆن شارستانێتی بە خودی شارستانیەتەوە بەستراوە، کەلتوریش بە کشتوکاڵەوە بەستراوەتەوە، شارستانێتییش لەڕوویەکەوە بریتییە لەمامەڵەی نەرم، مامەڵەی نەرمیش ئەوجۆرە ڕەفتارە جوانکراوەیە کە بە بۆچوونی خەڵکانی شار (ئەوانەی خۆیان دانستی ژیاریان گەڵاڵە کردووە) تەنها خەسڵەتی شارە، چونکە هەموو بەرهەمەکانی لادێ -ڕاست بێ یان درۆ- لەشاردا کۆدەبێتەوە، هەر لەسامانەوە بۆ دەرکەوتوترین ئەقڵەکان، هەروەها داهێنانەکانیش ڕۆڵی خۆیان هەیە لەزیادکردنی ئامرازەکانی پشوودان و کاتبەسەربردن و دەستبەتاڵی، هەر لەشاریشدا بازرگانەکان بەیەکدەگەن و کاڵاکانیان و بیروبۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەوەتا لێرە کە ڕێگە بازرگانییەکان پێك دەگەن، ئەقڵەکان لەیەك موتوربە دەبن، بلیمەتی دەردەکەوێت و هێزی ئەو بلیمەتییە بۆ داهێنان و ئەفراندن دەوروژێت، هەر لەشاریشدا واز لەکۆمەڵێك خەڵك دەهێنرێت و داوایان لێناکرێت کەرەستەیەکی ماددی دروستبکەن، بۆیە دەبینیت بە بەرهەمی زانستیو فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییەوە خەریکن، بەڵی شارستانێتی لەکەپری جوتیارێکەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەشاردا نەبێت گەشەناکات.

شارستانێتیش تەنها بە ڕەگەزێکی مرۆڤەوە پەیوەست نییە، ڕەنگە لەهەر کیشوەرێکدابێت دەربکەوێت، ڕەنگیشە لەهەر ڕەگەزێکی مرۆڤدا سەرهەڵبدات، ژیار ڕەنگە لە(پەکین) یان (دەلهی)، لە(مەمفیس) یان (لەبابل)، لە(رافنایان) یان (لەندەن)، لە(پیرۆ) یان لە(بۆکتان) هەڵسێتەسەرپێ، ئەوە ڕەگەزێکی مەزنی





مرۆڤ نییە کە شارستانێتی دەخولقێنێت، بەڵکو شارستانێتی مەزنە نەتەوە دەخولقێنێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخی جوگرافی و ئابووری کایە کەلتوورییەکە دروستدەکات، کەلتووریش ئەو شێوازە دەخولقێنێت، کە دەبێتە قەوارە بۆ نەتەوەکە. (شارستانێتی بەریتانی) ئینگلیز دروستینەکردووە، بەڵکو ئەو خۆی زادەی ئەو شارستانێتیەیە، کە دەبینیت، ئەو بۆ هەرشوێنێك بچێت شارستانێتیەکەی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت. ئەو کاتێك لە(تومبەکتۆ) پۆشاکی تایبەتی ژەمی ئێوارە دەپۆشێت مانای وانییە لەوی سەرلەنوی ژیارەکەی خۆی دروستدەکاتەوە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە تەنانەت لەشوێنە هەرە دوورەکانیشدا ژێردەستەی خۆی بۆ ئەو شارستانیەتیە دەردەخات. ئەگەر ڕەگەزێکی تری مرۆڤیش بەهەمان بارودۆخی ماددیدا تێپەڕبێت، هەمان دەرئەنجام دەدات بەدەستەوە، ئەوەتا ژاپۆنی سەدەی بیستەم هەمان مێژووی ئینگلتەرای سەدەی نۆزدەهەم دووبارەدەکاتەوە. کەواتە شارستانێتی تەنها بەیەك واتا بەڕەگەزەوە بەستراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە دوای قۆناغێك لە ئاوێتەبوونی هێور هێوری نێوان توخمە جیاجیاکان دێتە ئاراوە، ئەو ئاوێتەبوونەی پەیتاپەیتا گەلێکی نیمچە تێکهەڵچووی لێدەکەوێتەوە.

ئەم فاکتەرە ماددی و بایۆلۆژیانەش تەنها مەرجێکن بۆ سەرهەڵدانی شارستانێتی، بەڵام بەخۆیان شارستانێتی پێکناهێنن و لە هیچەوە نایخولقێنن، بەڵکو دەبێت فاکتەرە دەروونییە وردەکانیشیان باڵ بەسەر خەڵکدا بکێشێت، جا هەرچەندە ئەو سیستمە هێندە لاوازبێت هەتا ئەوەندەی تەواو لەڕادەی بێسەروبەرەییش نزیکبێتەوە، وەك حاڵەتی (فلۆرەنسا) و (ڕۆمانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس)، دواتریش زۆر پێویستە خەڵك وردە وردە هەست بەوە بکەن کەپێویست ناکات لەهەر وەرچەرخانێکی ژیاندا پێشبینی مەرگ یان سەرانە



هەواڵنامەی کتێب

(باج) بکەن، هەروەها زۆر پێویستە یەکێتییەکی زمان تارادەیەکی وەها هەبێت کەببێتە ئامرازێکی بیروڕا گۆڕینەوەی خەڵك، پێویستە یاسایەکی ئەخلاقیش هەبێت کە ئەو خەڵکە پێکەوە گرێبداتەوە، جا لەڕێگەی کلێساوە بێت یان خێزان یان قوتابخانە، بۆ ئەوەی لەگەمەی ژیاندا پرەنسیپێك هەبێت یاریزانەکان رەچاوی بکەن و تەنانەت ئەوانە کە پێشێلیدەکەن دانیپێدابنێن. بەمە رەفتاری خەڵك کەمێك رێکدەخرێت و ئامانجێك و جوڵێنەرێکیش بۆخۆیان دیاریدەکەن. رەنگە ئەوەش پێویست بێت برێك رێککەوتن لەنێوان خەڵکەکەدا هەبێت لەبارەی بیروباوەڕە سەرەکییەکان و وردە بڕوایەك بەهێزی پشتی سروشتەوە و بەوەش کە دەکرێ بەنمونەیەکی باڵا، چونکە ئەوە ئیتیك لەو قۆناغەوە دەگوازێتەوە کە تیایدا جۆری هاوسەنگی لەنێوان قازانج و زیانی کارکردن رادەگیرێت بەرەو قۆناغی ئەمەك بۆ خودی کار، هەروەك ژیانیشمان شەمەندنەتر و تەڕوبڕ تر دەکات، ئەگەر چی ماوەکەی زۆر کەمیش بێت و هەر خێرا مەرگ لێمان بڕفێنێت. دواجاریش پەروەردەکردن زۆر پێویستە، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو رێگەیە هێندە سەرەتایی بێت بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی کەلتوور لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، چونکە دەبێت کەلەپوور و رۆحی هۆز و خێڵ بەجێبهێڵێن بۆ نەوەی تازەدەرکەوتوو، سوودو مەعریفە و ئیتیك و نەریت و زانیاری و هونەرەکانی هۆزیان بۆ بەجێبهێڵن، ئیتر ئەو بەجێهێشتنە لەڕێی لاساییکردنەوە بێت یان فێرکردن یان پێلەبەرکردن، فێرکەرەکەش بەخێوکەربێت یان باوك یان دایك یان مامۆستا یان قەشە، چونکە ئەو کەلەپوورە هیچ نییە جگە لەو ئامرازە بنەڕەتییەی ئەو پێگەیشتوانە لە قۆناغی ئاژەڵییەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی مرۆیی.

**شەشەم: ئاین یان فەلسەفەی ئەخلاق،** (ئەخلاق یان ئاین مەرجە بۆ هەر





شارستانیەتێك. چونکە ئەوان لەسەر ئاین چوون هەنگاویان بەرەو نوێگەری ناوە، بەڵام نەیارەکانیان ترسیان لەنوێگەری بووە، بەواتایەکی تر بەرابردوو رازی بوون و ترسیان لەبەیانیەکی جیا هەبووە.

لە پێشتر و لەئێستاشدا بینیومانە چەند کۆمەڵگایەك هیچ پشکێکی زانستی یان هونەری یان فەلسەفییان نەبێت، بەڵام هەرگیز نەمانبینیوە کۆمەڵگەیەك هەبێت کە ئایینی نەبێت).

**حەوتەم: توانا،** مەبەستمان لەتوانا هەرسێ لایەنی توانایە کە پێویستن بۆ بنیادنانی شارستانیەت، ئەوانیش بریتین لە:

١. هزر و عەقڵ: ئیبن خەلدوون پێیوایە کە (پیشە لەکارێکی هزرییەوە بەدەستدێت. هزر بەردەوام پێکهاتە و بەشەکانی خۆی بەرەوهێز و توانست دەبات تا خاڵ بەخاڵ و پلە بە پلە بەرەو پێشی ببات، تا کامڵ دەبێت. فیکر پایەو بنەڕەتی شارستانیەتە و تا فیکر لەبەخشینەکەوێت، شارستانیەت لەپێشڕەوی و گەشەکردن ناوەستێت. زاڵبوونی عەقڵ بەسەر رۆح و جەستەدا تاکە زامنە بۆ بڵاوبوونەوەی گیانی پێشکەوتنی شارستانیەت.

٢. توانای رۆحی: دەبێت مرۆڤ توانستێکی رۆحی وەهای هەبێت کە لەگەڵ هەوڵی بنیادی شارستانیەتدا بگونجێت.

٣. توانای جەستەیی: دووبارە توانای جەستەی مرۆڤەکانیش پێویستیەکی تری بونیادنانی شارستانیەتە، چونکە بۆ بونیادنانی کارکردن پێویستە کە ئەویش مرۆڤ دەیکات.

**هەشتەم:- بزاوت و کارکردنیش** هۆکارێکی تری بونیادنانی شارستانیەتن.

*** * ***



هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکان


١.	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل و دیار عەزیز شەریف، ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپی یەکەم، چاپخانە/دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢.	عەلی عیززەت بیگۆڤیچ، ئیسلام لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، و/محمد چیا، چاپی سێیەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣.	کامەران محەمەد، کەلتور لەنێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤.	ویلّ دیورانت، مێژووی شارستانیەت، و/ ئازاد بەرزنجی و چەند کەسێکی تر، چاپی یەکەم، چاپخانە/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥.	د. إبراهيم سلمان الكروني و د. عبدالتواب شرف الدين، المرجع في الحضارة العربية الأسلامية، الطبعة الثاني، منشورات ذات السلاسل، الشامية، كويت، ١٩٨٧.

٦.	د. محمد سعيد رمضان البوطي، منهج الحضارة الأنسانية في القرآن، الطبعة السابعة، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠٥.

٧.	د. محمد عبدالرحمن مرحبا، من فلسفة اليونانية إلي الفلسفة الأسلامية، عبودات للنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٧


هەواڵنامەی کتێب

# ڕەوتە هزرییەكانی جیهانی عەرەبی

## ( لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە تا كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم )

م. كامەران محمەد

لەڕیزبەندی هەر پرۆژەیەكی گۆڕانكاری و هۆشیاركردنەوەی جەماوەردا، بواری هزریی پلەی یەكەمی بەردەكەوێت و لە هەموو بوارەكانی دیكە زیاتر كاتو گرنگیپێدانی پێویستە، هەر گۆڕانێكیش بێ ئەمە بكرێت تەنها رووكەشی دەبێت. تێكڕای ئەو دیاردە دزێوانەی لەكۆمەڵگەدا دەبینرێت و لێیان ڕازی نین، بنەمای هزرییان هەیە و لەسەر جۆرە دید و بیركردنەوەیەكی تایبەتی دامەزراون، بۆیە هەوڵی چاككردنیان هەردەبێت لەوبونیادە هزرییەوە دەست پێبكات.

ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا كۆتایی ئەو دەوڵەتە و تەنانەت سەدەی بیستەمیش بە چەندەها قەیرانی رامیاری و كۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیریدا تێپەڕین. بێگومان ئەو ڕەوشەش بەرەنجامی چەندەها هۆكاری جۆراوجۆربوو: هەندێكیان پەیوەندییان بەداگیركەر (كۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم)ەوە هەبووە و هەندێكی دیكەشیان بۆ سروشتی



هەندێ لەسیستمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتەكان دەگەڕایەوە. كە جۆرێك لە ستەم و چەوساندنەوە و ئیستغلالكردن و شوێنكەوتەیی بۆ ئەوی تر (التبعیة للآخر)ی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی پیادەدەكرد. ئەم بارودۆخە ناهەموارەش وای لەگەلانی ناوچەكە كرد، كە لەوپەڕی نەزانی و هەژاری و پەرتەوازەیی ناوخۆدا بمێننەوە.

لێرەوە بیرمەندان و رۆشنبیرانی ناوچەكە وەك بەرپرسیارێتییەكی مێژوویی لەسەریان بوو لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشە ببنەوە.

بۆیە لێرەولەوێ چەندەها دەنگ بەرزبوونەوە كە تێكڕای ئەو دەنگانە بانگەشەی تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە ناهەمواریان دەكرد. ئەوەش لە میانەی خستنەڕووی ئەلتەرناتیف و چەندەها نمونە (نمازج)ی هزری جۆراوجۆر، هەندێ جار دژیش. سەرەڕای ئەوەی كە هەموویان لەئەنجامدا یەك بوون، ئەویش دەرچوون بوو لەڕەوشی دواكەوتوویی، بەڵام لەڕێباز (میتۆد)و ئامڕازی بەدیهێنانی ئەو دەرچوونەدا جیاوازبوون.

لەم توێژینەوە كورتەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو ڕەوت و ئاراستە هزریانە بخەینە ڕوو كە لەماوەی نێوان ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە گۆڕەپانەكەدا دەركەوتن.

بە پێویستی دەزانین ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە ئەم بابەتە زۆر نووسەر و بیرمەند خۆیان لێداوە و گفتوگۆی (جدی)یان لەسەر كردوە، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین پوختەی ئەو تەرز و گفتوگۆیانە بخەینەڕوو كە هەڵگرانی ئەو هزرو تەرزانە خستویانەتەڕوو. چونكە تا هەنوكە ئەدگار و شوێنەوارەكانی بەسەر دیمەنی هزری گەلانی ناوچەكەدا زاڵە. گرنگترین ئەو ڕەوتانەش بریتین لە:

هەواڵنامەی کتێب

## یەکەم : ڕەوتی ئاینی

لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لەپێناو نۆژەنکردنەوەی وڵاتانی جیهانی ئیسلام چەندەها فشاری ناوخۆیی و دەرەکی دروستبوو. زۆر لەو ڕۆشنبیرانەی کە خوێندنیان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا تەواوکردبوو، وەك چارەسەرێك بۆ ئەو هەژاری و دواکەوتنەی کە کۆمەڵگاکانیان پێیەوە دەیانناڵاند. داوای (تبني)کردنی نمونەی شارستانێتی ڕۆژئاوایان دەکرد، جا بانگەشەکردن بۆ نوێگەری لەسەر شێوەی ڕۆژئاوایی. بێگومان لەسەر سێ گریمانەی بنەڕەتیەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوانیش:

١. دەستگرتن بە چەمکی نوێگەری بەواتا فراوانەکەی، واتە (تبني)کردنی نمونەی ڕۆژئاوایی لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و تەکنەلۆجیا بەوپێیەی کە تاکە ڕێگایە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان.

٢. دەستگرتن بە لیبڕاڵیزمەوە کە ڕزگارکردنی ژیری لەبەندایەتی بیروباوەڕ و هزرە پێشوەختەکان زامندەکات، ئەوەش لەپێناو شیکردنەوەیەکی مەیدانی بێلایەن بۆ ئەو دۆز و کێشانەی کە پەیوەندییان بە ئەبستمولۆجیا و کۆمەڵگەوە هەیە.

٣. دەستگرتن بە عەلمانییەتەوە کە داوای دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەکرد، لەسەر بنەڕەتی یاسای مەدەنی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ لەسەر شێوەی ڕۆژئاوایی کەتێیدا ئایین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە[١].

بەڵام ئەم ڕەوتە ڕۆژئاواگەرییە لەلایەن ڕەوتی ئایینیەوە ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توند بووەوە، بەتایبەت لەوەدا کە پەیوەندی بەهێرشکردنە سەر ئیسلام و ڕۆشنبیری ئیسلامیەوە هەبوو، بێگومان ئەم ڕەوتە ئیسلامیە پێیوابوو جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەوەدا هەیە کە لەکەسانی تر وەردەگیرێت و ئامرازەکانیان بۆ پێشخستنی زانیارییەکانیان بەکاردەهێنێت، لەگەڵ ئەوەدا کە



هەواڵنامەی کتێب

لەکەسانی دیکەوە وەردەگیرێت لەپێناو ئەوەی کە ببێتە شوێنکەوتەیان و بەوەش توانا و چالاکیە کردارییەکانی سنوردار دەکات.

هەروەها پێیانوابوو کە کەمکردنەوە لەبەهای کەلتووری ئیسلامی بەشێکە لەو هەوڵە ڕۆژئاواییانە بۆ هاندانی شوێنکەوتەیی ڕۆژئاوا و دواتر ئاسانکردنی ئەرکی سەپاندنی هەژموونی ڕامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا.

## پێشینە مێژووییەکانی ڕەوتی ئایینی

ئەگەر کەمێك بۆ قۆناغی سەرەتای دامەزراندنی ڕەوتی ئاینی بگەڕێینەوە، ئەوا لەنێو خودی ئەم ڕەوتەدا دوو ئاڕاستەی جیاواز بەدیدەکەین، ئەوانیش (پارێزگار) و (نوێخوازن)، ئاڕاستەی پارێزگار یاخود نەریتیی بە خەلافەتی عوسمانی و خانەوادە پارێزگارەکانەوە پەیوەستبوون، ئەم کۆمەڵە بە بیانووی پارێزگاریکردن لە یەکێتی نەتەوەی عەرەب و دوورخستنەوەی ئاژاوە و فیتنە داوای مانەوەی سیستمی خەلافەتیان دەکردو لەهەندێ زانای بیرمەندی لایەنگری خەلیفە پێکهاتبوون[٢].

زۆرینەی تێگەیشتنەکانی ئەم ئاڕاستەیە لەسنوردارکردنی ئیسلام و لەقاڵبدانیدا خۆی دەبینییەوە، بەجۆرێك بواری گۆڕان و کرانەوە بەسەر کۆمەڵگەکاندا تێیدا زۆر تەسکبووەوە. بەزۆری جەختیان لەسەر ڕای زانایانی پێشتر دەکردەوەو لادانیان لێی بەتاوانێکی گەورە دەزانی، ئەوان پێیانوابوو ئەو زاناو پێشەوایانە هیچیان بۆ سەردەمەکانی دوای خۆیان بەجێنەهێشتووە و وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان داوەتەوە و ئیدی پێویست بە ئیجتهادی نوێ ناکات.

بەڵام ئاڕاستەی نوێخواز لە میانەی دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندانەی کە

جێگەی سەرنجدانی بیرمەندانی ئەم رەوتەبوون، پرۆژە نوێخوازییەکەی خۆیان لێوە گەڵاڵە کرد.

ئەفغانی دەڵێت: " هەرچی بیرێکم هەبوو هەمووم کۆکردەوە و تەماشایەکی رۆژهەڵات و دانیشتوانەکەیم کرد. ئەفغان کە یەکەم زەویە جەستەم بەرخاکەکەی کەوتبێت، هەڵوێستەی پێکردم و پاشان هند کە لەوێدا ژێریم بەگەڕ کەوت و رۆشنبیریم وەرگرت، ئینجا ئێران بەحوکمی هاوسێتی و وابەستەیی، دواتر دورگەی عەرەبی لە حیجازی جێگەی هاتنە خوارەوەی (نیگا)و لەیەمەن و دەوروبەری و عێراق و بەغدا و هارون و مەئمونەکەی و شام و بلیمەتە ئومەوییەکانی و ئەندەلوس و کۆشکی (حەمرا)کەی و ئەوەش کە فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە. دواتر رۆژهەڵاتی رۆژهەڵات. ئەوجا ئامێزی مێشکم بۆ دەستنیشانکردنی دەردەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەریان تەرخانکرد. جا بینیم کوشندەترین دەردیان دەردی پەرتبوونی خەڵکەکەیەتی و پەرتەوازەیی بیروڕایانە و جیاوازییانە لەسەر یەکگرتن و یەکێتیان لەسەر جیاوازی و دووبەرەکی، منیش دەستمکرد بەکارکردن بۆ یەکخستنیان و بێدارکردنەوەیان بەرامبەر بە مەترسی رۆژئاوا کەوا دەمی لێداچەقاندوون بۆ قوتدانیان"[٣].

لەمیانەی ئەم دەقەوە دەتوانین دوو ڕەهەند دیاریبکەین، کەبوونەتە جێگەی سەرەنجڕاکێشانی ئەم ئاڕاستەیە و خرۆشانیان، ئەوانیش بریتین لە:

١. دواکەوتوویی خود.

٢. هەژموونی رۆژئاوا و رۆژئاواگەری.

بەمشێوەیە ئەوان پێیانوابوو ئەگەر موسڵمانان توانیان بەسەرئەم دوو (دەرد) و (هەژموون)ەدا سەربکەون، ئەوا بێگومان لەو قەیرانانە ڕزگاریان دەبێتو بەرەو پێشکەوتن و شارستانێتی هەنگاو دەنێن، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر



نەیانتوانی بەسەریاندا زاڵبن، ئەوا گەلانی ئیسلام هەر بەدواکەتووی دەمێننەوە.

بۆیە لەبواری هزریدا قورساییەکی زۆریان خستبووە سەر کارکردن لەسەر کایەکانی وەك (بەگەڕخستنی ژیری) و (ڕەتکردنەوەی چاولێکەری) و (کردنەوەی دەروازەکانی ئیجتهاد) و (ڕەخنەگرتن) و دروشمی چاکسازییان بۆ تێکڕای کایە جیاوازەکانی دیکە بەرزکردبووەوە[٤].

لە ڕێبەرانی ئەم ئاڕاستەیەش (رفاعة الطهطاوي) و (جمال الدين الافغاني)و (محمد عبدة) و (رشيد رضا) لەرۆژهەڵاتی عەرەبی و (خيرالدين التونسي) و (عبدالحميد بن باديس) لەرۆژئاوای عەرەبی[٥].

لەدوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، رۆژهەڵات و رۆژئاوای عەرەبی خۆیان لەژێر قورسایی داگیرکەری رۆژئاواییدا بینیەوە. لەو ماوەیەدا ڕەوتی ئاینی لەرۆژئاوای ئیسلامیدا پەرەیسەند، بەڵام لە میسر و رۆژهەڵاتی عەرەبیدا لاوازبوو. بێگومان پشت بەستنی مەغریبییەکان لەململانێکانیاندا لەگەڵ داگیرکەردا دەگەڕایەوە بۆ:

١. پاراستنی شوناسی ئیسلامی.

٢. ئامانجی جۆشدان و ئاراستەکردنی جەماوەر بوو بەناوی ئیسلام و جیهاد لەپێناوی خودادا، چونکە لەرۆژئاوای عەرەبی هەموو دانیشتوانەکەی لەڕووی نەژادییەوە عەرەب نەبوون، بەڵکو تێکەڵبوون لە عەرەب و بەربەر.

ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی عەرەبی لەلایەنی ئاینییەوە گونجاو نەبوو، بۆیە جەختکردنەوە لەسەر دۆزی نەتەوایەتی بەوپێیەی کە هۆکارێکی هاوبەش لەنێوان مەسیحیەکان و موسڵمانەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆی هەبوو. سەرەڕای ئەوە داگیرکەری ئەوروپی لە رۆژهەڵاتدا ڕاستەوخۆ ئامانجی دژایەتیکردنی بەهاو ڕۆشنبیری کۆمەڵگە نەبوو. بەڵکو زیاتر گرنگی بەدەست بەسەرداگرتنی



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە ئابوورییەکان دەدا.

بەڵام داگیرکەر لەرۆژئاوادا داگیرکەرێکی نیشتەجێی (استطاني)بوو، لە یەککاتدا ئامانجی ئابووری و ڕۆشنبیری هەبوو، بەوەش دەیویست ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی رۆژئاوایی (عەرەبی) ڕیشەکێش بکات و لەنێو بۆتەی ڕۆشنبیری فەرەنسیدا بیانتوێنێتەوە.

لەوبارەیەوە (حەلیم بەرەکات) دەڵێت: "لەوکاتەدا کە (تەها حسین) بانگەشەی نەتەوایەتی میسری دەکرد و میسری بە بەشێك لە ئەوروپا دادەنا، زەمەنێکی درێژبوو رۆژئاوای عەرەبی لەپێناو رزگاربوون لەو هەوڵە بەتایبەتی جەنگی هەڵگیرساندبوو. بە ئەندازەی هەوڵدانی فەرەنسا بۆ سەپاندنی شوناسی خۆی بەسەر رۆژئاوای عەرەبیدا بەتایبەت جەزائیر، بەو ئەندازەیە رۆژئاوای عەرەبی دەستیان گرتبوو بە کەلتوور و شوناسی خۆیانەوە. بەشێوەیەك ڕەوتی سەلەفی بەسەریدا زاڵببوو کە سەردەمەکەی خۆی نامۆ ببوو، ئەوەش لە پێناو دووركەوتنەوە لە رۆژئاواگەری ئەوروپا بۆ ئەوەی رەسەنێتی خۆی لەدەستنەدات.

بەو توندییەی کە رۆژئاوای عەرەبی دەستی بە کەلتوورەوە گرتبوو، وەك کاردانەوەیەکی پرۆسەی سڕینەوەی شوناسی ئیسلامی لەلایەن داگیرکەری فەرەنسیەوە، هزری سەلەفی کەوتبووە ژێر کاریگەری گوتەکانی (ئەفغانی) و (عەبدە) و (ڕەشید رەزا)وە.

ئەو نەزعەیەش لەسییەکانی سەدەی بیستەم بە ئاشکرایی لە نووسین و چالاکییەکانی (عبدالحميد بن باديس)دا بەرجەستە دەبوو، کە دروشمی: (ئیسلام ئاینمانە و عەرەبی زمانمانە و جەزائیر نیشتمانمانە)[٦]ی بەرزکردبووەوە.

بزوتنەوەی سەلەفی لەڕێگەی (محمد عەبدە)وە چووە نێو جەزائیرەوە، کاتێك لەساڵی ١٩٣٠ سەردانی ئەو وڵاتەیکرد. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە



سەردانی تاکە کەسێکە کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی ئایدیۆلۆجی، ئەمە لەکاتێکدا فەرەنسا لەماوەی (١٣٢)ساڵی داگیرکاری جەزائیردا، لەسەپاندنی ئایدیۆلۆجیای خۆی شکستیهێنا.

بێگومان ئەوەی زیاتر یارمەتی بڵاوبوونەوەی ڕەوتی ئاینیی دا، جگە لە پەیوەندارێتی خەڵکی بۆ ئاینەکەیان، شکستهێنانی بزوتنەوە نەتەوەیی و سوشیالیزمییەکان و بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینی بوو و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش کاریگەری بەرچاوی هەبوو.

هەروەها نوسەری کۆمەڵایەتی (حەیدەر ئیبراهیم) وادەبینێت کە:" دەشێت لەدەروازەی جەختکردنەوە لەسەر شوناس یاخود گەڕان بەدوای خوددا باشترین ڕێگە بێت بۆ تێگەیشتن لەهزری سەلەفی بەهەموو ئاڕاستە جیاوازەکانیەوە"[٧].

بەڵام توێژەر (قيس العزاوي) بزوتنەوەی سەلەفی لەڕیزی بزوتنەوە نوێخوازەکان دادەنێت، کە بە (٤)قۆناغدا تێپەڕیون، ئەوانیش:

١. بزوتنەوەی وەهابی و مەهدی و سنوسی، هەمووشیان لەمیانەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام و ئیجتهادکردن وبانگەشەی پاکژکردنەوەی بیروباوەڕیان دەکرد[٨].

٢. لەم قۆناغەدا هزری بوژانەوەی پێکدەهێنا، لە ڕێبەرەکانیشی (تەهتاوی)و (ئەفغانی) و (عەبدە) و (ڕەشید رەزا) و (کەواکبی) و (خیرالدین تونسی) و (بن بادیس) و (شەکیب ئەرسەلان) و (عبدوالقادر جەزائیری) بوون. ئەمانە بانگەشەیان بۆ ڕەتکردنەوەی چاولێکەری و دژایەتیکردنی و کردنەوەی دەرگای ئیجتهاد بە پشتبەستن بە قورئان و سوننەت دەکرد.

هەروەها داوای پاککردنەوەی ئیسلام لەئەفسانە و شتی پڕوپوچ و گونجانی



هەواڵنامەی کتێب

ئایین و زانست و بەرگریکردن لەئیسلام لەدژی کاریگەرییە ڕۆژئاواییەکان و داگیرکردنی ڕۆشنبیری دەکرد.

٣. بزوتنەوەی برایانی موسڵمان (اخوان المسلمین)ی دەگرتەوە، کە لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی حەسەن بەننا و سەید قوتبدا بوون.

٤. بزوتنەوە ئیسلامییەکانی ئێستا دەگرێتەوە، کە هەوڵی مەیدانخوازی دواکەوتن و داگیرکەریان دەدا[٩]، سەرەڕای یەک مەرجەعی هەموو ئەو بزوتنەوانە کە(قورئان و سونەتە)بەڵام لەڕاڤە و تێگەیشتن و پراکتیکدا جیاوازن، بەشێوەیەکی گشتی لەڕوانگەی کاریانەوە بۆ دووئاراستە پۆلێندەکرێن: ئاراستەیەکیان باوەڕی بەشێوازی ئاشتیخوازانە و پەروەردەکردن هەیە و دەیەوێت سود لەدامودەزگا مەدەنیە هاوچەرخەکان وەربگرێت. بەڵام ئاراستەکەی دیکە ئاراستەیەکە، کە هەموو شێوازێکی ئاشتیخوازی ڕەتدەکاتەوە و بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان باوەڕی بەهێز و توندوتیژی هەیە. ئەم ئاراستەیە ناوچە ئیسلامیەکانی توشی چەندەها قەیرانی سیاسیوئابووریوکۆمەڵایەتی و ...هتد کردووە. جارێکی دیکە ئەم ناوچانەی کردەوە داگیرگەیەکی زلهێزە ڕۆژئاواییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین تائێستا کۆمەڵە دۆزێک هەیە کە ڕەوتی ئاینی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی چەسپاو ڕای خۆی لەسەر دەربڕێت وەک دۆزی (دیموکراسی) و (فرە حیزبی) و (ئافرەت) و ...هتد.

**ڕەوتی ئاینی-نەتەوەیی یاخود (خەلافەتی عەرەبی)**

ئەم ڕەوتە خۆی لەو بانگەوازە چاکسازییەدا بەرجەستەدەکرد، کە جەختی لەسەر گۆڕینی ئەو بارودۆخە گەندەڵە دەکردەوە، کەباڵی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا کێشابوو، ئەوەش لەمیانەی بەرنامەیەکی سیاسیدا کە پشتی بە دوو بنەڕەت بەستبوو، ئەوانیش: (یەکێتی ئیسلامی) کە لەئاینی ئیسلامدا خۆی



دەنواند، دوای پاککردنەوەی لە خەوش و بیدعە و چاولێکەری کوێرانە. ئەویتریان (خەلافەت) بوو، کە دەبوو بۆ عەرەب بگەڕێتەوە. بەوپێیەی شایستەترین نەتەوەیە کە ئیسلام لەخراپبوون دەپارێزێت، ئەوەش لەبەر گرنگی ناوەندێتی دورگەی عەرەبی و پایەی زمانی عەرەبی لەبیرکردنەوەی ئیسلامیدا.

دیارترین نوێنەری ئەم ڕەوتەش (عبدالرحمن کەواکبی (١٨٤٨-١٩٠٢))بوو، کە تێکڕای هزرە سیاسیەکانی خۆی لەهەردوو کتێبی (ام القری) و (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد)دا چڕ کردبووەوە[١٠].

(کەواکبی) سەرەتا لەگۆڤاری (الشهباء) وەک ڕەخنەگرێکی سیاسی فەرمانڕەوایەتی سیاسی تورکەکان کاریدەکرد، لەو گۆڤارەدا بەیارمەتی دەوڵەت، پارێزگاری لەمافی هاووڵاتیان و ڕوونکردنەوەی پێویستی و داخوازییەکانی خەڵک و ڕاڤەکردنی ڕوداوە سیاسیەکانی بانگەوازی دادپەروەری و ئازادی و برەودان بەیەکگرتن دەدوا و کاری دەکرد.

کەواکبی لە (الشهباء) و پاشانیش لە (الاعتدال)دا خۆی لەپیاهەڵدانی فەرمانڕەواکان و لێپرسراوانی دەوڵەت دەپاراست، ڕەخنەی لەستەمکاران و ستەمکاری کاربەدەستانی حکومەت دەگرت.

قۆناغی دووەمی بیری سیاسی (کەواکبی) لە (ام القری)دا دەبینین بە پێچەوانەی ئەوانەی وادەبینن (ام القری) پاش (طبائع الاستبداد...) دێت، بەراوردکردنی ناواخنی هەردووکیان و ڕەوشی بیری سیاسی کەواکبی ئەوەمان پێدەڵێت: کە (ام القری) پێش (طبائع) نوسراوە، کەواکبی لە (ام القری)دا لەو دەردانە دەدوێت کە یەخەی گەلانی موسڵمان بەتایبەت عەرەبی گرتووە و بووەتە هۆی لاوازی و گەندەڵییان، ڕێگە چارەکانی ئەو مەسەلەیەش تاوتوێدەکات[١١].

کەواکبی لەم کتێبەیدا و لەخەیاڵگەیدا کۆنفرانسێک لەمەککە لەنێوان



هەواڵنامەی کتێب

هەموو چینە موسڵمانەکاندا لەژێر ناونیشانی (لانعبد الا الله) دەبەستێت، لەوێدا ناوی خۆی دەنێت (سەیید فوراتی)و لەسەرزاری نوێنەری شوێنە جیاجیاکانی وڵاتانی موسڵمان دەردەکانی جیهانی ئیسلام دەخاتە پێش چاو.

لەدانیشتنی یەکەمدا باس لەدواکەوتن لەکاروانی شارستانێتی و پێشکەوتنی رۆژئاوا دەکات، هەروەها سستی و تەمەڵی و نەزانی گەلانی موسڵمان دەخاتە بەر باس.

لەدانیشتنی دووەمدا هۆکاری ئەم سستی و دواکەوتووییە سیاسیە بە نەزانیو خۆشگوزەرانی ئەمیرەکان و لەنێوچوونی ئازادی چاپەمەنی و ڕادەربڕینو فێرکردن و ...هتد دەبینێت، ئەو فەتوایەی سەیدی کوری تاووس دەهێنێت کە دەڵێت: "دادپەروەرێکی بێباوەڕ لەموسڵمانێکی ستەمکار باشترە".

لەدانیشتنی سێیەمدا گوێنەدان بە کێشەکانی خەڵکی وەك نەزانی، گوێرایەڵی کوێرانە، ئەفسانە و دروستبوونی چینی هەژار و دەوڵەمەند پێناسە دەکات.

لەدانیشتنی چوارەمدا لە بەگەورەزانینی ئەمیرەکان و پێویستبوونی وازهێنان لەو شیرکە گەورەیە دەدوێت.

لە دانیشتنی پێنجەمدا جەخت لەسەر دەستگرتن بە قورئان و سونەتەوە دەکاتەوە.

لەدانیشتنی شەشەمدا جیاوازی مەزهەبی و دەمارگیری سیاسی بەدەردە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی پێناس دەکات. هەروەها باسی رۆڵی ژنان و کاریگەری نەزانی ئەوان لەسەر موسڵمانان دەکات، لە کۆتایدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە موسڵمانان لەسستیەکی قوڵدان و هۆی ئەم دواکەوتنەش لەسەرەتادا سستی فەرمڕەواکان پاشان زاناکان و دواتر میرەکانن. کەواکبی لەتێزی تازەکردنەوەی خەلافەت و خۆ هەڵنەقورتاندنی خەلیفە لەکاروباری



سیاسی و جێبەجێکردندا دەدوێت[12].

ئەگەر کەواکبی لە وتارە چاپکراوەکانیدا زیاتر ڕەخنە لەهەلومەرجی هەنوکەی ئەوکاتە و لە (ام القری)دا باسی ڕیشەکانی گرفتاری و هۆکارەکانی بکات، ئەوا لەقۆناغی سێیەمدا و لەکتێبی (طبائع الاستبداد...)دا دەردەکە دەستنیشاندەکات و تیماریدەکات.

گۆڕانی بیری سیاسی کەواکبی لە (طبائع)دا زۆر بە ڕوونی دیارە، زیهنی سیاسی کەواکبی لە (ام القری)دا زیاتر هاوئاوازی بیرە سیاسیە سوننەتیەکانە تاچەرخی تازە، بەڵام لە (طبائع)دا بەئاشکرا بیرکردنەوەی سیاسی مۆدێرنە دیارە کە کەمتر لەجیهانی ئیسلامدا نمونەی هەبووە، لە (طبائع الاستبداد...)دا چارەی هەموو دەردە باسکراوەکانی لە (ام القری)دا لەلابردنی ستەمکاری و هێنانەوەی حکومەتی یاسا و دیموکراسی دەزانێت و باسی ڕەهەندەکانی دەکات، کەواکبی ستەمکاری (استبداد) بە گەورەترین بەڵا دەزانێت بۆ مرۆڤایەتی ، چونکە هەموو شتێك لەبەرژەوەندی خۆیی و لەخزمەتی خۆیدا بەکاردەهێنێت، مۆڕاڵ تێکدەدات، ڕێ لەزانست و پێشکەوتن دەگرێت، مرۆڤایەتی لەناو دەبات، ئایین دەکاتە ئامرازی دەسەڵاتی خۆی، دەبێتە هۆی دروستبوونی چینایەتی ئابووری بە بەرگریکردن لەکۆکردنەوەی ساماندا، ڕێگر دەبێت لەپەروەردەی دروستی کۆمەڵگە، ئازادی ڕیشەکەن دەکات و خەڵکی دووچاری دیلی و بەندەیی دەکات.

کەواکبی ڕێگەچارەی کێشەی مێژوویی ستەمکاری لە (ام القری)دا بەگەڕانەوەی مێژوویی دەزانێت بۆ سیستمی ئەرستۆکراتی لەسەر شێوەی خەلیفەکانی ڕاشیدیی، بەڵام ئاشکرانیە بۆچی لەم قۆناغەدا ئیرادەی گشتی هەڵبژاردووە، دەشێت نەگونجانی وەرگرتنی دەنگی گشتی ئوممەتی ئیسلامی و جیاوازی دیدگایان هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەی ئەو بووبێت و ڕوویکردبێتە

نوێنەری موسڵمانان. هەرچۆنبێت ڕەنگە دژبوونی کەواکبی لەگەڵ تورکانی عوسمانیدا و هەڵوێستیان بەرامبەر کەواکبی ڕێگەی ئەوەی پێنەدابێت کە شەرعیەتی خەلافەتی ئەوان پەسەندنەکات و تێڕوانینی نەتەوەیی یاخود زۆرینەیی وایلێکردبێت خەلافەت بەمافی عەرەبەکان بزانێت، تەنانەت لەناوهێنانی ئەندامانی کۆنگرەشدا ناوی عەرەبەکانی خستووەتە پێش ناوەکانی دی و سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی داوەتە دەست مامۆستا مەککی و خۆشی کردووەتە سەرۆکی گشتی، بەڵگە خەلدونیەکانی کەواکبی بە ئاشکرا دەریدەخات عەرەبەکان دەخاتە پێش غەیرە عەرەبەکان، عەرەبەکان بونیادنەری کۆمەڵگەی ئیسلامی بوون و ئەم چاکەیەشیان لەگەڵ تایبەتمەندگەلێکی سروشتی وەك لەخۆباییبوون و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی و پایەداری بەرامبەر دژوارییە سروشتیەکان، ئەوانی کردبێتە شایستەی خەلافەت، هەروەك (عنایەت) دەڵێت: "دیدی نەتەوەیی شەفافی کەواکبی و بانگکردنی عەرەبەکان بۆ جیابوونەوە لەتورکە موسڵمانەکان بووە هۆی ئەوەی نووسەرە هاوچەرخەکانی عەرەب کەواکبی بە یەکەمین بانگخوازی نەتەوایەتی عەرەب بزانن"[١٣].

### ڕەوتی نەتەوەیی مێژوویی

ئەدگارەکانی ئەم ڕەوتە لە نووسینەکانی هەردوو بیرمەندی عەرەب (ناصیف الیازجی/١٨٠٠-١٨٧١) و (بطرس البستانی/١٨١٩-١٨٨٣) بەرجەستە دەبوو. ئەمان رابووردووی پرشنگداری عەرەبیان بیردەخستەوە و نەوەکانیان بە سەروەرییە مێژووییەکانی عەرەب ئاشنادەکرد و شارستانێتی مەزنی مێژووی کۆنیان دەهێنایەوە نێو باسان و کاریان بۆ زیندوکردنەوەی هۆشیاری مێژوویی عەرەبەکان دەکرد[١٤].



هەواڵنامەی کتێب

### ڕەوتی عەلمانی- چاکسازی کۆمەڵایەتی

ئەم ڕەوتە هەموو گرنگیدانێکی خۆی لەلایەنە زانستی و پێشکەوتنە ژیارییە مەزنەکەی ئەوروپا چڕکردبووەوە، بانگەشەی ڕاڤەکردنی ژیان و پێشکەوتنی لەسەر بنەڕەتی ڕاستی زانستی دەکرد، بەوەی کە سود لەزانستی ئەوروپییەکان وەربگرن، هەوڵی دواندنی ژیری عەرەبی دەدا ، هەروەها ئەوەشی ڕووندەکردەوە کە لەتوانادا هەیە لەمیانەی دۆزینەوە زانستیەکاندا سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێ هەڵبگۆزرێت، بنەڕەتی ئەو سیستمەش هەستکردنە بە بەرژەوەندی گشتی. واتە نیشتمانێتی کە بریتییە لەخۆشویستنی نیشتمان و هاونیشتمانان، کە پێویستە بەسەر تێکڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەداو تەنانەت ئاینیشدا بەرزتربێت.

هەروەها ئەم ڕەوتە بانگەشەی جیاکردنەوەی ئاین و سیاسەتی لەیەکتر دەکرد، هەروەك گرنگییەکی گەورەشی بەدۆزی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەدا، بەواتایەکی دیکە ئەم ڕەوتە ڕەنگدانەوەی ئاڕاستەیەکی عەلمانی بوو بۆ چاککردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. بۆ دانانی سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری نوێ، جەختی لەسەر سودوەرگرتن لەشارستانێتی ئەوروپی دەکردەوە ، دیارترین نوێنەرەکانی ئەم ڕەوتەش بریتیبوون لە (شبلی شمیل/١٨٥٠-١٩١٧) و (قاسم ئەمین/ ١٨٦٥-١٩٠٨) و (ئەدیب اسحاق) و (فراج انطون/١٨٧٤-١٩٢٢)[١٥].

### ڕەوتی هەرێمچێتی

ئەم ڕەوتە بە وابەستەیی هەرێمێتی و چوارچێوەی جوگرافی ڕاستەوخۆی (هلال الخصیب) یاخود (وادی النیل) وازیدەهێنا و بەلای نەتەوایەتی عەرەبیدا نەدەچوو، بەڵکو ئەو نەتەوایەتیەی بۆ نەتەوایەتی سوری و نەزعەی فیرعەونی و

فینیقی پەرتدەکرد. ئەوانەش چەند نەزعەیەك بوون کە چاوگەکەیان کاردانەوەیەکی داکشانەوەی هەرێمی بوو دژی مەترسیگەلێکی ڕاستەقینە یاخود خەیاڵکرد[١٦]. ئەم ڕەوتە لەوە گەیشتبوو کە یەکێتی عەرەب دروشمێکە و بەدیهێنانی ئەو یەکێتیە لەجیهانی واقیعدا بەدینایەت.

## ڕەوتی نەتەوەیی

ئەم ڕەوتە ئامانجی بانگەشەکردن بوو بۆ سەربەخۆبوونی عەرەب لە دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی نەتەوەیی کە لەدیجلە و فوراتەوە بۆ نۆکەندی سوێس و لەدەریای ناوەڕاستەوە بۆ دەریای عەرەبی درێژببێتەوە، شێوازی حوکم تێیدا دەستوری بێت و لەمیانەیدا هەموان لەبەردەم یاسادا یەکسانبن. نوێنەرانی ئەم ڕەوتە جەختیان لەسەر بوونی یەك نەتەوەی عەرەبی دەکردەوە و پێیانوابوو کێشە ئاینییەکان کە لەنێوان هەوادارانی ئاینە جیاوازەکاندا دروستدەبوو، لەڕاستیدا کێشەی سیاسی بوون و هێزە دەرەکییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وروژاندونیان[١٧].

لەدیارترین نوێنەرەکانی ئەم ڕەوتەش بریتیبوون لە(نجیب عازوری) خاوەنی کتێبی (راچەنینی عەرەب-١٩٠٥) و (رفیق العظم) خاوەنی کتێبی (جامیعەی ئیسلامی و ئەوروپا-١٩٠٧) کە تێیدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە پەیوەندی نەتەوایەتی فراوانترە لەپەیوەندییە ئاینییەکان لەکۆمەڵگەیەکی فرەئاینیدا. هەروەها نوسراوەکانی (علی نصرالدین) دامەزرێنەری (عصبة العمل القومي) خاوەن کتێبی (قضیة العرب–١٩٤٦) و (قسطنطین زریق) خاوەن کتێبی (هۆشیاری نەتەوەیی) و (ساطع الحصری) لە کتێبە جیاوازەکانیدا بەرگری لەبیرۆکەی نەتەوەیی کردووە، و هیچ شوێنەوارێکی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی





یاخود پێکەوە بەستنی کێشەی کۆمەڵایەتی بە کێشەی نەتەوەییەوە بەدیناکرێت[١٨].

لەهەناوی ئەم ڕەوتە فیکریەدا خانەکانی بزوتنەوەی عەرەبی دەرکەوت، کە لەکۆمەڵەو ڕێکخستنە سیاسیەکاندا خۆی دەنواند و داوای مافە نەتەوەییەکانی عەرەبی دەکرد.

لەگرنگترین ئەو کۆمەڵانەش کە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لەجۆشدانی هەستی نەتەوەیی عەرەبی بریتیبوون لە:

١. کۆمەڵەی بەیروتی نهێنی (١٨٧٥-١٨٧٦).
٢. بزوتنەوەی پیاوماقوڵانی سوریا (١٨٧٧-١٨٨٠).
٣. دەرکەوتنی چەند کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری و وێژەیی (١٨٨١-١٩٠٨)لەسوریا.
٤. یانەی وێژەیی (١٩٠٩).
٥. کۆمەڵەی قەحطانی (١٩٠٩).
٦. کۆمەڵەی عەرەبی لاو (١٩١٢).
٧. حزبی لامەرکەزی کارگێڕی عوسمانی (١٩١٢).
٨. بزوتنەوەی چاکسازی بەیروت (١٩١٢).
٩. کۆنگرەی عەرەبی یەکەم لەپاریس (حوزەیرانی ١٩١٣).
١٠. کۆمەڵەی پەیمانی عەرەبی (کۆتایی ١٩١٣)[١٩].

(وەلید خدوری) لەوتارێکیدا بەناوی (نەتەوایەتی عەرەبی و دیموکراتیەت) دەڵێت: "نەتەوەی عەرەب وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەیناسین بریتییە لە پەردەیەکی فراوان بۆ زۆر لەو بزوتنەوە سیاسیانەی کە لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە لەسەر گۆڕەپانی عەرەبی بەشێوەیەك لە شێوەکان دەرکەوتن، بەڵام دەرکەوتنی ئەو



هەواڵنامەی کتێب

نەتەوایەتیە بەشێوەیەکی ڕوون بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە و تائێستاش مەشخەڵەکانی لەواقعدا ئامادەیی هەیە، هەرچەندە لە سەرەتای حەفتاکانەوە داشکاوەتەوە.

نەتەوایەتی عەرەب لای زۆر لەچاودێران ئەمانە دەگرێتەوە: حزبی بەعسی عەرەبی (سوریا و عێراق)، بزوتنەوەی ناسری و بزوتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەب، فەرمانڕەوایەتی ئێستا لە لیبیا و سیستمی سیاسی لەیەمەن لەسەرەتای هەشتاکان و ماوەی فەرمانڕەوایەتی بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیری لەسەردەمی هەردوو سەرکردە (احمد بن بيلا و هواری بومدين) و سەردەمی (عارف) لە عێراقدا[٢٠].

لەبەر زۆری بزوتنەوە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبیدا ئێمە باس لەدوو بزوتنەوەی بنەڕەتی بەعسی و ناسری دەکەین کە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لەبەرەوپێشبردنی بیری نەتەوەیی عەرەبیدا.

**١. بەعسیزم:**

حیزبی بەعس لە عێراقدا سی و پێنج ساڵی بەدوایەکدا فەرمانڕەوایەتی کرد و تائێستاش لەسوریا جڵەوی دەسەڵات لەدەستیدایە و لەگرنگترین ئەو بنەمایانەی کە ئەو حیزبە بۆخۆی وێنەی کێشاوە و کار بۆ بەرجەستەبوونی دەکات بەشێوەیەکی مەیدانی بریتین لە:

أ- سەربەستی و یەکێتی نەتەوەی عەرەبی لەنێو سنوری جوگرافیدا.

ب- باوەڕبوون بە تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیی عەرەبی و کارکردن بۆ بوژانەوەی.

ج- باوەڕبوون بە پەیامی تایبەتی نەتەوە و ڕۆڵی لەگەشەپێدانی مرۆڤ و دژایەتیکردنی داگیرکەردا[٢١].

کاتێك حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ لە هەریەك لە سوریا و عێراق لەڕێگەی



هەواڵنامەی کتێب

کودەتای سەربازییەوە جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، لەحیزبێکی میانەڕەوەوە بۆ ڕادیکاڵی گۆڕا. ئەوەش بە ئاشکرا لەو دۆکۆمێنتانەدا دەردەکەوێت کە لەکۆنگرەی شەشەمی دوای دەسەڵات گرتنەدەست دەرچوو، کە لەسوریا بەسترا، بۆیە پێیانوابوو کە جووتیار و کرێکار بەتەنها نەك هەر بنکەی شۆڕشگێڕی پێکدێنن، بەڵکو حیزب پێکدەهێنن. کۆمەڵگەش لەسەر بنەڕەتی دیموکراتی بەرەو سوشیالیزم دەگۆڕێت، سەرەڕای ئەوەش واز لەبنەمای دیموکراتی دامەزراوەیی (مؤسساتي) هێنرا، کە لەدەستوری ساڵی ١٩٤٧دا دانرابوو، بیرۆکەی دیموکراتی سنووردار جێگەی گرتەوە.

سەرەڕای ئەو نارۆشنیەی بە ئایدیۆلۆجیای بەعسەوە دیاربوو، بەڵام بەعس لەکۆمەڵە خاڵێکدا لەگەڵ مارکسیدا جیاوازبوو، بۆ نموونە ئەو سۆشیالیزمەی ئەو باسی لێوەدەکرد خاوەن مۆرکێکی نیشتمانی بوو نەك جیهانی، هەروەها بانگەشەی ململانێی چینایەتی دەکرد و، دژایەتییەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی ئاینیشی نەدەکرد[٢٢].

**٢. ناسریزم:**

ناسریزم بریتییە لەگوزارشتکردن لەهزری سیاسی و ئایدیۆلۆجی (جمال عبدالناصر)، سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆجیای عبدالناصر بە(ئازادی و یەکێتی و سۆشیالیزمی)، (عبدالناصر) کەوتبووە ژێر کاریگەری چاوگی هزری جۆراوجۆر، بەتایبەت چەند سەرکردەیەکی جیهانی وەك (ئەسکەندەری گەورە)و (ناپلیۆن) و (گاندی)، وەك موسڵمانێکیش لەژێر کاریگەری (ئەفغانی) و (عەبدە)دا بوو، کە هەردووکیان بانگەشەیان بۆ میتۆدێکی کۆمەڵایەتی ئیسلامی کراوەتر و هاوچەرخیتر دەکرد[٢٣].

وەك زۆری سەرۆکە عەرەبەکانی دیکە (عبدالناصر)یش لەڕێگەی کودەتای

سەربازییەوە کە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لەساڵی ١٩٥٢دا پێیهەستان جڵەوی فەرمانڕەوایەتی گرتەدەست.

ئەوەی پەیوەندی بەهزرە سوشیالیزمەکەیەوە هەیە، (عبدالناصر) بە ئەزموونی یوگسلافیا زۆر سەرسامبوو، هۆکاری ئەوەش بریتیبوو لەپەیوەندییە تایبەتیەکەی کە بە(تیتۆ)وە دەیبەستەوە. لەگەڵ ئەوەدا ناسر ویستی سوشیالیزمی عەرەبی بکاتە ڕێگەیەکی سێیەم لە گەشەپێداندا، بەشێوەیەك لە هەردوو ڕێگەی سەرمایەداری و مارکسی جیاوازبێت. لەو سەربەنەوە کە سوشیالیزمی عەرەبی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناگرێتەوە، بەڵکو نمونەیەکە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. دەربارەی سۆسیالیزمەکەی دەیگوت: "باوەڕی بەخوا و بە پەیامبەر و بە بەها ئاینی و ئاکارییەکان هەیە" و ئاینی لەسیاسەت جیانەدەکردەوە و بە بەشێك لە ئایدیۆلۆجیاکەی دایدەنا. چونکە ئەو پێیوابوو ژیانی خەڵکی هێزە رۆحی و ماددییەکان بەڕێوەی دەبەن و بوارێك بۆ جیاکردنەوەیان نییە، هەردووکیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست پێویستن، لەو سەربەنەوە عبدالناصر چەمکە ئیسلامیەکانی بۆ یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیو برایەتی بەکاردەهێنا، ئەوەش بێناوهێنانەوەی ئەوەی کە ناوی نابوو سوشیالیزم و جێبەجێکردنە مەیدانیەکان[٢٤].

لێرەدا ئەگەر بەراوردێکی خێرا لە نێوان بەعسیزم و ناسرێتیدا بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوکیان جەختیان لەسەر سوشیالیزمی عەرەبی و نەتەوایەتی عەرەبی دەکردەوە. بەڵام لەو پێشینە ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتانەدا کە هەریەکەیانی لێدەرچووبوو، جیاوازبوون.

بەتایبەت لەوەدا کە پەیوەندی بە پەیوەندی سوشیالیزم بە ئاینەوە هەبوو.



بەعسیزم لەخودی خۆیدا دژایەتی ئاینی نەدەکرد، بەڵام زیاتر جەختی لەسەر سوشیالیزم دەکردەوە وەك هۆکارێکی یەکلاکەرەوە لەیەکێتی عەرەبیدا. لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بانگەشەی گۆڕینی بەهاکانی دەکرد، بەڵام لەبەرانبەرەوە ناسریزم ئیسلامی وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی ئایدیۆلۆجیاکەی دانابوو، بەشێوەیەك ناسریزم بۆ مژدەدان بە سوشیالیزمە عەرەبیەکەی لەلایەکەوە و بیانوو هێنانەوە بۆ سیاسەتی سیستمەکەی لەلایەکی دیکەوە پەنای بۆ ئاین دەبرد.

### هەڵسەنگاندنی هزری نەتەوایەتی عەرەبی

١. دیارنەبوونی چوارچێوەیەکی تیۆری:

خاڵی بنەڕەتی و دەستپێکی ئەم بزوتنەوانە هاندانی جەماوەر و بڵاوکردنەوەی هەستکردن بە خود و گەشەپێدانی هۆشیاری بوو. بەڵام دەستەوەسانبوون لەوەی هەنگاوێکی نوێ بچنە پێشەوە و سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری سەرکەوتوو بنیاتبنێن. ئەمەش لەئەنجامی کۆمەڵە هەڵەیەکی کەڵەکەبوودا بوو، وەك سەرکوتکردنی ئازادییەکان و ڕەتکردنەوەی فرەیی و قەدەغەکردنی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ... هتد. هاووڵاتی عەرەبی توشی شۆك هات کاتێك ڕووبەڕووی واقیعە پڕ شکستیەکەی بوویەوە. هەر لەکارەساتی فەلەستینی ١٩٤٨ و پەرتبوونی ئەو یەکێتیەی لەنێوان میسر و سوریا دروستببوو لەساڵی ١٩٦١، و شکستی ١٩٦٧ و ڕێککەوتننامەی (کامپ دیفید) لەکۆتایی حەفتاکانو داگیرکردنی بەیروت لەساڵی ١٩٨٢ و داگیرکردنی کوێت لەساڵی ١٩٩٠.

٢. نەبوونی دیموکراتێتی.

گۆڕەپانی سیاسی عەرەبی، گۆڕەپانێکە بەشێوەیەکی گشتی و ڕێژەیی خاڵیە لەدیموکراتێتی، هەر لەدەوڵەتەکان تا حیزبەکان. جا هەریەکە و بەشێوەیەك

باس لەهۆکاری ئەو دیاردەیە دەکات، هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ کەلتوور، هەندێکیش بۆ نائاسایی ڕەوشی سیاسی وڵاتەکان، هەندێکی تر بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی... هتد. هەروەك چەندەها سەرکردە و بەرپرسی حکومی و حیزبی هەیە کە قەناعەتی قوڵ و ڕیشەداریان هەیە لەدژایەتیکردنی مومارەسەی دیموکراتیێتیدا.

٣. نەبوونی ئاسانکاری لەمامەڵەکردن لەگەڵ خواستەکانی کۆمەڵگادا:

هۆکاری ئەو قەیرانە سیاسیانەی کە ڕووبەڕووی نەتەوایەتی عەرەبی بووەتەوە داماوی (عجز) بووە دەربارەی تەرجەمەکردنی ئەو دروشمانە بۆ بەرنامەیەکی سیاسی سەرکەوتوو و گۆڕانی پرۆژەی نەتەوایەتی بۆ هزرێکی سەرکردایەتیکردن بۆ بیرۆکراتی دەوڵەت. مامەڵەکردنێکی ئەمنیانەی داپڵۆسێنەرانە و فەرامۆشکردنی کرانەوە بەسەر شارستانێتییەکاندا و جەختکردنەوە لەسەر ڕاگەیاندن و شۆردنەوەی مێشکی جەماوەر.

٤. نەبوونی ڕاشکاوی:

لە گرفتە گەورەکانی ئەزمونی نەتەوەیی عەرەبی بریتیبووە لەدیاری نەکردنی کێشە خودییەکان بەشێوەیەکی بابەتی و بوێرانەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڵانەدا و داننەنان بەو هەڵانە بە ئاشکرا و لێنەپرسینەوەی بەرپرسان.

## ڕەوتی لیبرالی

لیبرالیزم بریتییە لەڕەوتێکی هزری و فەلسەفی و سیاسی بەربڵاو و بەرفراوان، کە گەلێك بیرمەند و تیۆرداڕێژ و قوتابخانە بە ناوەکەیەوە گرێدراون. لیبرالیزم نزیکەی چوار سەدە وەرچەرخانی لە هزری ڕۆژئاوادا تێپەڕاندووە و گۆڕاوە بۆ نەریتێکی هزری گەورە کە تەوژمێکی بەربڵاو لەتیۆری و بۆچوونە سیاسیەکانی لەخۆیدا پەروەردە کردووە. لەماوەی ئەو چوار



سەدەیەی کە بەسەر سەرهەڵدانی لیبرالیزم تێدەپەڕێ چەندین بیرمەندی گەورە پەیدابوون کە بەردەوام ئەم ڕەوتە هزری و سیاسیەیان بەرەو بوارگەلێکی نوێ ئاڕاستەکردووە و ڕوانگەلێکی نوێیان بۆ کردووەتەوە[٢٥].

(سڤێن-ئێرك لیدمان)یش لەبارەی ئەم چەمکەوە دەڵێت: "لیبرالیزم دەشێ بۆ باوەڕێکی گشتی وەها بەکاربێت کە پێیوابێت شادمانی و خۆشگوزەرانی تاکەکەس ئامانجی سیاسیەتە، دەشێ بۆ بەرزنرخاندنی ئازادی بیرو ئازادی دەربڕین بەکاربێت، یان بۆ باوەڕێکی ئابووری بەکاربێت، کەپێیوابێت گەشەکردنی ئابووری بەوەی پێیدەگوترێ بازاری ئازاد، دوور لەدەستتێوەردانی دەوڵەت، سوودمەند دەبێت"[٢٦].

بەمشێوەیە چەمکی لیبرالیزم بە بەها ئازادی و دیموکراتی و پێشبڕکێ ئازادەکانەوە گرێدراوە. بەگوزارەی ئەکادیمییەکانیش لیبرالیزم دەلالەت لەو هزرە پێشکەوتنخوازیانە دەکات، کە بانگەشە بۆ دەربازبوون لەپلە کۆمەڵایەتیە تەقلیدییەکان (Traditional Social hierarchies) بەشێوەیەکی قۆناغبەندی دەکات. پەرەسەندنی جیهانی سەرمایەداری نوێ هاوڕێ بوو لەگەڵ ئەو چەمکەدا بەوپێیەی کە ئایدیۆلۆجیەتی زاڵی کۆمەڵگەی پاش دەرەبەگێتی ( Post-Feudal Society) پێکدەهێنا[٢٧].

ڕەوتی لیبرالیزم جەختی لەسەر دیموکراتی پەرلەمانی دەستووری و دامەزراندنی ڕێکخراو و سەندیکاکان دەکردەوە و لەسەر بەشداری ڕۆشنبیران و پیشەکاران لەحوکمدا و کرانەوە بەڕووی ڕۆژئاوادا و وەرگرتنی وەك نموونەیەك بۆ بەرەوپێشچوون رادەوەستا. هەروەها جەختی لەسەر زانست و ژیری و گۆڕینی زیهنیەتی باو لەڕێگەی پەروەردە و بەهۆی دەستەبژێری ڕۆشنیری و بەشێوەیەکی قۆناغبەندی دەکردەوە[٢٨].

(حەلیم بەرەکات ) دەڵێت: "لەگەڵ سەرەتای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانیدا لەولاتانی عەرەبیدا ڕەوتێکی ئیسلامی لیبرالی دەرکەوت).

لەم سەربەنەوە سەرکەوتنی بزوتنەوە دەستورییەکان بە شێوە جۆر بە جۆریەکانیەوە دەرکەوتن. لەمیسر کۆمەڵە حیزبێکی سیاسی خاوەن مۆرکی لیبرالی دەرکەوتن، هاوکات لەڕووی سیاسییەوە دژی رۆژئاوابوون لەوانە: (حیزبی نیشتمانی جەماوەری) (١٨٧٩)بوو کە بۆ حوکمی شورا و پێدانی ئازادی بەمیسرییەکان و یەکخستنی قیبتیو موسڵمانەکان لەچوارچێوەیەکی نیشتمانیدا دەکۆشا. لە هەمانکاتدا (حیزبی میسری لاو) و(حیزبی وەفد) دەرکەوتن کەداوای سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئازادی رۆژنامەوانیان دەکرد.

ساڵی ١٩٤٦ لەعێراق پێنج حیزب هاتنە سەرشانۆی سیاسەت و هەڵگری دروشمە لیبرالیەکان بوون، ئەو حیزبانەش بریتیبوون لە: (حزب الاستقلال، حزب الاحرار، حزب الوطن الديموقراطي، حزب الاتحاد الوطن، حزب الشعب). بە هەمان شێوە لە جەزائیریش دووحیزب دروستبوون کە پێکهاتبوون لە: (حزب الشعب الجزائري و حزب الاتحاد الديموقراطي للبيان الجزائري) ئەم دوو پارتە جەختیان لەسەر بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئابورییەکانی گەلی جەزائیر دەکردەوە[٢٩].

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا هزری لیبرالی دیموکراتی دەستیپێکرد و وەك گرنگترین ڕەوتی سیاسی نیشتمانی عەرەبی لەلایەنی فکرییەوە خۆی خستەڕوو، خەباتی لە پێناو سەربەخۆیی لەگەڵ چەمکی دەستوری و باڵادەستی یاسا و سنووردارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان گرێدا. بەشێوەیەکی کرداریش کاتی سەربەخۆیی لەزۆرینەی وڵاتە عەرەبییەکاندا بەدامەزراندنی سیستمی حوکم و دەستورەوە پەیوەستبوون، کە دیاردە دیموکراتیە لیبرالیەکانی وەرگرتبوو، وەك دیاردەی فرەحزبی و



دامەزراندنی دامەزراوە نوێنەرایەتییەکان و ...تاد، ئەو سیستمەش بۆ ماوەیەکی درێژ لەمیسر (١٩٢٣-١٩٥٢) و لەعێراق(١٩٣٠-١٩٥٨) درێژەی کێشا، بۆ ماوەیەکی کورتیش لەچەند دەوڵەتێکی عەرەبی دیکە وەك سوریا و سۆدان و لیبیا و تونسو سۆماڵ و مۆریتانیا و ئوردن بەردەوام بوو. لەتێکرای ئەو دەوڵەتانەدا لەمیانەی هاتنە ناوەوەی سوپا کۆتایی بەو سیستمە هات[٣٠].

## ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەوتی لیبرالیزم

**یەکەم:** نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی سیاسی ڕێکوپێك و شێوەی بیروباوەڕی گونجاو، چونکە دامەزراوە دیموکراتیە لیبرالیەکان تەنها پەیکەر یاخود ڕێکخستنێك نین، کە بەرێگەیەکی ئالی لە چوارچێوەیەکی ڕۆشنبیری بۆ چوارچێوەیەکی دیکە بگوازرێتەوە.

یەکێك لەجەمسەرە بنەڕەتیەکانی پشت ئەو دامەزراوانە کە ئەمرۆ لەکۆمەڵگەی ئەوروپیدا بەرقەرارە، تێکۆشانە لەپێناو مافی هاووڵاتی بوون و چەسپاندنی ئەو مافە لەدەستوردا. سەرەڕای ئەوە ئەو دامەزراوانە کۆمەڵە بەهایەك دەخوازن، وەك باوەڕبوون بە ژیری لەڕێکخستنی کۆمەڵگەدا و دیاریکردنی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و ڕێزگرتن لەماف و ئازادی تاکە کەس و، پێکدانەکێشانی ئەو ئازادییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەدا. سەرەڕای ئەوانە بوونی بەهای بەشداریکردن و گیانی مەدەنی و مافی هاووڵاتیبوون بۆ خۆ ڕێکخستن لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا و بەرگری لێکردنیان. بێگومان بوونی ئەو بەهایانە کە بەها خێڵەکی و عەشایەری و دواکەوتووییەکانی تێپەڕاندووە، لەگەڵ بەهاکانی نێو کۆمەڵگەی عەرەبی بەریەك دەکەوتن و بۆشاییەکی فراوان لە نێوان ئەو دووجۆرە بەهایەدا هەبوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵە پرسیارێك دەوروژێنێت سەبارەت بەوەی تا چ ئەندازەیەك

بەها لیبرالیەکان لەگەڵ رۆشنبیری تەقلیدی کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەگونجێن!!؟ بێگومان مەودایەکی فراوان لەنێوان ئەو دوو جۆرە بەهایەدا هەبوو، بۆیە بەها لیبرالیەکان نەیانتوانی شکست بە بەها تەقلیدییەکان بهێنن و لەئاکامدا ڕەوتی لیبرلی لەو زەمینە کۆمەڵایەتییە نامۆیەدا تووشی ئیفلیجبوون هات.

**دووەم:** میراتە نەگەتیڤەکانی سیاسەت لەزۆرینەی وڵاتە عەرەبیەکاندا شوێنەواری خراپی بەسەر ئەو حیزبانەدا بەجێهێشت کە هەڵگری دروشمی لیبرالی بوون. لەوانە دابەشبوونی ئەو حیزبانە لەنێوخۆیاندا لەلایەکەوە، دەرکەوتنی کۆمەڵە حیزبێکی سیاسی کە لەسەربەنێکی ئاینی و نەتەوەیی و مارکسییەوە دژایەتی هزری لیبرالیان دەکرد لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەو هێزانە لەسەر هەردوو ئاستی هزر و مومارەسە بە بەردەوامی دژایەتی دیموکراتی لیبرالیان دەکرد، لەسەر ئاستی هزری بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە ناتوانێت گوزارشت لەبەرژەوەندی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە بکات کە دەرکەوتوون و لەهەڵکشاندان. لەسەر ئاستی مومارەسەش تۆمەتی ئەوەیان دەدایە پاڵ کە ناتوانێت ئەرکی سەربەخۆیی نیشتمان بەئاکام بگەیەنێت، یاخود ناتوانێت خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ زۆرینەی هاونیشتمانان فەراهەمبێنێت.

**سێیەم:** ئاستەنگی سێیەم پەیوەستبوو بەڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارەزایی لیبرالی لەزۆربەی وڵاتە عەرەبیەکاندا. چونکە هزری لیبرالی پەیوەست بوو بەچینی گەورە خانەوادەکانی زەوی لەلایەکەوە و هەندێ ڕەگەزی بۆرجوازییەوە کە هێشتا نەخەملیبوون یاخود هێندە بەهێز نەبوون کە ژێرخانی کۆمەڵگە ببوژێننەوە، هەروەك بۆرجوازی ئەوروپی بۆ بوژانەوەی سەرمایەداری گرتیەبەر، دواتر نەیتوانی بەو ڕۆڵە سیاسی و رۆشنبیرییە هەستێت کە بۆرجوازی ئەوروپی پێیهەستا.



هەولێرنامەی کتێب

## ڕەوتی سۆشیالیزم

سۆشایالیزم وەك بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو لەرۆژئاوا بەرەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بوو. بوونی دەستی کاری زۆر هۆکارێکی گرنگی پەرەسەندنی ئەو شۆڕشەبوو، بۆیە جوتیار و پیشەگەرە بچوکەکانی دەوروبەر، گوند و کشتوکاڵەکانیان جێهێشت و وەك کرێکار ڕوویانکردە شارەکان و لەمەڵبەندە پیشەسازییەکاندا دەستیان بەکارکردن کرد.

تێکرای ئەو کەسانە وەك ئامرازێکی مرۆیی وابوون، کە بۆ خواستی پشەسازییە گەورەکان ملیان کەچدەکرد، لێرەوە بەناچاری ماڵئاواییان لەژیانی ڕابردوییان کرد. لەشاردا جەماوەرێك دروستبوو کە خاوەن تایبەتمەندی و کەلتوورگەلێکی جیاوازبوو لەوەی پێشتری، ئەو تایبەتمەندیانەش لەلاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و زبری و بێئومێدیدا خۆی دەنواند، جۆراوجۆرێتی خەڵکە هاتووەکان لە ئاسۆ و شارە جیاوازەکان و سروشتی ژیانی شار کە پیشەسازی باڵی بەسەردا کێشابوو، ئەو هەلومەرجە نالەبارەیان بەدیهێنابوو. بۆیە هیچ پەیوەندییەکی نەژاد یا مێژوو یاخود ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو ژمارە زۆرەی کارگەرانی بەیەکەوە نەدەبەستەوە، بەڵکو تاکە پەیوەندییەك کە پێکەوەی گرێدەدان بریتیبوو لەشتێکی خراپ کە ئەویش بێئومێدی و کولەمەرگی بوو[٣١].

لێرە هزرە سوشیالیزمیەکان وەك کاردانەوەیەکی ئیستغلالکردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەرکەوتن ، ئیستغلالکردنی تواناکانیان شوێنەوارێکی گەورەی هەبوو لەدەرکەوتنی ئایدیای سۆشیالیزمی و ئەو دیمانە سوشیالیزمیانەی کە ئامانجیان دانانی سنورێك بوو بۆ ئەو زیانانەی لە سیستمی سەرمایەدارییەوە بەرهەمهاتوون، هاوکات بەدیهێنانی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی بوو کەلانی کەمی بژێوی مرۆڤایەتی مسۆگەربکات و لەگەڵ مرۆڤایەتیبوونی مرۆڤدا

بگونجێت[٣٢]. واتە سوشیالیزم ڕویکردە ژینگە و جۆرە مرۆڤێك كە بەهۆی قەیرانی ئابوری و بەهێزی كێبەركێی سەرمایەدارییەوە پەیوەندی بە نیشتمانەوە پچڕابوو، بەمشێوەیە لەکۆمەڵگەکەی دابڕابوو و ڕەگوڕیشەشی لە خاك و نەتەوەكەیدا بچڕابوو.

هاوکات دامەزراوە و لایەنی هزری و ڕۆحیەکانی ئەوروپاش پاڵیاندایە ڕیزی سەرمایەداری بەرهەمهێن، ئاین لایەنگری حکومەتە سەرمایەدارەکانی دەکرد و بە دەسەڵاتەکەی پارێزگاری لێدەکرد، هزریش بەشێوەیەکی گشتی بەلای چینی پارێزگاردا دەشکایەوە، واتە بەشێکی زۆری نووسەر و بیرمەندەکان بەرگریان لەواقیعی هەبوو دەکردەوە و داوای پارێزگاریکردنیان دەکرد. ئەمەش بووە هۆی ڕوودانی ئەو شەپۆلە بەهێزەی شۆڕش و بەرگیری کە سوشیالیزم ئاڵاکانی هەڵگرتبوو[٣٣].

بە کورتی سوشیالیزم لەرۆژئاوا ناچاربوو نەك بەتەنها دژبە سەرمایەداری بووەستێت، بەڵکو دژی نەتەوایەتی ڕاوەستا کە سەرمایەداری هەڵگرتبوو و دژی ئاین کەپارێزگاری لێدەکرد و دژی هەر ئایدیایەك وەستا کە بانگەشەی پارێزگاریلێکردن و پیرۆزکردنی ڕابردووی بکردایە. هەموو ئەوانە سەرمایەداری قۆزتبوونیەوە بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانی و دژی بەرژەوەندی بزوتنەوەی سوشیالیزمی بوو.

### سوشیالیزمی عەرەبی

(حەلیم بەرەكات) دەربارەی ڕەوتی سوشیالیزم لەوڵاتانی عەرەبیدا دەڵێت: "بزوتنەوەی نیشتمانی عەرەبی پێشکەوتنخواز بەشێوەیەکی قۆناغبەندی (تبنی) چەمکە سوشیالیزمیەکانی کرد، بەوپێیەی بووە بەشێکی دانەبڕاو لە ئایدیۆلۆجیاکەی، جا قایلبوون بە زەروورەتی ڕەتکردنەوەی جیاوازی چینایەتی



هەرەمی لەتێکڕای ژیانی عەرەبیدا قوڵبوویەوە. پڕکردنەوەی ئەو جیاوازییە فراوانەی کە لەنێوان کەمینە دەوڵەمەندەکان و زۆرینە هەژارە بێدەرەتانەکاندا هەیە ودەربازبوون لەو بەهاو هەڵپە بۆرجوازییانەی کە هەن.

هەروەها وایلێهات کە بزوتنەوەی نیشتمانی زۆر گرنگی بە سوشیالیزم بداتو تبنی زۆر لەبنەما و چەمك و دروشمەکانی بکات. چونکە دەرکی بەوەکردبوو کە پەیوەندییەکی یەکانگیر لەنێوان چەوسانەوەی کۆمەلایەتی و، لەنێوان رزگاربوونی نیشتمانی و رزگاربوون لەهەژاریدا هەیە. جا بەپێی سروشتی ئەو هاوپەیمانێتییە بەهێزەی نێوان داگیرکەر و چینە فەرمانڕەواکان، بانگەشەکردن بۆ شۆڕشێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەستیپێکرد[٣٤].

سوشیالیزمی عەرەبی لە سوریا و میسر و عێراق و جەزائیر و لیبیا و ...تاد لەڕێگەی چەندەها کودەتای سەربازییەوە گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات. کە چینە بۆرجوازییە کلاسیکیە کۆنە گەورەکەی ڕەتکردەوە و لەماوەی کەمتر لەچارەکە سەدەیەکدا (١٩٤٩-١٩٧٠) زیاتر لە (٣٥) کودەتای سەربازی لەوڵاتە عەرەبیەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

وای لێهات زۆرینەی گەلی عەرەبی لەلایەن سەربازەوە فەرمارەوایەتی کرا (عێراق، سوریا، یەمەنی باکور، سودان، میسر، لیبیا، جەزائیر، مۆریتانیا، سۆماڵ).

ئەم حکومەتە سەربازیانە هەوڵیاندەدا لەرێی بەرزکردنەوەی دروشمی یەکێتی عەرەب و ڕزگارکردنی فەلەستین لەجوولەکە و ڕزگارکردنی وڵاتە عەرەبیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەداگیرکەر شەرعیەتی خۆیان بچەسپێنن، لەگەڵ ئەوەدا چەندەها دروشمی چاککردنی کشتوکاڵی و باشکردنی بارودۆخی گەل لەڕێگەی سوشیالیزمی عەرەبی جیامەندەوە و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و نۆژەنکردنەوەی دامودەزگاکانی بەرزکردەوە. هەروەها خۆماڵیکردنی زۆر لەو پرۆژە



هەواڵنامەی کتێب

گەورانەی کە کۆمپانیا بیانییەکان مۆنۆپۆلیان کردبوو، ڕەتکردنەوەی دەرەبەگێتی و چاککردنی پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتە سوشیالیزمەکاندا و شوێنکەوتنی سیاسەتی ژیانی ئەرێنی و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێدا[٣٥].

لەبەرامبەر ئەوەشەوە زۆرینەی ئەو کودەتایانە بەچەند چاکسازییەکی کەم وازیانهێنا، بەشداریکردنی سیاسی خەڵکیان قەدەغەکرد و فرەحزبیان ڕەتکردەوەو گەلیان لەئازادی و مافە مەدەنییەکانی بێبەشکرد و دادگەری کۆمەڵایەتیشیان بەدینەهێنا، هەروەها چەندەها شێوازی (سلطویان) گرتەبەر و دەستیانگرت بەسەر تێکڕای ئامراز و شێوەکانی ڕاگەیاندن و خوێندن و ڕۆشنبیریدا. بەبێ ئەوەی تیۆرێکی گشتگیریان هەبێت بۆ چاکسازی[٣٦].

بەگوزارشتێکی دیکە ئەو کودەتا سەربازیانە نەیانتوانی کۆتایی بە پاشکۆیەتی بهێنن و کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند پڕبکەنەوە، دەستەوسان بوون لەپێکهێنانی هێزێکی لەمپەر ئاسا لەبەردەم فراوانخوازییەکانی زایۆنیزمدا.

جا ئەوەبوو جەنگی (٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧) ڕوویدا و ئەو دەسەڵاتانەی لەهەموو شەرعیەتێك دارنی کە لەو ماوەیەدا بەدەستیانهێنابوو، بۆیە حکومەتە سەربازییەکان دەسەڵاتیان قۆرخکرد، بەبێ ئەوەی چینەکانی گەل بەشداربیکەن لەگۆڕینی بارودۆخیاندا.

بۆیە بوونە سیستمێکی بەدیل بۆ شۆڕشی جەماوەری، هەرچەندە خۆیان دروشمی شۆڕشگێڕییان بەرزکردبووەوە.

## چەمك و جێبەجێکردنی سوشیالیزمی عەرەبی

سوشیالیزمی عەرەبی لە سوشیالیزمی زانستی بە (تەبەنی)کردنی بیری نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی ململانێی چینایەتی و قایلبوون بە خاوەنداریتی تایبەتی بێ ئیستغلال و دژایەتینەکردنی ئاین جیادەکرێتەوە.



چەمکە سوشیالیزمە عەربیەکان لەبنەما بنەڕەتی و ئایدیۆلۆجیەتی مومارەسە Fundamental Principles and operative ideology دەردەکەوت کە هەریەك لەحزبی بەعس و ناسری و بەرەی ڕزگارکردنی جەزائیر تەبەنیانکرد.

سەبارەت بە حزبی بەعس (حەلیم بەرەکات) دەڵێت: "سەربەنی ئەو حیزبە لەکۆن و ئێستادا سەربەنێکی نەتەوەیی بووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا تەبەنی چەمك و گوتەزا و دروشمگەلێکی کرد، کە خاوەن مۆرکی گشتی سوشیالیزم بوون".

(میشال عفلق) لەساڵی (١٩٤٦)دا سوشیالیزم وەك ئامرازێك بۆ بوژانەوەی نەتەوایەتی ناوزەد دەکات و دەڵێت: "نەتەوەیی عەرەب پەی بەوە دەبات کە سوشیالیزم سەرکەوتووترین ئامرازە بۆ بوژانەوەی نەتەوە و ئوممەتەکەی، لەبەر ئەوەی دەزانێت کە خەباتی عەرەب لەکاتی ئێستادا ڕاناوەستێت تەنها لەسەر هەموو عەرەب نەبێت، و ناتوانن لەو خەباتەدا بەشداربیکەن ئەگەر بەرهەمهێن (مثمرین)ی دابەشبووبن بەسەر گەورە و کۆیلەدا. جا زەرورەتی خەباتی نەتەوەیی تێڕوانینی سوشیالیزمی پێویست دەکات، کە باوەڕمان بەوە هەبێت، کە عەرەب ناتوانن ڕاچەنن، کاتێك نەبێت کە هەست و باوەڕیان بەوەکرد کە ئەو نەتەوایەتیە دادپەروەری و یەکسانی و ژیانی شکۆمەندانە بۆ هەموان مسۆگەر دەکات"[٣٧].

هەروەها پێکەوەلکانی وشەی سوشیالیزم بەناوی حزبی بەعسی عەرەبیەوە وەك پێکەوەلکانی چەمکی سوشیالیزم وایە بە نەتەوەیەتی عەرەبی بەبێ پێکەوەلکانیان لەچوارچێوەیەکی تیۆری یەکگرتوو، وەك وتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چەوسانەوەی چینایەتی. لەتیۆری سوشیالیزمی عەرەبیدا حزبی بەعس سوربوو لەسەر مافی خاوەنداریتی تایبەت و میرات و وەلانانی چەمکی ململانێی چینایەتی و گوتەزاکانی ماددیتی مێژوویی بەپێی توانا و ، دانانی



هەواڵنامەی کتێب

سوشیالیزم وەك خزمەتکارێکی نەتەوایەتی.

ئامانجی ناسریەتیش بریتیبوو لە بەرپاکردنی دوو شۆڕش:

شۆڕشێکی سیاسی (نەتەوە مافی خۆی لەفەرمانڕەوایەتی خۆیدا دەگێڕێتەوە)، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی (کە چینەکانی کۆمەڵگە ململانێیان تێدا دەکرد بۆ ئەوەی دادگەری بۆ هەمووان بەدی بێت و بارودۆخەکان سەقامگیر بێت) بۆ پیادەکردنی سوشیالیزمی عەرەبی ناسریەت جەختی لەسەر ئەم ڕەگەزانە دەکردەوە:

- ❖ زاڵبوونی دەوڵەت بەسەر بەرهەمهێناندا بە بیمەکردنی پیشەسازی و کۆمپانیا و بانکەکان، لەگەڵ ڕێپێدان بە بوونی کەرتێکی تایبەتی بچوکی ئیستغلالنەکەر.
- ❖ دانان بە خاوەندارێتی تایبەتی لەگەڵ زەرورەتی ملکەچپێکردنی بۆ بەرژەوەندی گشتی بە پێدانی پێشەنگێتی بۆ پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نەك بۆ قازانجی تاك، بەو پێیەی سەرپەرشتیاری دەوڵەت بەسەر هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیدا دەخوازێت.
- ❖ پاککردنەوەی دەرەبەگێتی لەڕێگەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی بە سەد فدان (ساڵی١٩٥٣)و سەد فدان (ساڵی ١٩٦١) وەك بەرزترین ئاست دانا.
- ❖ دامەزراندنی سەندیکای هەرەوەزی بۆ دڵنیایی دەوڵەت.
- ❖ ڕەتکردنەوەی گوتەزای ململانێی چینایەتی و گوتەزای ماددێتی مێژوویی لەچوارچێوەی چەمکی ئاینی بۆ ڕۆح و مادده[38].

ڕاستە شۆڕشی میسری تا ئەندازەیەك و لەقۆناغێکدا توانی گوزارشت لەهەستی گەلی میسری و عەرەبی بە ناسۆری تامەزرۆییان بۆ ڕزگاربوون لەهزرە چەوسێنەرەکان بخاتەروو. بەڵام هاوکات دەبێت دان بەوەدابنرێت کە شۆڕشی





میسری لەبەدیهێنانی یەکێتی عەرەبی و جێبەجێکردنی دیموکراتی و نەهێشتنی جیاوازییە چینایەتیەکان شکستیهێنا. لەبەرامبەر نەهێشتنی چینە بۆرجوازییە تەقلیدیە گەورەکان ، (چینێکی نوێ) لەدەستەبژێری کارگێڕی و سەربازی و کارمەندە گەورەکانی دەوڵەت دەرکەوتن.

بەمشێوەیە ئامانجی سوشیالیزمی عەرەبی، هەروەك لە دۆکیومێنتەکەیدا هاتووە، دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لەوەی مرۆڤ ئیستغلالی مرۆڤ بکات و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بەرهەمهێنان بۆ بەرژەوەندی گەل و کۆمەڵگە بوو[39]. بەڵام ئەوەی لە واقیعدا بەدەستهات بریتیبوو لە ڕزگاربوون لەفەرمانڕەوایەتی چینی بۆرجوازی تەقلیدی گەورە و چاککردنی زەوی و خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکان و بەهێزکردنی کەرتی گشتی. بەڵام ئەم دەستکەوتانە بەس نەبوو بۆ کۆتایهێنان بە ئیستغلالکردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

سوشیالیزمی عەرەبی بانگەشەی بۆ کۆتایهێنان بە ئیستغلال دەکرد، بەڵام لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی و سەرمایەداری دەوڵەت مایەوە و دەستگرتنی بە بەرژەوەندییەکانی گەلی ڕاگەیاند، بەڵام بێبەشیکرد لەبەشداریکردن لەبڕیاردانی چارەنوسیدا و دەسەڵاتێکی باوکسالاری بەسەردا پیادەکردو، دەربارەی بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەدوا، بەڵام ئافرەتی بە پەراوێزی هێشتەوەو نەیتوانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان بخاتەڕوو.

★★★ ★ ★★★



هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

[١] - صالح فيلالي وآخرون: دراسات في المجتمع العربي المعاصر، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، سورية-ديمشق، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص٣٠٨.

[٢] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٣] - جمال الدين الافغاني والشيخ محمد عبدة: العروة الوثقى، دار الكتاب العربي، الطبعة الثالثة، بيروت، ص١٣.

[٤] - کامەران محەمەد: جەمالەدینی ئەفغانی و پرۆژەی بوژانەوەی ڕۆژهەڵات، گۆڤاری هەژان، ژمارە ١٤-١٥، ٢٠٠٤، ل١٧٠ و دواتر.

[٥] - صالح فيلالي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٩.

[٦] - هەمان سەرچاوە، ل٣١٠.

[٧] - هەمان سەرچاوە، ل٣١١.

[٨] - بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: ابراهيم خليل احمد: تأريخ الوطن العربي في العهد العثماني (١٥١٦-١٩١٦)، جامعة الموصل، ل٢٣٩ و دواتر.

[٩] - صالح فيلالي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢.

[١٠] - جاسم محمد حسن العدول وآخرون: تارييخ الوطن العربي المعاصر، مديرية دار الكتاب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ل٦.

[١١] - سەعدی حەمەخان: بیری سیاسی کەواکبی: گۆڤاری هەژان، ژمارە ١٤-١٥، ٢٠٠٤، ل٢٣٤ و دواتر.

[١٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٤] - خاشع المعاضيدي وآخرون: دراسات في المجتمع العربي، مطبعة جامعة بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٧٧، ص٩٨.

[١٥] - جاسم محمد حسن العدول وآخرون: سەرچاوەی پێشوو،ل٧؛ خاشع المعاضيدي: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

[١٦] - خاشع المعاضيدي: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

[١٧] - جاسم محمد حسن العدول وآخرون: سەرچاوەی پێشوو،ل٧.

[١٨] - خاشع المعاضيدي: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

[١٩] - جاسم محمد حسن العدول وآخرون: سەرچاوەی پێشوو،ل٨ و دواتر.



[٢٠] - صالح فيلالي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦.

[٢١] - هەمان سەرچاوە، ل٣١٨.

[٢٢] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٢٣] - هەمان سەرچاوە، ل٣١٨ و دواتر.

[٢٤] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٢٥] - کەمال پولادی: مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا، سەدەی بیستەم؛ (وەرگێڕانی: ئازاد وەلەد بەگی، سیروان زەندی)، بەرگی سێیەم، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل١٠١.

[٢٦] - ڕێگوزەری بیری سیاسی: (وەرگێڕانی: ئاسۆس کەمال)، و شانێم ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل١٥٨.

[٢٧] - صالح فيلالي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤.

[٢٨] - هەمان سەرچاوە، ل٣٢٥.

[٢٩] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو؛ بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: شفيق عبدالرزاق السامرائي: المشرق العربي (القسم الاول)، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ١٩٨٠، ص٨٤.

[٣٠] - صالح فيلالي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦.

[٣١] - خاشع المعاضيدي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

[٣٢] - شفيق عبدالرزاق السامرائي: سەرچاوەی پێشوو، ١٣٩-١٤٠.

[٣٣] - خاشع المعاضيدي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

[٣٤] - صالح فيلالي وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.

[٣٥] - هەمان سەرچاوە، ل٣٣٢ و دواتر.

[٣٦] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

[٣٧] - هەمان سەرچاوە، ل٣٣٣.

[٣٨] - هەمان سەرچاوە، ل٣٣٤.

[٣٩] - هەمان سەرچاوە، ل٣٣٥.

هەواڵنامەی کتێب

# دادوەری کۆمەڵایەتی

سۆز علی سەعید

**دادوەری کۆمەڵایەتی:**

بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی و لەهەموو چاخ و سەردەمەکاندا و لەهەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، مرۆڤ لەهەوڵی بەیەکسانی ژیان و بەدەستهێنانی دادوەریدا بووە، و خەونی گەیشتن بە دادوەری لای هەموو مرۆڤەکان بوونی هەبووە بەبێ جیاوازی لەڕووی ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و باروودۆخی کۆمەڵایەتیان، هەمیشە و ئێستە و لەداهاتوویشدا مرۆڤ بەدوای بەدیهێنانی ئەو خەونە بووە. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمکی دادوەری بەگشتی و لێکدانەوەی ئەم چەمکە و باسکردنی جۆرەکانی دادوەری، و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی دادوەری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی چڕتر و زیاتر لەو ڕوانگەوە کەهەر دیاردەیەك پەیوەست بێت بەکۆمەڵگەی مرۆییەوە دەچێتە چوارچێوەی دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ کراوە بەشوێن هۆکار و پاڵنەر و دەرئەنجامەکانیدا گەڕاون.



**دادوەری چییە؟**

چەمکی دادوەری کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت "Justice" لەبناغەدا وشەیەکی فەرەنسییە و لەوشەیەکی لاتینی "Justitia" وەرگیراوە کە بەمانای داد یاخود دادوەری دێت.

دادوەری بەواتای گرەنتی لەهەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی ئەخلاقیانە لەگەڵ خەڵکیدا دێت، یان بەواتای گونجاندن و ڕێککەوتنی تاکەکان لەسەر ئەو شتانەی کە بەڕاستی مافی ئەوانە، واتە پێدانی مافی تەواو بە هەمووان، چەمکی دادوەری چەمکێکی سەرەکی و بڵاوە لەزۆربەی بوارەکاندا و هاوکات لەگەڵ چەمکی یەکسانیدا بەکاردەهێنرێت. بەتایبەت لەبواری سیستمی یاساییدا زۆر بەکاردێت، و ئەوەمان وەبیردێنێتەوە کە پێویستە هەمووان لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بین تاهەست بەبوونی دادوەری بکەین. بەڵام لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا مەبەست لێی دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەیەکسانی و بێ جیاوازی.

هەروەها دادوەری بەمانای دانانی تەواو بەمافی هەموو تاکێکدا و ڕێزگرتنی ئەو تاکە دێت. سوکرات دەڵێت (دادوەری بەخشینی مافە بەهەموو کەسێك).

ئەرستۆیش پێی وایە (دادوەری پەیڕەوکردنی چاکە و ڕەفتاری ڕاستە لەپەیوەندیمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا).

لەزمانەوانیدا دادوەری بەمانانی مامناوەندیبوون لەهەموو ڕوویەکەوە و (نێوبژیوانیکردنی بێ زیاد و کەم)ە.

لەم پێناسانەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە فەلسەفەی ئەخلاق چەمکی دادوەری دەبەستێتەوە بەلایەنە تایبەتیەکانەوە. لەکاتێکدا لە ئایندا و لای



هەواڵنامەی کتێب

موسڵمانەکان ئەم چەمکە دەبەستڕێتەوە بە شەریعەت و یاسای ئاینییەوە، لەهەمانکاتدا لەزانستی یاسادا بەتەواوی درك بەوەکراوە کە دادوەری پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی هەیە بەیاساوە.

لەگەڵ ئەو هەوڵانەشدا کە فەلسەفەی ئەخلاق و یاسا داویانە بۆ دیاریکردنی بنەما و رەگەزەکانی دادوەری کەچی تائێستا بیری مرۆڤایەتی بەگشتی و یاسا بەتایبەتی دەستەوەستانن و هەندێکجار رێگرتن لەبەردەم دیاریکردنی سروشتی دادوەری رویداوە لەبەردەم پەیڕەویکردنی دادوەریدا.

لەژێر سێبەری یاسادا لەهەر وڵاتێکدا، دادوەری زۆر بەسادەیی بەواتای پەیڕەوکردنی یاسای ئەو وڵاتە و سەپاندنی سزای یاسایی بەسەر ئەوانەدا کەلەیاسا لادەدەن دێت لەپێناو خزمەتگوزاری دادپەروەرانەدا.

لەفەلسەفەی یاسادا دادوەری بریتییە لەهێزی سەپێنەر و جێبەجێکار لەلایەن سیستمی یاساییەوە بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا.

لەمانەوە دەگەینە ئەوەی کە دادوەری پەیوەستە بەبابەتی ئەخلاقییەوە و دەکرێت بپرسین، ئایا دەکرێت دادوەری مانای جیاواز وەربگرێت بەپێی جیاوازی کۆمەڵگەکان؟ چونکە وەك دەزانین هەندێك سزای یاسایی هەیە لەهەندێك وڵاتدا بەنادادوەری دادەنرێت کەچی هەمان سزا و یاسا لەوڵاتێکی دیکەدا پەیرەوکردنی بەسیستمێکی دادوەری دادەنرێت.

**کورتە مێژوویەکی دادوەری:**

بابەتی دادوەری لەچاخە دێرینەکانەوە لەناو کۆمەڵگەدا جێگەی باس و خواس بووەو رەنگدانەوەی هەبووە لەشیعر شاعیران و لەچیرۆك و ئەفسانەکاندا.

لەڕووی مێژوویەوە دانیشتوانی (وادی رافیدەین) بە پێشەنگی ئەوانە دادەنرێت کە بناغەی یاسا و حوکمی دادوەرییان داناوە. و رێسا و دەستوری



عێراقی کۆن بەکۆنترین دەستور دادەنرێت لەنێوان هەموو شارستانیەتە دێرینەکانی دیکەی وەك شارستانیەتی فیرعەونی و یۆنانی و رۆمانی و زۆر پێشتر لەوان، مرۆڤی عێراقی کۆن چوارچێوەی سیستمی دادوەری داڕشتووە، کە لەڕوانگەی تێڕوانینی خۆیەوە بۆ خواوەند و گەردوون و مرۆڤ، و دادوەرییان پەیوەست بەسیستم و یاساوە داناوە و پێیان وابووە کە هەموو چاکە و خێرێك پەیوەستە بە پەیڕەوکردنی سیستمی یاساییەوە، و پێیان وابووە زوڵم و ستەم پەیوەستە بە پەشێوی و بێ یاساییەوە و پەیڕەونەکردنی یاسایان بەسەرچاوەی هەموو شەڕ و خراپەیەك زانیووە و ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: (دادوەری شتێکە کە مافی هەموو مرۆڤێکە). لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا سەریهەڵدا کە لەدەستوری (حامورابی)دا بووە کە ئەو مەلیکە بوو حوکمی بابلی کۆنی کردووە لەنێوان سالانی (١٧٩٢-١٧٥٠ پ.ز) و لەپێشەکی دەستورەکەیدا دەڵێت: (خواوەند منی ناردووە بۆ چەسپاندنی دادوەری لەسەر ڕووی زەمین و بۆنەهێشتن و لابردنی هەموو شەڕ و خراپەکارییەك لەنێوان مرۆڤەکاندا، بۆ کۆتاییهێنان بە بەندایەتیکردنی مرۆڤی لاواز و بێدەسەڵات بۆ مرۆڤە بەدەسەڵاتەکان (نەهێشتنی کۆیلایەتی و بەندایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ) بۆئەوەی دادوەری وەك خۆر بەرز و بڵندبێت و وڵات ڕووناك و رۆشنبکاتەوە لەپێناو خێر و خۆشی و خۆشگوزەرانی ژیان بۆ هەمووان و بەبێ جیاوازی).

ئیدی لەو سەردەمەوە مرۆڤ بۆی روونبویەوە کە دادوەری مافێکی شایستەی خۆیەتی و هیچ منەتێکی کەسی تێدا نییە.



هەواڵنامەی کتێب

## جۆرەکانی دادوەری:

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەچەمکی دادوەری لێرەدا باس لەچەند جۆرێکی دادوەری دەکەین.

١. **دادوەری کۆمەڵایەتی:** ئەو جۆرە دادوەرییەیە کە هاوسەنگی بەدیدەهێنێت لەنێوان مرۆڤەکاندا، هەلی گونجاوی وەك یەکیان بۆ دەڕەخسێنێت لەهەموو بوارەکاندا، دەرگاکانی ژیان لەهەموو روویەکەوە بەیەکسانی ئاوەڵا دەکات بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە.

گەر بمانەوێت ئەمجۆرە دادوەرییە بەدیبهێنین پێویستە لەخێزانەوە دەستپێبکەین، ئەویش بەدروستکردنی پەیوەندی سەرکەوتوو لەنێوان ئەندامانیدا و پێدانی مافی تەواو بەهەر یەکێکیان لەڕووی چاودێری و دابینکردنی پێداویستییەکانیانەوە. نەبوونی ئەم دادوەرییە کۆمەڵایەتییە لەکۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگە و زەوتکردنی ئازادی و سەربەستیان و بێبەشدەبن لەپێشکەوتن و سەرکەوتن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی نەشیاو و ناشایستە دەسەڵات و پۆست بگرێتە دەست کە شایستەی ئەو نەبێت.

واتە کەسی شیاو لەشوێنی شیاودا دانانرێت و کەسانی شارەزا و دڵسۆز لەپێگەی خۆیدا دانانرێن، بەمەش نادادوەری و نایەکسانی لەو کۆمەڵگایەدا بڵاودەبێتەوە.

٢. **دادوەری مرۆیی:** بریتیە لەیەکسانی لەنێوان سەرجەمی مرۆڤەکاندا لەهەموو روویەکەوە بەتایبەت لەرووی یاساییەوە و لەڕووی جێبەجێکردنی یاساوە بەسەرهەمووناندا، هەروەها لەڕووی دابەشکردنی خێر و داهاتەکانی زەوییەوە بەدادوەرییانە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەبێ جیاوازی لەڕەنگ و رەگەز و



هەواڵنامەی کتێب

زمان و ...هتد.. بەشێوەیەك کە رێز لەکەرامەتی مرۆڤ بگیرێت، لەو رووەوە گەر هەموو گروپەکانی مافی مرۆڤ جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەویش پێدانی ساکارترین مافە بەمرۆڤەکان کەمافی رادەربڕینە بەئازادانە.

٣. **دادوەری ژینگەیی:** ئەو جۆرەیە لەدادوەری کە ئەو ژینگەیە پێمان دەبەخشێت کەتیایدا دەژین، ئاووهەوا و بەرهەمی سروشتی ژینگەیی دەگرێتەوە و بۆ هیچ کەسێك رەوا نییە، کە ئەو کەرەستە سروشتیانەی ژینگە تێکبدات و خراپیان بکات، وەك تێکدان و پیسکردنی ئاووهەوا.. هتد. چونکە ئەمانە موڵکی هەموو مرۆڤەکانن بەبێ جیاوازی و خواوەند بەهەموو مرۆڤەکانی بەخشیوە. بۆیە پێویستە ئەو شتانە لەژینگەدا هەن بە ئەمانەتەوە بپارێزین بۆ نەوەکانی داهاتوو.

پاش باسکردن لەم سێ جۆرەی دادوەری، بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە باس لەدادوەری کۆمەڵایەتی دەکەین و بەدرێژی لەم جۆرەی دادوەری دەدوێین.

## دادوەری کۆمەڵایەتی:

دادوەری کۆمەڵایەتی کێشەیەکی فەلسەفییە و بابەتێکی گرنگە لەبواری سیاسەت و ئاین و کۆمەڵگەی مەدەنیدا. ئەم چەمکە بەزۆری لەبواری سیاسەتدا بەکاردێت بۆ باسکردنی کۆمەڵگەیەك کە پلەیەکی بەرزی هەیە لەیەکسانی ئابووریدا، کەدەکرێت بەدیبهێنرێت لەرێگەی سەپاندنی باجەوە، لەرێگەی دابەشکردنی یەکسانی داهات و بەروبوومەکانەوە لەکۆمەڵگەدا. هەندێك وایدەبینن کە باشترین رێگە بۆ بەدیهێنانی دادوەری (بازاری ئازاد)ە، کە پێیان وایە بەم رێگەیە هەلی وەك یەك و یەکسان بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت، هانی خەڵکی دەدرێت بۆ کاری باش، چونکە مرۆڤەکان حەز بەکاری باش دەکەن بەزۆری، بەوە زۆربەی کەسان حەز بەسەروەری یاسا دەکەن لەپێناو یەکسانی و

دادوەریدا. چونکە هەموو کەسێك خوازیاری کۆمەڵگەیەکی پڕ لەدادوەرییە..

دادوەری کۆمەڵایەتی بەمانای بەخشینی هەموو ئەو شتانە دێت، کە شایستەیە بەکەسێك و دابەشکردنی دەستکەوتە مادديیەکان بەیەکسانی ودەستەبەرکردنی پێداویستییەکان بۆ هەموو هاوڵاتیان بەو مانایەی یەکسانی لەهەلدا واتە هەمو تاکێك هەلی بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەبێت لەکۆمەڵگەدا..

(هوبهوس) پێناسەی دادوەری کۆمەڵایەتی کردووە و دەڵێت: (دادوەری کۆمەڵایەتی جۆرێکە لەیەکسانی و گرنگییەکی جەوهەری هەیە لەبەدیهێنانی چاکسازی و چاکەی گشتیدا، و یەکسانی بەرجەستەدەبێت لەپەیڕەوکردنی بڕیار و یاساکانی بەسەر هەمووانـدا بەیەکسانی، ئەویاسایانەی کە چاکسازی و سودی گشتی بەدیدەهێنن پێویستە پاڵپشتبن بۆ ئەو بنەما و پێوەرە ئەخلاقیيانەی کە خەڵکی پێیان ئاشنان و نرخ و بەهایان هەیە لەلایان، و هەروەها کاتێك باس لە دادوەری کۆمەڵایەتی دەکات دابەشیدەکات بۆ سێ جۆر یاخود باس لەسێ جۆر لە دادوەری کۆمەڵایەتی دەکات. کە دواتر ئاماژەیان پێدەدەین.

بەپێی ئەوەی باسکرا دادوەری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو کردارەی کە ئامانج لێی ئەمەیە، کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەشی خۆی لەداهاتی دەوڵەتدا پێ بدرێت بەشێوەیەکی دادوەرانە . چونکە ئەم چەمکە جەختدەکاتەوە لەسەر دابەشکردنی داهات بەدادگەری کە کارێکە ملکەچە بۆ سیاسەتی کۆمەڵایەتی، کە دادوەری کۆمەڵایەتی بەدواداچوونی بۆ دەکات، کە دەکرێت دووبارە دابڕێژرێتەوە یاخود گۆڕانی تێدا بکرێت و حکومەتیش وەکو دەسەڵاتی یەکەم دەتوانێت بەمکارە هەستێت و ئەنجامیبدات.

لەلایەکی دیکەوە هەندێك لەو بیرمەندانەی باسیان لە دادوەری کۆمەڵایەتی



کردووە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە پێگەی کۆمەڵایەتی تاك لەگەڵ داهاتە مادییەکەیدا هاوتا و گونجاوبن، بەپێی توانا و لێهاتویی کەسەکان و بەپێی شارەزاییان بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێك ئاستێکی گونجاوی هەبێت لەبژێوی ژیان...

ئاشکراشە کە چەمکی دادوەری کۆمەڵایەتی لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەکاردەهێنرێت وەك دروشمێکی ئاشکرا و دیار و بەدرێژایی مێژووش جەوهەری دادوەری کۆمەڵایەتی خەونی مرۆڤ بووە لەڕابردوو ئێستا و داهاتویشدا هەروا دەبێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی وایدەبینن کە بەدیهێنانی دادوەری بەشێوەیەکی گشتی گەورەترین ئامانجە لەژیانی مرۆڤدا هەرلەبەرئەوەشە کە وتارەکانی پەیوەست بەدادوەری و ستەم پێگەیەکی سەرەکییان هەیە لەگفتوگۆ سیاسییەکانی پەیوەست بەیاسا و سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی ئابوورییەوە بۆیەش تێبینی ئەوە دەکەین، کەهەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان لەناو مشتومڕێکی گەورەدان سەبارەت بە چەمکی دادوەری و ڕەگەزەکانی دادوەری، لەگەڵ ئەمەشدا بەدیهێنانی دادوەری و بنەما و ڕەگەزەکانی جیاوازە و دەگۆڕێت لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و بەپێی تایبەتمەندی و پێداویستیەکانی هەرکۆمەڵگەیەك، هەر کۆمەڵگەیەك بەپێی دروشمی خۆی بانگەشەی بۆدەکات و هەوڵی پەیڕەوکردنی دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات جێبەجێکردنی بنەماکانی هەر لەچوارچێوەی خەیاڵدان و پەیڕەونەکرێن، بۆیە دەبینین گەلێکجار نادادوەری کۆمەڵایەتی بۆتەهۆی بێبەشبوونی تاك و کۆمەڵەکان لەماف و ئازادییەکانیان و تەنانەت بێبەشبوونیان لەپێشکەوتن، بۆیە دەکرێت بگوترێت کە بەبێ بوونی دادوەری متمانەی هاوڵاتیان بەحکومەتو دەسەڵات کەمدەبێتەوە و گەلێکجار بوونی نامێنێت و بێ بوونی دادوەری

کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتیش، کۆمەڵگە بەدواکەوتوویی دەمێنێتەوە و هەرگیز بەرەو پێشکەوتن ناڕوات، و لەو کۆمەڵگەیەدا کەسانی ناشایستە لەپۆستەکاندا کاردەکەن و بەڕادەیەك نەزان لەخانەی زانا و دانادا حیسابی بۆدەکرێت نەزان لەناوەندە زانستیەکاندا باڵادەستدەبێت، خیانەتکار لەخانەی دڵسۆزدا دادەنرێت، بۆیە دادوەری کۆمەڵایەتی بەمانای هەڵوەشانەوەی واستەکاری و کاری ناشایستە و بەمانای رەخساندنی هەلی وەك یەك بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە دێت و لەسەر رۆشنایی و پێوەری لێهاتوویی و بەواتای کردنەوەی هەموو دەروازەکانی زانست و کار و پێشکەوتن لەبەردەم سەرجەمی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەئامانجی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و فەراهەمکردنی داد و یەکسانی و خۆشگوزەرانی گشتی بۆ هەمووان.

## تیۆرە باوەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی:

سێ شێوەی دادوەری کۆمەڵایەتی جیاکراوەتەوە و باسی لێوەکراوە لەلایەن ئەو بیرمەندانەوە کەباس لەدادوەری دەکەن، وەك پێشتریش ئاماژەمانپێدا، کە هۆبهوس باس لە سێ جۆرەکەی دەکات و جیایان دەکاتەوە، بەڵام ئەرستۆ تەنها باسی لەدووجۆریان کردووە کە ئەوانیش (دادوەری دابەشکاری و دادوەری راستکردنەوە و سزادان)ن.

**سێ جۆرەکەش یاخود سێ پۆلێنەکەش بەمشێوەیە باسکراون:**

### ١. دادوەری دابەشکردن یاخود دابەشکاری:

بۆ چەسپاندنی ئەمجۆرە دادوەرییە پێویستە حکومەت یاخود دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا هەبێت کە توانای جێبەجێکردنی بنەماکانی دادپەروەری و پەیڕەوکردنی بڕیارەکانی هەبێت بەسەر هەمووان‌دا و بەیەکسانی و بەبێ



جیاوازیکردن لەڕووی نەتەوایەتی و چینایەتی و ڕەنگ و ڕەگەز و بیروباوەڕ... هتد لەنێوانیاندا.

مەبەستی سەرەکی لەمجۆرەی دادوەری، دابەشکردنی بەرهەم و بەروبوم و سەرچاوە و خێروبێرەکانی کۆمەڵگەیە بەسەر تاکەکاندا بەیەکسانی لەگەڵ رەچاوکردنی توانا و لێهاتویی و شیاوی هەریەکێکدا و پێویستە کار بۆ هەمووان فەراهەمبکرێت و پیشەیان بۆ بدۆزرێتەوە و پێویستە موچەی کەسەکان پشتببەستێت بە سروشتی کار و پیشەکەیان. ئەو کار و پیشانەی پێویستیان بە لێهاتوویی و شارەزایی زانستی هەیە و بەرپرسیارێتی گەورەیان تێدایە و یاخود مەترسی لەسەر گیانی خاوەنەکەیان هەیە، پاداشتی ماددی و مەعنەوی زۆریان تێدابێت بۆ خاوەنەکانیان، و بەپێچەوانەشەوە ئەوکار و پیشانەی پێویستیان بەتوانا و شارەزایی ئەوتۆ نییە و مەترسییان تێدانییە، نابێت خاوەکانیان پاداشت و موچەی زۆر زیادیان پێبدرێت "زیاد لەوەی شایستەیانە:.

لەلایەکی دیکەشەوە مەبەست لەدادوەری دابەشکردن بریتییە لەدابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.. هتد. بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەیەکسانی نەك بۆ کۆمەڵێك دابینبکرێت و بۆ دەستە و کۆمەڵێکی دیکە دابیننەکرێت، دادوەری دابەشکاری ئەوە دەگەیەنێت کەنابێت دەستە و چینێکی تایبەت لەکۆمەڵگەدا بۆ نمونە هەلی خوێندن و خوێندنگەی تایبەت و پێشکەوتویان بۆ بڕەخسێنرێت، کە جیاوازبێت لەخوێندنگەی خەڵکانی ئاسایی یاخود هەلی نەخۆشخانە و چارەسەری تایبەتیان بۆ فەراهەمبکرێت (تەنها لەبەرئەوەی لەچینێکی تایبەت و بەدەسەڵاتن) کە جیاواز بێت لەو نەخۆشخانانەی کە خەڵکانی ئاسایی تیایدا چارەسەر دەکرێن.

**٢. دادوەری ئاڵوگۆڕ:**

مەبەست لەمجۆرەی دادوەری ئەوەیە کەتاکەکان و کۆمەڵەکان هەندێکجار دەوڵەتەکان کۆمەڵێك یاسا و بنەما جێبەجێدەکەن، کەمەبەست لێیان سەلماندنی یەکسانی و هاوتایی مرۆڤەکانە لەسەر بنەمای یەکسانی بڕیاری لەسەر دەدرێت لەکاتی وەرگرتن و بەخشیندا لەنێوان خۆیاندا، کاتێك کەسێك شتێك لەکەسێك وەردەگرێت و لەبەرامبەردا شتێکی پێدەبەخشێت، ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە ئەو کەسەی بەخشیوەیەتی یەکسانە لەگەڵ وەرگردا، بەمەش واتای هاوسەنگی و یەکسانی بەدی دەکرێت، بەڵام ئەگەر هاوسەنگی نەما لەنێوان وەرگر و بەخشەردا ئەوا هاوسەنگی ئاڵوگۆڕی دادوەری تێکدەچێت و هەڵدەوەشێتەوە، ئێدی لێرەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان تێکدەچێت و بەرەو خراپی دەڕوات، بۆیە کاری دادوەری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە ئەو بارودۆخ و حاڵەتە خراپە راست بکاتەوە لەڕێگەی گەڕانەوەی بایەخ و هاوسەنگی و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان. دادوەری ئاڵوگۆڕی تەنها مەرج نییە لەبواری ماددی و پێداویستییە مادییەکان و لەنێوان ئەندامانی یەك کۆمەڵگەدا بێت، بەڵکو دەکرێت لەنێوان دوو کۆمەڵگە و زیاتردا بێت وەك ئاڵوگۆڕی زانست و مەعریفە لەنێوان شارستانیەت و دەوڵەتە جیاوازەکاندا.

**٣. دادوەری راستکردنەوە و سزادان لەکاتی سەرپێچیدا:**

ئەمجۆرەش لەدادوەری پێویستی بەبوونی دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایی بەهێز هەیە کە سەرپەرشتی بکات و رێساکان جێبەجێبکات، دادوەری راستکردنەوە بەمانای راستکردنەوە و پێداچوونەوە بەو زەرەر و زیانانەی کە هاوڵاتیان دووچاری دەبن لەئەنجامی دەستدرێژی کەسێك یان گروپێك بۆسەر مافەکانیان.

دادوەری راستکردنەوە بەوە دێتەدی کە دادگا و دادوەرەکان سەرپەرشتی



کاروبارەکان بکەن و مافی مافخوراوان بگەڕێننەوە بۆیان، ئەمجۆرە دادوەری لەکۆمەڵگە ناوخۆییەکاندا دەستەبەردەکرێت کاتێك کە دەسەڵاتداری کۆمەڵگە سەرپەرشتی کاروبارەکانی دانیشتوان بکەن. نەهێڵن دەستدرێژی بکرێتەسەر مافی کەس، ئاشکرایە لە کۆمەڵگەدا دەستدرێژی بۆ سەر مافی کەسانی دی خۆی دەبینێتەوە لە (دزینی ماڵ و ساماندا و ئازاردانی خەڵکی و دەستدرێژیکردنە سەریان، و دەستبەسەراگرتنی موڵك و سامانیان و زەوتکردنیان، و تەنگ پێهەڵچنین و فشار خستنەسەریان لەشوێنی کار و لەشوێنی نیشتەجێبوونیاندا و یاخود لەبریندارکردنی هەستی خەڵك یان کوشتنی بەناڕەوای کەسێك یان چەند کەسێك ... هتد.

ئەمانە ئەو کارانەن کە زەرەر بەکەسانی دیکە دەگەیەنن و چارەسەریان تەنها لەڕێگەی چەسپاندنی دادوەری راستکردنەوە دەبێت بەبژاردنی ئەو زەرەروزیانانەی لەزیانلێکەوتووان کەوتووە.

چونکە ئەمجۆرە لەدادوەری ئەو دادوەرییەیە کە رێز و پێگە بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە لەڕێگەی گەڕانەوەی نرخ و بایەخی راستەقینە بۆ مرۆڤەکان بەگشتی و ئەوانەی بوونەتە قوربانی لەئەنجامی دەستدرێژی دەستدرێژکارانەوە، بەتایبەتی بە بژاردنی زەرەرو زیانەکانیان و سەپاندنی سزای یاسایی بەسەر دەستدرێژیکاران و ستەمکاراندا بۆ دانانی سنور بۆیان بۆ ئەوەی نەتوانن جارێکی دیکە ستەم لەکەس بکەن و دەستدرێژینەکەنە سەر کەس ئەمەش لەپێناو خۆشگوزەرانی گشتیدا بۆ هەموو هاوڵاتیان.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دادوەری بابەتێکە تەنهاو تەنها تایبەتە بەکۆمەڵگەی مرۆیی و هیچکات ناکرێت لەجیهانی ئاژەڵاندا باس لەوەها بابەتێك بکرێت، چونکە لەوێدا یاسای جەنگەڵ سەروەرە کە مافی مانەوە و

دەسەڵات بۆ بەهێزترینە و بەهێزەکان لاواز و بەچەکەکان دەخۆن و لەناویاندەبەن لەپێناو مانەوە و ژیانی خۆیاندا، بەڵام شتی وا لەکۆمەڵگەی مرۆیی رەوانییە، کە کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاوازە لەجیهانی ئاژەڵی یەکێك لەجیاوازی و تایبەتمەندییەکانیشی بوونی سیستمی دادوەرییە، بۆیە هەمیشە مرۆڤ بانگی داد و یەکسانی داوە و بەدوایاندا وێڵبووە و داوای ویژداندۆستی و دادوەری کردووە و لەهەموو کاتەکاندا و بەتایبەت لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانیدا و کاتێك کە هەستی بەبوونی ستەم و نارەوایی کردووە. بۆیە هەمیشە خەونی بەیەکسانی و دادوەرییەوە بینیووە و لەهەوڵی بەدیهێنانیاندابووە هەر لەکۆنەوەو لەپێش هاتنی ئاینە ئاسمانیەکانیشەوە مرۆڤ هەوڵی دارشتنی یاسا و دەستوری داوە بۆ فەراهەمکردنی دادوەری و یەکسانی لەنێو کۆمەڵگەدا. کاتێکیش کە ئاینە ئاسمانیەکان هاتوون یاسای تایبەت بەدادوەرییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاینی ئیسلام کە دواین ئاینی ئاسمانییە، کە تیۆر و رێسای تایبەتی داناوە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای یەکسانی و دادوەری لەپێناو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو مرۆڤەکان، بەڵام پەیرەوانی ئەم ئاینە بەشێوەی جۆراوجۆر مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دەستورەدا کردووە و دەیکەن لەساتی هاتنی ئەو ئاینەوە هەتاوەکو ئەمرۆ و لەداهاتووشدا گەلێکجار لایانداوە لێی و گەلێکجاریش پێرەوییانکردووە بەپێی کات و سەردەم و توانا و بەرژەوەندی خۆیان، وەك ئاشکرایشە لەگەڵ ئەو هەموو بانگەشانەی دەکرێت لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا بۆ یەکسانی و مافی مرۆڤ و لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دەستور و یاسایانەی، کە جەخت لەسەر یەکسانی و دادوەری دەکەن و ماف بۆ مرۆڤەکان دادەنێن و هەروەها لەگەڵ بوونی ئەو هەموو رێکخراوە جۆراوجۆرانەی



هەواڵنامەی کتێب



بانگەشەی ماف و ئازادی دەکەن، کەچی بەدرێژایی مێژوو هەتا ئێستەش زۆر بەکەمی بگرە بەدەگمەن توانراوە دادوەری کۆمەڵایەتی بچەسپێنرێت و هەرگیز لەهیچ کات و سەردەمێکدا سەرانسەری دنیا لەدادوەریدا نەبووە دادوەری باڵی بەسەر سەرانسەری دنیادا نەکێشاوە، مەگەر لەوکاتەدا کەدەوترێت مرۆڤ بەشێوەی ژیانی سەرەتایی ژیاوە ژینێکی سروشتی هەبووە، کە هەموویان پێکەوە خاوەنی هەموو دەستکەوت و داهاتەکانی کۆمەڵگە بوون و هەمووان وەك یەك مافی بەکارهێنانو سود وەرگرتنیان هەبووە، لەهەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیان وە هەموو پێداویستییەکانیان لەسروشتەوە وەرگرتووە، بەڵام ئایا بوونی وەها ژیانێك و سەردەمێك تاچەند هەبووە؟ وە ئەگەر هەبووبێت دەکرێت بوترێت لەو سەردەمەدا شتێك بەناوی زوڵم و ستەم نەبووە، بۆیە مرۆڤ هەوڵی بۆ بەدیهێنانی دادوەری نەداوە، وەك باوە و وتراوە هەوڵی بەدەستهێنانی رووناکی نادەین، هەتا هەست بەتاریکی نەکەین، لەهەوڵی بەدەستهێنانی فێنکیدا نابین، هەتا گەرمی پەست و بێزارمان نەکات، بەهەمان شێوەی وێنەی دادوەریش وەك وێنەی فێنکی و روناکی وایە، مرۆڤایەتی لەسەرهەڵدانی جەورو ستەم و نایەکسانی و زوڵم و داگیرکاری و پێشێلکاری مافەکان و ... هتدەوە پەی بە دادوەری بردووە و وێڵی بەدیهێنانی بووە و هەوڵی بۆ دەدەن و خەباتی بۆ دەکات، بۆیە لەکۆتایدا دەکرێت بپرسین ئایا بۆ بەدەستهێنانی دادوەری راستەقینە پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ ژیانی سروشتی وەك ژیانی ئەو سەردەمە هەیە؟ یاخود ئایا چ سیستم و بەرنامەیەك هەیە کەبتوانێت بەتەواوی دادوەرییەکی راستەقینە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی فەراهەمبکات...!؟

## سەرچاوەکان

١. الفلسفة والمشكلات الانسان، منافذ الى الحقيقة والحرية والعدالة الاجتماعية، البطعة الاولى/ دار الفكر اللبناني ١٩٩٠- الدكتور رضا سعادة.

٢. موسوعة علم الاجتماع الطبعة الاولى ١٩٩٠/ دار العربية اموسوعات- الاستاذ الدكتور احسان محمد الحسن.

٣. www.moheet.com/show-aspx

٤. www.amanjordan.org/new/mriew

٥. www.wikipidia.org/wiki/socialjustice

٦. www.bahai.org.uk/socialjustice

٧. www.tharwacommanity.typepad.com/justice

٨. www.sandroses.com/abbs

هەوالنامەی کتێب

# کەلتووری کوردی و گۆڕانکارییەکانی لەسەر تاکی کورد

ن: ئازاد تۆفیق خەیات

کاتێك دەوترێت کەلتووری نەتەوەیەك یاخود کۆمەڵگایەکی مرۆیی، مانای شوناسی کەسانێك کە هەڵگری خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆیانن، جیاواز لە خەسڵەتی کۆمەڵگاکانی تر. واتە بوونی کۆمەڵە تاکێك لە سنوورێکی دیاریکراودا، بارگاویکراو بەچەندین تایبەتمەندی و ئاستەنگ و دیاردەی تایبەت بە خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمانەو جیاوازیان لەگەڵ تێکڕای کۆمەڵگا مرۆییەکانی تردا لەو شتگەلانەی ئاماژەیان پێدرا.........

لێرەدا جیاوازی کۆمەڵگاکان بەزەقی بەدیدەکرێن لەڕووی زمان، ڕۆشنبیری، ئاین، نیشتمان، دابونەریت، مێژوو، ئەدەب، جلوبەرگ و پۆشاك، .....هتد. بەمانای تێکڕای ئەو بوارانەی باسکران کەلتووری کۆمەڵگایەك نیشاندەدەن، یاخود بەمانایەکی تر ئەوانەی باسکران پێناسەی کەلتوور بوو لە ڕووی توخمە پێکهێنەرەکانیەوە، جاهەر توخمەو بەجۆرێك کاریگەری دەبێت لە چوارچێوەی کەلتووردا، هەندێکیان زۆر و هەندێکیان کەمتر. لەم دەربڕینەوە دەردەکەوێت کە پێناسەی کەلتوور گشتگیرە و سەرجەم بوارەجیاجیاکانی ژیان دەگرێتەوە و سنوورێکی فراوان لەخۆ دەگرێت. کەوابوو دەکرێت بڵێین گشت ئەو بوارانەی ئاماژەیان پێدرا هۆکارێکی سەرەکین بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری لە چۆنێتی ڕوانین و ڕەفتارکردن و دیدوبۆچوونی تاك، هەرئەو گۆڕانکارییەشە ناسنامەیەکی تایبەت دەبەخشێتە گشت هەڵگرانی, ئەمە لەسەر ئاستی تاك، لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش چەند ئەو بوارانە ئەکتیڤانە کاربکەن مانای هێندە کۆمەڵگایەکی شارستانی و زیندو بەدیدەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین سەرجەم ئەوانەی وتران بەسەر کۆمەڵگای کوردی و تاکەکانیدا جێبەجێبکەین، تا بەهۆیەوە بتوانین لە هەڵسوکەوتی تاکو شارستانیەتی کۆمەڵگای کوردی تێبگەین. ئاشکرایە نەتەوەی کورد خاوەنی کەلتوورێکی ڕەسەنی لەمێژینەی خۆیەتی وەك نەتەوە، دووبارە خاوەنی کەلتوورێکی تایبەت بە هەرێمە جوگرافیا جیاجیاکانی خۆیەتی، تێکڕای ئەم جیاوازییانەش جیاوازی کەلتووری نەتەوەییمان دەردەخات لەچاو نەتەوەکانی تردا. لەپاڵ ئەم کاریگەرییانەی کەلتووری کوردیدا، داگیرکەران هەردەم هەوڵی ئەوەیان داوە خاکی کوردستان داگیر بکەن لەڕێی کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەوە، هەرلە قەدەغەکردنی سنووری جوگرافی و زمان و نووسینی کوردییەوە تا بۆنە نەتەوەییەکان و جلوبەرگی کوردی و زۆرێکی تر. کەواتە باشتر وایە کورد هەردەم پابەندی دابونەریتی کوردی خۆی بێت نەوەك کەلتوورو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لەدەستبدات.







هەواڵنامەی کتێب

سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی کوردی لەچاو نەتەوەکانی تردا دەکرێت بوترێت تا ڕادەیەك دواکەوتووە، جا کەمتەرخەمی کورد خۆی بووبێت یا کاریگەری داگیرکاری و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی. ئەمانە لەپاڵ دواکەوتویی و هەژاری و نەخوێندەواری و عەقڵییەتی خێڵەکی کوردیدا، تێکڕا کوردیان بەو ئاقارەدا بردبوو کە کۆمەڵگاکەمان بەهۆیەوە دەیناڵاند.

**باشتروایە سەرجەم ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا لە دوو تەوەری سەرەکیدا ڕوون بکرێنەوە:**

**تەوەری یەکەم / ئەو بوارانەی خانەی ڕۆشنبیری لەخۆیان دەگرێت**

ئەم تەوەرە تێکڕای بواری زمان، نووسین، ئەدەب، هونەر، فۆلکلۆر، کەلەپوور، شارستانی، مێژوو و بوارە هاوشێوەکانی تر لەخۆ دەگرێت. کاتێك کەسێك بەکوردی ئاخاوتن دەکات، یاخود بە پیتی کوردی دەنووسێت، ڕاستەوخۆ دەوترێت کەسێکی کوردە. واتە پیتەکان و شێوازی قسەکردن و نووسینەکە شوناسێك دەبەخشێتە کەسەکە، هەرچەندە زمانی کوردی بەسەر چەند دیالێکتو شێوەزمانێکدا دابەش بووە، بەلاّم بەهەموویان جەستەیەکی یەکگرتووی لێکدانەبڕاوی تۆکمەیان خوڵقاندووە کە زمانی کوردییە. ئاشکرایە کە نووسین بە زاری گۆرانی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، هەرچەندە پێشتر نووسینی شیعر بە کوردی لەلایەن (بابە تایەری هەمەدانی)یەوە وەکو سەرەتای نووسین بە کوردی باس دەکرا، بەلاّم ئێستا دەرکەوتووە کە پێش بابە تایەریش نووسینی شیعر بە زمانی کوردی هەبووە، بەواتای ئەگەر یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی گوتار زمان بێت و مەبەست لەوەش زمانی نووسین بێت و بەو پێیەش دەقی نووسراو ئامادەبوونی هەبێت. ئەگەرچی ئەو ئامادەبوونە لاوازیش





بێت، بەلاّم ڕاستییەك هەیە کە دەیسەلمێنێت ئەو پایەیەی گوتاری کوردی لەو قۆناغەوە تاکو سەردەمی دەسەلاّتی شیعری سنووری بابان ڕەسەنایەتییەکی ئاشکرای کوردی هەبووە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە شیعری کوردی لە دەرکەوتنیەوە بە زاری گۆرانی یان هەورامی لەسەر کێشی پەنجە بووە، کە ئەویش کێشی فۆلکلۆری کوردی و لەهەمان کاتدا کێشی گاتاکانی پەیامی ئاینی زەردەشتییە. ئەمە جگەلەوەی کە شیعر بە زاری گۆرانی نووسراو دەیان ڕەگەز و هێما و فەزا و دیمەنی زەردەشتیوکوردی و سروشتی کوردستانی لەخۆ گرتووە..[1]

کەوابوو نووسین بە زاری کوردی مێژووەکەی زۆر کۆنە، لەگەڵئەوەی چەندین شیعر و گۆرانی و سرووت و فۆلکلۆر و قسەی نەستەقی لەخۆ گرتووە، کە هەریەکە و بەجۆرێك پێزی داوە بە ئاخاوتن و پیتی کوردی، هەرئەوەشە وای کردووە بە نەمری و خۆڕاگری بمێنێتەوە. جا ئەگەر نووسینی کوردی هێندە دێرین بێت، ئەوا شتێکی بەڵگە نەویستە کە زمانی ڕەسەنی کوردی بە تێکڕای شێوە زمانەکانیەوە زۆر زیاتر لەمێژە و دێرین ترە....

نووسەر (عەتا قەرەداخی) کاتێك باس لە دەرکەوتنی نووسینی کوردی و زاری کوردی و نووسینی شیعری کوردی دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە شیعری کوردی لە دەرکەوتنیەوە بە زاری گۆرانی یان هەورامی لەسەر کێشی پەنجە بووە، کە ئەویش (کێشی فۆلکلۆری کوردی و کێشی گاتاکانی پەیامی ئاینی زەردەشتییە)، ئەم شێوازەی نووسین بە کێشی فۆلکلۆری کوردی تا سەروەختی دەسەلاّتی میرنشینی بابان بەردەوام بووە، بەلاّم شاعیرانی بابان کە لەدوای گواستنەوەی دەسەلاّتی میرنشین لە قەلاّچوالانەوە بۆ سلێمانی دەرکەوتوون، کودەتایەکی سپییان بەسەر ئەو شێوازەی نووسینی شیعری کوردیدا کرد و لەبری ئەوە پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی (کێشە عەرەبی و فارسییەکان)، بە تایبەتی



هەواڵنامەی کتێب

کێشەکانی (فەراهیدی) کە ئەوەش لە ئاستی یەکەمدا ڕوخانی پایەیەکی ڕەسەنایەتی نووسینی کوردی و پڕکردنەوەی جێگاکەیەتی بە ڕەگەز و توخمی کەلتوورێکی غەیرە کوردی...[2]

نووسەر مەبەستی لە کەڵەشاعیرانی کورد (نالی و سالم و کوردی)یە کە بە (سێکوچکەی بابان) دەناسرێن، ئەو باس لەوە دەکات کە ئەو کەڵەشاعیرانە گۆڕانکارییان ئەنجامداوە لە ڕێنووس و شێوازی نووسینی شیعری کوردیدا، جا بەهەر هۆیەك بێت، ئاینی یا ڕۆشنبیری یاخود داکەوت (واقع)ی ئەو سەردەمەی کورد لەژێر کاریگەری داگیرکارییەکاندا. مەبەستەکەشی ئەوەیە کە مەرج نییە ئەوەی ئەو کەڵەشاعیرانە ئەنجامیانداوە لە گۆڕانکاریکردن لە کێش و وەزن و قافیە و شێوازی شیعری کوردیدا دەرەنجامێکی باشی بووبێت، هەرچەندە هەڵسەنگاندنی ئەو شیعر و کارانەی کەڵەشاعیرانی کورد لە توانای بابەتەکەماندا نییە.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لەو سەردەمانە و دواتریشدا زیاتر شیعری کوردی بە ئەلفوبێی فارسی و عەرەبی و تورکی دەنووسران، بەمانای زاڵبوونی زمانەکانی تر بەسەر زمانی کوردیدا. جا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەش کتێبی (شەرەفنامە)ی میر شەرەفخانی بەدلیسی وەك نمونەیەکی زیندوو و لەبەرچاو دێنینەوە کە کۆنترین و دیارترین و پڕبایەخترین پەڕتووکی ئەو سەردەمە بووە، وەك سەرەتایەك کە باس لە کەلتوور و میرنشینە کوردییەکان و ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری دەکات. کاتێك ئەم پەڕتووکە لەلایەن (هەژاری شاعیر)ەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی کوردی بە سوپاسەوە، وەرگێڕ ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەم کتێبە لەلایەن میر شەرەفخانی بەدلیسییەوە لە ساڵی (١٠٠٥ك/ ١٥٩٦ز) بە زمانی (فارسی) نووسراوە..[3] هەروەها شوێنەوارناس (عەبدولڕەقیب یوسف) دەربارەی هەمان بابەت ئەوەی خستبووە ڕوو کە بەهۆی زاڵبوونی زمانی





عەرەبییەوە میر شەرەف کوڕی شەمسەدین (شەرەفخان) دوالاپەڕەی ئەم پەڕتووکەی بە زمانی عەرەبی نووسیبوو..[4] هەرچەندە مێژوونووسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) بۆ ئەم بابەتە لە کتێبی (کورد و کوردستان)ی دا ڕەخنەی ئاڕاستەی (میر) کردبوو، کە دەبوایە بە زمانی کوردی ئەم پەڕتووکە بەنرخەی دابڕشتایە، لەبەرئەوەی بابەتێکی بەپێزە و مێژووی میرنشینە کوردەکان و کەلتووری کورد بووە...[5]

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کوردستان لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو بەر شاڵاوی داگیرکارییەکان کەوتووە، بۆیە لەو سەردەمانە و بگرە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەردەم هەوڵی سڕینەوەی ئەلفوبێ و ڕێنووسی زمانی کوردی دراوە، هەروەها هەوڵی سڕینەوە و گۆڕینی پێگەی جوگرافی کورد دراوە، ئەمە بێجگەلەوەی تواناکان خراونەتەگەڕ بۆ شێواندن و گۆڕینی کەلتووری کوردی، ڕاستییەکان و هۆشیارییەکان قەدەغە کراون، نەیانهێشتووە کورد هەوای ئازادی هەڵبمژێ و تێڕوانین و تێگەیشتنێکی واقیعییانەی هەبێت بۆ ژیان، بەمانای داگیرکەران سەرەنجام ویستویانە کەسایەتییەکی کوردیی لاوازی بێئیرادەی هەژاری نەفامی بێپێگە و بێناسنامە بەرهەمبهێنن.

لە قۆناغەکانی دوای سەرهەڵدانی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی عەرەب و تورك و فارسدا، ئەو نەتەوانە بەتایبەتی عەرەب و دوای ئەوانیش فارس، یەکگرتنەوەیەکیان لەنێوان مەسەلەی نەتەوایەتی و پەیامی ڕۆحیدا دروستکردبوو، کە لەئەنجامدا بەگوێرەی ئەو نەتەوانە کەلتووری ئاینی و کەلتووری نەتەوایەتی بە ئەندازەی تێکەڵاوبوون لەیەکتر نزیکبوونەتەوە و لە ئاستی پێگەیشتنی تەواوەتی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتییاندا، کەلتووری نەتەوایەتی باڵادەست بووە بەسەر کەلتووری ئاینیدا و لەو ئاقارەشدا و لەڕێگای

ئاینەکەوە ئەوان توانیویانە سەرجەم ڕەگەزەکانی کەلتووری خۆیان، هەرلە زمانو ڕۆشنبیری و شێواز و ئاڕاستەی بیرکردنەوە، بگرە دابونەریتیش بەسەر کورددا بسەپێنن، بەو مەبەستەی کورد لەو هەموو توخم و ڕەگەزە ڕەسەنانەی کەلتووری خۆی دوور بخەنەوە و زەمینەی ڕێنیسانسی کوردی لەبار بەرن....[٦]

گەر سەرنجێك لە داکەوتی ژیان و گوزەرانی کورد بدەین لە دوێنێوە هەتا ئەمڕۆکە، دەبینین ئەو هەوڵە تێکدەرانەی دوژمنان تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاری نێگەتیڤانەی دروستکردووە لەنێوماندا، هەرلە تەعریبکردنی ئەلفوبێی ڕەسەنی کوردییەوە تا شێوازی ئاخاوتن، تا چۆنێتی هەڵسوکەوت و پێگە و کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی. ڕاستە دوژمن هەر دوژمنە، بەڵام بەشێکی هۆکارەکانیش کورد خۆی لێی بەرپرسیارە. کەواتە باشتروایە کورد زیاتر هەوڵی گۆڕانکاری لە داکەوت (واقع)ی خۆیدا بدات، گۆڕانێك بۆ بەدیهێنانی دواڕۆژێکی پرشنگدارتر و سەرفرازتر، نەك گۆڕانێکی بێبنەما کە مایەی سەرلێشێواوی و ونبوونی هەتاهەتایی بێت..

کورد جیاواز لە نەتەوەکانی تر، لە نێوخۆدا هەردەم بواری ئاینیی زاڵکردووە بەسەر بوارە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی و چینایەتی و زمانەوانی و کەلتووری و بوارەکانی تردا. کورد لە مێژوودا بەوە ناسرابوو کە تێکەڵبوونێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فیکری توندی هەبووە لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا، ئەوەش سەلمێنراوێکی مێژووییە، بەڵام دوای ئاوابوونی خۆری ئاینی زەردەشتی و کاڵبوونەوەی ئەم ئاینە لەو ناوچانەی کە پێشتر بوونی بەدی دەکرا، ئاوابوونی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردیشی بەدوای خۆیدا هێنا. بەمانای شکستی ئاینی زەردەشتی، شکستی نەتەوەی کوردی بەخۆوە بینی، بەتایبەت دوای لەشکرکێشییە یەکلەدوای یەکەکانی سوپای ئیسلامی، هەربۆیە باشتروایە بڵێین





پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی گشتی لەبەریەك هەڵوەشان، جارێکی دی بنەماکان بە شێوازێکی تر داڕێژرانەوە، بەو هۆیەوە لایەنی هونەر و شیعر و ئەدەبیاتیش بەر شاڵاوی ئەو گۆڕانکارییانە کەوتن.

لێرە بەدواوە عەقڵییەت و تێڕوانینی کورد بۆ ژیان گۆڕانکاری بەخۆوە بینی، بەڵام گۆڕانێکی ڕیشەیی، هەربۆیە گۆڕینی کێشی پەنجەی شیعری کوردی بە کێشی شیعری نەتەوەکانی تر بە یەکێك لە نمونەکانی ئەو گۆڕانکارییانە هەژمار دەکرێت. بەڵام هەرگیز ناشتوانرێت بوترێت گۆڕانکارییەکان سەداسەد بووە، واتە ڕێژەیی بووە. لەبەرئەوەی چەندین پێگە و هۆز و تیرە و بنەماڵە و جەژن و بۆنەی کوردی هەیە کە هەڵگری توخمە ڕەسەنەکانی ئاینی زەردەشتینو دووبارە دەبنەوە. ئەمە بێجگەلەوەی کاریگەری ئاین بەسەر ئەدەبو شیعر و هونەری کوردییەوە بەهەمان شێوە ڕێژەیی بووە، دەبینین لەو سەردەمانەدا لەگەڵ زاڵبوونی زمانە بێگانەکانی چواردەوریش بەسەر زمانی کوردیدا، بەڵام زمان و ئەدەبیاتی کوردی ڕەسەنایەتی خۆی هەر پاراستووە.

داستانی (مەم و زین)ی کەڵە شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی) کە بەر لە سێسەد ساڵ لەوەو پێش نووسراوە، یەکێکە لە شاکارە هونەرییە بەناوبانگەکانی شاعیر، ئەمە بێجگەلەوەی زۆرێك لە نووسەران بە پێشەنگی شیعری نیشتمانی و هەست و هۆشیاری نەتەوەیی لەقەڵەمدەدەن، کە لەو کاتەدا نووسراوە. واتە سەرەتای دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی بۆ ڕۆژگاری نووسینی ئەو داستانە مەزنە دەگەڕێننەوە. پرۆفیسۆر (عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لەم بارەوە ئاماژەیداوە کە "تێکڕای کورد کۆکن لەسەر ئەوەی کە (خانی) پێشەنگی نەتەوەییە، لەبەرئەوەی دێڕەکانی داستانەکەی یەکەمین دێڕن کە نووسراونەتەوە و تایبەتن بە پرسی نەتەوەی کورد، وە هزری خانی تا ئەمڕۆکە

به گشتی پارێزگاری له ڕەسەنایەتیو ڕاستگۆیی و بەهای خۆی کردووە، سەبارەت بە نەتەوەی کورد، بەوەی بیروبۆچونەکانی خانی سەرەتای فیکری نیشتمانی کوردیی بووە، کە چەشەکراوە بە مانا و دەلالات"...[7]

وەك ئاشکرایە مەم و زین تەنها بابەتێکی ئەدەبی نییە کەلەو سەردەمەدا نووسرابێتەوە، بەڵکو چەندین بابەتی هونەری و ئەدەبی و فیکری تر پێشتر و دواتریش نووسراونەتەوە، بەلاّم لەڕوی بەهای هونەرییەوە دەکرێت بڵێین جیاوازیان هەبووە. دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە تێکڕای ئەو شاعیرانە زانیارییەکی تەواویان هەبووە لە بابەتەکانی خوداناسی و تەسەوف و ئاینەوە، بەوەی زۆربەیان قوتابی قوتابخانە ئاینییەکان بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فێرگە و قوتابخانەی ئاینی و حوجرە، سیمای سەرەکی کۆمەڵگای کوردی بوون، واتە زانکۆ و پەیمانگای ئەو کاتە بوون. هەربۆیە چەندین زانا و سۆفی و ئەدەب دۆستی بەرهەمهێناوە، ئەمانە تێکڕا بەشێك لە کەلتووری کۆمەڵگای کوردی بوون، وە کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاکی کورد هەبوو.

کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ بوونی لایەنی باش و خراپیدا، بەلاّم گرنگی پێگەی ستراتیژی و کەلتوور و ڕەسەنایەتی و زمانی خۆی لەدەستنەدا بوو، هەربۆیە کوردستان جێگەی سەرنجی گەڕیدە و نێردراوانی بیانی بووە بە درێژایی مێژوو، لەمبارەیەوە چەندین سەرچاوەی بیانی زانیاری تەواو و چڕو پڕیان کۆکردبووەوە، هەرلە بواری سیاسی و زانستی و کەلتووری و ئاینی و هونەریو....هتد. یەکێك لەو سەرچاوە بیانیانەی زانیاری تەواویان لەسەر کوردستان کۆکردووەتەوە کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی گرنگ و بەسوود تێیبڕوانین، سەرچاوە ئیتاڵییەکانە. لەم ڕووەوە یەکەم سەرچاوەی ئیتاڵی کە باس





لە کەلتووری کوردی بکات، مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٢٠٠)ی زایینی دەگەڕێتەوە، پاشان ئەم گەڕان و پەیوەندییەش تا ساڵی (١٨٠٠)ی زایینی بەردەوام دەبێت و بگرە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەوەشی هەمیشە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کوردستان و ئیتاڵیادا هێشتووەتەوە، ئەو گەشتیار و دیپلۆمات و نێردراوە بازرگانانە بوون کە لە کاتی گەشتەکانیان بۆ وڵاتی فارس و وڵاتی نێوان دوو زێیان (میسۆپۆتامیا) بە کوردستاندا تێدەپەڕین. یەکێك لەو نێردراوانەش بە ناوی (ماوریزیۆ گارزۆنی)* یەوەیە کە کتێبێکی بەهاداری دەربارەی کوردستان داڕشتبوو، ئەم کتێبە لە مێژووی کورددا سەرچاوەیەکی سەرەکییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی دانی بە ڕەسەنایەتی زمانی کوردیدا ناوە، بەشێوەیەك جێی خۆی بووە کە دانەرەکەی وەك (باوکی زمانی کوردی) سەیربکرێت، هەروەها پێشەنگی ئەوانەش بووە کە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانیان کۆڵیوەتەوە...[8]

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە زیندوویی کەلتوورێك بە هەموو ماناکانیەوە زیندوویی نەتەوەیەك یا گەلێك نیشان دەدات، یاخود پێوەرێکە بۆ شارستانیەتو پێشکەوتوویی کۆمەڵگا. ئەوەتا (مەکسیم گۆرکی) لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە " لە ڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسوف و شاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەوویش بەرهەمهێنەر و خوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە و داستانەیە کە لە کەڵچەری جیهاندا هەیە." [9] واتە ناوبراو گەورەیی و مەزنیی میللەت دەردەخات، کە ئێمە لێرەدا دەتوانین گەلی کورد وەك نمونەیەکی زیندوو وەربگرین. هەر واشبووە، گەل داهێنەری کەلتوورەکانە و خوڵقێنەری گۆڕانکارییەکانیشە.

کۆتایی ئەم بەشە بە هەڵسەنگاندنێکی بیرمەند (سامۆئێل هانتنگتۆن)* دێنین بۆ شارستانیەت و کەلتوور، کە پێیوایە چەمکی شارستانیەت زۆر فراوانترەو کەلتوور و مەدەنیەت لەخۆ دەگرێت، بەوەی یەکەمیان، بەها ڕۆحی و

ئەدەبی و فەلسەفی کۆمەڵ یا نەتەوە لەخۆ دەگرێت، هەرچی دووەمیشە، ئاماژەیە بۆ بەدیهێنراوە ماددییەکانی ئەو کۆمەڵگایە.[10] هەرچەندە بیرمەندێکی تری بواری سیاسی (ویل دیورانت) ئاماژەی بەوە دابوو کە " شارستانییەت بریتییە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ فرەکردنی بەرهەمە کەلتوورییەکانی".[11] واتە گەورەیی و فراوانی دەستەواژەی کەلتوور و ژیار کە دەکرێ نزیککردنەوە و لێکچوونێك لەنێویاندا دروستببێت...

## تەوەری دووەم / ئەو بوارانەی خانەی ئاینی لەخۆیان دەگرێت

هەرچی ئەم تەوەرەشە بوارەکانی ئاین، سرووتی ئاینی، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، جەژن و بۆنەی ئاینی، بیروباوەڕی کۆمەڵگاکان دەربارەی دیاردەکان و مەسەلە باوەکان و هاوشێوەکانی لەخۆ دەگرێت. کۆمەڵگای کوردی وەك نمونەیەکی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، هەردەم ئاین و دیاردەی ئاینی و بیروباوەڕە ئاینییە باوەکان، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەری، یاسا و ڕێسای کۆمەڵگای کوردی داڕێژراوی بنەمای ئاینی و شەریعەت بووە. هەروەك پێشتر ئاماژەیپێدرا، ئاین یەکلاکەرەوەی زۆربەی ناکۆکی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە.

پاشئەوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆز بۆ یەکەمجار توانی جێپێی خۆی توند بکات لە زۆربەی ناوچە کوردنشینەکاندا، کۆمەڵگای کوردی هێدی هێدی دەستبەرداری پەیامی ڕۆحی زەردەشتی و  دابونەریت و کەلەپوور و دیاردە کۆمەڵایەتییە لەمێژینەکانی خۆی دەبوو، بەوەی پایەکان دادەڕمان و سەرلەنوی بنیاتدەنرانەوە بە کەلتوورێکی نوی. وە لەگەڵئەوەی کۆمەڵگای کوردی بەرگێکی نوی کرا بە بەریدا، بۆچوونە فەلسەفییەکانیش بەشێوازێکی ترو بە فیکر و تێڕوانینێکی تر چەشەکران. لەم ڕووەوە چەندین کەسی ناودار بەدی دەکران لە





تێکڕای بوارەکاندا، هەریەکە و بەجۆرێك خزمەتیان پێشکەشدەکرد، لەپێناو سەرخستنی پەیامی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا، ئەوەش وەك دەرکردەی ئەو واقیعە.

لەم ڕووەوە مێژوو نەبەردییەکانی کەسایەتی کورد (سەلاحەدینی ئەییوبی) تۆمار کردووە، کە چ ڕۆڵێکی بینیوە لە خزمەتکردنی ئاینەکەدا، ئەوەتا (کەندال نەزان)* کاتێك باس لە دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی ناوبراو دەکات لە سەدەی (١٢)ی زایینیدا بۆ تێکشکاندنی خاچپەرستان و ڕزگارکردنی شاری (ئۆرشەلیم) لە دەست ئەوان، وە لەبەرامبەردا موفتی گەورەی ئەو شارە سوپاسگوزاریی جیهانی ئیسلامی ئاڕاستەی کوردەکان و ناوبراو کردبوو بۆ ئەو کارەی کردبویان، بەلام سەلاحەدین لە وەڵامدا وتبوی " ئێمە کورد نین، بەڵکو خزمەتکاری ئیسلامین"..[12]

ئەوەی وترا پێشخستنی ئاینە لەپێش ناسنامەی نەتەوەیی و هەست و هۆشیاری کوردییەوە. هەرگیز نەتەوەی کورد و ئاینی ئیسلامی پیرۆز دوو شتی لێکدانەبڕاو بوون. بەواتایەکی تر، هەردەم ئاین لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەرجەستەبوونی تەواوی بەخۆوە بینیوە، تێکڕای بوارەکانیشی داگیرکردووە، هەمووکات گەلی کورد لە خزمەتی ئایندا بووە، پێچەوانەی نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورك کە لەگەڵئەوەی پەیڕەویی بنەماکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزیان دەکرد، بەلام دەستبەرداری ناسنامە و کەلتووری نەتەوەیی خۆشیان نەدەبوون، مانای باڵادەست بوونی کەلتووری نەتەوەییان بەسەر کەلتووری ئاینیدا کە پێشتر ئاماژەیپێدرا. کەوابوو هەڵە نییە گەر بڵێین ئەوان ئاینیان کردبووە ئامڕاز بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کە سەروەری نەتەوە بووە. بەلام دەربارەی کورد، پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، واتە کورد ناسنامەی خۆی کردووەتە ئامڕاز بۆ خزمەتکردن و گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کە ئاینە، ئەمەش داکەوتێکە کە



هەواڵنامەی کتێب

مێژوو شاهیدی لەسەر دەدات، هەربۆیە ڕەنگدانەوەی ئاین بە ڕوونی دەبینرا لە کەلتوور و ژیانی ڕۆژانە و ئەدەبیاتی کوردیدا. مەحاڵە هۆنراوە و شیعری شاعیرانی کورد بەدیبکرایە، داماڵراو لە سرووت و پیاهەڵدان و وەسف و زیکری ئاینی ئیسلامی پیرۆز، بەتایبەت لەو سەردەمانەدا. هەرچەندە ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمڕۆ شیعری کوردی لەگەڵئەوەی بوارێکی زانستی و ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی و ڕێزمانی بۆ ڕەخسیوە، مانای ئیتر داماڵراوە لە هەستو سۆزی ئاینی.

لەگەڵ ئەو هەموو کاریگەرییەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا، بەڵام ئاینە کۆنەکانی پێشتریش کە بوونیان بەدی کرابوو لە کوردستاندا، هەر لە ئاینە ئاسمانی و سەرزەمینییەکانی تر تا یەکتاپەرستی و دوانەپەرستی، تاڕادەیەك کەموزیاد کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای کوردی هێشتا ماوە. لێرەدا مەبەست لە ئاینی کریستیانی پیرۆز نییە کە پێگەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا هەیە، بەڵکو ئاینەکانی تری وەك جوو، زەردەشتی و ئەوانی دیکە. گەر سەیری خاکی بەرینی کوردستان بکەین، دەبینین دانیشتوانی هەندێك ناوچە تائێستا پەیوەستن بە کەلەپوور و بۆنە و دابونەریتی خۆیانەوە. شتێکی سەیر نییە گەر بڵێین (ئەهلی هەق، ئێزدی، شەبەك، باجەلانی، سارەلی و چەند گروپێکی ئاینی دیکە) لەژێر کاریگەری زۆری ئاینی زەردەشتیدا بوون و زۆر توخم و پاشماوەی ئەم ئاینە کوردییەیان پاراستووە، ئەمانە لەژێر کاریگەری ئاینەکانی جولەکەیی، مەسیحی، مانەویدا بوون و لەگەڵ فەلسەفەی (غولات)دا تێکەڵبوون، دواتر شێوەیەکی تایبەتیان بەخۆوە بینیوە جیاواز لە مەزهەبە ئیسلامییەکانی دیکە...[١٣]

ئەم وتەیە وەبیرهێنانەوەی وتەکانی پێشووە کە ئاماژەی تیا درا بە کاریگەری ئاینەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی، بەو مانایەی بەپێی کات و





سەردەمی جیا، تێکڕای ئاینەکان کارلێکی خۆیان هەبووە لەسەر عەقڵییەتی تاکی کورد. دەکرێت ئەم کارتێکردنانە وەك کەلتووری نەتەوەی کورد سەیر بکرێت. لەوەش گرنگتر کارا نەبوونی پرۆژەی نەتەوەییە لەنێوماندا، کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو وتەیەی کە دەشێت کورد ئاینی بەلاوە گرنگتر بووبێت.

بۆئەوەی کەلتووری کوردی ئەم پێناسەیەی بەبەردا نەکرێت و دەوری شوناس ببینێت، ئەوا دەبێت گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری تیا ئەنجامبدرێت، تا بەهۆیەوە هزری تاکی کوردیش گۆڕانکاری تیا دروستببێت. واتە کەلتوور دەبێت لە یەککاتدا هەم جیاوازی کورد لەوانی دیکە و هەم یەکێتی کورد لەناوخۆدا بپارێزێت، هەم بەخۆی وە هەم بە دنیای دەرەوەی بناسێنێت، ئەم جگەلەوەی پێداگرتن لەسەر کەلتووری کوردی مانای هێماکردنە بۆ بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو. کەلتوور لەم دۆخەدا ڕۆڵی ئەو نیشتمانە سیاسییە دەبینێت کە لەواقیعدا دانییپێدا نەنراوە، بەمانایەکی دیکە لە دۆخی کوردیدا کەلتوور بەتەنها ئاماژەیەك نییە بۆ نیشتمان بە تەنها، بەڵکو خۆی ڕۆڵی نیشتمان دەبینێت و ئەو سەرزەمینە گشتییەش نیشاندەدات کە دەبێتە سەرچاوەی شوناس. وە لەبەرئەوەی کورد مادامەکی دەوڵەتی نییە، بۆیە تاقە ئەڵتەرناتیڤێك کە بۆ بەرهەمهێنان و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی مابێتەوە، خودی کەلتووری کوردی خۆیەتی..[١٤]

لێرەوە دەردەکەوێت کە تاکە هۆکارێکی ئەکتیڤ بۆ گۆڕینی عەقڵییەت و هەڵسوکەوتی تاکی کورد لەمڕۆدا تەنها کەلتوورە، واتە تەواوکەری پرۆژەی نەتەوەیی و سەلمێنەری ناسنامەی نەتەوەییمانە. ئەوەتا کۆمەڵگا ئەورووپییەکان شانازی بە کەلتووری خۆیانەوە دەکەن و نمایشیدەکەن. کوردەکانی هەندەران ئەو ڕاستییە باشدەزانن کە چەندە تاکێکی بیانی پابەندی کەلتووری خۆیەتی، ڕاستە

هەواڵنامەی کتێب

ئێستا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩)ی زایینی نییە کە نەتەوە و نەتەوەپەرستی لە ئەوروپای خۆرئاوادا لە ترۆپکدا بێت، بەڵام دەکرێت بوترێت کەلتووری ڕۆژئاوایی شوێنی چەمکی نەتەوەی گرتووەتەوە، هەربۆیە زۆر لەو کوردانەی لەم دواییەدا لە کوردستانەوە ڕوویانکردە هەندەران بە پانتۆڵی کاوبۆیو جلوبەرگی مەدەنییەوە، دواتر هەرلەوی بە جلوبەرگی کوردییەوە خۆیان نیشاندەدا وەك کوردێك بە شانازییەوە، ئەمەش ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێت کە ئەمڕۆ کەلتوور لە جیهاندا چەندە باڵادەستە، نییە نەزانێت (ماکدۆناڵد) مانای سومبولی کەلتووری ئەمریکییە، ئەمە بێجگەلەوەی چەمکی جیهانگیری گەورەترین هاندەر و نمایشکەری ئەو کەلتوورەیە.

هەروا بووە، کۆمەڵگا هەردەم گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، گۆڕانکاری مانای تازەگەری، مانای سەرلەنوی دروستبوونەوە، مانای ژیان، کۆمەڵگای بێگۆڕانکاری مانای چەقبەستوویی، مانای مردن، بەڵام گرنگ دوای گۆڕانکارییە کە دەبێت ئەنجامەکانی بەباشی پێکابێت. کەوابوو کورد پێویستی بە گۆڕانێکە کە کەلتوورو گوتاری نەتەوەیی خۆی یەکبخات، بۆئەوەی ناسیۆنالیزمێکی کەلتووری بەرهەمبهێنێت، نەوەك کەلتووری خۆی پارچەپارچە بکات و کەلێنێکی گەورە دروستبکات، سەرەنجام دەستەواژەی یەکتر قبوڵنەکردن بێتەئاراوە، کە بەماڵوێرانی گەلی کورد کۆتایی بێت..

فەیلەسوفی سەردەمی نوی (هیگڵ) * پێیوایە کە کۆمەڵگاکان دەبێت هەردەم گۆڕانکارییان تیادا دروستببێت. بەپێی (پرەنسیپی دیالێکت)ی هیگڵ، هەموو گۆڕانێك دەرەنجامی دژبوونە لەنێوان دۆخە هاودژ و کۆدژەکاندا، کە وێنەیەکی نوێی لێدەکەوێتەوە بۆ دۆخێکی نوی کە باڵاترە لە دۆخەکانی پێشوو..[١٥] بەمانای لەنێو کۆمەڵگادا فیکرەیەك دروستدەبێت پاشان دژی ئەو فیکرەیە دێتە گۆڕێ،





دواتر دژی ئەو دژە دروستدەبێت و بەمجۆرە، کە ئەمەش بەردەوامیی دەدات بە ژیانی کۆمەڵگاکە. جا لەبەرئەوە کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆئەوەی ئەکتیڤبن، دەبێت جۆرێك لە ململانێی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندی بەخۆوە ببینن، ئەوەش گەورەترین هۆکار دەبێت بۆ دروستبوونی کارلێکی دژەکان، لە ئەنجامی ئەم ململانێ و کارلێکانەشدا کۆمەڵ بوونی خۆی بە باشترین شێوە دەدۆزێتەوە.

دوابەدوای ئەوانەی وترا، دەکرێت جۆرێك لە نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنو هاوبەرژەوەندی بێتەگۆڕێ، هەرلێرەوە بیروبۆچوونەکان بە شێوەیەکی ئازادانە چەکەرە دەکەن، واتە سەرهەڵدانی چەند ئایدیۆلۆژیایەکی جیاواز لەنێو کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی دروست (مەبەست لە جیاوازی چینایەتی نییە)، دەکرێت هەریەکە و بەجۆرێك خزمەت بکات، ئەوەشی گرنگەو لە کۆتاییدا دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت سەرخستنی بەرژەوەندی گشتییە، دواتر لێرەوە لایەنەکانی کۆمەڵ دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی پرۆژەیەکی گەورە و گشتگیر بدەن کە پرۆژەی نەتەوەییە، بەوەی تێکڕای بوارەکانی ژیان بگرێتەوە. لێرەدا کەلتووریش گرنگی خۆی دەسەلمێنێت و تەواوکەری خود دەبێت، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا کەلتوور خۆی دەبێتە ناسنامە ..

سەربەخۆیی باوەڕ و سەربەستی فیکر یەکێك لەو پرەنسیپە گرنگانەیە کەلە ئایدیای لیبراڵیدا بایەخێکی تایبەتی هەیە و کاری لەسەر کراوە. ئەم لایەنە وایکردووە سەربەستی فیکری ببێتە سیما و خەسڵەتی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، وە مایەی سەرنج و سەرسامی زۆرینەی نەتەوە و ناوچەکانی جیهان بێت. بەها و نرخی ئەم لایەنە وایکردووە ڕۆشنبیری کوردیش لە هەوڵی ئاشنابوون و شارەزاییدا بێت لە بارەی کەلتووری ڕۆژئاوایی و لە ڕێگەی خوێندنەوە و ڕاگواستنی وتار و نووسینەکانی بیریار و فەیلەسوفانی بیری لیبراڵی، کە



هەواڵنامەی کتێب

زەمینەسازی بۆ دارشتنەوەی ئەم ئایدیایە دەكەن..[16]

ئەم ئاماژەپێكردنەی پێشوو گرنگی ئازادی ڕادەربڕینی دەردەخست كەبە یەكێك لە تۆكمەترین پایەكانی كۆمەڵگای ڕۆژئاوایی لەقەڵەمدەدرێت، جا بۆ سەرخستنی پرسی كورد لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی نەتەوەیی و زیندوو ڕاگرتنی كەلتووری كوردی، باشتر وایە گەلی كورد یەكدەنگ و یەكهەڵوێست بێت، تۆوی لێكتێگەیشتن و یەكترقبوڵكردن بچێنن نەك ناكۆك و ناتەبا، بۆئەوەی ناسنامە و كەلتوور لەدەستنەدەین...

***  *  ***

## پەراوێز و سەرچاوەكان:


★ د.ابراهیم قاسم درویش بالاني: صدام الحضارات لهانتنغتون، دراسة جيوبولتيكية، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية- السليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٥

★ صلاح سعدالله: حول اللغة الكردية، مطبعة دار الجاحظ- بغداد، ١٩٨٥

★ كەركوك (٢٩): گۆڤارێكی ڕوناكبیری گشتی وەرزییە، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، كۆمەڵەی ڕوناكبیری و كۆمەڵایەتی پارێزگای كەركوك دەریدەكات، هاوینی ٢٠٠٦، ل ٢٠٩

★ شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد- نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٣

★ عبدالرقیب یوسف: تابلۆكانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم ، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥

★ عەتا قەرەداغی: كاریگەری كەلتووری ئەوان لەسەر كورد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی- چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧

★ عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج-







سلێمانی، ٢٠٠٧

★ فیلیپ كرینبروك- كریستییەن ئالیسۆن: كەلتوور و ناسنامەی كورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەكەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی- چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨

★ محمد امین زكی: كورد و كوردستان، جلدی ١- ٢- ٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیدیان- مهاباد، ١٩٣١

★ مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم و سەفەر (كورد لە دیاسپۆرا)، لە بڵاوكراوەكانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٥

★ د. موسا ئیبراهیم: فیكری سیاسی خۆرئاوا لە مەكیاڤیلیەوە تا ماركس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٥

★ هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری كوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠٠٦

★ ه. ئاجەریان، ڤ. مینۆرسكی، د. محەمەد موكری، ژ. ه. كرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، و:نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی- هەولێر، ٢٠٠٥

★ ویل دیورانت: مێژووی شارستانێتی، و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز كەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەكەمی چاپی كوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٧

★ میریلا گالیتی: كلتووری كوردی لە دانراوی ئیتالییەكاندا لە سەدەكانی (١٣-١٩)، و:ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپی یەكەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی- هەولێر، ٢٠٠٨


[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩٥



هەواڵنامەی كتێب

١ عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩٥- ٩٦

٣ شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بلاَوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- نەجەف پیرۆز، ١٩٧٣، ل ٥٩

٤ عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم ، لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٧

٥ محمد امین زکی: کورد و کوردستان، جلدی ١- ٢- ٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیدیان- مهاباد، ١٩٣١، ل ٤

٦ عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوەی سلێمانی- چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٧- ١٨

٧ صلاح سعدالله: حول اللغة الکردیة، مطبعة دار الجاحظ- بغداد، ١٩٨٥، ص ٦

* ماوریزیۆ گارزۆنی: نێردراوێکی دۆمێنیکە بە ڕەگەز ئیتالی، خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی و ڕێزمان و موعجەمی زمانی کوردی)یە کە لەنێوان ساڵانی (١٧٦٤- ١٧٧٥)ی زایینی نووسیویەتی، ئەم موعجەمە (٤٦٠٠) وشەی لەخۆ گرتبوو، کە بە زاری (ئامێدی) (واتە کرمانجی ژورو) نووسیبووی، ئەم سەرچاوەیە تاڕادەیەکی زۆر بە ئەمەکەوە لەسەر کورد نووسیویەتی..

٨ میریلا گالیتی: کلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا لە سەدەکانی (١٣-١٩)، و:ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاَوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٨، ل ٤٧

٩ کەرکوک (٢٩): گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک دەریدەکات، هاوینی ٢٠٠٦، ل ٢٠٩

* ساموئێل هانتنگتۆن: بیرمەندێکی بواری سیستمی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەسایەتییەکی ناسراوە ، (پێکدادانی شارستانییەتەکان و دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی جیهانی) یەکێك لە کتێبە ناودارەکانی ناوبراوە کە سەرەتا ساڵی (١٩٩٣)ی زایینی وەك وتارێك لە گۆڤاری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بلاَوکرایەوە.





١٠ د.ابراهیم قاسم درویش بالانی: صدام الحچارات لهانتنغتون، دراسە جیوبولتیکیە، مرکز کردستان للدراسات الستراتیجیە- السلیمانیە، ٢٠٠٧، ص ١٥

١١ ویل دیورانت: مێژووی شارستانێتی، و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز کەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەکەمی چاپی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٩

* کەندال نەزان: بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی کوردییە لە پاریس، لە فەرەنسا خوێندویەتی و لە بەشی فیزیکدا بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، بەلاَم زۆربەی ژیانی خۆی بۆ کاروباری کوردستان تەرخان کردووە و بەرهەمی زۆری لەم بوارەدا بلاَوکردووەتەوە

١٢ فیلیپ کرینبروك- کریستییەن ئالیسۆن: کەلتوور و ناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاَوکردنەوەی موکریانی- چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨

١٣ ه. ئاجەریان، ڤ. مینۆرسکی، د. محەمەد موکری، ژ. ه. کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، و:نەجاتی عەبدوڵلا ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٣- ١٤

١٤ مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم و سەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، لە بلاَوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٩٧- ٩٨

* جۆن فردریش هیگڵ: یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیای سەدەی هەژدە و نۆزدە، ساڵی (١٧٧٠)ی زایینی لە شتوتگارت هاتووەتە دنیاوە، سەرەتای تەمەنی هاوکاتی شۆڕشی فەرەنسی بووە، ساڵی (١٨١٧ز) وەك مامۆستایەك بۆ یەکەمجار لە زانکۆی (هایدلبرگ) دەستبەکار بووە، دواتر لە ساڵی (١٨٣١)ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە..

١٥ د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٥٥

١٦ هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاَوکردنەوە، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٣١

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی (هۆکارو دەر ئەنجام)

د. ئەمیرخوداکەرەم زەندی

## پێشەکی

دیارە دەستنیشانکردنی هەر (بابەتێك، کێشەیەك، دیاردەیەك، دۆزێك) گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگا بە سەرجەم دامودەزگا کۆمەڵایەتییە - سیاسیە - حکومی و ناحکومییەکانیشەوە، چونکە هیچ شتێك لە سەر ئاستێکی دیاریکراو جێگیر نابێت و گۆڕانکاری بەسەر دێت، جا چ گۆڕانکارییەك؟ لەسەر چ بنەمایەك؟ و بە چ شێوەیەك؟ هۆکارەکان چین ودەرئەنجامیان چۆن دەبێت؟ هەموو کۆمەڵگاکانی دونیا (جیهان) پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوەو کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نییە لەو پێشکەوتنانەدا، بەڵام زۆر گرنگە کە هۆشیاری رەچاو بکرێت بۆ هەر گۆڕانکارییەك بێلایانەو لایەنگیری، چونکە دۆزی سیاسەتی ئێستامان زیندووە و تێکەڵی ژیانی رۆژانەمان بووەو دەکرێت بە پلانێکی گونجاو و داڕێژراو مامەڵەو پیادەبکرێت لەم قۆناغەی ئێستاماندا، ئەمەش ئەرکی هەمووانە نەك تەنها تاك وخێزانو لایەنەکان - گروپەکان... هتد.





بۆیە بە گرنگی دەزانین لەم توێژینەوەدا کە لایەنێکی تیۆری لە خۆگرتووە تیشك بخرێتە سەر لایەنەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە زانینی ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتن لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژین بە بێ پێچو پەناو هیچ لایەنگیرییەك.

هەروەها بایەخدان بە گۆڕانی سیاسی و بە دواداچون بەسەر بەرنامەو کارو مامەڵەکردن و راست و ناراستەکانیشدا – باش و خراپەکانیشدا، چونکە هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە کە تەنها ئاماژە بە لایەنی پۆزەتیف بکرێت و لایەنەکانی دیکە پەراوێز بخرێن.

ئەتوانین بڵێین، هەموو تاکێك (مرۆڤێك) بە پلە و بە قۆناغ گەشەی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیری و چالاکییەکانی مرۆڤ و کارکردنیەوە لە هەر شوێنێك بێت.

## گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گۆڕان لە روی کۆمەڵایەتییەوە، واتا گۆڕانی شتێك، کەرەستەیەك، بارودۆخێك کە پێشتر تیایدا بووە بۆ ئاستێك و شێوازێکی نوێتر یا جیاوازتر، ئەمەش بزوتنەوە یا جوڵەی تایبەتی خۆی دەبێت لەو گۆڕانکاریەدا.

زانایان زۆر پێناسەی گۆڕانیان کردووە، کە هەر یەك لەوانە واتای تایبەتی خۆی دەبەخشی لە بوارە جیاجیاکاندا. (رۆنتال یودیف) واپێناسەی دەکات، کە ئاوێتەبوون و جوڵەو گواستنەوەی شتەکانە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە [1].

هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەر گۆڕانکارییەك لە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە روودەدات، هەندێجار بەرەو

پەرەسەندن و پێشکەوتن دەڕوات و بە پێچەوانەوەش وەك چۆن لە قەیرانە سیاسی و ئابوریەکاندا ڕوودەدات [٢].

کۆمەڵگاکان لە گۆڕانی بەردەوامدان بە خێرایی و دەچێتە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە روودەدەن و دەبێتە هێمایەك بۆ گۆڕان و جیاوازی دەکات لە بونیاد و پەیوەندی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکاندا [٣]. بۆمان دەرکەوت کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە گۆڕانکاری دەکات لە بوارە جیاجیاکانداو لە بونیادی کۆمەڵایەتیەوە بۆ پارچەکانی دیکەی کە لق و یەکەی لێدەبێتەوە و ئەرك وکاری جیاواز لە خۆدەگرن، ئەمەش بە جیاوازی دەبینرێت لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و دواکەوتوەکاندا جا چ پیشەسازی بێت یا کشتوکاڵی [٤].

ئەم شێوازە کاریگەری خۆی دەبێت و ئاوێتەبوونی نزیکە لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیاندا وەك ئەوەبێت، کە هیچ شتێك لەسەر ئاستێکی دیاریکراودا نامێنێت و گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا زۆر بەش و لایەن دەگرێتەوە بۆ نمونە لە کۆندا باسدەکرێت بیستومانە لە پێشینانەوە کە بە چ شێوەیەك سیستمی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەرهاتووەو ئاساییبووە و هەندی جاریش بووە بە کێشە، فرەژنی و فرەپیاوی گۆڕانی بەسەرهاتووە و بۆ تاك ژنی و تاك پیاوی و دروستکردنی خێزانێکی تەندروست. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دیاردەکە بنبڕکرابێت و قەدەغەبێت، بەڵام ئەوەندەی سوود بۆ تاکەکە دەگەیەنێت زیانەکانی بەدەردەکەون لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خێزان و کۆمەڵگادا، لە رووی سیاسیەوە سیستمەکان لە گۆڕاندان بۆ باشتر وەك ئەوەی لە عیراقدا روویدا لەسیستمێکی دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی و فرەیی و فیدراڵی کە لە ٩-٤- ٢٠٠٣ دا پرۆسەی ئازادی گەلی عیراق بوو، یا لە پادشاییەوە بۆ کۆماری، ئەمەو گۆڕان روودەدات لە سیستمە جیاوازەکاندا جا چ کۆمەڵایەتی بێت یا سیاسی.





## هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە حەزو ئارەزوو نایەتە ئاراوە، بەڵکو روودەدات ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوی، بۆیە گرنگە کە شیکردنەوە بکرێت بۆ نەگۆڕان کە چ شتێك روودەدات کە کۆمەڵگا لە سەر ئاستێکی پێشکەوتن رابوەستێت و جوڵە نەکات؟ یا ئەگەر گۆڕانکاری بێتە ئاراوە چ ئاڵوگۆڕێك دەبێت و نەوەکان بە کۆن و نوێوە چۆن پێشوازیدەکەن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟

بۆیە دەپرسین گۆڕانی قووڵ و بناغەیی لە کوێ دایە؟ ئایا لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە یان لە ئەرك و رۆڵەکاندایە، لە بەهاکان و پەیوەندیەکاندایە؟ ئەمەو کۆمەڵێك لایەنی بەرچاو لە خۆدەگرێت کە گۆڕان سەرچاوەی پێشکەوتنەکانە. زۆر لە زانایان دەڵێن و وتویانە ویژدانی مرۆڤ بوونەکەی دیاریناکات، بەڵکو بوونە کۆمەڵایەتییەکەی ویژدانی دیاریدەکات [٥].

ئەگەر کۆمەڵگا دابەشبکەین بەسەر دوو بەشدا بۆ ئەوەی بزانرێت کی لە گەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتیە و کی دژیەتی ئەوە بێشك و بێ یەك و دوو هەردوو بەشەکەی کۆمەڵگا لە ململانێن بۆ ئەوەی قۆشمەی ئەوە بکەن، کە بە پەلە بڵێن ئێمە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت نەك بەش و لایەن و گروپ، بگرە خێزان و تاکەکانی کۆمەڵگا بە هەموو رەگەزەکانەوە لە گۆڕاندان بۆ خودی خۆیان و خێزان و کۆمەڵگاکەیان، بۆیە ناکرێت هیچ کەس و لایەنێکی دیاریکراو گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە موڵك و تاپۆی خۆی بزانێت.

زۆر جار تاك گۆڕان دەکات لە روخساری خۆیداو شێوازی نوی دەبینێتەوەو پیادەیدەکات، هەروەها بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگیش، ئەمەش پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەمەو لە سەردەمی جیهانگیریدا دەبینرێت و لای زۆربەی

ئەندامانی کۆمەڵگا ئاساییە و لای هەندێکیش نامۆیە، جا هەرچۆنێك بێت ڕوودەدات. ئەگەر باسی گۆڕین بکەین ئەوە شتەکان یەکجار زۆرن و کۆتایی نایەت، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەوە ناکرێت تیشك نەخرێتە سەریان، دکتۆر (متعب مەناف) دەڵێت: ئەو کەسە بە تاکی ئەکتیف دەژمێردرێت کە تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بێت، لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا بە شداربێت، کێ لە ئێمە بە زۆرینەی نەوەکانەوە (کۆن و نوی) لە هاتنی ئامێری مۆبایلەوە ئامێرەکەمان نەگۆڕیوە، نەك نە گۆڕیوە یان گۆڕیوە، بەڵکو لەوانەیە ساڵانە بیگۆڕین یا هەر ئامێرێکی دیکە بێت لە سەیارەوە تاوەکو کاتژمێری دەست، ئەوە باسی کەرەستەی ناوماڵ ناکەین، کە بە چ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە و گۆڕاوە بۆ جوانتر و شێوازێکی نوێ و گونجاوی لەخۆ گرتووە، لە ڕووی دەروونیەوە زانایان وتویانە زۆر گرنگە لە نێو ماڵدا گۆڕانکاری بکرێت، ماوەی جارێك لە ساڵێکدا بۆ نموونە ژووری نوستن و شێوازەکەی و.... هتد.

ئەمەو بەدەیان نموونەی دیکە لە گۆڕانکارییەکان بونیان هەیەو جا چ کەرەستەیی بێت یا کۆمەڵایەتی و یان سیاسی.

بەشی شێری گۆڕانکاریەکان نەوەی نوی دەگرێتەوە و ناکرێت پشتگوێ بخرێن لە لایەن خێزان و دەسەلاتەوە، بگرە خودی خۆیانیش بەشدارن لەو پرۆسەیەدا، چونکە پرۆسەکانی گۆڕان یەك لایەنە نیە و دەستە و گروپ و تاك، بۆیە بەرنامەو پلان گرنگە بۆ گۆڕانکارییەکان و گونجاندن لە سەرووی هەموویانەوە دێت، کە چۆن پێشوازی دەکەی و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت و چۆن دەچێتە بواری پیادەکردن و جێبەجێکردندا. اوگست کۆنت باسی کۆمەڵناسی کردووەو دابەشیکردووە بۆ دوو بەش (social statics) جێگیربوونی کۆمەڵایەتی و بۆ دیراسەکردنی سیستمەکانی کۆمەڵگاو (social dynamics)





جوڵە یا بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ دیراسەکرنی گەشەپێدان و گۆڕانە، کە هەردوو یەکسانە لە گرنگیدا و ناتوانین یەکێکیان لەویدی جیابکەینەوە [٦].

ئەمەو زۆر لە زانایان باسی گۆڕانیان کردووە بە شێوازو بۆچونی جیاواز لە یەکتر. (هیربرت سپنسەر) باسی پەیوەندیکردووە لە نێوان ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگادا و چۆن کاریگەری لەسەر یەکتر دەکەن و هەر یەکەیان ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبێت و دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕاوەکان و گۆڕانکارییەکان کە لەسەر یەکەکان و کۆمەڵ ڕوودەدات بە شێوەیەکی گشتی، بەلام (امیل دۆرکایم) بایەخێکی زۆر دەدات بە گۆڕان لە زۆربەی کارەکانیدا بە تایبەتی لە دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگادا (the division of labour) کە کۆمەڵگاکان لە بارودۆخی کامڵبوونی میکانیکییەوە دەچنە کامڵبوونی ئەندامێتییەوە (عضوي). هەروەها کارل مارکس باسی گۆڕانی کردووە لەزۆربەی نوسینە سۆسیۆلۆجێکانیدا ئەگەر لە هەموویانە نەبێت و راڤەکردن و هۆکارەکانیشی باسکردووە بۆ هەر گۆڕانکاریەك کە ڕوودەدات جا چ لە ڕووی (کۆمەڵایەتی – ئابووری – سیاسی – مێژویی)وە بێت [٧].

ئەگەر باس لە هۆکارەکانی گۆڕان بکەین ئەوە چەند تەوەرێك لەخۆدەگرێت

تەوەری یەکەم کۆمەڵایەتی بۆ نموونە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات لە چوارچێوەی بوونی مرۆڤدا بۆ پیادەکردنی ژیانی ڕۆژانەی و بیرکردنەوە بۆ ئایندەو دوارۆژ، ئەمەش وادەکات کە لە قۆناغی کلاسیکیەوە بچێتە قۆناغی پێشکەوتنەوە، ئەمەش زۆرجار لەلایەن پێشەواکان و بلیمەتەکاندا بەدەرکەوتووە کە ئاماژەیان بە بارودۆخێکی زیندووکردووە [٨] ئەم ئاماژەپێکردنە دەچێتە چوارچێوەی سەرکردایەتی کاریزماوە کە بە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەد دەکرێت وەك شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە پاشان ئەو سەرکردەیە بزوتنەوەکە



هەواڵنامەی کتێب

دەخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە و كۆمەڵیش لە ژێر ئەو دەسەلاتەدا دەهێڵێتەوە و بەكاریاندەهێنی بۆ مەرامە تایبەتییەكانی خۆی و لە پرۆژەیەكی تایبەتدا پیادەیدەكات كە زۆرجار زەرەرو قازانجی لێكجیاناكرێتەوە [٩]

هەروەها رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان بە پارتەسیاسی و سەندیكا پیشەییەكانیشەوە دەچنە چوارچێوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتییەوە بۆ نموونە ئەوگۆڕانە سیاسیە تۆكمەیەی كە بەسەر رژێمی پێشووی عیراقدا هات و سەدام حسێن بە شێوەیەك سزای خۆی وەرگرت و سەرجەم دامودەزگاكان بە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی و عەسكەری و هتد. گۆڕانی بەسەرهات و گەیشتینە ئەم بارودۆخەی كە تێیدا دەژین و باشترین نموونە دوا هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان بوو كە لەساڵی ٢٠٠٩ ئەنجامدرا لەكوردوستاندا.

كە بە چ شێوازێكی دیموكراسیانە ئەنجامدرا و هەموو قەوارە سیاسییەكان لە رۆژی ناونوسینی ناوەكانیانەوە وەك قەوارەیەك خەریكی كۆكردنەوەی خۆیانو ئەندامەكانیان بوون تارۆژی بانگەشەكردن كە ململانیەكان گەیشتبوونە ئەوەی هەندێجار كێشەی روو بدات و پۆستەرات بكرێتەوەو دەرئەنجام هەڵبژاردن كۆتاییپێهات بە كەمو كورپیەوەش بێت گرنگ و مەبەست لەوێدایە هیچ كەس و لایەنێك لە روو سیاسیەوە ناتوانێت بڵێت ئێمە لە سەدا سەدین و چۆنمان بوی وا دەكەین و بینیمان بە چ شێوازێك ململانێدەكرا و زۆرجار جەماوەر لە خۆی دەپرسی و دەیگوت تۆ بڵێ ئەمانە بە هەموویانەوە بڵێ راستبكەن لە دروشم و بانگەوازەكانیاندا و شەڕ فرۆشتنیش هەر ماوەیەكەو ئەی دوای هەڵبژاردن دەبێ چ بكرێت؟

بۆیە میللەت بەردەوام پێویستی بە گۆڕان هەیە بۆ جێبەجێكردنی حەزو





ئارەزووەكانی پێداویستییەكانی لە هەموو خزمەتگوزارییەك چ بۆ خۆی بێت یا خێزان یان كۆمەڵگاكەی، ئەگەر ئەمانەی كە باسكران پشتگوێبخرێن یان نەكرێن ئەوە دەچێتە چوارچێوەی قەیرانێكی سیاسیەوە لە وانەیە ببێتە هۆكاری شەڕو كوشتاریش كەسی بەتوانا و لایەنی خاوەن ئەزمون و ئەمەكداری خاك و نیشتیمان دەبێت بەدواداچون بە خودی خۆی و بەرنامەكەیدا بكات كە تاچ رادەیەك گونجاو و بە سوودە لە خزمەتكردنی هاولاتیاندا ئەگەر نا ئەوە دیوەكەی دیكە دەگرێتەوەو پێویستە چاكسازی بۆ بكرێت و چاكبكرێت، چونكە سەردەمی جیهانگیری هەڵقولاوی پێشكەوتنەكانی جیهانەو ململانێ هێناوەتە ئاراوە بۆ گۆڕانی كۆمەڵایەتی و لەسەر ریتمی كۆن و كلاسیك نامێنێتەوەو بەرەو پەرەسەندن و نوێبوونەوە دەروات. كەگرنگە هەموو لایەكمان كار لەو پێناوەدا بكەین بۆ سەرخستنی خاك و نیشتمانمان.

ئەگەر باس لە بزوتنەوی كۆمەڵایەتی بكەین ئەوە دیارە ستاتیك نییە، بەڵكو جووڵەكردن و نارەزایی دەربرینە، ئەمەش لە بونیادی كۆمەڵایەتیدا بەدیدەكرێن كار دەكاتە سەر ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچونەكانیش، ئەمەش هەموو كەسێك ناگرێتەوە كە دەبنە هۆكاری ئەوەی بیر لە ئایدۆلۆژیای دیكە بكرێتەوە بۆ بە دی هێنانی خواستەكانیان و زۆرجار پێداویستیەكانی تاك و كۆمەڵگا دەبنە فاكتەری سەرەكی گۆڕان، كە گۆڕانی كۆمەڵایەتی لێدەبێتەوە بۆ نموونە بەرزبوونەوەی بازار و نرخەكانیان دەبنە هۆكاری نەگونجان لەگەڵ مووچەدا، ئەمەش دووركەوتنەوەیەكە لە كڕین و لەوانەیە پەنا ببرێتە بەر شتی دیكە [١٠]

بەلام هۆكارە سیاسیەكان دەچێتە چوارچێوەی بیروبۆچون و ئایدۆلۆژیاوە كە گەشەو پەرەسەندنی دەبێتە گۆڕان لەبوارە جیاجیاكاندا، لە دایكبوونی مرۆڤەوەو لەو ژینگەیەی كە تێیدا دەژی و ژیاوە تێكەڵ بە كۆمەڵ دەبێت، ئەم

هێزە کار دەکات بۆ گۆڕانی نموونەیی و راستەقینەکە کار دەکاتە سەر پەیوەندی پرۆسە و رۆڵ و سیستمە کۆمەڵایەتیەکاندا [١١].

هەروەها کۆمەڵێ هۆکاری دیکە هەیە کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەبنە هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك شۆرش، جەنگ، هۆشیاری نەتەوەیی، کە زۆرجار دەستکەوتی باش و بەسوود بۆ کۆمەڵگا بەرپا دەکەن لەرووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشەوە، ئەمەو زۆرجار هۆکاری سیاسی کاریگەری زیاتر دەبەخشێ لە گەشەسەندن و ئیشکردنی سیاسیدا ئەمەش بەرونی بەدیار دەکەوی لە میکانیزمی پارتە سیاسیەکان و چینە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ چەسپاندنی پێگەی سیاسی خۆیان لە کۆمەڵگادا، ئەمەش هەندێجار دەچێتە چوارچێوەی پارتەکانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەتایبەت بەکارهێنانی ئەو هەموو شتانە لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کە بەرنامەی سەرجەم پارتە سیاسیەکانە [١٢]

مرۆڤ بەردەوام ئاوێتە دەبێت لەگەڵ ژینگەدا بۆ پاراستنی مانەوەی خودی خۆی لەکۆمەڵدا، بەردەوام پەیوەندیە سروشتییە کۆمەڵایەتیەکانی روبەروی گۆڕان دەبێتەوە کە کولتور دەیسەپێنێ یان مرۆڤ دەیسەپێنێتە سەر کولتوردا لەو هۆکارانە سروشتییە کە شوێنگەی جوگرافی و زەوی و کەش و هەواش دەگرێتەوە، کە دەبنە فاکتەری سەرەکی کۆچکردنی مرۆڤ، کە گۆڕانی گشتی بە جێدەهێڵێ لە ژیانی هاوڵاتیاندا. فاکتەری دانیشتوان یەکێکی دیکەیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا واتا قەوارەو دابەشبونی، هەروەها بەهاکان و فاکتەری پێداویستی بەشێکی دیکەن لەو هۆکارانە کە پێداویستیەکانی مرۆڤ دەبنە هۆکارێکی بێوێنەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەمەو ناکرێت فاکتەری تەکنۆلۆجی باس نەکرێت، کە هیچ کەسێك ناتوانێت لەگەڵ ئەو شاڵاوەدا ململانێی ئەوە بکات، کە خۆی بە دوور بخاتەوە لە پێشکەوتنەکانی سەردەم لە هەموو بوارەکانی ژیاندا[١٣].





بۆیە ئەتوانین بڵێین گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیاوازە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ ئەوی تر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بیرکردنەوەو کولتور، بۆ شۆرشی پیشەسازی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕی بۆ دۆخێکی نوێ و کاراتر لە سیستەمو دابونەریت و بگرە بەها کۆمەڵایەتیەکانیشدا وەك بایەخدان بە کاتو ئیشکردن و بونیادی خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و ئابووریش، نەخشەی جیهانی سیاسیش گۆڕانکاری بەسەرهات و پێگەی تاکیش لە جێگیرییەوە بەرەو گۆڕان گەشەیکرد لە سایەی شۆرشی پیشەسازیدا، هەروەها پەیوەندی بەربلاوی نێوان کۆمەڵگاکان بە هۆی پێشکەوتنەکانەوە هۆکاری پرۆسەی بە پەلەی رۆشنبیری و گۆڕانە بۆیە گۆڕانی دوێنی جیاوازە لە گۆڕانی ئەمرۆدا بە چی؟ بە شۆڕشی تەکنۆلۆجی و کەرەستەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها تێکەڵاوبوونی گۆڕانکارییەکان بە پێ شوێن و کات، ئەم گۆڕانکاریانە چاوەڕوانکراوە لە هەموو دیاردەیەکدا، چونکە گۆڕانی ئەمرۆ بە پلان و بەرنامەی گونجاوەو مەبەستدارە بۆ نوێبوونەوە کە کۆمەڵگا دروستکارێتی، بەڵام لە کۆندا هەرەمەکی بووە و بێبەرنامەی دارێژراو بووە [١٤] هەر ئەوەش وایکردووە هاوڵاتیان ترسیان لا دروستبێت بە وێنەیەکی دیکە تێگەیشتنی پەیداکردبوو لە مرۆدا ئەستەمە مرۆڤ گۆڕان بە دیاردەیەکی نامۆ ئەژماربکات، چونکە پلەو پەرەسەندنی گۆڕانکارییەکان لە پەلەییدا وەکو تیشکی خۆر وایە و بە رونی میوانی ماڵەکان بووەو هیچ ئەندامێکی کۆمەڵگا خۆی بە دوورناخات تەنها سەرگەردان و نامۆکان نەبێت.

### دەرئە نجام

بۆمان دەرکەوت، کە دیراسەکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی مەحاڵ نییە و لە هەمانکاتدا ئاسانیش نییە بەهۆی بەربلاوی گۆڕانکارییەکانەوە لە هەموو

بوارەکانی ژیانداو بە هەموو کات و ساتەکانییەوە و مرۆڤ لە ئەنجامی پێشکەوتنەکانەوە ملکەچی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، بۆیە گرانی بابەتەکە لە تەنگوچەڵەمەی بابەتیانەدا خۆی دەگرێتەوەو گرنگە تێگەیشتنی تۆکمە و باش هەبێت بۆ دیاردە گۆڕاوەکان لەهەر لایەنێکی ژیاندا بێت، لەبەرئەوەی گۆڕان بە کتوپڕی نییە و بەڵکو بە پلەیە و بە شوێن و کات دەگۆڕێت، بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆجیاوە، ئەمەش وایکردووە کە بڵێن گۆڕانی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی ڕۆشنبیرییە بەهۆی بەربڵاوی گۆڕانی ڕۆشنبیرییەوە.

بۆیە لە سۆسیۆلۆجیادا بایەخ بە گۆڕانی ڕۆشنبیری دەدرێت، وەك ئەوەی کە بزانرێت چۆن کاریگەری دەکاتە سەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، هەر گۆڕانێك لە بارودۆخ و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بێت ئەوە تێکەڵبووی ئەو هەڵوێست و بارودۆخەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی تاك و کۆمەڵگادا ڕوودەدات، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕێژەییە و ڕەهانییە، بە گشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی شێوازێکی نوێبوونەوەی لە ئەستۆگرتووە بۆ گەشەسەندن و بە پڕۆسەیەکی کاراو ئەکتیڤ و پۆزەتیڤ دەژمێردرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێن پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامەو پێویستی بە هۆکاری جۆراو جۆرە بۆ گۆڕان بە پێی سروشتی بارودۆخی کۆمەڵگاو واقیعی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

★★★ ★ ★★★





## پەراوێزەکان

١. م. رونتال يوديف، الموسوعة الفلسفية، ت، سمير كرم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨١، ص:١٢٦.

٢. عبد علي سلمان، الانتروبولوجياالاجتماعية، مطبعة الجامعة، صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٤، ص:١١٨.

٣. د. سميرة احمدالسيد، مصطلحات علم الاجتماع، ط١، الشقري، بيروت، ١٩٩٧، ص:١٤٣.

٤. د. حسين حميد احمد، التغير الاجتماعى والتنميه السياسيه فى المجتمعات الناميه، ١٩٩٨، ص:٧٨.

٥. فوئادتاهيرسادق، کۆمەڵزانی و کورد، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩، لا: ١٠٧

٦. د. احمد مصطفي خاطر، التغير الاجتماعي والتحديث، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ١٩٨٨،. ص: ٥١.

٧. هەمان سەرچاوە، لا ٥٢.

٨. معن خليل عمرواخرون، مدخل الى علم الاجتماع، جامعه بغداد، ١٩٨١، ص: ١٩٨.

٩. ڕەحیم سابیر، کۆردۆلۆجی، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، لا: ٢٧.

١٠. نبيل عبدالهادى، علم الاجتماع التربوى، عمان، ٢٠٠٧، ص: ١٩٨

١١. حامد عبدالسلام الزهران، علم النفس الاجتماعي، ط٥، القاهرة، ١٩٨٤،. ص: ٢١٩

١٢. محمداحمد الزغبي، التغير الاجتماعي بين علم الاجتماع البرجوازي وعلم الاجتماع الاشتراكي، ط١، دار الطليعة، بيروت. ١٩٨٧، ص: ١٨٨.

١٣. سناء الخولي، المدخل الي علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٦، ص: ٢٥٦.

١٤. د. محمد الدقس، التغير الاجتماعي بين النظرية والتطبيق، ط١، دار المجدلاوي، الاردن، ١٩٨٧، ص: ٦٣-٦٥.

## سەرچاوەکان


١. د. سميرة احمدالسيد، مصطلحات علم الاجتماع، ط١، الشقري، بيروت، ١٩٩٧.

٢. د. حسين حميد احمد، التغير الاجتماعي والتنمية السياسية في المجتمعات النامية،




هەواڵنامەی کتێب

.١٩٨٨

٣. م. رونتال يوديف، الموسوعة الفلسفية، ت، سمير كرم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨١.

٤. عبد علي سلمان، الانثروبولوجياالاجتماعية، مطبعة الجامعة، صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٤.

٥. فوئادتاهيرسادق، كۆمەڵزانی و کورد، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ١٩٩٩.

٦. د. احمد مصطفي خاطر، التغير الاجتماعي والتحديث، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ١٩٨٨.

٧. معن خليل عمرواخرون، مدخل الي علم الاجتماع، جامعة بغداد، ١٩٨١.

٨. رەحيم سابير، كۆردۆلۆجی، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.

٩. نبيل عبدالهادي، علم الاجتماع التربوي، عمان، ٢٠٠٧.

١٠. حامد عبدالسلام الزهران، علم النفس الاجتماعي، ط٥، القاهرة، ١٩٨٤.

١١. محمداحمد الزغبي، التغير الاجتماعي بين علم الاجتماع البرجوازي وعلم الاجتماع الاشتراكي، ط١، دار الطليعة، بيروت. ١٩٨٧.

١٢. سناء الخولي، المدخل الي علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٦.

١٣. د. محمد الدقس، التغير الاجتماعي بين النظرية والتطبيق، ط١، دار المجدلاوي، الاردن، ١٩٨٧.

هەولنامەی کتێب

# هەڵوێستی سۆڤیەت لەبەرامبەر کورد

م. هیوا عزیز سعید

**پێشەکی:**

سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسی لەساڵی (١٩١٧)دا وەرچەرخانێکی گرنگ و خاڵێکی گۆڕانکاری گەورە بوو لەسەر ئاستی ململانێ و سیاسەتی نێودەوڵەتی.

هاوکات درەوشانەوە و بانگەشە و دروشمەکانی شۆڕش کە داخوازی رزگاربوون و پاڵپشتی گەلە چەوساوەکانی جیهانی دەکرد، بووە مایەی راکێشانی سەرنجی نەتەوەکانی جیهان و بەسایەی ئەو دروشم و بانگەوازانەوە جارێکی تر هەوڵیاندا نەخشەی کار و جیهانبینی خۆیان وێنابکەنەوە.



لێرەوە بۆ ئاشنابوون بە سیاسەتی روسیای دوای شۆڕش و لەسایەی فەرمانڕەوایی بەلشەفیکەکاندا، هەوڵدەدەین هەڵوێست و سیاسەتی دەرەکی و ستراتیجی سۆڤیەت بەرامبەر بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی بخەینە روو.

تاوەکو لە میانەیدا ئەو پنتانە دیاریبکەین کە سەرچاوەی دارشتنی بڕیار و هەڵوێستی سیاسی سۆڤیەت بوون بەرامبەر کورد.

دیارە بۆ خوێندنەوە و گەڵاڵەکردنی بابەتێکی لەوجۆرەش چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆر سودی لێبینراوە و بووەتەمایەی دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە.

## یەکەم- سیاسەتی دەرەکی سۆڤیەت بەرامبەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠)دا هەڵوێستێکی نێودەوڵەتی و فراوان لەناو گەل و ناوچە جیاجیاکانی جیهان سەریهەڵدا، کە بانگەشەخوازی دۆستایەتی یەکێتی سۆڤیەت و چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو دروشم و راگەیاندنانە بوون کە لە میانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە راگەیەنرابوو، لەلایەکی تریشەوە تارادەیەك ئەو ترس و راڕاییەی باڵی بەسەر رۆژئاوا و ئەمریکادا کێشابوو وردە وردە رەوییەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو دامودەزگا ئەمریکیەکان ئەندازیار و پسپۆڕانی خۆیان ناردە یەکێتی سۆڤیەت بۆ هاوکاریکردن لە پرۆگرام و بەرنامەی گەشەپێدانی ئابووریدا.[1]

دیارە یەکێتی سۆڤیەتیش رەچاوی ئەو بارودۆخەی کردووە کەلەسەر ئاستی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەگوزەرێت، تاوەکو بتوانێت هەلێکی لەبار و رەخساو بدۆزێتەوە و خۆی لەپاشماوەی



هەواڵنامەی کتێب

پەیماننامەکانی ئاشتی رزگاربکات و نفوز و قەڵەمڕەوی بەرە و ئاوە گەرمەکان و چەسپاندنی پێگەیەك لە دارشتن و ئاراستەپێدانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دروستبکات.[٢]

لەبەر ئەوە لەم قۆناغەدا بەپلان و نەخشەیەکی نوێ و تایبەتییەوە گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەیدا کرد، ئەم نەخشەیە لەیەککاتدا (بەرگریانە و هێرشکارانە)بوو.

بۆیە لە کاتێکدا سۆڤیەت هەوڵی پاوانکردنی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپی دەدا لەخۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەهەمانکاتدا چەکی دیپلۆماسی و سەربازی و ئابووری و ئایدۆلۆجی بەپێی خواست و جۆری ململانێکان و سروشتی ژینگە سیاسی و نێودەوڵەتیەکە، بەکاردەبرد، بۆ نمونە لە (کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵات)دا کە لەشاری (باکۆ) و لە (ئەیلولی ١٩٢٠)دا بەسەرپەرشتی (کۆنگرەی شیوعی نێودەوڵەتی) بەڕێوەچوو، سۆڤیەت پرەنسیپی رزگارکردنی گەلانی کۆلۆنیکراو و نیمچە کۆلۆنیکراوی لە ستەم و چەوسانەوەی هێزە کۆلۆنیال و داگیرکەر و چەوسێنەرەکان راگەیاند.[٣]

لەگەڵ ئەم هەوڵە ئایدۆلۆجیانەدا، یەکێتی سۆڤیەت چالاکیە دیپلۆماسیەکانی دەستپێکرد، مەبەستی سەرەکی لەم چالاکیانەش راکێشانی سەرنجی رای گشتی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دڵنیابوون لەهاوکاری و لایەنگرییان بوو، لەلایەکی تریشەوە پوچەڵکردنەوەی ئەو سیاسەتەبوو کە بەمەبەستی کەنارگیرکردن و پەراوێزخستنی سۆڤیەت، وڵاتانی ئەوروپی پراکتیزەیان کردبوو، ئەمەش لەپێناو بەرگرتن لەتەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی تەوژمی سۆسیالیستی بوو بۆ ناوچەکانی ژێرسایەی نفوز و قەڵەمڕەوی هێزە ئەوروپیەکان. ئەمە جگە لەوەی سۆڤیەت تا ئەم قۆناغەش هێشتا لەمەترسی





هێرش‌و پەلاماری راستەوخۆی نەیارەکانی دڵنیانەبووبوو، بەتایبەتی مەترسی ئینگلیزەکان کەلەرێگەی گەرووە تەنگەبەرەکانەوە بۆسەر ناوچەکانی سۆڤیەت هەیبوو.[٤]

لێرەوە سۆڤیەت لەیەکەم هەنگاودا و لەپێناو فراوانکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ هەریەك لە (تورکیا ئێران و ئەفغانستان)دا هەوڵیدا، بەرەنجام ئەم هەوڵانەش لەمانگی (ئازاری ١٩٢١)دا ڕێکەوتنێکی لەنێوان سۆڤیەت‌و تورکیادا واژۆکرد، بەپێی ئەم رێککەوتنە سۆڤیەت سازشی لە هەرێمەکانی (قرم و ئەردەهان) کرد بۆ تورکیا، پاشان هاوکاری تورکیای لەپێناو گێڕانەوەی سەروەری‌و باڵادەستی بەسەر تەنگەبەر و گەرووەکاندا کرد، هەروەك چۆن لەم کاتەدا سەرکەوتنەکانی بزوتنەوەی کەمالی لەبەرامبەر دەوڵەتە لیبڕاڵەکاندا کاریگەری گەورەی هەبوو لەچاوپێداخشاندنەوەی بەندەکانی پەیماننامەی (سیڤەر) و گەڵاڵەکردنی ڕێکەوتنێکی نوێی ئەلتەرناتیف بەناوی (لۆزان) لەساڵی (١٩٢٣)دا، کە تیایدا یەکێك لەبەندەکان ئاماژەبوو بۆ ئەوەی کە پێویستە سەروەری باڵادەستی تەنگەبەر و گەرووەکان بۆ تورکیا بگێڕدرێتەوە.[٥]

لە بەرامبەردا پەیوەندیەکانی سۆڤیەت لەگەڵ هەریەك لە ئێران و ئەفغانستان زۆرباش بوو، ئەمە وایکرد کە هەردوو دەوڵەت بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتننامەیەکی هاوکاری دۆستایەتی لەگەڵ یەکتریدا رابکێشێت، هەنگاوی دوای ئەوەش سۆڤیەت توانی هەرسێ وڵات (تورکیا ئێران و ئەفغانستان) بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی هاوکاری و دۆستایەتی هانبدات، مەبەستی ئاشکرا و سەرەکیش لەم ڕێکەوتنە دژوەستانەوەی نفوزی ئینگلیز بوو لەناوچەکەدا، دەرەنجامی ئەم هەوڵانە لەساڵی (١٩٢٦)دا ڕێکەوتنی نێوان هەرسێ وڵات واژۆکرا، ئەم ڕێکەوتنە لەلایەن چاودێران و پسپۆڕانی ئەو قۆناغەوە بە (پەیماننامەی بچوکی

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و لە بەرژەوەندی سۆڤیەت لەقەڵەمدراوە.[٦]

ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین کاتی بەستنی ئەم ڕێککەوتن و پەیماننامانە کاتێکی دروست و گونجاوی هەبووە، چونکە لەکاتێکدا ئەنجامدراون کە پەیوەندییەکانی نێوان هەریەك لەم وڵاتانە و بەریتانیا لەلاوازبوون و داڕوخاندابوون و کێشە و گرفتی جۆراوجۆری تێدا دروستبووبوو، بۆیە ئەم وڵاتانە لەساڵانی نێوان (١٩٢٦-١٩٢٨)دا زنجیرەیەك کۆبوونەوە و پەیماننامەی دۆستایەتیان لەسایەی سەرپەرشتی و هاندانی سۆڤیەتدا گێڕا، کەبووە بنەمای پەیوەندییەکی درێژخایەن و دوای دەساڵ لەم مێژووە، (عیراق)یش هاتە ڕیزی ئەم پەیماننامانەوە.[٧]

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت بریتییە لەوەی کە بوون و نفوزی شیوعی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەماوەی نێوان ساڵانی دوو جەنگی جیهانیدا، بوون و نفوزێکی گەورە نەبوو، چونکە لەلایەکەوە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی گشتی ژێردەستەی بەریتانیا و فەرەنسا بوون و ئەم دەوڵەتانەش ئاسانکاری و ڕێگەیان بە دروستبوونی پەیوەندی نێوان سۆڤیەت و وڵاتانی ناوچەکە و بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆجیای سۆسیالیستی نەدەدا، لەلایەکی تریشەوە چالاکی و هەوڵە دیپلۆماسیەکانی سۆڤیەت لەم قۆناغەدا نەیتوانی سنورێکی فراوان بگرێتەوە و بەردەوام بێت، بۆ نمونە لەناو سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا، پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی سۆڤیەت تەنها لەگەڵ (سعودیە و یەمەن)دا هەبوو، پاساوی ئەم لایەنەش بەوە دەدرێتەوە کە چینی پرۆلیتاریا لەم وڵاتانەدا بوونێکی لاواز یاخود هەرنەبووە، کە دەرفەتی بە سۆڤیەت نەداوە پێگە و ناوەندی پەیوەندییەکانی دابمەزرێنێت، هاوکات خودی وڵاتانی دراوسێی سۆڤیەت و ئەوانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵیدا هەبوو، تێگەیشتن لەوەی کە



سیاسەت و مامەڵەی سۆڤیەت جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕوسیای قەیسەریدا نییە، ئەمە سەرەڕای مامەڵەی دەسەڵات و حکومەتی سۆڤیەت لەگەڵ گەلانی ناوچەکانی قەفقازدا بەپراکتیکی پێچەوانەی دروشم و بانگەشەکانی جێبەجێکردووە. لەبەرئەوەیە دەبینین کە ئەگەر وڵاتانی (ئێران تورکیا و ئەفغانستان) لەساڵانی (١٩٢٦-١٩٢٨) و بەسەرپەرشتی سۆڤیەت و دژی نفوزی بەریتانیا کۆدەبوونەوە، ئەوا لەکۆتایی سیەکان و لەساڵی (١٩٣٧)دا و لەمیانەی پەیمانی (سەعد ئاباد)دا لەنێوان (ئێران توركیا، ئەفغانستان و عێراق)و بەهاندانی بەریتانیا دژی دزەکردنی سۆڤیەت لەناوچەکەدا واژۆ دەکەن.

تەنانەت ئەم لێکدورکەوتنەوەیە لە ساڵانی دواتردا زۆر بەرینتربوو، لەساڵی (١٩٣٩)دا (ئێران و ئەفغانستان) پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی دەبەستن، لەکاتێکدا تورکیا ڕویکردە هاوپەیمانیکردنی بەریتانیا و فەرەنسا.[٨]

## دووەم - هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر کورد

سەبارەت بە هەڵوێست و پەیوەندی سۆڤیەت لە بەرامبەر کورد و کێشەکەی، دەکرێت بەهەمان گوزارشتەکەی (د. کەمال عەلی) دەستپێبکەین کاتێك نوسیویەتی: "لەسەردەمی بەلشەفیەکانەوە تاکۆتایی سیستمی کۆمۆنیستانەی سۆڤیەتی لە ساڵی (١٩٩١)دا هیچ بەڵگە و دەکۆمێنتێکمان بەردەستنەکەوتووە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان سۆڤیەت و کورددا هەبووبێت، یاخود بەرنامەیەکی تایبەتیان نەبووە بەرامبەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کەلەچوارچێوەی پرنسیپەکانی خۆیاندا لەسەر کاغەز بانگەشەیان بۆدەکرد، لەبەرئەوە پێوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ کورددا لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا دەبینین کە کوردستانیان لەنێوانیاندا پارچەکردووە".[٩]

بەڵام ئەمە بەومانایە نییە کەکورد وەك نەتەوە و کوردستانی دابەشکراو وەك پێکهاتەی جوگرافی هیچ بایەخ و گرنگییەکی لەنەخشە و رایەڵی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتدا نەبووبێت، بەڵکو وەك دەردەکەوێت باس و توێژینەوە لەبارەی نەتەوەی کورد و چۆنیەتی مامەڵە و دیاریکردنی پەیوەندی لەگەڵیدا، لەناوەندی بڕیار و داڕشتنی نەخشی سیاسی سۆڤیەتدا مایەی گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسیەکانی سۆڤیەت بووە، بەڵام ئەوەی کەدواجار هەڵوێست و بڕیاری سیاسی سۆڤیەتی دیاریکردووە، بەرژەوەندی و جۆری ئەو پەیوەندییانە بووە کە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەیبووە کە کوردییان بەسەردا دابەشکراوە، لەم بارەیەوە (جۆرج ئەگابیکۆڤ) کەبەرپرسی ڕێکخراوی ﴿(OGPU) - تیرۆری نهێنی روسی﴾بووە، نوسیویەتی: "کێشەی کورد بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر مایەی بایەخپێدانی ئێمەبوو، بۆیە کاتێك لەبەشی خۆرهەڵاتی (OGPU)دا گفتوگۆمان لەبارەی ئەو کێشانە بکردایە بۆمان دەردەکەوت کە کورد لەزەوی چوار وڵاتی جیاوازدان کە تورکیا و عێراق و ئێران و سۆڤیەتە.*

خێڵە کوردەکان لەنێوان عیراق و قەوقازدا نیشتەجێبوون. لەکاتی ڕوودانی هەر جەنگ و بەریەککەوتنێك لەنێوان بەریتانیای مەزن و روسیادا، هەڵوێستی ئەم خێڵانە بایەخێکی زۆر و کاریگەری بۆ هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو دەبێت. بۆیە لەسەرمان پێویستە کوردەکان بدوێنین و لێیان نزیکببینەوە بۆئەوەی لەدۆخی هێرشبردنەسەر عیراقدا هاوکاریمان بکەن.

لەم سۆنگەیەوە حکومەتی سۆڤیەتی لەساڵی (١٩٢٧)دا پێشنیاری دامەزراندنی (کۆمارێکی سەربەخۆ)ی لەوبەشە بچوکەی کوردستاندا کرد کە زەوی سۆڤیەت بوو، بەم شێوەیە بیروباوەڕی باو بۆ راکێشانی سۆزی هەموو ئەوانەبوو کە بەتوندی داخوازی سەربەخۆیی کوردستان بوون بۆ ئەوەی هەموو



ئەو زەوییانەی زۆرینەی کوردنشینن بیگرێتەخۆ. بەڵام کۆمیسارییای کاروباری دەرەوە دژایەتی خۆی بۆئەم پێشنیارە خستەڕوو، چونکە پێیانوابوو دەبێتە مایەی گرژی دروستکردن لەپەیوەندییە سیاسیەکانیان لەگەڵ هەریەك لەئێران و تورکیا. لەبەرئەوە بڕیاری لەسەر پلانێکی تردا: چەسپاندن و دامەزراندنی پێگە، بەنهێنی، لەنێوان خێڵە کوردییەکان و پڕوپاگەندەکردن. پێویستە لێکۆڵینەوەی زۆر بۆ بایەخپێدانی پیاوانی خێڵەکان بکرێت و سۆز و خۆشەویستی گەورەکانیان رابکێشرێت، پاشان ژمارەیەك لە بەکرێگیراوان لەناوچە جیاجیاکاندا بڵاوبکرێنەوە. ئەگەر ئەم کارە بەباشی پراکتیزەکرا پێویستە بتوانرێت متمانەی کوردەکان بۆ بەستنی پەیمانێکی نهێنی لەگەڵمان لەپێناو هاوکاریکردن لەدژی دوژمنان مسۆگەر بکرێت".[١٠]

واتە سۆڤیەتیش وەك وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا، بونی نەتەوەیەکیان لەچوارچێوەی دەوڵەتدا بیناکردووە، کەبەلایانەوە مەرجێکی سەرەکی لەپەیوەندیداریێتی نەتەوەدا بریتی بوو لەئابووری و بێگومان ئەم ئابوورییەش هەر لەڕێگەی دەوڵەتەوە دروستدەبێت.[١١]

لەبەر رۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەکرێت بوترێت لەماوەی نێوان دووجەنگدا، مامەڵەی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ کورددا بەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردییان بەسەردا دابەشکراوە سنورداربووە، تەنانەت ئەگەرچی پەیوەندی نێوان سۆڤیەت و ئەو وڵاتانە لاواز و ئاڵۆزیشی تێکەوتایە، هێشتاش پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردی نەکردووە و ئەو بڵاوکراوە و نوسراوە فەرمیانەش هەیبووە رووپۆشێکی گشتگیر و جەختی لەسەر مافی کەمینەی کوردی کردۆتەوە لەچوارچێوەی هەریەك لەو دەوڵەتانەدا.[١٢]

تەنانەت زۆرجار کورد وەك کێشە و وەك نەتەوە بەنەهامەتیەکی گەورەی



هەواڵنامەی کتێب

بەردەم دروستکەرانی سیاسەتی سۆڤیەتی سەیرکراوە، چونکە رۆشنبیرانی کورد و سەرۆك خێڵەکان هەرگیز دڵخۆش و رەزامەند نەبوون بەدابەشکردنی سیاسیانەی کوردستان و لکاندنی بە عیراق و سوریا و تورکیا و ئێرانەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لەکورد ئامادەییان لەپێناو یەکخستنی کوردستان و یەکگرتنیدا هەبووە.

ئەم لایەنە هەمیشە سۆڤیەتی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەردەم دووڕیاندا داناوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنان و پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردستان هەنگاوێکی کاریگەربووە بۆ بونیادنانی پێگە و پانتایی بۆ نفوزی سۆڤیەت لەناوچەکەدا، بەڵام بەهەمان پارسەنگ، سۆڤیەت هەستی بەشوێنەوارە مەترسیدارەکانی لەسەر سیاسەتی سۆڤیەت و لەبەرامبەر تورك و ئێران و عەرەب کردووە."[١٣]

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە لەبەرامبەر ئەمجۆرە بیرکردنەوەو مامەڵە سیاسیەی سۆڤیەت، ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردە و رۆشنبیرانی کورد، بەتایبەتی لەساڵانی نێوان دووجەنگی جیهانیدا، لەژێر کاریگەری و بانگەشەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دروشمی بەلشەفیکەکاندا، هەمیشە بەچاوی هیوا و تروسکایی رزگاریخوازی بۆ سۆڤیەتیان روانیوە، ئەوەی ئەم راستیە پشتڕاستدەکاتەوە بریتییە لەوەی کە (ئارنۆڵد ویلسن) بەئاشکرا ترسی ئەوەی هەبووە کەشۆڕشی ئۆکتۆبەر بەچەشنێکی کاریگەرانە کاربکاتە سەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و رایگەیاندبوو کە "ئەوپەڕی جێگەی داخە کە ناو و بنچینە و پرەنسیپەکانی بۆڵشفیزم ئەمڕۆ لە کوردستاندا بۆتە ویردی سەرزمانی هەموو کەس".[١٤]

ئەمەش دەرەنجامی ئەوەبوو کە سەرەڕای کاریگەری و بریقەداری دروشمەکانی بەلشەفیکەکان، هاوکات گروپە سیاسیەکانی کورد هیچ ئومێدێکیان



بە سیاسەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا نەمابوو، لەبەرئەوە گروپە سیاسیەکان رویانکردە پەیوەندی دامەزراندن لەگەڵ کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەتدا. بەڕوونی بۆیاندەرخستن ئەوان لەهەڵوێستی دەوڵەتە ئیمپریالیستە گەورەکان بەرامبەر بە پرسی کورد بێ ئومێدبوون، هاوسۆزی خۆیان بۆ سیاسەتی سۆڤیەت دەربڕی و لەدەوڵەتی سۆڤیەت داواکاربوون بۆ سەندنەوەی مافە نەتەوەییەکانی کورد پشتگیریان بکات.

دیارە کورد لەو قۆناغەدا سۆڤیەتی بەهاوپەیمان و دۆستی دڵسۆزی خۆی داناوە، لەبەر ئەوە داوای یارمەتی لێکردووە. ئەوەتا لە ساڵی (١٩٢٢)دت (خالید بەگ) کە یەکێکە لەسەرانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان نامەی بۆ سۆڤیەت نوسیوە و رونیکردۆتەوە: "لەبەرئەوەی من بەیارمەتی ئینگلیز بۆ پێکەوەنانی کوردستانی سەربەخۆ پشت نابەستم، بڕیارمداوە بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە بەپشتیوانی روسیای سۆڤیەتی تێکۆشم. من لەسەر پێکەوەنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لەژێر سەرپەرشتی روسیای سۆڤیەتیدا پێدادەگرم".[١٥]

بەڵام شایانی باسە کە سۆڤیەت نەدراوسێیەکی باشی کورد و نەلەسەرکەرەوەی بۆچوونەکانی خۆشی بوو، چونکە پاش هەموو دەرفەتێکی نێودەوڵەتی بۆ کورد سۆڤیەت پشتی لە کورد کردووە و مەسەلەکەشی ئاڵۆزتر کردووە. ئەم هەڵوێست و بۆچوونەی سۆڤیەت نەك هەر لەسەردەمی حکومەتی (لینین)دا، بەڵکو دواتریش بەدیدەکرێت کە لەپێناوی دەستکەوتەکانی خۆیدا زۆرجار سیاسەتی هاوکارانەی لەگەڵ دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی دراوسێیدا بەهەڵەی بردووە.[١٦]

بۆیە سۆڤیەت لەقۆناغی شۆڕشەکانی سمکۆ و کۆچگیریو زازا و شۆڕشەکانی شێخ مەحموددا، کە لەدروستبوون و خۆگرتندابوو، نەك هەر هیچ لەسەر کورد بەدەنگنەهات و هیچ جۆرە یارمەتیەکی پێشکەشنەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە

پەیوەندی لەگەڵ دووداگیرکەرەکەی کوردستاندا بەهێزترکرد، لە (١٩٢١/٢/٢٦)دا لەگەڵ (رەزاخانی ئێران)دا پەیمانی دۆستایەتی بەست. بێگومان بەندی پێنجەمی ئەم پەیمانە لەسەر ئەوەبوو کە هیچ لایەکیان نابێت یارمەتی بزوتنەوەی ناو وڵاتەکەی لایەنەکەی تر بدات. دوای دووسێ هەفتەیەکیش لە (١٩٢١/٣/١٦)دا سۆڤیەت لەگەڵ تورکیا پەیمانی بەست.[١٧]

پەیوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت فرەلایەن بوو، لەپێش هەموویاندا سەربازی بوو، تەنیا لەساڵی (١٩٢٠-١٩٢١)دا نزیکەی سی و نۆ هەزار تفەنگ و شەست و سێ ملیۆن فیشەك و بیست هەزار دەمامکی دژەگازی کیمیاوی‌و کەرەسە و تفاقی تر و نەوتێکی زۆری خەڵاتی تورکیاکرد.[١٨]

هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر کورد تەنها ئەو پەیوەندییە دۆستایەتی و هاریکارییانە نەبوو کە لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیا هەیبوو، بەڵکو زۆرجار رۆڵی زۆر نێگەتیڤی هەبووە بەرامبەر بەکێشە و شۆڕشەکانی کورد و لەباربردنی ئەو هەل و هەلکەوتانەی بۆ کورد ڕێککەوتووە، یاخود فاکتەرێکی کارا و کاریگەربووە لەدامرکاندنەوە و شکستپێهێنانی شۆڕشەکانی کورددا.

بۆ نمونە هەڵوێستی سۆڤیەت سەبارەت بە پەیمانی (سیڤەر)، هەڵوێستێکی نێگەتیڤە و لەویاداشتە هاوبەشەی نێوان (روسیا- ئۆکرانیا- جورجیا)خراوەتە ڕوو کە لە(٣٠ کانونی یەکەمی ١٩٢٢)دا لە کۆنگرەی (لۆزان)دا پێشکەشکرا و ناڕەزاییەکانیان سەبارەت بە (سیڤەر) پێشکەشکردبوو: "پەیمانی سیڤەر لەجیاتی ئەوەی ئاشتی بەدیبهێنێت، ئەوروپای روبەڕوی جەنگێکی نوێ کردۆتەوە، ئەمەش بەهۆی بێبەشکردنی تورکیا لەدوا پاشماوەی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری. بەرژەوەندییەکانی گەلی تورکیا و دەوڵەتی تورکی دووچاری سیستمی خۆبەدەستەوەدان و کۆیلایەتی بوون لەبەرژەوەندی سەرمایەی بیانی سەبارەت بە





زەوییەکانیشی رووبەرەکەی بۆ پێنج یەکی روبەرەکەی پێش جەنگ بچوککراوەتەوە.

بایەخپێدانی هاوپەیمانان بە تورکیا تەنها لەدارنینی ویلایەتەکانیدا نەوەستاوە، بەڵکو زیاتر لەوە تەنانەت خودی زەویەکانی تورکیای گرتەوە. لە(١٠ی ئابی ١٩٢٠) و لەمیانەی واژۆکردنی پەیمانی سیڤەردا بەریتانیای مەزن و فەرەنسا و ئیتاڵیا ناوچەکانی ئەنادۆڵیان کردە ناوچەی نفوزی خۆیان..."[١٩]

ئەمە جگە لەوەی هەمیشە کورد لەدیدگای سیاسەتمەدارانی سۆڤیەتیدا داردەست و بەکرێگیراوی ئیمپریالیست و خۆرکەی سیاسەت و پڕۆژە ستراتیجیەکان ئەژمارکراوە، بۆیە هەرگیز نابینرێت هاوکاری و پەیوەندییەکی فەرمی و کاریگەر لە نێوان کورد و سۆڤیەتدا هەبووبێت.[٢٠]

سەبارەت بە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر شۆڕش و بزاوتە کوردییەکان، بەهەمان شێوەی لایەنەکانی تری بووە، بۆ نمونە لەباکوری کوردستان و لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا لەساڵی (١٩٢٥)دا، سۆڤیەت و رۆژهەڵاتناسەکانی بەجولانەوەیەکی کۆنەپەرستی دەستی ئینگلیز لەقەڵەمیانداوە و پێیانوابووە مەبەستی ئەم شۆڕشە پارسەنگکردنی هەڵوێستی ئینگلیزەکانە لەبەرامبەر کێشە سەخت و دژوارەکانی لەگەڵ تورکیادا، لەلایەکی تریشەوە بەرهەڵستیکردنی ئەو گۆڕان و چاکسازییانەیە کە کەمال ئەتاتورك ئەنجامیداون.[٢١]

لەبەر ئەوە دەبینین لەرۆژنامەی (ئیزڤێستا)دا بەئاشکرا دژایەتی بەرامبەر شۆڕشەکە باسکردووە و بەشۆڕشێکی دەرەبەگی و کۆنەپەرست و چەکی دەستی رۆژئاوای لەقەڵەمداوە.[٢٢]

هەروەها لەساڵانی شۆڕشی ئارارات و لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٨)دا کونسولگەری سۆڤیەت لەشاری (ماکۆ) ئەم نامەیەی لەلایەن کوردەکانی ئاراراتەوە پێگەیشت: "لەمەوبەر حکومەتی کوردی ئارارات نامەیەکی بۆ ناردبوون، بەڵام هیچ

وەڵامێکی نەبوو، شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسەتی ئەمڕۆ ئێمەی هێنایە سەر ئەو بارەی کە کورد بەبێ یارمەتی و پشتیوانی روسیای سۆڤیەت رزگار نابێ و ماف و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی وەدەستناهێنێت. ئێمە لە ئامانجی ناوبراو مەبەستمانە، دەمانەوێ مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی رزگاریخوازیمان لەئەنتەرناسیۆنالی سێیەمدا باسبکرێ و چالاکی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی سۆڤیەت لەرۆژهەڵاتدا هاوجوت کەین، هەلومەرجی ئەمڕۆ بۆ ئەم مەبەستە زۆر لەبارە. هەرکات بە زارەکی ئەم داخوازییەی ئێمەتان قبوڵکرد، حکومەتی کوردیی ئارارات ئامادەیە نوێنەرانی خۆی بۆ جێگای دیاریکراو بۆ لێدوان سەبارەت بە مەسەلەی ناوبراو بنێرێت".[٢٣]

سەبارەت بە خۆرهەڵاتی کوردستانیش، دەبینین کاتێك (سمکۆ) دەچێتە (ئۆرمیە) بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ کونسوڵی سۆڤیەتدا، سمکۆ داوادەکات کە هاوکاری کورد لە ئێران و تورکیا و عێراقدا بکات و لەبەرژەوەندی هەردوولا پەیوەندی ببەستن، وەك نوێنەری هەموو نەتەوەی کورد سمکۆ ئامادەیی خۆی بۆ رێکخستن و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت خستەڕوو، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەگەر ناتوانن تەنها خۆی و شوێنکەوتەکانی لەناوچەکانی خۆیدا بپارێزن و هاوکاریبن.[٢٤]

بەڵام سیاسەتی مۆسکۆ بەرامبەر کێشەی کورد بەشێوەیەك بوو کە ئامادەیی گرێدانی هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان نەبوو و هیچ جۆرە هاوکارییەکیان پێشکەشنەکرد.[٢٥]

هەرچی هەوڵەکانی (شێخ مەحمود)یشە لەم قۆناغەدا و لەساڵانی (١٩١٨)و دواتر بێسوودبوو، شێخ لای روونبوو لەلایەن سۆڤیەتەوە هاوکاری ناکرێت، بۆیە رویکردە بەریتانیا بۆ داواکردنی یارمەتی، لەم رووەوە (ویلسن) نوسیویەتی:



"شێخ مەحمود تادوێنی لەگەڵ روسەکاندا کە بەڵێنیانپێدابوو دژی سوپای تورکیا پشتیوانی لێبکەن، وتووێژیدەکرد".[٢٦]

هەروەها بەمەبەستی هاوکاریکردن لەساڵی (١٩٢٣)دا و لە (٢٠)ی کانونی دووەمدا (شێخ) یاداشتێکی ئاڕاستەی کونسوڵی سۆڤیەت لەشاری (تەورێز)کرد، بەڵام ئەم هەوڵەش وەك سەرجەم هەوڵەکانی دیکە بێ بەرهەم و ئەنجام بوو.[٢٧]

لەمیانەی لێکدانەوە و راڤەکردنی هەڵوێست و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەپشتگێرینەکردنی کورد، لایەنی جۆراوجۆر دەخرێتە ڕوو، لەوانە:

١. دژایەتیکردنی تورکیا سوود و بەرژەوەندی بۆ ئینگلیز هەبوو، چونکە کێشە و گرفتی زۆر لەنێوانیان هەبوو. بۆیە هەرگیز سۆڤیەت نەیویستووە تورکیا بەتەواوی بخاتە بەرەی ئینگلیز و ناچار بەو کارەی بکات.

٢. پاڵپشتی کورد و دژایەتی تورك، دواجار سودی ئەرمەنەکانی تێدابوو، بەتایبەت کە بانگەشەی یەکگرتنەوەی خاکی ئەمینیای دەکرد بەو پارچەیەش کەلەسنوری سۆڤیەتدابوو، ئەمەش راستەوخۆ زیانی سۆڤیەتی تێدابوو.

٣. رزگاربوونی پارچەیەکی کوردستان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبووە هەوێنی بزواندنی ئەو پارچەیەی پێنجەمی کوردستان کەلەژێر دەستی سۆڤیەتدابوو، ئەمە جگە لەهاندانی نەتەوەکانی تری قەفقاز، کە دووبارە زیانی بۆ سۆڤیەت هەبوو.

٤. ئەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە ئەتاتورك سود و قازانجێکی زۆری بۆ سۆڤیەت هەبوو، بەتایبەت بەکۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خەلافەت و ئیمپراتۆری عوسمانی، دوژمنێکی لە مێژینە و سەرسەختی لەکۆڵ سۆڤیەت کردەوە، ئەمە جگە لەوەی کە وەك هێزێکی موسڵمان کاریگەری بۆسەر نەتەوە موسڵمانەکانی سنوری سۆڤیەت هەبوو.[٢٨]



هەواڵنامەی کتێب

٥. هەروەها دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سۆڤیەت هەمیشە حەزی بەبوونی دەوڵەتەکانی دراوسێی کردووە، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بەریەککەوتن لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکان و لەنزیک سنورەکانی خۆی رونەدات.

## ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم نوسینەدا و لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا دەگەینە ئەوەی کە:

- ❖ مامەڵەی سۆڤیەت لەگەڵ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان بەتایبەتی، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ رژێمی روسیای بەر لەشۆڕش نییە. هەردوو رژێم لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییەکانیان و بردنەوەی ململانێکان، نەخشی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم ناوچەیە دیاریکردووە.
- ❖ سۆڤیەت هەرگیز هەوڵی نەداوە بە فەرمی و نوسراو پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کورددا و بەمەبەستی پاڵپشتی و یارمەتی دابمەزرێنێ، بەڵکو لەسایەی خزمەتکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دابەشکاری کوردستان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورددا داڕشتووە.

*** * ***



## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

[١] - جستر باولز: الآفاق الجديدة للسياسة العالمية و دور الشرق الأوسط، ترجمة: ابراهيم عبدالرحمن الخال، تقديم و المراجعة: الدكتور حسن علي الذنون، دار المكتبة الحيات، بيروت، ١٩٦٣، ص٩٤.

[٢] - الدكتور محمد علي القوزي: العلاقات الدولية في التأريخ الحديث والمعاصر، دار نهضة العربية، بيروت-لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢م، ص١٣١.

[٣] - جورج ليتوفسك: الشرق الأوسط في شؤون العالمية، الجزء الثاني، ترجمة: جعفر الخياط، بغداد، ١٩٦٥، ص٢٤٦.

[٤] - د. رياض صمد: تطور الأحداث الدولية في قرن العشرين، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت-الحمراء، الطبعة الأولى، ١٩٩٩، ص٢٢٥-٢٢٦، جورج ليتوفسك: المصدر السابق، ص٢٤٦.

[٥] – د. رياض صمد: المصدر السابق، ص٢٢٦.

[٦] - نفس المصدر و الصفحة.

[٧] - جورج ليتوفسك: المصدر السابق، ص٢٤٦-٢٤٧.

[٨] - المصدر نفسه، ص٢٤٧-٢٤٨.

[٩] - د. كمال علی محمد: پێوەندی سۆڤێت بە مەسەلەی کوردەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(١)ی ساڵی(٢٠٠٠)، ل٧٠.

[*] - نازانین لەکاتی وەرگێڕاندا یان هەر نووسەر خۆی ئاماژەی بە بوونی کورد لە سوریا نەکردووە.

[١٠] - ويلسون ناثانيل هاول: الكورد والإتحاد السوفيتي، ترجمة: ضياءالدين المرعب، مراجعة: د. فؤاد حمة خورشيد و فائزة رشيد جمعة، دار الثقافة و النشر الكوردية، مطبعة ايلاف-بغداد، ٢٠٠٦، ص٢٩٢-٢٩٣.

[١١] - د. كمال علی محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

[12] - ويلسون ناثانيل هاول: المصدر السابق، ص٢٩١.

[13] - المصدر نفسه، ص٢٩١-٢٩٢.

[14] - بڕوانە: دکتۆر عەزیز شەفرینی: جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٠٦-١٠٧.

[15] - هەمان سەرچاوە، ل١١١-١١٢.

[16] - د. كمال على محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

[17] - ئارام عەلی: پەیوەندی نێوان کورد و روسیا-کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی، چاپخانەی لیرە-کوردستان،سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠٣.

[18] - هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

[19] - ويلسون ناثانيل هاول: المصدر السابق، ص٢٩٨.

[20] - المصدر نفسه، ص٢٩٨ ومابعدها.

[21] - ئارام عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

[22] - هەمان سەرچاوە، ل١٠٩.

[23] - دکتۆر عەزیز شەفرینی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

[24] - ياسين خالد حسين: كردستان الشرقية- دراسة في الحركة التحررية القومية فيما بين الحربين (١٩١٨-١٩٣٩)، رسالة ماجستير مقدمة إلى جامعة صلاح الدين - كلية الآداب - قسم التأريخ، أربيل، ١٩٩٥، ص١٢٤.

[25] - المصدر نفسه، ص١٢٥.

[26] - دکتۆر عەزیز شەفرینی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

[27] - جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: عبدى حاجي، دار الرازي، لبنان-بيروت، ١٩٩٢، ص١٣٣-١٣٤، دکتۆر عەزیز شەفرینی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢-١٦٣.

[28] - ئارام عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠-١١١.

هەوالنامەی کتێب

# حەمە ڕەزا شا لەنێوان دیموکراتیەت و حوکمی تاکڕەوانەدا

م. سامان حسێن احمد

**باسی یەکەم_ لەسەرەتای حوکمی حەمە ڕەزا شاوە تا هاتنی د. محمد موسەدەق.**

شاردنەوەی فۆڕمە کۆنەکانی دەسەڵاتداریەتی لەپەنای سیستەمە نوێیەکانی دەسەڵاتداریەتی ئەوروپا وەك هەڵبژاردن و پەرلەمان و دەستور هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بووە مۆدێلێك لەدەسەڵات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتیش لە ئێران و تورکیا، کە لەسەر دەستی هەریەك لە ڕەزا شای پەهلەوی لەئێران و کەمال ئەتاتورك لەتور کیا دەرکەوتن و دواتریش لەلایەن دەسەڵاتدارانی دوای خۆیانەوە هەوڵی پیادەکردنیان دراوە، کە حەمە ڕەزا شاش هەوڵیداوە ئەم مۆدێلە لەدەسەڵات پیادە بکات بۆ شاردنەوەی حوکمی تاکڕەویانەی خۆی.

هاتنە سەرتەختی حەمە ڕەزا شا لە (١٧ی ئەیلولی ١٩٤١)دا، کە گەرمەی





جەنگی جیهانی دووەم بوو ئێران لەخراپترین بارودۆخدا بوو لەلایەکەوە هێزی هاوپەیمانان باڵادەستی تەواویان هەبوو لەناوچەکە و بارودۆخی ئابوریش لەوپەڕی خراپیدابوو، لەلایەکی تریشەوە کۆڵەکە سەرەکیەکانی دەسەڵات تەواو بێ سەروبەرە بووبوون و دامەزراوە حکومیەکان بەتەواوی لەبەر یەك هەڵوەشابون و سوپاش لەوپەڕی بێهێزیدا بوو، هاوکات دەسەڵاتی ناوەند تەواو لەرزۆك بووبوو دەسەڵاتە لۆکاڵی و ناوچەییەکان لەبەهێزبووندا بوون، ئەمانە هەمووی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە روخانی دەسەڵاتی ڕەزا شای باوکی بەهۆی ملهوڕی و تاکڕەویکردنی لەدەسەڵات وایانکردبوو کە حەمە ڕەزا شا لەسەرەتای هاتنە سەر تەختدا بۆ ئەوەی بتوانێت سەرنجی ناوەندە سیاسیەکان لەناوەوە و لەدەرەوە و خەڵکی ئێران بەلای خۆیدا رابکێشێت، هەوڵیدا لەبەرگێکی جیاواز لەوەی باوکی خۆی دەربخات، بۆ دەست توندکردنی لەدەسەڵات سەرەتای هەنگاوەکانی بەچەند هەنگاوێکی لیبراڵی دەستوریانە دەستپێکرد.[١]

حەمە ڕەزا شا لەم سۆنگەیەوە لەرۆژی سوێندخواردنیدا لەبەردەم پەرلەمان لە(١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١) جەختی لەسەر ڕێزگرتنی مافە گشتیەکانی گەل و بەپەرۆشی پاراستنی سەربەخۆیی وڵات و هاوکاریکردنی پەرلەمان کردەوە، جگە لەوەی لەبڕیارە سەرەتاییەکانیدا لێبوردنی بۆ زیندانیە سیاسیەکان دەرکردو دەستی لەسەرجەم ئەو موڵك و سامانە هەڵگرت کە لەباوکیەوە بۆی مابووەوە و بەدەوڵەتی بەخشی، بایەخێکی زۆریشیدا بەئازادی رادەربڕین و ئازادیە سیاسیەکان، کە لە گوتارێکیدا بەئاشکرا دەڵێت: (ئازادی گوتن و کارکردن تاکە مەرجی ئێمەیە بۆ پێشکەوتن)[٢].

هەربۆیە ئەو ماوەیە لەحوکمی حەمە ڕەزا شا ماوەی کرانەوەیەکی سیاسیو ئازادیەکی رۆژنامەگەری بەرچاوبوو وە چەندین پارت و رێکخراوە، لەمپەڕی



هەواڵنامەی کتێب

راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ دەرکەوتن کە دیارترینیان پارتی تودەی چەپڕەو و پارتی ئیرادەی میللی ڕاسترەو بەسەرۆکایەتی زیائەدین تەباتەبای، وەپارتی ئێرانی سۆشیال دیموکراتی بوون، جگە لەوەی نزیکەی ٣٠٠ ڕۆژنامە دەرکەوتن و وێڕای دەرکەوتنی چەند پارتێکی تر لەنێو نەتەوە نافارسەکان لەکوردستان و ئازەربایجان و عەرەبستان وە بەهێزبوونی بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی ئەو ناوچەوە[٣].

بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم قۆناغێکی نوێ لەڕەوشی گۆڕانکاریەکانی دەسەڵاتداریەتی حەمە رەزا شا دەستپێدەکات. لێرەوە گۆڕانکاریەکی گەورە بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا هات کە سەرئەنجام کاریگەری راستەوخۆیان بەسەر سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆی و خودی دەسەڵاتی حەمە رەزا شاوە بوو، کە خۆی لە سێ ئاڕاستەدا دەبینیەوە:-

١. دەرکەوتنی ململانێی نێوان جەمسەری رۆژئاوایی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و جەمسەری رۆژهەلات بەسەرۆکایەتی سۆڤیەت واتە جەنگی سارد. کەبەهۆی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی و سامانە سروشتییەکەیەوە ئێران ناوچەیەکی هەستیاری ئەم جەنگی پێکدەهێنا کە هەر ئەمەش وایکردبوو رەنگدانەوەی راستەوخۆی بەسەر سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی ئێران و خودی دەسەڵاتی حەمە رەزا شاوە ببێت.

٢. کێشەی وەدەرنانی سوپای هاوپەیمانان لەخاکی ئێران.

٣. هەوڵی کەمکردنەوەی نفوز و دەسەڵاتی زلهێزە کلاسیکیەکان بەتایبەت بەریتانیا و سۆڤیەت لەئێران و جێگرتنەوەی هێزێکی تر لەبری ئەم دووهێزە کە لەوکاتەدا ئەمریکا بووبوو بەم هێزی سێیەمە.

لەڕاستیدا ئەم سێ ئاڕاستەی کە لای سەرەوە باسکران لەوماوە مێژووییەدا





بە تەواوی تێکچڕژاو و لێك ئاڵۆسکاوبون و سەرەنجام راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەر دەبن لەسەر پێگە و دەسەڵاتی حەمە رەزا شا.

وەدەرنانی هێزە بیانیەکان لەخاکی ئێران یەکێك بوو لەکێشە سەرەکیەکانی ئەو ماوەیەی حوکمی حەمە رەزا شا تایبەت پێداگری سۆڤیەت[٤] لەسەر پاشەکشە نەکردنی سوپاکەی لەخاکی ئێران کە دواتر کێشەیەکی گەورەی لەنێوان ئێران و سۆڤیەتدا خستەوە بەڕادەیەك کێشەکە گەیشتە (UN)، بەڵام بێ ئەوەی چارەسەرێکی ئەوتۆی ببێت تا ئەوکاتەی کە قەوام و سەڵتەنەی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی ئێران توانی بەپێی رێکەتننامەیەك کەتیایدا چەند جیاوگێکی نەوتی لەکێڵگەکانی باکوری ئێران بەسۆڤیەت بەخشیوە توانی وا لەسوپای سۆڤیەت بکات کە پاشەکشە لەخاکی ئێران بکات[٥]، ئەم هەنگاوەی حکومەتی حەمە رەزا شا لەوکاتەدا لەلایەکەوە هەنگاوێکی زۆر بایەخداربوو لەوەدەرنانی سوپای بێگانە لەخاکی ئێران، لەلایەکی تریشەوە هەنگاوێکی گەورەبوو لەدەست والاکردنی سوپای ئێران لەسەرکوتکردنەوەی بزوتنەوەکانی کوردستان و ئازەربایجان سەرەنجامیش بەهێزکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و دامرکاندنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵی و ناوچەییەکان، کە ئەمانە دواجار بەگشتی دەکەوتنە خزمەت بەهێزکردنی دەسەڵاتی حەمە رەزا شا و زاڵبونی بەسەر کێشەکاندا و دواجاریش هەنگاونانی بەرو سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆیو بەرتەسککردنەوەی ئازادیە سیاسی و دیموکراتیەکان، لەلایەکی تریشەوە هەر لەوکاتەوە حەمە رەزا شا کەوتە هەوڵی کەمکردنەوەی نفوزی بەریتانیا و سۆڤیەت لەبەرامبەریشدا پشتبەستن بە ئەمریکا، ئیتر لێرەوە هەڵیدا بەسود وەرگرتن لەهێزی ئەمریکا بەتەواوەتی دەسەڵات و پێگەی سۆڤیەت لەئێران کەمبکاتەوە، کە دەستپێکی ئەم هەنگاوانەی لە ١٩٤٧ ەوە دەرکەوت لەوکاتەدا کە

لەپیلانێکدا ویستی بە گۆڕانکاریەك لەوەزارەتەکاندا گورز لەپێگەی پارتی توده بوەشێنێت، ئەوەبوو کاتێك باڵیۆزی سۆڤیەت بەمەیزانی زۆر نیگەرانبوو بە قەوام سەڵتەنەی راگەیاند کە ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی هێرشی سۆڤیەت بۆسەر ئێران، بەڵام کاتێك قەوام سەڵتەنە ئەمەی بە شا راگەیاند شا زۆر پێی ئاسایی بوو، بەسادەی گوتی: لەکاتی هێرشی ئەواندا ئێمەش داوای هاوکاری لەئەمریکا دەکەین، ئەوەبوو شا پیلانەکەی جێبەجێکرد و سۆڤیەتیش پەرچەکردارێکی ئەوتۆی نیشاننەدا[٦]، ئەمە لەلایەك ئەوەندەی تر شای لەئەمریکا نزیککردەوە، لەلایەکی تریشەوە پشتیوانیەکی دەرەکی بەهێزی بۆ دەسەڵاتەکەی شا مسۆگەرکرد و هەوڵەکانی شای بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیە سیاسی و دیموکراتیەکان لەناوخۆی ئێران زیاترکرد.

هەر لەمبارەیەشەوە لەهەمانساڵدا کاتێك کە قەوام سەڵتەنە داواکاری جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٦ی لەگەڵ سۆڤیەت سەبارەت بە جیاوگە نەوتیەکانی باکوری ئێرانی خستە بەردەم پەرلەمان تارەزامەندی لەسەربدەن. پەرلەمان رەتیکردەوە و رێکەوتننامەکە هەڵوەشایەوە ئەمەش بەوە مایەی نیگەرانیەکی زۆری سۆڤیەت و لەبەرامبەریشدا ئەمریکا پشتیوانی خۆی بۆ ئەم هەنگاوەی ئێران دەربڕی[٧].

بەمجۆرە تا دەهات حەمە رەزا شا و ئەمریکا لێکنزیکدەبونەوە، بەتایبەتی کە شوێنی ئێران بایەخێکی زۆری هەبوو لەململانێی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا کە زۆر نزیکبوو لە سۆڤیەتەوە و دەکەوتە سەرکەنداوی فارسیش، ئەمە جگەلەوەی کە وەك پێشتر باسکرا شا بۆ کەمکردنەوەی نفوزی سۆڤیەت و بەریتانیا پشتی بە ئەمریکا دەبەست، هاوکات لەوکاتەدا بەهۆی خراپی باری ئابووری ئێران لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئێران پێویستییەکی زۆری بە





یارمەتی ئابووری و زانستییەکانی ئەمریکا دەبوو، کە لەو ماوەیەدا وۆرژ بە رۆژ ئەو یارمەتیانە لەزیادبوندا بوو[٨].

سەرجەم ئەم گۆڕانکاریانەی باسکران کە بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی ئەوکاتەدا هاتن و ئێرانی وەك دەوڵەتێکی بەهێز لەناوچەکە دەرخست و حکومەتی رەزا شاش وردە وردە بەسەرکێشە دەرەکیەکاندا زاڵتر دەبوو، کە ئەمەش دواجار وردە وردە رەنگدانەوەی بەسەر دەسەڵاتی حەمە رەزا شاوە دەبو وە تادەهات ویستی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئۆتوکراتی لەژێر سایەی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆیدا زیاتر دەبوو، ئەوەبو وەك پێشتریش باسکرا حەمە رەزا شا هەنگاو بە هەنگاو هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادیە سیاسیەکانی دەدا و لەم سۆنگەیەشەوە هەوڵیدەدا کەسانی گوێڕایەڵ و نزیك لەخۆی بخزێنێتە ناوحکومەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە قەوام سەڵتەنە لەساڵی ١٩٤٧دا دەستی لەکارکێشایەوە شا کەسایەتیەکی دانا بەناوی ئیبراهیم حەکیم، کە کەسێکی گوێڕایەڵی خۆی بوو . بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا تاکو ساڵی ١٩٤٩ هەنگاوەکانی حەمە رەزا شا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی ئەوەندە گەورە و خێرا نەبوو تا ئەوکاتەی لە چواری شوباتی ئەو ساڵەدا لەئاهەنگی دامەزراندنی زانکۆی تاراندا لەلایەن ئەندامێکی بزوتنەوەی فیدائیانی ئیسلامەوە هەوڵی تیرۆرکردنی درا. شا ئەم رووداوەی بەتەواوی قۆستەوە بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی خێراتر بکات لەپیادەکردنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی. ئیدی لێرە بەدواوە دەستیدایە ملهوڕی و ئەوەبوو خێرا پارتی تودەی بەم کارە تاوانبارکرد و کەوتە راوەدونانیان و حوکمی عورفی لەوڵاتدا راگەیاند و ئەوەشی قەدەغەکرد، کە هیچ رۆژنامەیەك رەخنە لەبنەماڵەی شا بگرێت و بڕیاری دەستگیرکردنی چەندین کەسایەتی سیاسی دیاری وڵاتی دا لەوانە د.موسەدەق[٩].



عەوالنامەی کتێب

هەرلەساڵی ١٩٤٩ شدا حەمە رەزا شا توانی رەزامەندی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بەدەستبهێنێت وەبتوانێت دەستکاری دەستور بکات بەپێی بەرژەوەندی خۆی و بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی، دوای ئەوە لەهەڵبژاردنی خولی شازادەی پەرلەماندا حەمە رەزا شا لەرێی فشار و ساختەکاریەوە توانی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ کاندیدەکانی خۆی مسۆگەربکات"[١].

ئەم کارانەی حەمە رەزا شا ئەگەرچی تارادەیەك توانیان هەنگاوەکانی شا بەرەو تاکرەوی خێراتر بکەن. بەڵام هاوکات بوونە مایەی نارەزایی لەلایەن بەشێکی زۆری رۆشنبیران و چین و توێژاڵەکانی تری ئێران تایبەت کرداری ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا کە سەرەنجام بووە هۆی کۆبوونەوەی چەندین مامۆستای زانکۆ و سیاسەتمەدار و بازرگان، بەسەرۆکایەتی د.موسەدەق بزوتنەوەیەکی نارەزایی پێکبهێنن بەناوی بەرەی میللی کەدواتریش بەشی زۆری رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر چوونە ناو ئەم بەرەیەوە و بووە بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی گەورە"[٢].

**باسی دووەم: ماوەی حوکمی د.موسەدەق.**

ئەم ماوەیە ماوەی لاوازی دەسەڵاتی شا و بگرە هەر نەمانی دەسەڵاتەکەشی بوو، کە ئەم سەردەمە بەکارەکانی بەرەی میللی هاتەکایەوە.

بەرەی میللی سەرەتای کارەکانی بە داواکاری دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنو ئازادی رۆژنامەگەری و پیادەکردنی یاسا بەپێی دەستور دەستیپێکرد و دواتریش بەرەو خۆماڵیکردنی کۆمپانیا نەوتیەکان سەریکێشا و زۆر بەخێرایی بەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانیدا بلاوبووەوە و چەندین خۆپیشاندانی گەورەیان ئەنجامدا کە رۆژ بەرۆژ دەبونە فشار لەسەر دەسەڵاتی شا، بۆیە شا بۆ





هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ دەستەمۆکردنی د.موسەدەق و بەکارهێنانی لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی خۆی رازی بوو بەوەی د.موسەدەق بکاتە سەرۆك وەزیران، کە هەر لەمکاتەشدا بوو لیژنەی خۆماڵیکردنی نەوت بە سەرۆکایەتی د.موسەدەق لەناو پەرلەمان توانیبوی رەزامەندی تەواوی ئەندامانی پەرلەمان بۆ خۆماڵیکردنی کۆمپانیا نەوتیەکانی ئێران بەدەستبهێنێت"[٣].

د.موسەدەق دوای ئەم سەرکەوتنانە و پێکەوەنانی حکومەت تەواو پێچەوانەی ویستەکانی شا، نەك هەرنەبووە ئامرازێك بەدەستی شاوە بەڵکو رۆژ بەرۆژ کاری دەکرد بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شا، وەك گێرانەوەی ئەو زەویانەی کە شا دەستی بەسەردا گرتبوو بۆ دەوڵەت و کەمکردنەوەی بودجەی کۆشکی پادشایەتی و پچراندنی پەیوەندی شا بەدیبلۆماتەکانی تارانەوە و کەمکردنەوەی بودجەی سوپا و دورخستنەوەی لایەنگرانی شا لەناو سوپا و دواتریش ناچارکردنی بنەماڵەی شا بۆ بەجێهێشتنی ئێران لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٣"[٣].

د.موسەدەق ئەگەرچی بەمکارانە توانی شێوازێکی نوێی دەسەڵاتداری دابمەزرێنێت و گورزێکی گەورە لەدەسەڵاتی شا بوەشێنێت، بەڵام زۆر بەخێرایی هەنگاوەکانی رووبەرووی بەرەنگاری دەرەکی و ناوەکی بووەوە، کە سەرەنجام ئەم بەرەنگاریانە کۆتاییان بەدەسەڵاتی موسەدەق هێنا، لەناوەوە نارەزایی ئەفسەرە دورخراوەکان و پیاوانی ئاینی لەلایەك و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی بەرەی میللی لەلایەکی تر، لەدەرەوەش پشتیوانی هەریەك لەبەریتانیاو ئەمریکا لەنارازیەکان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك لەدژی د.مسەدەق، کە سەرەنجام لە نۆزدەی ئابی ١٩٥٣ لەکودەتایەکدا کۆتایی بەحوکمی د.موسەدەق هات و جارێکی تر شا گەرایەوە بۆ ئێران"[٤].

**باسی سێیەم: گەڕانەوەی حەمە ڕەزا شا و هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتی تاکڕەوی.**

گەڕانەوەی شا لەو بارودۆخەدا کە باسکرا هەلێکی گەورەی بۆ ڕەخساند تا بتوانێت دەسەڵاتی تاکڕەویانەی خۆی بسەپێنێت ئەوەبوو دوای گەڕانەوەی د.موسەدەق دادگاییکرا و حوکمی سێ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا و دواتریش دەستبەسەربوو لەماڵەکەی خۆی تا مردنی، هەروەها ڕۆڵی بەرەی میللی و سەرجەم دەنگە نارەزاییەکانی تر تەواو لاوازکرا، ئەمانە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دوای ڕوخانی حکومەتی موسەدەق جارێکی تر گفتوگۆ لەنێوان ئێران لەلایەك و ئەمریکا و بەریتانیا لەلایەکی تر لەسەر کۆمپانیا نەوتییەکان دەستیپێکرد کە ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٥٤ بەسترا ئەوەبوو بەپێی ئەو ڕێککەوتنە یەکێتی نێودەوڵەتی (کۆنسورتیۆم) دامەزرێنرا و بەپێی ئەمەش نەوتی ئێران لەنێوان حکومەتی ئێران و کۆنسورتیۆم بەنیوەیی دابەشکرا، بەمەش دەستکەوتی ئێران لەنەوت بەڕادەیەکی زۆر زیادیکرد، کە شا بەکاریهێنا لەپێناو بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەت بەدامەزراندنی سوپایەکی بەهێز کە لەساڵی ١٩٧٧دا بودجەی سوپا گەیشتبووە حەوت هەزار و سێ سەد ملیۆن دۆلار وە لەوساڵەشدا ئێران خاوەن گەورەترین هێزی دەریایی بوو لەکەنداوی فارس و نوێترین هێزی ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، پێنجەم گەورەترین سوپای جیهان بوو. کە ئەمەش ئێرانی وەکو هێزێکی گەورە لەناوچەکە دەرخستو هاوکات ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەبەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی شا لەناوەوە، ئەمە جگە لەوەی لەوکاتە بەدواوە ئێران بەتەواوەتی بوبە بەشێك لەکوتلەی ئەمریکی وە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٦٣ هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ ئێران گەیشتە نزیکەی ٥٣٥,٤ ملیۆن دۆلار و نزیکەی دەهەزار ڕاوێژکاری ئەمریکی، کە ئەمەش





لەلایەکی تر پاڵپشتییەکی دەرەکی بوو بۆ دەسەڵاتی حەمە ڕەزا شا، کە ئەوەندەی تر هەنگاوەکانی بەرەو دەسەڵاتێکی تاکڕەوانە بەتینترکرد[١٥]، بۆیە لەناوخۆشدا دەستیدایە ڕووبەڕووبونەوەی هێزە نارازیەکان، کە لەوکاتەدا پارتی تودە بەرشاڵاوێکی توندی ڕاوەدونان کەوت، لەدەستگیرکردن و لەسێدارەدان و زیندانیکردنی ئەندامەکانی هەروەها لەڕێی دەستورەوە هەریەك لەپارتی تودەو بەرەی نیشتمانی بەناشەرعی ناساند[١٦].

حەمە ڕەزا شا وەك پێشتریش باسکرا یەکێك لەو ڕێگایانەی کە گرتبویە بەر بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات دیاریکردنی کەسە نزیك و گوێڕایەڵەکانی خۆی بوو لەکایە جیاجیاکانی حکومەت، بەتایبەت سەرۆکایەتی وەزارەت وە وردە وردە لەڕێی چەند بریکارێکەوە توانی ئەومافە بۆخۆی دەستەبەر بکات، کە ڕۆڵی یەکلای کەرەوەی هەبێت لە دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران، جگە لەوەی کە لەڕووی پراکتیکیەوە شا بە تەواوی دەسەڵاتی هەبوو لەدیاریکردنی وەزیر و سەرکردەی سوپا و باڵیۆز و سەرۆك و بەرێوەبەری دامەزراوە حکومیەکان، هەروەها دەستی ڕاستەوخۆی هەبوو لەدیاریکردنی کاندیدەکانی ئەنجومەنی پیران، بەگشتی دەسەڵاتی شا گەیشتبوە ئەوڕادەیەی کە زۆرجار هەڕەشە لە پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانیش بکات[١٧].

ئەم هەنگاوانەی حەمە ڕەزا شا لەپێناو سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی تادەهات چڕتر دەبوون، تەنانەت لەشەستەکاندا لەپێناو خزمەتکردنی هێزو دەسەڵاتی خۆی دەستکاری دەستوری ساڵی ١٩٤٩ی ئێرانیشیکرد. حەمە ڕەزا شا لەپێناو پاراستنی ئەم دەسەڵاتەی خۆی و درێژەدان بەم حوکمە تاکڕەویانەی‌و سەرکوتکردنی دەنگە نارەزاییەکان هەموو ڕێگاکانی دەگرتەبەر بۆیە لەساڵی ١٩٥٧دا بەپشتیوانی دەزگای (C.I.A) هەواڵگری ئەمریکی و موسادی ئیسرائیلی

دەزگایەکی پۆلیسی نهێنی بەناوی ساواکەوە دامەزراند، کە دواتر ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لەسەرکوتکردن و قەڵاچۆکردنی دەنگە نارەزاکان[١٨].

لەناوەڕاستی شەستەکاندا شا بەتەواوی حوکمی تاکرەوانەی خۆی سەپاند و سەرجەم مافە دیموکراتیەکانی قەدەغەکرد، لەدامەزراندنی ڕێکخراوە و مانگرتنی کرێکاری و ئازادی ڕۆژنامەگەری هاوکات سەرجەم دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت کەوتبوونە خزمەت، بەرز و بڵند ڕاگرتنی شا و چەندین نازناوی مەزنانەی وەك شاهنشا و ئاریامەهریان پێبەخشیبوو دەیان بۆنە و ئاهەنگی تایبەت و گەورەیان لەپێناو بەرزڕاگرتنی شا سازدەکرد کە داهاتێکی زۆری دەوڵەتی تێدا سەرفدەکرا[١٩].

حەمە رەزا شا بۆ شاردنەوەی حوکمی تاکرەویانەی خۆی و دڵڕاگرتنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و هێورکردنەوەی دەنگی نارەزاییەکان و بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەرێی دەستو پێوەندیەکانیەوە، بۆ ئەوەی واینیشانبدان کە ڕێگا بە هەڵبژاردن و ژیانی پارتایەتی دەدات، ئەگەرچی سەرجەم چالاکیە ڕێکخراوەیی و پارتایەتی و سیاسییە نافەرمیەکانی ڕاگرتبوو، کەچی هاوکات لەساڵی ١٩٥٧دا دوپارتی کارتۆنی بەناوی پارتی میللی و پارتی مەردەم دامەزراندبوو، کە یەکێکیان لەحکومەدا بوون و ئەویتریشیان ئۆپۆزسیۆن بوو، لەساڵی ١٩٧٥ یش هەموو پارتەکانی لەپارتی بوژاندنەوەی میللەتی ئێراندا کۆکردەوە و ڕاشیگەیاند کە پێویستە هەموو ئێرانیەك ئەندامی ئەم پارتە بێت[٢٠].

بەمجۆرە حەمە رەزا شا بەپێی کات و بارودۆخ مامەڵەی لەگەڵ سیستەمەکانی هەڵبژاردن و دیموکراتیەت و دەستوردا کردووە لەکاتی بێهێزی و لاوازیدا خۆی لەبەرگێکی دیموکراتیدا دەرخستوە، بەڵام لەگەڵ بەهێزبونی پێگەودەسەڵاتی لەناوەوە و دەرەوە و زاڵبونی بەسەر کێشەکانیدا وردە وردە





بەرەو دەسەڵاتی ئۆتۆکراتی و تاکرەویانە هەنگاوی ناوە و ئازادییە دیموکراتی و سیاسیەکانی بەرتەسککردۆتەوە بەجۆرێك لە ساڵی ١٩٧٣دا ڕاشکاوانە لەچاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵیدا رق و نارەزایی خۆی بۆ سیستمی دیموکراسی دەردەبڕێت[٢١].

*** * ***

پەراوێزەکان

---

١ – د. خليل ابراهيم احمد وخليل علي مراد، ايران وتركيا دراسة في التأريخ الحديث والمعاصر، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة موصل، ١٩٩٢، ص١٦٦.

٢ – طاهر خاق اليكاء، التطورات الداخلية في ايران (١٩٤١-١٩٥١)، بغداد، ٢٠٠٢، ص٨٤-٨٥.

٣ – دونالد ولبر، ايران ماضيها وحاضرها، ترجمة د. عبدالمنعم محمد حسنين، ط٢، القاهرة-بيروت، ١٩٨٥، ص١٧٧.

٤ – لەکانونی دووەمی ١٩٤٦ هێزەکانی ئەمریکا لەئێران کشایەوە، بریتانیەکانیش بڕیاریاندا لەمارتی ئەو ساڵەدا بکشێنەوە. بڕوانە: د. خليل ابراهيم احمد وخليل علي مراد، المصدر السابق، ص١٧٢.

٥ – بڕوانە: د. فريد حاتم الشحق، العلاقات الروسية الايرانية واثرها علي الخريطة الجيوسياسية في منطقة الخليج العربي ومنطقة اسيا الوسطي والقفقاس، دمسق، ٢٠٠٥، ص٩٠.

٦ – د. حسن كريم الجاف، الوجيز في تأريخ ايران. دراسة في التأريخ السياسي، الجزء الرابع، اربيل، ٢٠٠٨، ص١٥٢.

٧ – د. فريد حاتم الشحق، المصدر السابق، ص٩٠

٨ – د. حسن كريم الجاف، المصدر السابق، ص١٧٠-١٧٢.

[9] – د. آمال السبكي، تأريخ ايران السياسي بين الثورتين (١٩٠٦-١٩٧٩)، عالم المعرفة، كويت، ١٩٩٩، ص١٨٤-١٨٥.

[10] – المصدر نفسه، ص١٨٥.

[11] – المصدر نفسه، ص١٨٥.

[12] – المصدر نفسه، ص١٨٥.

[13] – بروانة: د. فريد حاتم الشحق، المصدر السابق، ص٩٠-٩٤.

[14] – د. آمال السبكي، المصدر السابق، ص١٨٩.

[15] – د. خليل ابراهيم احمد وخليل علي مراد، المصدر السابق، ص١٨٣-١٨٥.

[16] – تييري كوفيل، ايران الثورة الخضية، ترجمة د. خليل احمد خليل، بيروت، ٢٠٠٨، ص٥٠.

[17] – د. حسن كريم الجاف، المصدر السابق، ص٢٥١.

[18] – صادق زيبا كلام، الثورة الاسلامية في ايران. الاسباب والمقدمات، ترجمة ودراسة هويدا عزت محمد، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٢٥.

[19] – المصدر نفسه، ص٢٤.

[20] – د. حسن كريم الجاف، المصدر السابق، ص٢٥٣–٢٥٤.

[21] – المصدر نفسه، ص٢٥٣-٢٥٤.

# وەرگێڕان

- جۆن ڕاوڵز/ تیۆرێک دەربارەی دادوەری.
- بینیە دێتۆ کرۆچە و تێۆری مێژوو لەئیتالیا.
- تورکیا لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆگان - بەشی دووەم.
- کامە رێگا و بە چۆن "قوربانی"یەکەوە؟.

هەواڵنامەی کتێب

# جۆن ڕاوڵز

## تیۆرێک دەربارەی دادوەری

ن. صموئیل کورفیتز

و. لەعەرەبییەوە: هەڵست

ماوەی دووگرێو نزیکەی بەدرێژایی سالآنی پەنجاکان، ئەوانەی سەرقاڵی فەلسەفە بوون بایەخو چاودێرییەکی زۆریان هەبوو بۆ بەرهەمو داهێنانەکانی (جۆن ڕاوڵز)و ئەو پەرەسەندنانەی لەتیۆرەکەیدا کردی، کە سەرەتاکەی وتارێك بوو لەیەکێك لەگۆڤارە فەلسەفیەکاندا بلآویکردەوە، ئەم وتارە لەکاتێکی کەمداو بەخێرایی دانوستاندنو تێبینیو بەدواداچوونی زۆری لەبارەوە ئەنجامدرا، ڕاوڵز لەپەرەسەندنی بیرۆکە بنەڕەتیەکانیو لەمیانەی ژمارەیەك لەوتارو توێژینەوەکانی بەردەوامبوو، تاوەکو دواجارو لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا لەژێرناوی (تیۆرێك دەربارەی دادوەری) لەساڵی (١٩٧٢)دا بلآویکردەوە.

جۆن ڕاوڵز لەدەرەوەی ناوەندە ئەکادیمیەکاندا، بەتایبەتی لەدەرەوەی خوێنەرانی توێژینەوە فەلسەفیە تایبەتمەندو پسپۆڕییەکان، ناوێکی نەناسراوبوو، بەلآم دوای بلآوکردنەوەی (تیۆرێك دەربارەی دادوەری) لەناو ڕۆشنبیرانو لەهەموو جیهاندا بووە یەکێك لەپرشنگدارترین ناودارانی فەلسەفەی هاوچەرخ، ژمارەیەك لەمامۆستا دیارەکانی بواری فەلسەفەی ئاکاریو سیاسی پێیانوابوو ئەم نوسینە تێکستێکی ناوازەیە، بەتایبەتی ئەوانەی بەتوانایی ڕەخنەی قوڵ ناسرابوون لەهاوشێوەی کەسانی وەك (ستیورات هامشایر Stuart Hampshire)و (جی. جەی. وارنۆك G. J. Warnock)و (مارشاڵ کوهین Marshal Cohen)، لەستایشی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە (توحفەیەکی ناوازەیە)، یان (هەوڵێکی بێوێنەیە لەبواری فەلسەفەی سیاسیدا) یان (بەرپەرچدانەوەی ئەو گوتەزایەبوو کە دەستەوسانی فەلسەفەی شیکاری لەپێشنیازکردنی هەر ناوەخنو ناوەڕۆکێکی لەبواری فەلسەفەی ئاکاریو سیاسی ڕاگەیاندبوو، بەم تێکستەو پێشکەشکردنی ئەو دەستکەوتانە باشترین وەلآمیدایەوە، بگرە کاتێك هەوڵدرا پەیوەندیو ڕایەڵی نێوان ئەم کتێبەو کارە نەمرەکانی (ئەفلاتۆنو جۆن ستیورات ملو ئەمانۆیل کانت) بدۆزرێتەوە زیاتر لەمە هەنگاویاننا، سەرەڕای ئەوەش ئەم کتێبە لەدەروازەی خستنەڕووی کتێبی نوێ لەگۆڤاری (نیۆرك تایمز)دا وەك یەکێك لەگرنگترین ئەو پێنج کتێبە دیاریکرا، کە لەساڵی (١٩٧٢)دا بلآوکرابوونەوە، ئەمەش بەرەچاوکردنی ئەوەی پراکتیزەکردنی بیرۆکەکانی ئەم کتێبە دەبێتەهۆی گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانی سیاسی، لێرەوە هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوەی فەلسەفەی جۆن ڕاوڵزو خستنەڕووی ئەو سیاقە مێژووییەی تیایدا دەرکەوت، هاوکات بۆ شرۆڤەکردنی ئامانجو میتۆدو دەرەنجامەکانیو ڕونکردنەوەی گرنگترین خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی پشت بەم کتێبە ببەستین.

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتا پێویستە خوێنەر لەوە ئاگاداربکەین ئێمە نامانەوێت هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەو کۆتایی بۆ ئەم کتێبە بکەین، چونکە مەبەستی لەوجۆرە پەلەکردنە، بەتایبەتی ئەم کتێبە پێش ئەوەی ساڵانێك تێپەڕێنێت وەك پێویست ناتوانرێت تێگەیشتن لەبارەیەوە گەڵاڵە ببێت، چونکە دەشێت ئەم کتێبە هاوشێوەی کارە کلاسیکیەکان کە تائێستاو نەوە بەنەوە جیاوازی لەبارەیانەوە هەیە، ببێتە مایەی وروژاندنی لێکدانەوەو ڕاڤەی جیاوازو جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، هەروەها سەرەڕای ئەوەی ئێمە هەوڵدەدەین ڕۆشنایی بخەینەسەر ڕووە سەرەکیەکانی (تیۆرێك دەربارەی دادوەری)، پێمانوانیە ئەگەر سەرپێیش بێت هەموو بابەتەکانیمان پیشانداوە، چونکە ئەم کتێبە لەهەشتاو حەوت باس پێکهاتووە، ئەم باسانە گشتیان تەنها لەخولگەی ئەو تیۆرەدا ناسوڕێنەوە کە ڕاوڵز پەرەیپێداوە، بەڵکو چەندین بابەتی هەمە چەشنی لەخۆگرتووە، کە لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا گەلاڵەکراون وەك: (ڕەگەزپەرستەکانو لێکبوردن)، (چەمکی دادوەری لەئابوری سیاسیدا)، (گرفتی دادوەری لەنێوان نەوەکاندا)، (پێویستی دەروەستی بەملکەچی بۆ یاسا نادادوەرییەکان)، (ڕێزگرتنی خودو باڵاییو هەستکرد بەسوکایەتی)، (چەمکی کۆمەڵگەی ڕێکخراوو ڕێکخستنێکی باش)، (پرەنسیپەکانی سایکۆلۆجیای ئاکاری)، (بیرۆکە سەندیکاییەکان).

ئامانجی بنەڕەتی کتێبی (تیۆرێك دەربارەی دادوەری) پێشکەشکردنی بناغەیەکی تیۆری پێکەوە بەستراوە بۆ چەمکی دادوەری. بناغەیەك بتوانرێت وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەوەی ڕێبازی سودگەرایی گشتی پێشکەشیدەکات، بخرێتەڕوو، ئەو ڕێبازەی لەوساتەی (جیرمی بنتام) دایمەزراندووە تائێستا بەردەوامە.

لێرەوە بەپێویستی دەزانین بەرلەوەی بایەخی کتێبەکەی ڕاوڵز بخەینەڕوو،





سەرەتا تێڕوانینی سودگەرایی بناسین کە کتێبەکەی ڕاوڵز هەڵوێستێکی پێچەوانەو ئاڕاستە جیاوازی هەیە بەرامبەریان، لەم بوارەدا دەبینین بناغەو بنەڕەتە سەرەتاییەکانی ڕێبازی سودگەرایی گشتی لەهەندێك لەنوسینەکانی (داڤید هیوّم)دا خۆیان دەنوێنن، کە دواتر (جیرمی بنتام) بەشێوازێکی بلاّوو بەرفراوان گەشەیپێدا، بەوجۆرەی بووەتە تەوەرەیەکی سیاسی کارو داهێنانەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دیارترین گوزارشتکردن لەم ڕێبازە لەکتێبەکانی (جۆن ستیوارت مل)داو لەژێر ناونیشانەکانی (ڕێبازی سودگەرایی گشتی Utilitarianism)و (سیستمێك لەلۆجیك)دا خۆینواندو لەمیانەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد (بێگومان پێویستە پێوەرێك هەبێت بۆ جیاکردنەوەی خێرو شەڕ، ڕەهاییو ڕێژەیی، ئامانجەکانو میکانیزمەکان، ئەو پێوەرەش هەرچۆنبێت تەنها یەك پێوەرە) لێرەوە (مل) بەرەو ئەوەچوو، کە سروشتی ئەو پێوەرە ئاشکرابکات، بۆیە بڕیاریدا (ئەو پێوەرە گشتییەی پێویستە سەرجەم بناغەو ڕێسای نەریتە ئاکاریو رەوشتیەکان لێیانەوەو بەپێی ئەوان ئاڕاستە وەربگرنو سەنگی مەحەکی دروستیانە، بریتیە لەوەی چەندێك بەختەوەری مرۆڤایەتی دێنێتەبوون).

هەروەها لەکتێبی (سودی گشتی)دا هەوڵدەدات ئەم تێڕوانینە ڕوونبکاتەوە، لەم سۆنگەیەوە بۆ پاڵپشتیو بەهێزکردنی تێڕوانینەکانی گەورەترین کارو داهێنانەکانی لەبواری فەلسەفەی ئاکاریدا پێشکەشکرد، کە تائەمڕۆ بە یەکێك لەبەهێزترین کاریگەرییەکانی سەر ڕەوتی فەلسەفەی ئاکاری ئەژماردەکرێت ئەگەر بەهێزترینیان نەبێت.

لەدوای (مل)ەوە زۆر لەفەیلەسوفانی ئاکاری بەیداخی ڕێبازی سودگەراییان هەڵگرت، بانگەشەکانیان هەمان بانگەشەی بیرمەندەکانی پێشتربوو، بەتایبەت

لەوەدا کە پێویستە هەموو مرۆڤێك لەکاروکردەوەکانیدا ڕەچاوی ئەوەبکات کردەوە بەرهەمهێنەری گەورەترین ڕێژەی بەختەوەری بێت، سەبارەت بەو کەسانەی دەشێت بکەونە ژێر کاریگەرییەکانیەوە، کاتێك مرۆڤ جیاکاری لەنێوان دوو کردەوەدا دەکات پێویستە ئەو کردەوەیە هەڵبژێرێت زۆرترین خێروخۆشی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك بەدیدەهێنێت، ئەم بانگەشەیە هێزێکی گەورەی هەیە، ڕاستیەکەی سەختە مرۆڤ ئەندێشەی ئەوەبکات چۆن ئەو ئاڕاستەیە لەکردەوەکان نابێتە باشترین ئاڕاستە، هەروەها ڕاستە زۆرێك ڕەخنە ڕووبەڕووی ڕێبازی سودگەرایی گشتی کراوەتەوە، بەڵام لایەنگرانی ئەم ڕێبازە بەردەوام هەوڵیانداوە لەناو ڕێبازەکەوە بەرپەرچو وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەنەوە نەك بە پاشەکشەو گۆڕینی ڕێبازەکەیان بۆ ڕێبازێکی تر، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەدا پەیوەستییان بە دروشمە بەناوبانگەکەیان (گەورەترین ڕێژەی بەختەوەری بۆ گەورەترین ژمارەی مرۆڤەکان) درێژەی هەبوو.

لەکاتێکدا مشتومڕو دانوستاندنی نێوان لایەنگرانی سودگەرایی گشتیو نەیارانی لەبارەی ڕێژەی توانایيو لێهاتویی وەك ڕێبازێکی ئاکاری بەردەوام بوو، کاریگەرییەکانی لەبواری یاسادانان بەردەوامو لەبەرزبوونەوەدابوو، (جۆن ستیوارت مل) ڕۆڵێکی گەورەی لەم بوارەدا گێڕا، ئەمەش نەك وەك بیرمەند یان هاووڵاتیەك، بەڵکو بەو پێیەی ئەندامێکی چالاکی پەرلەمان بوو، لەڕاستیدا ئەگەر سەیری کەلتوری یاسادانان بکەین، کە لەمێژووی چەندین نەتەوەی پەرلەمانە لیبراڵیەکانی جیهانی ئەنگلۆ-ئەمریکی تۆمارکراوە، بۆمان ڕوندەبێتەوە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دیارترین خەسڵەتی بنەڕەتییە، کە جیامەندی لەچالاکی یاساداناندا دەکات لەم پەرلەمانانەدان، ئەمەش بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی بڕوابوون بەڕێبازی سودگەرایی گشتی دەژمێردرێت لەبواری یاساداناندا.





ئەگەر بەدژایەتی ڕێبازی سودگەراییدا بچینەوە، کە لەلایەن نەیارانیەوە دەوروژێنرێت، دەبینین لەسەر زیاتر لەلایەنێك لەلایەنەکانی ئەم ڕێبازە دانراوە، یەکەم لەلایەنی ڕێکیو گونجانی لۆجیکی بەوشێوەیە دەبینین ئەو کردەوانەی زۆرترین ڕێژەی سودمەندیی دەخاتەوە لەگەڵ ئەو کردەوانەی هەمەلایەنی سودمەندیی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك دەستەبەردەکەن، دژ دەوەستن، بەمەش ئەم ڕێبازە دژایەتی لەگەڵ خۆیدا لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی کاتێك بانگەشەی زۆرترین ڕێژەی سودمەندییو زۆرترین ژمارەی خەڵك دەکات لەیەککاتدا، هەروەها ئەو لایەنەی پەیوەستە بەپێوەری سودمەندییو ئەوەی کە ئەگەر سودمەندیی دیاردەیەو بەکرداری شیاوی پێوانەکردنە، هەروەك چۆن ئەوەی پەیوەستە بەتوانای بەراوردکاری لەنێوان سودمەندییەكو یەکێکی تر بریتیە لەوەی توانای گوزارشتکردنی چەندێتی لەبەهای هەریەك لەدوو سودمەندییەکە پێویستدەکات، پاشان ئەوجۆرەی سودمەندیی کەلای هەندێك کەسو لەسەر بەرژەوەندی کەسانی تر یان نەوەکانی داهاتوو دەستەبەردەبێت، یان تەنانەت لەسەر بەرژەوەندی ئەو بونەوەرە زیندوانەن، کە خاوەنی بڕیارێکی دیاریکراو لەهەستکردنو درککردنن.

ئەمانە ئەو لایەنە ڕەخنەئامێزانەن کە زۆرینەی نەیارانی سودگەرایی گشتی دەیوروژێنن، جگەلەوەی بەهێزترین ئاڕاستەی ڕەخنەییو زۆرترینیان لەمەیدانخوازی بۆ ئەم ڕێبازە ئەو دژکارییەیە لەنێوان سودمەندییو دادوەریدا هەیە، بەجۆرێك لەزۆرباردا بەدواداچونو دەستخستنی سودمەندیی دەبێتە هۆی پاساودانی ستەمکاری.

(جۆن ستیوارت مل) ئەو دژایەتیە ڕەتدەکاتەوە لەنێوان سودمەندییو دادوەریدا، نەك هەرئەوە بەڵکو دادوەری هیچ ڕاڤەکارییەکی نییە تەنها لەبەر



هەواڵنامەی کتێب

ڕۆشنایی پرەنسیپە سودگەراییەکاندا نەبێت، ئەم ڕاستیەی لەبەشی پێنجەمی کتێبی (سودمەندیی گشتی)دا تۆمارکردووەو بڕیاریداوە (ئەگەر ئەرکی بەرگریکردن بێت لەمافی کەسێکی دیاریکراو لەهەر شتێکدا، گەر کەسێك دژی ئەم لایەنەبوو و پرسیاریکرد بۆچی دەبێت کۆمەڵگە بەرگری لەومافە بکات؟ من هیچ وەڵامێکم بۆ ئەو کەسە نییە جگەلەوەی پێیبڵێم: ئەوە ڕەچاوکردنی سودمەندیی گشتی دەیسەپێنێت).

(جۆن ستیوارت مل) لەبەرگریکردنی بیرۆکەکەیدا دەگاتە ئەوەی دادوەری پرەنسیپێکی سەربەخۆ نییەو داتاشراوێکی سودمەندییەو دەڵێت: (ئەگەر ئەو شیکارییەی پێشتر ڕاست نەبێت، ئەگەر دادوەری پرەنسیپێکی سەربەخۆبێت لەسودمەندیی، پرەنسیپێك بێت مرۆڤ بتوانێت لەڕێگەی تێڕامانو بیرکردنەوەی ناوەکی پێیبگات، ئەوا سەختە لەجێگەیەکداو لەم دۆخەدا هۆکارەکانی لێڵی ئەو گوتەو ئامۆژگارییە ناوەکییە بناسین، هەروەك چۆن سەختە لەشوێنێکدا ڕاڤەی ئەوەبکەین، کە بۆچی کردەوەیەك بەپێی ئەو سیاقەی تیایدا دێت، جارێك دادپەروەرانەو جارێکی تر نادادپەروەرانە دەبێت).

لەگەڵ ئەوەی ئەم بەڵگانە لەلایەن (مل)ەوە خرانەڕوو، نەیاتوانی متمانەی ئەو کەسانە مسۆگەربکەن کەدژی تێڕوانینەکانی بوون لەوەدا کە حەدەسی ناوەکی، بەجۆرێك بتوانێت ئەڵتەرناتیڤێکی پرەنسیپەکانی سودمەندیی گشتی بێت، لەداڕشتنی بناغەیەکی پتەوی تیۆری بۆ چەمکی دادوەری نەتوانو دەستەوسانە، زیاتر لەمەش پێیانوابوو ڕێبازی سودگەرایی گشتی لەو ڕووەوە کەچاوپۆشی دەکات، ناتوانرێت بەرگری لێبکرێت، یاخود ئەتوانێت لەئاست هەندێك دۆخی دیاریکراوی ستەمکاری چاوپۆشی بکات، بێگومان ئەمە ستەمکارییەکی پتەوە، بۆ نمونە ئەگەر بشێت لەدیدگای ئێمەدا خۆشگوزەرانیو





زۆرینە بەرەنجامی بەکۆیلەکردنی کەمینەو جڵەوگیری بێت لەپێناو هێنانەدی ئەم خۆشگوزەرانیە، ئەوا لەم نمونەیەدا ئێمە لەبەرامبەر (زۆرترین ڕێژەی خۆشگوزەرانی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك)داین، بەمجۆرە پێوەری (سودمەندیی بەدیدێتو پێوەری (دادوەری)ش تێکدەچێت، نەیارانی ڕێبازی سودگەرایی زیاتر لەوە نمونەی تر بۆ دیاردەکان لەنەریتی نائاکاری دەخەنەڕوو، کە دەکرێت ئەم ڕێبازە لێی بێدەنگ بێت یان چاوپۆشی لێبکات لەوانە: پێشێلکردنی بەڵێنەکان، یاخود سزادانی بێتاوانان، یاخود نکۆڵیکردن لەمافی کەمینەکان، لەکاتێکدا هەوادارانی سودگەرایی ڕێبازەکەیان بەجۆرێك دادەڕێژنەوە کە ئەو کردەوانە ڕەتدەکاتەوەو بێبەرییەلێیان، بەمشێوەیە دانوستاندنەکە لەبازنەیەکدا دەهێڵرێتەوە کە بریتییە لەئاستی توانایی سودگەرایی گشتی وەك ڕێبازێك بۆ بەرگریکردن لەهەڵسوکەوتو بەها ڕەوشتیە دیاریکراوەکانی وەك دادوەریو مافەکانی مرۆڤ، بێئەوەی ئەو بازنەیە تێپەڕێنێت بۆ بەراوردکاری سودگەرایی گشتی بەڕێبازە ئاکارییەکانی تر، کەوادەکات ئەم ڕێبازە بەسەر سەرجەم ڕێبازە ئاکارییە ڕکابەرەکانیدا بە باڵادەستی بمێنێتەوە، ئەمەیە وایکردووە هیچیان نەتوانن پەرە بەخۆیان بدەن بۆ ئاستێك ببنە ئەڵتەرناتیڤێکی شایستەو گونجاو.

بەڵام ئێستاو دوای دەرکەوتنی تیۆرییەکەی ڕاوڵز کە نەك تەنها وەك هێرشێك بۆ سەر ڕێبازی سودگەرایی گشتی، بەڵکو خۆی وەك ئەلتەرناتیڤێکی بەهێزی ئەو خستۆتەڕوو، وایکردووە سروشتی ئەم دانوستاندنانە گۆڕانکاری تێدا ڕوویدات. بەمشێوەیە ئەرکی هەوادارانی ڕێبازی سودگەرایی تەنها بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕەخنانە نەبوو کە ڕووبەڕوویان دەکرایەوە، بەڵکو دەبوایە ئەوە بسەلمێنن ڕێبازەکەیان لەبەرامبەر ئەم تێڕوانینە نوێیەدا بۆمانەوە شیاوترە، لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕاوڵز تەنها زیادکردنێکی ناوازەی بۆ فەلسەفەی



هەواڵنامەی کتێب

ئاكاری پێشكەشنەكرد، بەڵكو وەرچەرخانی لە ڕێڕەوەكەیدا دروستكرد.

كاتێك ڕاوڵز لەمیانەی لێكۆڵینەوەی پرەنسیپەكانی دادوەریو باسكردنیان وەك بناغەی سیستمی كۆمەڵایەتی ئەم دەستكەوتانەی بەدەستهێنا، دەكرێت بڵێین ئەم دەستكەوتانە لەهەمانكاتدا بە مەشخەڵێكی دیاری مەشخەڵەكانی فەلسەفەی سیاسی لەقەڵەمدەدرێت.

ڕاوڵز لەوبڕیارەوە دەستپێدەكات، كە دادوەری فەزیلەتی یەكەمە بۆ ئەوەی دامودەزگا كۆمەڵایەتیەكانی پێوەسفبكرێت، پاشان هەوڵدەدات بگاتە ئەو پرەنسیپانەی دادوەری كەشیاوی بەگریلێكردنو دەستپێوەگرتنن، سەرەنجامی هەوڵەكانی تیۆرێكی پێشكەشكرد بریتی بوو لەژیاندنەوەی تیۆری پەیمانی كۆمەڵایەتی لای (هوبسو لۆكو ڕۆسۆ)و تێكەڵكردنی لەگەڵ سروشتی عەقڵانیبوون لای (كانت)، بۆیە لەدیدی ڕاوڵزدا دادوەری بناغەی پەیكەری كۆمەڵایەتی دەنوێنێت، لەبەرئەوە پێویستبوو سەرجەم ڕێوشوێنەكانی یاسادانانو سیاسەتكردن لەگەڵ خوازراوەكانی پرەنسیپەكانی دادوەریدا گونجاوبێت.

ڕاوڵز هاوشێوەی حەدەسیەكان لەپێناو ناسینەوەی دادوەریو نادادوەری، جیا لەیكتری پەنا بۆ هەستی حەدەسی نابات، ئەمە مانای ئەوەنییە لەبواری دادوەریدا ڕەوایی حوكمە حەدەسیەكان ڕەتدەكاتەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە وەك ئاماژەیەك كە ئێمە خاوەنی جۆرێك لەهەستین بۆ دادوەری، بەڵام ئاماژەیەك دەستبەرداری تیۆرنابێت، دەستبەرداری بونیادنانی تێڕوانینێكی ڕێكخراو نابێت، كە ڕاڤەكاری ئەوەمان بۆدەكات بۆچی هەستەكانمان بۆ دادوەری لەسەر ئەوێنەیەیە كە هەیەتی.

یەكێك لەو بوارانەی دادوەری گرنگی پێدەدات دابەشكردنی خۆشیەكانە،



مەبەستیش لەخۆشیەكان مانایەكی فراوانە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە مرۆڤ ئارەزوومەندە بۆیان لەداراییو شكۆمەندیو ئازادیو هەلو ڕێزگرتنی خود، دابەشكردنی ئەم خۆشیانە لەكۆمەڵگایەكی دادپەروەرداو لەمیانەی ڕێكخراوی تەواوكار لەمافو یاساو بارودۆخو ئەو ڕێوشوێنانەی كۆمەڵگای لێپێكدێت بەوپێیەی كیانێكی سیاسی كارایە، پشت بەپرەنسیپە دادوەرییە بەكاربراوەكان دەبەستێت.

لێرەوە ئەگەر كۆمەڵگا بەپرەنسیپەكانی سودمەندیی گشتی پشتبەستووبوو، ئەوا بەدیهێنانی زۆرترین ڕێژە لەخۆشگوزەرانی بۆ فراوانترین ژمارەی هاووڵاتیان وەك ئەوەی خێرێكی كۆمەڵایەتیە دەكاتە ئامانج، بەڵام ئەگەر كۆمەڵگا بەڕێبازی كاملبوون پشتبەستووبوو، ئەوا گەشەپێدانو سەرپەرشتیكردنی ڕۆڵە سەركەوتوەكانی دەكاتە ئامانج، هەروەها ئەمجۆرەی كۆمەڵگا دەیەوێت قۆرخی زۆرینەی نەوەكانی بكات، بەڵكو لەوانەیە بۆ چەسپاندنی قۆرخكاری لەپێناو بەرژەوەندی جیامەندو سەركەوتوەكان كاربكات، ئەوانەی چاوگی درەوشانەوەی ئەو لایەنانەن كەمرۆڤایەتی دەیخوازێت.

ڕاوڵز هەوڵدەدات تیۆرێك بونیادبنێت دەرەنجامەكانی لەگەڵ بیروباوەڕە گشتیەكانماندا لەدادو نادادیدا تەبابێت، هەروەها تیۆرێك بێت بتوانێت بەرامبەر ئەو بانگەشانەی ڕێبازی سودگەرایی گشتی بوەستێتەوە، لەهەمانكاتدا چەند دەرەنجامێكی كرداری گونجاو بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەیەك بۆ ژیانی كۆمەڵایەتیمانو ئاڕاستەپێدەری سیاسەتی ئابوریمان بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ئەم ئامانجانە لەهەندێك لایەنەكانیدا جیاوازن لەوانەی لەدیموكراسی لیبراڵیەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەم لایەنە بۆماوانە بەشێوەیەكی ڕوون ڕەنگدەرەوەی ئەوانەیە كەڕێبازی سودگەرایی گشتی بانگەشەی بۆدەكات، هەروەها



هەواڵنامەی كتێب

لەسەرمایەداری کلاسیکی پارێزکار  کەلەسەر بنەمای ئازادی پرۆژەکان دامەزراوە جیاوازە، ئەوەی لەهەندێ باردا دەبێتە ڕەنگدەرەوەی بڕوابوون بەڕێبازی کاملبونی ئاکاری هەروەك چۆن لەهەندێ باری تردا ڕەنگدەرەوەی بڕوابوونە بەداروینزمی کۆمەڵایەتی، لەڕاستیدا ڕاوڵز لەمیانەی تیۆرەکەیدا دیدگایەکی نوێی پێشکەشکرد کە پێویستە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەسەری بڕوات، بایەخی گەورەی ئەم تیۆرە لێرەدایە.

ڕاوڵز لەتێڕوانینەکەیدا -پەرە بە تیۆرەکەی ئەدات- پشت بەخستنەڕووی سنوربەندی بنەڕەتی دەبەستێت بۆ سروشتی کەسایەتی مرۆیی، ئەمەش کارێکی سەخت نەبوو، بەتایبەت جەخت لەسەر چەند خاڵێکی بنەڕەتی دەکاتەوەو بانگمان دەکات تا وەك پێشینەیەکی گونجاو تەسلیمی ببین، ئەوەش بریتییە لەوەی هەموو مرۆڤێك کۆمەڵێك ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، هەریەك لەو ئامانجانە هەرچی بن  بەدیهاتنیان بەندە بەوەی ڕاوڵز بە(چاکە سەرەتاییەکان) ناویان دەبات، هەروەها تێرکردنی پێویستییە مرۆییەکان لایەنێکی پشت بە بەشداریکردنی مرۆڤ دەبەستێت لەچالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا لەگەڵ ئەوانی تردا.

پاشان (ڕاوڵز) بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کەس وێنابکەین کە لەپێناو گفتوگۆکردن لەنێوان خۆیاندا بەمەبەستی گەیشتن بەپرەنسیپەکانی دادوەری کۆبوونەتەوە، کە دواجار لەداهاتودا چالاکیەکانیان بەڕێوەدەبەن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسایەی کۆمەڵێك مەرجو دسپلینی دیاریکراودا گفتوگۆدەکەن، لەوانە پرۆسەی گفتوگۆکردن بەبێ هیچ جۆرێك لەفشارو ناچارکردن لەسەر کەسەکان بەڕێوەدەچێت، هەروەها درکدەکەن ئەو پرەنسیپانەی پێیدەگەن هەموویان پابەند دەکات، لەم بوارەدا هەروەك ڕاوڵز ئاگادارمان دەکاتەوە ئەم گفتوگۆکردنەی باسیدەکات پشت بە هیچ بناغەیەکی



هەواڵنامەی کتێب

مێژوویی نابەستێت، بەڵکو میکانیزمێکە لەپێناو دۆزینەوەی ئەو پرەنسیپانەی دەیەوێت پێشکەشیانبکات پەنای بۆدەبات، بەگوزارشتێکی دیکە ئەم گفتوگۆکردنە شتێك نییە جگە لەکۆمەڵێك گریمانەی وێنایی پوختەکراو. ڕاوڵز زیاتر هەوڵدەدات ئەو مەرجو دسپلینانەمان بۆ بخاتەڕوو کە لەسایەیدا ئەو گفتوگۆ گریمانئامێزەی تێدا بەڕێوەدەچێت، گفتوگۆکەران بەعەقلانیبون دەناسرێنەوە، هەروەك چۆن هەریەکێکیان لەبوارەکانی زانستی دەروونناسیو ئابوریو کۆمەڵناسیو فەلسەفەو بیرکاریو ..هتد ڕۆشنبیرییەکی قوڵی هەیە.

هەروەها هەریەکێکیان خاوەن پلانێکی عەقلانییە بۆ ژیان، بەمانای ئەوەی ئامانجی دیاریکراویان هەیە کە لەبەر ڕۆشناییدا بڕیار لەسەرکەوتوترین میکانیزمەکانی بەدیهێنانیان دەدات، پاشان توانای دیاریکردنی ئەوەی هەیە چی لەبەرژەوەندیو چی لەبەرژەوەندیدا نییە.

سەرەڕای ئەوەی هەر یەکێکیان بەپێی توانا لەهەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیدایە، بێئەوەی کەمو زۆر بەرژەوەندی گفتوگۆکەرانی تر لەبەرچاوبگرێت، بەهیچ جۆرێك نەلەمپەری بەردەم ئامانجەکانی یەکترن و نەهاندەری یەکترن لەپێناو بەرەوپێشبردنیاندا، بەگوزارشتێکی دیکە هەریەکێکیان نەهەست بەهاوسۆزی دەکەن لەگەڵ ئەوانیتردا نەهەست بەئێرەییو کینە دەکەن، بەکورتی بازنەی بایەخپێدانەکانی هەریەکێکیان تەنها بەدەوری ئامانجەکانیدایە.

تائێرە دیمەنەکە ئاشنایە، وێنەیەکی تری هەمان ئەو دیمەنەیە کە پێشترو لەلایەن تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو، کەسانی گفتوگۆکار لەتیۆری ڕاوڵزدا لەزۆر لایەنی جۆراوجۆرەوە دەشێت هەرخۆیانبن، ئەو مرۆڤانەی لەدۆخی سروشتیدا دەژیان کە جەنگو ئاژاوەو پشێوی لەخۆگرتووەو

ئەم دۆخە ناچاریکردون لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی بەو شێوەیەی فەیلەسوفانی پەیمانی کۆمەڵایەتی وێنایانکردووە پەیمانببەستن. تائێرە دیمەنەکە ئاشنایەو شتێکی ئەوتۆی شیاوی باسی بۆ تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی زیاد نەکردووە، ڕاوڵز جیاواز لەوان ڕەهەندێکی نوێ پێشکەشدەکاتو خۆی لەوەدا دەبینێت کە بەباڵاپۆشی نەزانی ناوزەدیکردووە، هەروەك دەبینین هەرکەسێك لەگفتوگۆکەرەکان ئەگەرچی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوانو قوڵ بن لەسەرجەم بوارەکاندا، بەڵام سەبارەت بەخۆی نەزانەو هیچ نازانێت، بەوشێوەیە هەریەکێکیان ئەگەرچی شارەزاو قاڵبێت بەیاساکانی فیزیكو زانستی ئابوریو تیۆرەکانی کۆمەڵناسیو دەروونناسی... هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ناوو تەمەنو ڕەگەزنامەی ئەو قۆناغە مێژووییەی تێیدا دەژی نازانێت، هەروەها هیچ لەتوانا عەقڵیو جەستەییەکانی نازانێت، هەموو ئەوەی لەبارەی خۆیەوە دەیزانێت بەچاوپۆشی لەناوو ڕەگەزو بیروباوەڕ، یاخود هەرشتێکی تر لەدیاریکراوە کەسێتیە تاکەکەسیەکان ئەوەیە کە مرۆڤە، هەروەها ئەوەش دەزانێت کە بەپێی زانیارییە گشتیەکانی ئەم مرۆڤە، کەواتە بێگومان دەبێت خاوەن ئامانج بێت، بەڵام بەشێوەیەکی دیاریکراو نازانێت ئەو ئامانجانە چین!!

ئامانجی ڕاوڵز لەزیادکردنی ڕەهەندی نوێ کە لەباڵاپۆشی نەزانیدا خۆدەنوێنێ گرەنتی بێلایەنی تەواوی پرۆسەی گفتوگۆو چارەسەرکردنە، بێئەوەی هیچ یەکێك لەگفتوگۆکەران هەوڵبدات لاکردنەوەی بۆ دۆخی کەسی خۆی بێت بەجۆرێك لەپێوەرەکانی جیادەکاتەوە پرەنسیپەکان بۆ ئەوانی تر دەخرێنەڕوو، لەبەرئەوەی گفتوگۆکەرەکان هیچ لەبارەی دۆخە تایبەتیەکانی خۆیان نازانن، ناتوانن پرەنسیپەکان لایەنگیرانە بۆ دۆخێکی تایبەتو دیاریکراو بخرێنەڕوو کە هەندێ لەسەر حسابی بەرژەوەندی هەندێکی تر سودمەندببن،



ئەمەش ترسە لەوەی لەوانەیە خۆی یەکێك نەبێت لەسودمەندەکان بەتایبەتی کاتێك باڵاپۆشی نەزانی دادەڕنرێتو ڕوندەبێتەوە کە ئەم دۆخە بەسەر خۆیدا جێبەجێنابێت.

ئەم دۆخەی گفتوگۆکەران خۆیانی تێدادەبینن ئەوەیە ڕاوڵز بە (دۆخی بنەڕەتی-The original position) ناوزەدی کردووەو تێیدا گروپێك بەیەکدەگەن هەریەکێکیان خاوەن دانایی گشتیو نەزانی تایبەتیە، وەك ئەوەی هەر یەکێك هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەدات، بەڵام لەئاستی جیاکردنەوەی خۆی لەوانی دیکە دەستەوسانە، لەسایەی ئەم دۆخەدا هیچ پەناگەیەك بۆ هەریەکێکیان نییە جگەلەوەی هەوڵبدات دەست بە ئەو پرەنسیپانەوە بگرێت، کە هیچ مرۆڤێك لەسەر حسابی ئەوانیتر پایەدارترو لایەنگیری نەکرێت لەوەدا کە هەر مرۆڤێك ئەتوانێت سودی لێوەربگرێت، لەلایەکیترەوە هەریەکێکیانو بەهۆی ژیرییەوە هەوڵی ئامادەباشی داهاتوو دەدات کاتێك پەچە لەسەر ڕویان لادەبرێتو ڕاستی بارودۆخەکە ڕوندەبێتەوە، کە دەشێت بارودۆخێکی خراپ بێت، لێرەوە گفتوگۆکەران دوای ئەوەی لەسەر پێویستی بێلایەنی پرەنسیپە پێشکەشکراوەکان ڕێکدەکەون، پاشان لەسەر پێویستی ڕەچاوکردنی ئەم پرەنسیپانە بۆ دۆخی خاوەن مافە ئاست نزمەکان لەکۆمەڵگەدا ڕێکدەکەون.

بەپێی سروشتی دۆخەکە گفتوگۆکەران لەخستنەڕووی پرەنسیپەکانی دادوەری لەمێژووی بیری سیاسیدا ئازادی ڕەهایان هەیە، تاوەکو لەناویاندا یاخود لەدەرەوەی ئەو پرەنسیپانە ئەوە هەڵبژێرن کە لەگەڵ ئەو دۆخو دیسپلینانەدا بگونجێت کە لەسایەیدا گفتوگۆدەکەن، بۆ نمونە دەتوانن سەیری دیدی (تراسیماخۆس) بکەن لە(کۆماری ئەفلاتون)دا کە دەڵێت: دادوەری بریتیە

لەکارکردن بەپێی بەرژەوەندی بەهێزترین یان خاوەن زۆرترین مافو جیاووکەکان، هەروەها ئەتوانن تێڕوانینی (نیچە) لەبەرچاوبگرن کەپێیوایە (خێر) لەبالاییپێکردنی ڕەگەزی مرۆییدایە، هەروەك چۆن دەتوانن ئەو تێڕوانینە بەهەند وەربگرن، کە بڕوایوایە بەهێزکردنو بەرجەستەکردنی دادوەری بەخۆگونجاندن لەگەڵ سروشتو ئاوێزانبوون لەگەڵیدا دەبێت، بەگوزارشتێکی دیکە یاساکانی دادوەری بریتین لەیاساکانی سروشت، لەگەڵ ئەوەدا هەروەك ڕاوڵز جەختدەکاتەوە هەموو ئەم تێڕوانینانە ڕەتدەکەنەوە، چونکە هیچ یەکێکیان پرەنسیپێك قبوڵناکات لایەنگیری باڵادەستو بەهێزەکان بکات لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی خۆیدایە کاتێك بۆی ئاشکرادەبێت خۆی لەچوارچێوەی لاوازو دواکەوتووەکاندایە، تا ئەوکاتەی هەریەکێکیان لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی بۆداهاتوو هەوڵدەدات ئەگەرچی لەوساتەدا سروشتی دۆخە تایبەتیەکەی خۆی نازانێت، بەڵام بەشێوەیەکی تەواوو بڕوایەکی پتەووەوە ئەو پرەنسیپانە ڕەتدەکاتەوە.

بەهەمان شێوە لەوانەیە ڕێبازی سودگەرایی گشتی بخەنە بەرباسو لێکۆڵینەوە، بەڵام وەك ڕاوڵز دەیبینێت زۆر بەخێرایی ڕەتیدەکەنەوە، چونکە ئەم ڕێبازە لەپێناو خۆشگوزەرانی گشتیدا ڕێگە بەچەوساندنەوەی هەندێك دەدات، تا ئەوکاتەی ئەم مرۆڤە بەو مەبەستەی کەسێکی عاقڵەو لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیدایە وەك هەموو لایەنەکانی تری دۆخی بنەڕەتی، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ڕێبازێك قبوڵبکات کە ڕۆژێك لەڕۆژان لەپێناو خۆشگوزەرانی گشتی یان هەربەرژەوەندییەکی دیکە ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی بکات.

بەمشێوەیە، دوای ئەوەی گفتوگۆکەران سەرجەم پرەنسیپە دادوەرییە پێشکەشکراوەکانو ئەو خێرە مەعنەویانە ڕەتدەکەنەوە، ئەوەش ڕاستیەکەو





گفتوگۆکەران بەباشیو بەپێی زانیاری گشتییان دەیزانن هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکراوە، سەرلەنوێ گفتوگۆکەران سەرجەم پرەنسیپەکانی دابەشکردن کە بیری ئابووریو سیاسی پەیپێبردوون دەخاتەڕوو، وەك چۆن هەرپرەنسیپێکی دابەشکردن کە لەسەر بنەمای لایەنگریو ڕەچاوکردنی چینێکی کۆمەڵگە لەبەرامبەر چینەکانی تری کۆمەڵگەو بەهەر پاساوو بیانویەك بونیادنرابێت ڕەتدەکاتەوە، بەهەمانشێوە هەریەکێك لەگفتوگۆکەران، ڕێبازی سودگەرایی گشتی وەك بناغەیەك بۆ دابەشکردن ڕەتدەکاتەوە، چونکە لەچوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا هەندێك لەتاکەکانو چینەکانی کۆمەڵگە ئەگەر ببێتە هۆی زیاتری خۆشگوزەرانی گشتی کۆمەڵگە وەك گشتێك لەبەشێك لەمافو خەسڵەت بێبەشدەکات یان پلەی نزمترو کەمتریان پێدەدات، لێرەوە تەنها پرەنسیپێك گفتوگۆکەران لەنێوان خۆیانداو لەم بوارەدا پێی ڕەزامەندبن، ئەوەیە یەکسانی تەواو لەدابەشکردنی سەرجەم شمەكو کاڵاو خزمەتگوزاریو ماف بەجیاوازی جۆرەکانیەوە دەسەلمێنێت.

لەگەڵ ئەوەدا بەحوکمی ژیرییان تێدەگەن چەندین جۆری جیاوازی جیاکاری لەبواری دابەشکردندا هەیە، کە دەکرێت سودمەندیی بۆ هەمووان هەبێت، بەتایبەتی بۆ خاوەن مافەکانی ئاستە نزمەکانی کۆمەڵگە، نمونەی ئەمەش وەك فڕۆکەی تایبەت بۆ گواستنەوەی پزیشكو برینپێچە بەئەزموونەکان دابینبکرێت، کە بواریياندەبێت ئەگەر پێویستیکرد بگەنە ناوچە دوورو چۆڵەکان بۆ فریاگوزاری نەخۆشو توشبووان لەکاتی گونجاودا.

بێگومان گفتوگۆکەران لەسەر ئەمجۆرە جیاکارییانە ڕەزامەندن، چونکە هەریەکێکیان ئەگەرچی گرەنتی نەبێت، ئەو پزیشکەکە دەبێت کاتێك نەزانی لێدادەڕنرێتو ڕاستی پێشبینیەکەی دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا -لەخراپترین



هەواڵنامەی کتێب

گریمانەدا- ئەگەری سودمەندبوونی لەم ماف و جیاکارییەی بەکەسانی دیکە دراوە لەئارادایە، بەتایبەتی لەدڵنیابوون و ئارامی دەرونی بۆ خێرایی فریاگوزاری ئەگەر پێویستی پێی هەبوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا پرەنسیپی دووەم لەپرەنسیپەکانی دابەشکاری دەکرێت بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە: (پێویستە ڕێکخستنی سەرجەم لایەنەکانی جیاکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری) بەشێوەیەك بێت کە:

أ- **دەبێت تا ئەوپەڕی بۆ خاوەن مافە ئاست نزمەکان سودمەندبێت.**

ئاڕاستە ڕەوشتی و سیاسیە ڕۆشنەکان، دەگەنە کۆمەڵێك پرەنسیپی دیاریکراو کە ئەو دۆخەی گفتوگۆی تێدادەکەن بەسەریاندا سەپاندویەتی، ئەو دۆخەی وەك بینیمان لەئەنجامی نەزانی بەبارودۆخی کەسی تیایدا ئازادی گفتوگۆکردن و هاوتایی هێز و بێلایەنی تەواو سیماکانیەتی، ئەم سیمایانە هەلی سەپاندنی پرەنسیپە بێهودەو نادیارەکان لەلایەن هەریەکێك لەگفتوگۆکەران بەسەر ئەوانیدیدا بەتەواوی ڕەتدەکەنەوە، لەبەرئەوە ڕاوڵز پرەنسیپە داتاشراوەکانی ئەم دۆخە ناودەنێت (دادوەری وەك ڕەوایەتی).

ئێستا ئەو پرەنسیپانە چین لەسایەی مەرجەکانی دۆخی بنەڕەتیدا گفتوگۆکەران پێیدەگەن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەتێڕوانینی (ڕاوڵز)دا گەیشتنە بەدوو پرەنسیپی بنەڕەتی، یەکەمیان پابەندی ئازادییە، بەو پێودانگەی ئازادی باڵاترین خێرو چاکەیە، تەنها میکانیزمە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بێ لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەو ئامانجانە، هەروەها لایەنەکانی دۆخی بنەڕەتی زۆر مکوڕن لەسەر گرەنتیکردن و دەستخستنی زۆرترین ڕێژەی ئازادی بۆ هەمووان، تاوەکو بتوانن پلانی ژیانیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی ئەو پلان و نەخشەیە بهێننەدی، بۆیە پرەنسیپی یەکەم بەمشێوەیە دەبێت: "مافی هەموو کەسێکە خاوەنی



زۆرترین ڕێژەی ئازادی بێت"، بەڵام گەورەترین ڕێژەی ئازادی بەخشراو بەکەسێکی دیاریکراو لەوانەیە لەگەڵ مافی کەسێکیتردا کە هەمان مافی لەگەورەترین ڕێژەی ئازادی هەیە بەریەکبکەون، لەبەرئەوە داڕشتنی وردکارییانەی ئەم پرەنسیپە دەبێت بەمجۆرەبێت: "هەموو کەسێك لەچوارچێوەی ئازادییە بنەڕەتیە هاوتاکاندا مافی هاوتای هەیە و بەمشێوەش لەگەڵ ئازادییە هاوشێوەکانی هەمووان‌دا دەگونجێت".

گفتوگۆکەران لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی داڕشتنی پرەنسیپی یەکەم کە تایبەتبوو بە دابەشکردنی ئازادیی، داڕشتنی پرەنسیپی دووەم دەستپێدەکەن کە پابەندە بە دابەشکردنی خێرە سەرەتاییەکانی دیکە، ئەمەش کارێکی سروشتییە کە ناوازەیی و دانسقەیی ئەو خێرانە دەیخوازێت، چونکە جیهان دەرفەتی گونجاو نابەخشێتە مرۆڤ تاوەکو پێویستیەکانی تێربکات، گەروابووایە هەرگیز گرفتی دابەشکردن دەرنەدەکەوت، بەڵام واقیع لەبواری خێرە ماددییەکان یاخود لەبواری هەل و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا شتێکی ترە.

ب- **گشت پۆست و پێگەکراوەکان بۆ هەمووان لەسایەی هەلی هاوتادا پەیوەست بێت.**

ڕاوڵز لەخستنەڕووی ئەو دۆخەی گفتوگۆی تێدادەکرێت، بڕیاردەدات گفتوگۆکەران دوای ئەوەی هەردوو پرەنسیپەکە هەمواردەکەن، هەوڵدەدەن جیاکاری لەئازادیدا بکەن، کە لەهەندێك باری تایبەتیدا سودی مادی بۆ خاوەن مافە کەم و نزمەکان بەدیدەهێنێت ئەمە لەچوارچێوەی پرەنسیپی دووەمدا ڕێگە پێدراوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەوجۆرە لەجیاکاری پرۆتستۆدەکات بەبڕیاری ئەوەی گفتوگۆکەران پێشخستن و بەیەکەمگرتنی پرەنسیپی یەکەم لەبەرامبەر پرەنسیپی دووەم ڕادەگەیەنن، بەجۆرێك ناشێت هیچ شێوازێکی تایبەت بۆ

پرەنسیپی یەکەم یاخود سنوردارکردنی ئەحکامەکانی کە بەدەوری ئازادیدا دەسوڕێتەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی هەر تایبەتمەندییەکی مادی ئەنجامبدرێت.

هەروەك ڕاوڵز جەختدەکاتەوە تەنها بیانویەك بۆ سنوردارکردنی ئازادیی خودی ئازادی خۆیەتی، بەشێوەیەك ناشێت ئازادی کەسێك سنورداربکرێت تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەسنوردارکردنی بەدیهێنانی فراوانترو هەمەلایەنی ئازادی گشتی لێبکەوێتەوە.

ئەم بایەخپێدانە یەکەمینە ڕەهاییەی ڕاوڵز بۆ پرەنسیپی یەکەم بڕیاری لێدەدات پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە تیۆرییەکەیەوە هەیە لەخێرە سەرەتاییەکاندا، لەنێوان سەرجەم ئەو خێرە سەرەتاییانەدا جۆرێکیان پێگەیەکی تایبەتی هەیە کە لەجۆرەکانی تری جیادەکاتەوە، ئەو جۆرەش بریتییە لەڕێزگرتنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی، خۆ ئەگەر بۆ ئازادی بگەڕێینەوە بینیمان بایەخ و گرنگیەکەی تەنها ئەوەنییە لەڕێگەیەوە دەتوانین پلانی ژیانمان بەدیبهێنین، بەڵکو لەئاستی یەکەمدا گوزارشتێکی پراکتیکیە لەڕێزگرتنی خودی مرۆڤایەتی، بۆیە هیچ کەسێك لەگفتوگۆکەران ناتوانێت ڕەزامەندی لەسەر پرەنسیپێك دەربڕێت کە لەئازادییەکانی کەمدەکاتەوە، چونکە ئەمە دواجار کەمکردنەوەی توانای گوزارشتکردنە لەسروشتی مرۆیی خۆی بەو پێودانگەی بونەوەرێکی ئازادەو بەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێزگرتنی خۆی.

لێرەوە پرەنسیپی یەکەم وەك کۆتێکی ڕەها دەبێتە پێکهێنەری دامەزراوەو ڕوەکانی چالاکی بەکۆمەڵ ، لەسنوری ئەم کۆتەدا کارەکانی پرەنسیپی دووەم کە ڕاوڵز بە پرەنسیپی ڕۆشنی ناوی دەنێت، دەکرێت، هەروەك بینیمان ڕوەکانی ڕۆشنی (جیاکاری) لەدابەشکردن دادپەروەرانە نابێت، تەنها ئەگەر نەبێتە هۆی سودمەندبوونی خاوەن مافە کەمو ئاست نزمەکان، لەتیۆری ڕاوڵزدا ئەوەی ئەو





بڕوایەمان لادروستدەکات، کە لایەنەکانی ڕۆشنی ڕێگەپێدراو سودمەندیی هەمەلایەن بۆ سەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش نەك تەنها سەبارەت بەخاوەن ماف و جیاووکە نزم و کەمەکان، بەڵکو بەشێوەیەك بڕیاردەدات (ئەو بەشدارییانەی خاوەن ماف و جیاووکە باڵاکان ئەنجامیدەدەن، دواجار شوێنەوارەکانی بڵاودەبێتەوەو دەگاتە خاوەن ماف و جیاووکە کەم و نزمەکان، بەمشێوەیە دواتر هەموو پێکهاتەکانی دەکەونە ئەم نێوەندەوە سودمەند دەبن).

ئەوەی ڕاوڵز لێرەدا بڕیارلێدەدات بایەخێکی زۆر گەورەی نییە، چونکە ئەوەی گفتوگۆکەران لەو دۆخە بنەڕەتیەدا هاندەدات تاوەکو ڕەزامەندی لەسەر پرەنسیپی ڕۆشنبیری دەربڕن ترسی هەریەکێکیانە لەوەی یەکێك لەخاوەن کەمترین مافەکان بێت، نەك ئارەزوومەندی بێت بۆ سودمەندبوونی هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە.

ئەم دوو پرەنسیپە کە ڕاوڵز لەدۆخی بنەڕەتی هەڵیگۆستوون و بە پلەی یەکەم گرتنی پرەنسیپی یەکەم لەبەرامبەر پرەنسیپی دووەم، کە ناوەڕۆکی تیۆری ڕاوڵز دەربارەی دادوەری بۆی زیادکردووە، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی ڕاوڵز ئەم دوو پرەنسیپە وەك دووڕاستی سەلمێنراو کە هیچ گومانێك هەڵناگرن پێشکەشناکات، بەمانایەکی دیکە وەك ڕاستیگەلێك کە سروشتێکی لەپێشینەیان هەیە نایخاتەڕوو، بەڵام بەوپێیە دەیخاتەڕوو پرەنسیپگەلێکن ئەکرێت ئەگەر بەخواستی هەستەوەرە سروشتیەکانمان لەبواری دادپەروەری بەراوردبکرێت مایەی ڕەزامەندیبن، لەلایەکیترەوە ئەمانە پرەنسیپگەلێکن، ئەگەر ئەوەمان پشتڕاستکردەوە کە مەرجەکانی دۆخی بنەڕەتی ئەو مەرجگەلە تەندروستەن بۆ داتاشینی پرەنسیپەکان بۆ دادوەری تەواون، پێویستە مایەی ڕەزامەندیبن.



هەواڵنامەی کتێب

لەلایەنی دووەمەوە تێبینیدەکرێت تواناو دەسەڵاتی دۆخی بنەڕەتی تەنها لەداتاشینی پرەنسیپەکانی دادوەریدا کورتنابێتەوە، بەڵکو لەدیدی ڕاوڵزدا دەکرێت زیاتر لەدۆخێکی بنەڕەتی دیزاینبکرێت، بەشێوەیەك هەریەکێکیان لەسایەی مەرجە دیاریکراوەکانیدا بۆ داتاشینی فەزیلەتێك لەفەزیلەتە ئاکاریو ڕەوشتییەکان شیاوە، بەمجۆرە تیۆری دۆخی بنەڕەتی کە ڕاوڵز لەپێناو داتاشینی پرەنسیپەکانی دادوەری بەکاریدەهێنێت بەشێکە لەتیۆرێکی بایەخدارتر لەبناغەکانی هەڵبژاردنی ژیرانە.

لەڕاستیدا وردبوونەوەی بەهێزی ڕاوڵز لەبناغە عەقڵانیەکان لەفەزڵپێدان لەنێوان پرەنسیپە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە ئەو پرەنسیپانەی مرۆڤ لێیان ڕازییەو پێیوایە پێوەیان پابەندە، میتۆدی (کانت)مان بیردەخاتەوە دەربارەی (کاری ڕەها-Categorical imperative)، کاری ڕەها لای کانت پرەنسیپێکە لەسروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، بەوپێیەی بونەوەرێکی ژیرو خاوەن ویستی ئازادە، ئەمەش بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا پراکتیزە دەبێت، چونکە هاوشێوەنو لەبونەوەرو دروستکراوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە.

شیاوی تێبینیکردنە دیارترینو بایەخدارترین ئەو ڕەخنانەی لەم بارەوە ئاڕاستەی کانت کراون بریتیە لەکاری ڕەها کە ئاماژەی بۆ دەکاتو تایبەتمەندییەکانی دیاریدەکات، بەڵام بەدیاریکراوی بۆمان ڕونناکاتەوە کامانەن ئەو پرەنسیپە کرداریانەی ئەو تایبەتمەندیو خەسڵەتانەی بەسەردا جێبەجێدەبێت، واتە بەمانایەکی دیکە کاری ڕەهای کانت ئەوەمان بۆ دیاریدەکات کە چیمان لەسەرە لەواقیعدا جێبەجێبکەین.

ئەمە ئەو لایەنەیە ڕاوڵز توانیویەتی خۆی لێ ڕزگاربکات، دۆخی بنەڕەتی لەناوەڕۆکدا چەمکێکە بەشێوەیەکی تایبەت ڕونیدەکاتەوە کامانەن ئەو



پرەنسیپانەی مرۆڤگەلێك هەڵیاندەبژێرن کە بەعاقڵیو ویستی ئازاد دەناسرێنەوە، بەمشێوەیە لەکاتێکدا ژیری پوختە لای کانت بە پرەنسیپە ڕەوشتیەکان پاڵپشتیو بەهێزماندەکات، لای ڕاوڵز ئەم پرەنسیپانە لەپرەنسیپەکانی دادوەریدا خۆدەنوێننو لەو بەراییە دیاریکراوانەوە داتاشراون کە لەدۆخی بنەڕەتیدا ڕەنگیداوەتەوەو لەگەڵ فاکتەرگەلێکی زۆری وەك ڕاستیە سایکۆلۆجیەکانو کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان لەڕەوتی ناوازەییو خواستە ڕکابەرەکاندا ئاوێتەبووە، بەمشێوەیە ڕاوڵز لەسروشتی ژیرانەی پوخت کە کانتی پێدەناسرێت دورکەوتەوە، لەکاتێکدا تیۆرەکەی لەقوڵایی خۆیدا هەمان ئەو سۆزە کانتیەی دووبارەدەکردەوە.

دوای ئەوەی ڕاوڵز بەپێشخستنی ئازادی لەچەسپاندنی هەردوو پرەنسیپەکەی پێشووی تەواودەبێت، دواجار بۆ چۆنیەتی داڕشتنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەبەررۆشنایی ئەو پرەنسیپانەدا، بەوپێیەی دینگەو کۆڵەکەی سەرەکی تیۆریی هەر دەزگایەکی دادپەروەرە، دەگوازرێتەوە، دروستە ئەم پرەنسیپانە وردەکاری سستمی کۆمەڵایەتیمان بۆ دیاریناکەن، بەڵام سکێچی گشتیمان پێدەدات کە پێویستە لەسایەیدا سەرجەم وردەکارییەکان بسوڕێنەوە، بۆ نمونە سنوری خاوەندارێتی کەرتی گشتی یان تایبەتی بۆ ئامێرە بەرهەمهێنەرەکان دیاریناکات، بەڵام ئەوەمان بۆ دیاریدەکات چ کاتێك ئەم خاوەندارێتیە ئەگەر هەرشێوەیەك بێت بۆ پرەنسیپەکانی دادوەری بێبەرامبەر دەبێت. هەروەك چۆن ئەوەشمان بۆ دیاریدەکات چ کاتێك دەزگا کۆمەڵایەتیەکان دەبنە لەمپەر لەبەردەم بەدیهاتنی ئامانجی تاکەکان لەژیانداو کەی هێزێکی پاڵنەری ئەم ئامانجانە دەبن.

لەم بوارەدا تێبینیدەکات کە هەڵسەنگاندنی سیستمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەتەواوی لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی پرەنسیپەکانی دادوەری



هەواڵنامەی کتێب

پێهەڵدەسەنگێنرێت هاوسەنگ دەبێت، بۆیە دوای دەستبەتاڵبوونی گفتوگۆکەران لەهەڵبژاردنی پرەنسیپەکانی دادوەری و ڕێککەوتن لەسەریان، قۆناغێکی نوێ لەگفتوگۆکردن دەربارەی سیستمی کۆمەڵایەتی نمونەیی دەستپێدەکات و لێرەوە باڵاپۆشی نەزانی بەشێوەیەکی بەشەکی هەڵدەگیرێت و بەرێژەی تواناکانیان لەپێناو هەموارکردنی دەستورو دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت و ئازادییە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتیان کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەی لەم دۆخەدا زانیاری گشتی و ئەبستراکت هیچ سودێکی نابێت، لەکاتێکدا داڕشتنی دەستور بۆ هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێت بڕێکی دیاریکراو لەزانیاری تەواوی وەك دۆخی سروشتی و سەرچاوە بەردەستەکان و ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و ئابوری و سروشتی سیاسی باوو ...هتد هەبێت، تاوەکو لەسایەیدا داڕشتنەکە تەواو بکرێت، هەروەها پێویستە باڵاپۆشی نەزانی هەڵبگیرێت بەشێوەیەك هەموو زانیارییەکی پێویست لەو کۆمەڵگەیەی دەستوری بۆ دادەڕێژێت بۆ گفتوگۆکەران ئاشکرابێت، لەبەرئەوەی هێشتا لەگەڵ ئەوزانیاریانەدا لێڵی و تاریکی ڕێگرە لەبەردەم گفتوگۆکەراندا. بەوشێوەیە گفتوگۆکەران لەبەر ڕۆشنایی هەردوو پرەنسیپەکەی پێشوو دەستبەداڕشتنی دەستور دەکەن، بەوجۆرە گرەنتی ئەوە دەکرێت سەرجەم یاساکان گونجاوو ڕێك لەگەڵ ئەحکامەکانیان بڕۆن، هەروەها ئەو دەستورە لەسروشتی خۆیدا بەچڕوپڕی و بنەڕەتی جەخت لەسەر گرەنتیکردنی ئازادی فیکرو ویژدان و ئازادی کەسی و مافە سیاسیە هاوتاکان دەکاتەوە.

لەمبارەدا ڕاوڵز مەبەستی نییە داڕشتنی دەستورەکان لەلایەنی واقیعیەوە بەمجۆرە بێت، بەڵکو هەردوو پرەنسیپەکەی لەدادوەریدا بەشێوەیەك دەخاتەڕوو کە دەتوانین هەر دەستورێکی واقیعی لەبەر ڕۆشنایی ماوەی نزیکی یان دووری لێیانەوە دابڕێژین.



کاتێك گفتوگۆکەران لەداڕشتنی دەستور تەواودەبن قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکەن، لەم قۆناغەدا گفتوگۆکەران دەبنە داڕێژەرانی یاساو دەست بەهەموارکردنی یاسا دەکەن، ئەگەر لەقۆناغی پێشوو دەستوریان داڕشت و پابەندبوون بەهەردوو پرەنسیپی دادوەری، ئەوا لەم قۆناغەدا یاساکان هەمواردەکەن و بە هەردوو پرەنسیپە دادوەرییەکەو دەستوریشەوە پابەندن، جارێکیتر باڵاپۆشی نەزانی پلەیەکی دیکە هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی لەدۆخی بنەڕەتیدا زانیاری نوێ سەبارەت بەو کۆمەڵگەیەی بەهەموارکردنی یاساکان هەوڵی ڕێکخستنی دەدرێت، بەدەست بکەوێت و ڕێژەی پێویست لەهەموارکردنی یاسا بۆ بەشداربووان ئاشکرا بکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەدا زانیاری و داتا کەسییە تایبەتەکانی ئەوان بەشاراوەیی لەم قۆناغەدا دەمێنێتەوە، ئەمەش لەپێناو گرەنتیکردنی بێلایەنی تەواوە لەمیانەی پرۆسەی یاسادانانەدا.

بەهەمانشێوە لەم قۆناغەدا تێبینیدەکرێت بەشداربووان لەدۆخی بنەڕەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەپرەنسیپی دووەم یان پرەنسیپی ڕۆشنی دەبەستن، هەروەها هەوڵدەدەن یاساکان لەبوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوڕێك و گونجاو لەگەڵ خواستەکانی ئەم پرەنسیپەدا بڕۆن، بەگوزارشتێکی دیکە بەهەموارکردنی یاساکان مەبەستیانە ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەك بەدیبهێنن کە ئاواتی خاوەن مافە کەم و نزمەکان بەخاوەن مافە بەرزو باڵاکان بگەیەنێت، بۆیە هەموو ئەو یاسایانەی لایەنگیری بۆ خاوەن پێگە باڵاکان هەیە، وەك یاسای نادادپەروەرانە دوردەخرێنەوە، مەگەر ئەو یاسایانە شایانی ئەوەبن سودێکی دیاریکراو بهێننە ئاراوە سەبارەت بەخاوەن مافە کەم و نزمەکان بگاتە دوورترین، لەمەوە دەکرێت ڕاوڵز بەیەکێك لەوانەی بڕوایان بەیەکسانی هەیە لەقەڵەمبدەین، بەڵام بڕوای بە یەکسانی بڕوایەکی بەستوونیەو هەروەك

بینیمان بەمەرجگەلێکی دیاریکراو سازش لەبانگەشەی یەکسانی دەکات، بەگوزارشتێکی دیکە پەنا دەباتەبەر دانوستاندن لەسەر سازشکاری لەخواستەکانی یەکسانی، جگەلەوەی لەپێناو خۆشگوزەرانی گشتی هەروەك هەوادارانی ڕێبازی سودمەندیی گشتی دەیکەن، دانوستاندن ئەنجامنادات، بەڵام وەك ڕونمانکردەوە لەپێناو بەرژەوەندی خاوەن مافە کەمو نزمەکان دانوستاندن دەکات.

هەروەها دەتوانین ڕاوڵز وەك یەكێك لەهەوادارانی دابەشکردنەوە دابنێین، ئەو بڕوای بەوە نەبوو کاری حکومەت لەپاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتیدا کورتبکرێتەوە، بەڵکو زیاتر لەوەو دەگاتە بەدیهێنانی دادوەری دابەشکاری بەجۆرێك بەرژەوەندی ئەو چینانەی زۆرترین هەژاریو پێویستیان هەیە لەکۆمەڵگەدا لەبەرچاوبگرێت.

ڕاوڵز بەتەواوی درکی بەوە کردووە جیامەندیو جودایی لەتایبەتمەندی تاکەکەسیدا هەیەو ناتوانرێت بەکەمبگیرێت، چونکە سروشت هەمان تایبەتمەندی جەستەییو ژیری نابەخشێتە هەموو مرۆڤەکان کە بەمرۆڤێکی بەخشیووە، سەرەڕای ئەوەی ناتوانرێت ئەو جوداییانە ڕەتبکرێنەوە یان سنوردارو لەقاڵببدرێن، بەڵام دەکرێت ئەو کاریگەریو شوێنەوارانەی لێیدەکەوێتەوە سنوردارबکرێتو لەقاڵببدرێت، بەشێوەیەك بەدبەخترین کەس کەسروشت بڕێکی گەورەی لەبەهرەو تواناکانی لێگرتونەتەوە بتوانن لەداهێنانی بەهرەمەندانو سەرکەوتووان سودمەندبن، بێگومان ئەم تیۆرە لەو کۆمەڵگایانەی بڕوایان بەئابووری ئازاد هەیەو لەسەر بنەمای ڕێگەپێدانی تاکەکانی بەبونیادنانی پرۆژە بەئازادی دامەزراون نامۆیە، لەهەمانکاتدا لەکۆمەڵگە کۆمۆنیستیو سۆسیالیستیەکانیشدا کە سەربەخۆیی تاکەکەس لەبەرژەوەندی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ڕەتدەکاتەوە نامۆیە.



ئامانجی یەکەمی سیستمی کۆمەڵایەتی بەدیهێنانی دادوەرییە، ئەم لایەنە لەو یاسایانەی لەڕوانگەی ڕێبازی سودگەرایی گشتی دادەڕێژرێنو ئامانجی بەدیهێنانی زۆرترین ڕێژەی بەختەوەرییە بۆ کۆمەڵگە وەك گشتێك کەفالەت ناکرێت، لێرەوە ڕاوڵز دوو خەسڵەتی ئاشکرای تیۆرەکەی لەڕووبەڕووبونەوەی ئەم ڕێبازەدا تۆماردەکات، یەكێك لەو خەسڵەتانە ئەوەیە هەردوو پرەنسیپی داتاشراوی تیۆرەکەی ڕەنگدانەوەی حەدەسی سروشتیمانە سەبارەت بەوەی لەهەرپرەنسیپێکی داتاشراوی ڕێبازی سودگەرایی دادپەروەرانەترە، هەروەها لەڕووی ئاکاریو ڕەوشتییەوە تیۆرەکەی باڵادەستی خۆی بەسەر ئەم ڕێبازەدا یەکلاییکردۆتەوە، بەڵام خەسڵەتی دووەمی تیۆرەکەی پێشکەشکردنی پێوەرێکی ئاسانی ڕوونە بۆ بەراوردکاری نێوان سیستمو دامەزراوە جیاوازەکان، واتە ڕووبەڕووی هەمان ئەو گرفتانە نابێتەوە کە زۆربەی کات ڕێبازی سودگەرایی گشتی لەجیاکاری نێوان سیستمێكو یەكێکیتر یاخود سیاسەتێكو یەكێکیتردا دووچاریان دەهاتەوە، بۆ نمونە گەر وادابنێین جیاکاری نێوان سیاسەتی (أو ب)دەکەینو سیاسەتی (أ)بڕێك لەسودمەندیی بۆ ژمارەیەك تاکەکەسەکان زیاتر لەوانەی لەسیاسەتی (ب) سودمەنددەبن بەرجەستە دەکات، لەگەڵ ئەوەدا بڕی ئەو سوددمەندییەی تاکەکەسێك لەسودمەندانی سیاسەتی (ب) بەدەستیدەهێنێت زۆرگەورەترە لەو بڕە سودمەندییەی هەموو تاکێك لەسودمەندانی سیاسەتی (أ)، بەوشێوەیە لەکاتێکدا سیاسەتی (أ) سودمەندییەکەی ژمارەیەکی زۆرتر لەخەڵك دەگرێتەوە، بەڵام سیاسەتی (ب) بڕێکی گەورەتر لەسودمەندیی بۆ هەریەك لەسودمەندان بەدیدەهێنێت، لێرەوە سەرەڕای ئەوەی ڕێبازی سودگەرایی گشتی هەردوو پێوەرەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە پێوەری (زۆرترین ژمارە) لەگەڵ پێوەری (گەورەترین ڕێژە) دژی یەکدی دەبنەوە، بەڵام سەبارەت

بەتیۆرییەکەی ڕاوڵز هەموو ئەوەی لەم دۆخەدا پێویستمانە ئەوەیە چاودێری شوێنەواری هەردوو سیاسەتی (أ و ب) بکەین‌و ئەوەی دەکرێت لەئەنجامی هەرسیاسەتێك سەبارەت بەخاوەن مافە یەکەمەکان‌و تەنها لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا توانای جیاکاری نێوانیانمان دەبێت.

ئەگەرچی تیۆرەکەی ڕاوڵز لەزۆربەی ئەوگرفتانەی ڕێبازی سودگەرایی گشتی دەرباز بوبێت، مانای ئەوە نییە توانیویەتی خۆی لەتیرو توانجی ڕەخنەگران دەربازبکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕوبەڕوی ڕەخنەگەلێکی زۆر بۆتەوەو ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەزیادبوندا بووە، کە دەکرێت لەسێ ئاستدا کۆبکرێتەوە، یەکەمین ئاستی ڕەخنەگرانە پابەندی دۆخی بنەڕەتی‌و نەزانی گفتوگۆکەرانە بە بارودۆخ‌و ئەو کەشەی تێیدا دەژین، گرنگترین نمونەی ڕەخنەکانیان لەم ئاستەدا ئەوەیە زۆرێك لەڕەخنەگران پێیانوایە ئەو بالاپۆشی نەزانییە بەتەواوی گفتوگۆکەران لە گفتوگۆکردن دەستەوساندەکەن‌و دواجار لەگەیشتن بەهەر ئەنجامێك یاخود گەڵاڵەکردنی هەر بڕیارێك دەستەوساندەبن، ئەگەر بۆ ئاستی دووەمی ئاستە ڕەخنەییەکان بگوازینەوە، ئەوەیە ئەو جەدەلە قبوڵبکەین کە توانایی گفتوگۆکردن لەسایەی مەرجە پێشکەشکراوەکاندا بونیادنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا سکاڵاکان لەبارەی ڕێگاکانی گفتوگۆکردنەوە هەروەك ڕاوڵز خستویەتیەڕوو دەوروژێنرێن، گەر بەو جەدەلە تەسلیم بەتوانای گفتوگۆکردن ببین ئەوا هەرگیز شتێك نییە ئەوە بسەپێنێت -هەروەك زۆر لەڕەخنەگرانی ڕاوڵز دەیبینن- **کە** گفتوگۆکەران بەلایەنی وریایی‌و حەزەرکردن پابەندبن‌و هەریەکێکیان شوێن ئەو پرەنسیپە بکەوێت کەچاودێری بارودۆخی خاوەن مافە کەم‌و نزمەکانی-لەترسی ئەوەی کاتێك بالاپۆشی نەزانی لەسەر چاوی لادەبرێت‌و بەڕاستێتی دۆخەکەی ئاشنا دەبێت خۆی یەکێك بێت لێیان- لەسەر





پێویستدەکات، بەڵێ هەرگیز شتێك نییە پابەندی‌و پەیوەستی گفتوگۆکەران بەم پرەنسیپەوە بسەپێنێت، بەڵکو پابەندی ستراتیجی دیکە دەبن کە بانگەشە بۆ بڕێك لەجەربەزەیی یاخود بۆ تێکەڵێك لەجەربەزەیی‌و وریایی دەکات، پابەندبوون بەم ستراتیجە نوێیانەوە دەگەنە کۆمەڵێك ئەنجامی جیاواز لەدوو پرەنسیپەکەی دادوەری ڕاوڵز کە لەمیانەی ستراتیجی وریایی‌و ئاسایش پێیدەگەن.

ئەگەر بچینە ئاستی سێیەم لەئاستەکانی ڕەخنەگری‌و ئەو جەدەلە قبوڵبکەین -هەروەك ڕەخنەگرانی ئەم ئاستە دەڵێن- لەمەرجەکانی دۆخی بنەڕەتی، هەروەها وەك ڕاوڵز خستویەتیەڕوو بەئەو ستراتیجەی گفتوگۆکەران پابەندنپێوەی ڕەزامەندبین، دواتر بەو جەدەلەش کە ئەم دوو پرەنسیپە ئەوانەن گفتوگۆکەران لەپێویستیدا پێیدەگەن تەسلیمبین، ئەگەر هەموو ئەمانە قبوولبکەین، لەگەڵ هەموو ئەوەدا بڕێك لەگومان هەیە لەوەدا ئایا ئەم دوو پرەنسیپە لەڕووی کردارییەوە لەگەڵ هەستە سروشتیەکانماندا سەبارەت بەوەی دادوەرییە هاوشێوەن، ئەمە ئەوەیە زۆر لەمرۆڤەکان لەناخیانەوە هەستناکەن کارکردن لەپێناو بەرژەوەندی چینەکانی خوارەوە جۆرێك لەدادوەری بێت، هەروەها پێچەوانەکەشی جۆرێك لەستەم بێت، کاری لەمجۆرە تەنها وەك تێڕوانینێك دەمێنێتەوە کە شیاوی وەرگرتن‌و ڕەتکردنەوەیەو لەناخماندا نابێتە ئەو بیروباوەڕە پتەوە سەبارەت بەدادوەری‌و ستەمکاری، وەك ئەوەی سزادانی بێتاوانان ستەم‌و سزادانی تاوانکاران دادوەری بێت.

ڕاستیەکەی ڕاوڵز بەتەواوی بایەخی ئەم لایەنەی سکاڵاو ڕەخنە دەزانێت، بەڵکو (تیۆرێك دەربارەی دادوەری) هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی بەشێکی گەورەی ئەو سکاڵایانەی لەساڵی ١٩٥٨دا لەبارەی وتارە بەناوبانگەکەی (دادوەری بەوپێیەی

خۆدارِنینە لەنارِەوایەتی) وروژێنرا، ئەم وتارە دەستپێکی یەکەمی ئەم تیۆرە بوو دواتر لەمیانەی ژمارەیەك لەوتارو لێکۆڵینەوە پەرپێپێداو لەساڵی (١٩٧٢) لە دوتوێی کتێبێکی گەورە بەناوی (تیۆرێك دەربارەی دادوەری) بڵاویکردەوە.

ئەگەرچی ئەم دانراوە بەردەوام لایەنی ڕەخنەیی لەبارەی خۆی وروژاندووە، ئەو ڕەخنانەش چەند لەشوێنی خۆیانو دروست پێکابێتیان، هێشتا ئەمە بۆ ڕاوڵز دەمێنێتەوە، کە بۆ یەکەمجار میتۆدێکی نوێی بوێری لەلێکۆڵینەوەی گرفتە ڕەوشتیو سیاسیەکاندا پێشکەشکرد، هەروەها سەرەڕای هەموو شتێك ئەم دانراوەی بەدرێژایی سەرجەم مێژووی فەلسەفەی ڕەوشتیو سیاسی وەك یەکێك لەشاکارە مەزنەکان دەمێنێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بینیە دێتۆ کرۆچە و تیۆری مێژوو لەئیتالیا

ن: ار.جی. کالینگود

و.لەفارسیەوە: وریا فائق احمد

## ئیتالیا و تیۆرییەی مێژوو نامەکەی کرۆچە لەساڵی ١٨٩٣.

### ١- نامەکەی ساڵی ١٨٩٣ی کرۆچە:

ئەگەرچی، دەوڵەمەندی فەلسەفەی نوێی ئیتاڵیا چ لەڕووی نوسەری لێهاتوو چ لەڕووی هەمەڕەنگی دیدگا جیاوازەکانەوە، کەم ڕەنگترە بە بەراورد بە فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەتایبەت ئەگەر بێتو قسە لەسەر ئەو بەرهەمانە بکرێت کە لەمەڕ (تیۆری مێژوو) نووسراون، ئەوا بەراورد ناکرێت بە بەرهەمەکانی ئەڵمانیا.

بەڵام، بەرخوردی بیری ئیتاڵیا لەگەڵ بابەتە مێژووییەکان لەچاو فەرەنسادا





لەپێشترە، چونکە بیری ئیتاڵی راستەوخۆ دەست و پەنجە لەگەڵ خودی بابەتەکەدا نەرمدەکات و لەچوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا وەریدەگرێت. جگەلەمە، فەلسەفەی نوێی ئیتاڵیا وەك کاتی دەستبەکاربوون، تازیانەی بەسەر ئەڵمانیاوە هەیە، ئەگەر سەرنج بدەین (خزمەتی بەرهەمە مێژووییەکان) لە ئەڵمانیا بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە، بەڵام لەئیتاڵیا دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگارێکی زووتر (سەردەمی نیکۆلا مێکیا ڤیللی، هەندێك دەڵێن سەردەمی پیترادك).

لەسەدەی نۆزدە بەدواوە ڕابەرانی بیری نوێ لە ئیتاڵیا لەهەوڵی بونیادنانی (سونەتێکی فیکری پتەو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی) بوون. دواتر بەفراوانی و هەمەڕەنگی و بنەماداری ئەم (سونەتە) کاریگەری خۆی جێهێشت بەسەر زمان و چۆنێتی بیرکردنەوەی ئیتاڵییەکان. ئاستی ئەم کاریگەریە بەجۆرێك دەرکەوت، جێگەی خۆی لەقوڵایی شارستانی ئیتاڵیدا کردەوە.

(بینیە دیتۆ کرۆچە)، لەساڵی (١٨٩٣) و لەتەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا یەکەمین نامەی خۆی لەسەر (تیۆری مێژوو) نووسی، ئەگەرچی (کرۆچە) مێژوونوسێك بوو لەپلەی نایابدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری بیری فەلسەفی نوێی ئیتاڵیا بەسەر بەرهەمەکانیەوە دیاربوو. لەبەرهەمەکانیدا بەئاشکرا دەتوانرێت هەست بەم کاریگەریە بکرێت.

ناونیشانی نامەکەی کرۆچە (مێژووی پوخت بەتێگەیشتنی هونەر) بوو. ئەو پرسەی کە ئاخۆ مێژوو زانستە یاخود هونەر؟ بەتایبەت لەئەڵمانیا بو بەمایەی مشتومڕ و لێکۆڵینەوە، ئەو وەڵامانەی لە ئەڵمانیادا بەدەستهاتن بەزۆری ئاماژەبوون بۆ (زانستبوونی مێژوو) یاخود (مێژوو زانستە). لێرەدا پێویستە ئەوە بەیاد بێنینەوە کە (ڤیندل باند) تاوەکو ساڵی (١٨٩٤) رەخنەی ئەو وەڵامانەی نەکردبوو، (ڤیندل باند) و (کرۆچە) لەزۆر رووەوە لەیەك دەچن،



هەواڵنامەی کتێب

بەلام ئەوەی راستی بێت کرۆچە هەر لەسەرەتای ژیانی پیشەیی و فیکریدا، وەك فەیلەسوفێکی بیرمەند زیاتر نێوبانگی رۆیشتبوو، هەروەها بە بەراورد بە (باند) بیرو ئەندێشەی کرۆچە زیاتر دەچووە ناوخنی بابەتە واقعییەکانەوە (راستی بینراو).

کرۆچە لەشیکردنەوە و روونکردنەوەی (چەمکی هونەر)ەوە دەستیپێکرد. ئەو، ئەوەی خستەڕوو، کە هونەر میکانزمی مامەڵەکردنی چێژی هەستەکان نییە[1]، بەرهەم هێنانەوەی واقعی سروشتیش نییە[2]، هەروەها بەهرەبردن نیە لەیاساکانی (پەیوەندی رووخساری) (صوری)[3]، بەڵکو هونەر سەرنجدانی پەتیە لەبەشەکان[4]، هونەرمەند بەشێك لەگشت (هەمەکی، کلیات) دەبینێت و لەکاری هونەریدا بەرهەمی دێنێتەوە، بینەری ئەو کارە هونەریەش تەنها ئەو (جزیئاتە) دەبینێت، کە هونەرمەند پیشانیداوە. بەمجۆرە، ناتوانرێت هونەر وەك پەچەکرداری سۆزەکان سەیر بکرێت، بەڵکو پرۆسەی ناسینەوەیە، دەرککردنی (جزئیات)ی (شتەکان)ە، زانیاری تاکەکەسێکە.

بەلام زانست بەپێچەوانەوە، پرۆسەی زانین و کەشفکردنی (گشتە) واتە زانست مەعریفەی (کلیاتە). ئەرکی زانست بونیادنانی چەمکە (گشتەکان) و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیانە.

مێژوو بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ راستیە بینراوەکاندا (واقع) سەروکاری هەیە. کرۆچە دەڵێت: "مێژوو تەنها یەك ئەرکی هەیە پێی هەستێ، ئەویش بریتییە لەگێڕانەوەی ئەو (روداوە)ی کە لەچوارچێوەی کاتێکی دیاریکراو و لەشوێنێکی دیاریکراودا روویداوە. لە رستەیەکی تردا، ئەرکی مێژوو گێڕانەوەی واقعە. گەڕان بەدوای بەڵگەکان و هۆکاری رووداوێك کە لە(واقع)دا بووە، هیچ نیە جگە لەسەرنجدانی وردتر نەبێت خودی ئەو (واقعە) و دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان (جزئیاتی)[5] ئەو رووداوەدا".





مێژوو ناتوانرێت بەزانستی (وەسفکردن) ناو ببرێت، چونکە ناوبردنی مێژوو بەزانستی (وەسفکردن) هیچ سودێکی نییە، لەراستیدا بێ مانایە. چەمکی (وەسف) دەتوانرێت بەو شیکردنەوە و پێناسەیە بگوترێت کە زانستی ئەزموونی لەسەر بابەتێکی خۆی دەیدات بەدەستەوە. لێرەدا کەسی (زانا) دەیەوێت لەراستیە بینراوەکان (واقع) تێبگات وەك نمونەیەك لەیاسای (گشت) کلیات.

بەلام مێژوو بابەتەکانی خۆی بەو واتایەی سەرەوە دەرکناکات، ئەو تەنها لە (جزئیات)ی (واقع) ڕادەمێنێت و دەیگێڕێتەوە. ئەمەش هەمان ئەو کارەیە کە هونەرمەند پێیهەڵدەستێت، بەم شێوەیە بەراوردکردن لەنێوان هونەر و مێژوو دەبێتە کردارێکی ئاسایی، بەلام لەدیدی کرۆچە پەیوەندی نێوان هونەر و مێژوو لەئاستی بەراوردکردندا ناوەستێت، بەڵکو ئەوەش تێدەپەڕێنێت، لەنێوان هونەرو مێژوودا لێکچوون و گونجان هەیە، هەردووکیان یەك شتن و بەیەك ئەرك هەڵدەستن (سەرنجدان و بەرهەمهێنانەوەی جزئیات).

کەوابوو مێژوو (هونەرە)، یاخود لانیکەم جۆرێکی زۆر تایبەتیە لەهونەر. تەواوی ئەوکارەی هونەرمەند پێی هەڵدەستێت بریتیە لەدەرخستن و بەیانکردنی ئەو (شتەی) کە دەیبینێت. مێژوونوسیش دەبێت هەمان کار ئەنجامبدات، لەهەمانکاتدا خۆی دڵنیاکاتەوە ئەوەی دەیبینێت حەقیقەتە (راستیە بینراوەکان و جزئیات خودی حەقیقەتن).

کرۆچە ئەم (مفهومە)ی سەرەوە بەو واتەیە لێکدەداتەوە کە، ئەرکی هونەر بریتییە لە پێشاندان و خستنەڕووی (مومکین)، مێژووش ئەو (شتە) دەگێڕێتەوە کە بووە، یان بەواتایەکی تر، مێژوو ئەو (ڕووداوە) دەگێڕێتەوە کەڕوویداوە. کەواتە ئەوەی (رویداوە) و (بووە) (مومکینە)، چونکە ئەگەر (نامومکین) بوایە ڕوونەدەدا. بەمجۆرە ئەو (واقعە)ی کە مێژوو دەیگێڕێتەوە

لەچوارچێوەی (مومکین) بەدەر نییە. کەوابوو چ مێژوو وەك گێڕانەوەی (واقع)و چ هونەر وەك پیشاندانی (مومکین) یەکشتن.

بەمجۆرە نامەکەی کرۆچە سەرنجی زۆربەی رەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی بوارەکەی بۆلای خۆی راکێشا لەزۆربەی ناوەندەکاندا رەخنە و سەرنجی زۆر لەسەر کرۆچە خرایەڕوو. سەبارەت بە (هونەر بوونی مێژوو) زۆربەی رەخنەکان لەجێی خۆیاندا بوون، لەڕاستیدا خودی کرۆچەش لەدوایدا هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی وەرگرت لەسەر بیرۆکە سەرەتایەکەی خۆی (هونەر بوونی مێژوو).

لەپێشەکی چاپی تازەی (کتێبەکەیدا)، و دوای تێپەڕبوونی (٣٦)ساڵ کرۆچە ئاماژە بۆ خاڵی لاوازی (تیۆرەکەی) دەکات: (گێڕانەوەی (واقعێك) کە روویداوە جیاوازە لە پێشاندانەوەی (مومکین) کە ئەرکی هونەرە. تێڕامان لە واقع بەتەنها سەرنجدانی رووت نییە لەخودی ئەو (واقعە)، ئەمە لە کاتێکدا هونەر تەنها سەرنجدەرێکی رووتە، بیرکردنەوە و تێڕامان لەخۆناگرێت . هونەر چ لەدۆخی سەرنجدان لە (مومکین) و چ لەدۆخی دووبارە پێشاندانەوەی (مومکین)، پشت بە بیرکردنەوە نابەستێت، بەواتایەکی دی سەرنجدانی پەتی، بیرکردنەوەی قوڵ لەخۆ ناگرێت، ئەمە لە کاتێکدا بیرکردنەوە و تێڕامان ناکرێت لەتێڕوانینی مێژوویی بکرێتە دەرەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین چەمکی (سەرنجدەری پەتی) بۆ مێژوو، چەمکێکی ناتەواوە، وەك چۆن بەکارهێنانی چەمکی (زانستی وەسفکردن) بۆ مێژوو ناتەواوە).

تیۆری سەرەتایی کرۆچە، تەنانەت لەگەڵ خاڵە لاوازەکانیشیدا، پوختتربوو بە بەراورد بە تێڕوانینی ئەڵمانەکان بۆ مێژوو، هەرچەندە تێڕوانینی کرۆچە تاڕادەیەك لە تێڕوانینی ئەڵمانەکانەوە نزیکبوو، چونکە هەریەك لەم دوو





دیدگایە، جیاوازی نێوان (جزء و کل)یان وەك کلیلی جیاوازی نێوان (مێژوو)و (زانست) سەیردەکرد، هەریەکەیان کێشەیەکی چارەسەر نەکراویان بەدەستلێنەدراوی جێهێشت، بەڵام جیاوازێکە لەوەدابوو، ئەڵمانەکان تا ئەوکات مێژوویان وەکو زانست دەبینی، بێ ئەوەی وەڵامێکی ئاشکرایان بۆ ئەو پرسە هەبێت، ئاخۆ زانستی (جزئی) چۆن دەبێت[٦]؟ ئەنجام واکەوتەوە کە هەریەك لەزانستی سروشتی و زانستی مێژوو، بۆ ئەڵمانەکان وەکو دووجۆر لەزانست دەرکەوتن. ئەمەش ڕێگەی بۆ سروشتگەرایی خۆشکرد کە پێی بخاتە نێو پرسی مێژووەوە. بەڵام کرۆچە بە رەتکردنەوەی زانستی بوونی مێژوو، جیهانبینی خۆی لە (سروشتگەرایی) پاراست، ئەو قسەکردنی لەمێژوویەك هێنایەگۆڕێ کە لەبنەڕەتدا جیاوازبوو لەسروشت.

بە شێوازێکی گشتی، بیری فەلسەفی لەسەدەی نۆزدەدا لەهەوڵی خۆڕزگارکردندا بوو لەهەژموونی زانستی سروشت، کەوابوو پێویستی قۆناغ ئەوەی دەخواست کرۆچە هەنگاوێکی لەم چەشنە بنێت (جوداکردنەوەی مێژوو لەزانستی سروشتی).

جیاوازییەك کە کرۆچە هێنایە گۆڕێ لەنێوان (چەمکی گشتی مێژوو) و (چەمکی گشتی زانست)، یارمەتیدەر بوو لەفراوانترکردنی واتاو چەمکی مێژوو.

سەبارەت بەو لاوازییەی کە لەتیۆری سەرەتایی کرۆچەدا هەبوو، لەڕاستیدا کاتێکی زۆری ویست تاوەکو کرۆچە پەی پێبرد، ئەوەبوو دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ کرۆچە دانی بە کەموکورتیەکانی دانا، ئەگینا تاوەکو ساڵی (١٩٠٢) هێشتا جەختی لەهەمان تێز دەکردەوە (هونەر و مێژوو یەکشتن)، بۆ نمونە لەکتێبی (ئێستاتیکا)دا کە لەساڵی (١٩٠٢) چاپ و بلاوکرایەوە، کرۆچە نووسیوێتی: (مێژوو گەڕان نییە بەدوای یاسا گشتیەکاندا (کلیات)، بە بارهاوردنی چەمك و



هەواڵنامەی کتێب

واتـا گـشتیەکان نییـه لەچوارچـێوەیەکی تایبەتـدا. دۆکیۆمێنتـاری نییـە، شـت ناسـەلمێنێت، بـەڵکو دەیگێڕێتـەوە، سـەرنج دەدات، ئـەرکی مێـژوو گێڕانـەوەی (واقعێکی) هەستپێکرا و مەلموسە، لەگەڵ هونەردا یەکشتن).

بەڵام دوای بەئاگاهاتنەوە لەهەڵەکانی، کرۆچـە دەڵێت: (مێـژوو، دەتوانێت بـە چەشنێك لەنێوان (واقع) و (خەیاڵ)دا جیاوازی بکات، کـە هونـەر لەتوانایـدا نییـە) بەمچەشنە کرۆچە دانی بەوەدانا کەمێژوو تازیانەیەکی (امتیـاز) بەسـەر هونـەرەوە هەیە ئەویش: تێڕامان و بیرکردنەوەیە، جیاکردنەوەی (واقع)ە لە (خەیاڵ).

## ٢- دووەمین کارکردنی کرۆچە - (لۆژیك)[٧].

سـەرئەنجام لـەکاتی دانـانی کتیـچبی (لۆژیـك) لەسـاڵی ١٩٠٩، کرۆچـە لەگـەڵ ئـەو راستیەدا رووبەڕوو بووەوە کە دەشێت جیاوازی هەبێت لەنێوان (مێژوو) و هونەر)دا.

لۆژیـك، تیۆرییـەی بـیرە، دەتوانێـت جیـاوازی بکـات لـەنێوان (راسـتی) و (ناڕاسـتی)و، (گونجـاو) و (نـەگونجاو)دا. لەبـەر ئـەوەی (لۆژیـك) رەگـەزێکی لێکۆڵینـەوەی مێژووییـە، بەمـەش (مێـژوو بـەواتا دروسـتەکەی) لەهونـەر جیادەکرێتـەوە. بیرکردنـەوە، لـەناوەڕۆکی خۆیـدا بـەواتای دادوەریکـردن دێـت (رامـان لەبابـەتێك و دواتـر حوکمـدان بەسـەریدا). لۆژیـك دووجـۆر لـەبڕیاردان (حوکمدان) دەخاتەڕوو لەدوو فۆڕمی جیاوازدا، بڕیاردانی گشت (حـوکمی کلـی) و بڕیاردانی تاکرەهەندیانە (حوکمی جزئی). (کلی) بەواتای ئەو یاسا گـشتیانە دێت کـە هەیمەنـەیان بەسـەر سروشـت و بوونـە جیاوازەکانـەوە هەیـە، ئـەم یاسـایانە کەشـفدەکرێن و تەفـسیردەکرێن، لەسـەرووی توانـای هەسـتەکانی مرۆڤـەوەن، ئەبـستراکن و قـابیلی گـۆڕان نـین، بـەکورتی (کلیـات) ئـەو گەوهـەرە دەرەکـات و دەرەشـوێنەیە، کـە تـەواوی جیاوازییـەکان لەخۆیـدا ونـدەکات. (جزئـی) بـەمانای





تایبەتیـە هەسـتپێکراوەکانی رووداوێکـی واقعیـدێت بەواتایـەکی دی، تێڕوانینـی (زهنی) مرۆڤێکە (تاکێکە) بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی رووداوێك لەکات و شوێندا،

ئەمەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، دووجۆرن لەپرۆسەی ناسینەوەی حەقیقـەت، کـە دەتوانرێـت بـە حەقیقەتـەکانی عـەقڵ و راسـتیەکانی (واقـع)ی (لایبنیـتس) و وێناکان و واقعی (هیوم) و رووخسار و ناوەڕۆکی (هۆسرل)یش ناو ببرێن.

کرۆچـە، دۆکیۆمێنتـاری ئـەوە دەکـات، کـە ئـەم دابەشـکردنە کلاسیکیە بـۆ ناسینەوەی حەقیقەت نادروستە. جوداکردنـەوە و ناسینی (جزئیات) تـەنها وەکو رووداوێکـــی واقعـــی رووت، یـــاخود جیاکردنـــەوەی راســـتیە بینراوەکـــان لەحەقیقەتەکانی عەقڵ بـەو مانایـە دێت کـە راسـتیە بینـراوەکان یـاخود رووداوە واقعیـەکان، ناعـەقڵانین. ئەمـەش بۆخـۆی نادروسـتە و ناکرێـت بەڕاسـت وەریبگـرین. راسـتیەکی بینـراو یـاخود رووداوێکـی واقعـی، بـوونی نـەدەبوو بـەوجۆرەی کـە لەئێـستادا قـسەی لێـدەکرێت و لەڕبووردوشـدا هـەبووە، ئەگـەر کۆمـەڵێك چـەمك و واتـای عـەقڵی نـەبێت بـۆ بـەیانکردنی. لەلایـەکی تـرەوە جوداکردنەوەی حەقیقەتی (کلی) وەك حەقیقـەتێکی عـەقڵانی لەڕاستی بینـراو، دەلالـەت لـەوە دەکـات کـە حەقیقەتـە (کلیـەکان) لەسـەر زەمینـە، واقعـدا بوونیـان نییە و نا مەلموسن. ئەمەش نەگونجە. کرۆچە بەمشێوەبە ئەنجامگیری دەکات.

حەقیقەتی عەقڵ یاخود حەقیقەتی گشت (کلیات) و راستی بینـراو یـاخود روداوی واقعـی (جزئیـات) دووجـۆر شوناسـی جیـاوازی حەقیقـەتنین، بـەڵکو دوو پێکهاتەن لەپرۆسەی ناسینەوەی واقعـدا، کـە بـەهیچ جۆرێـك لێکجودا ناکرێنـەوە حەقیقـەتی گـشت (کلیـات) تـەنها لەبارودۆخێکـدا دەتوانێـت هـەبێت، کـە لەنمونەیەکی هەستپێکراودا (ملموس) خۆی بەیان بکات.

بـەواتا کرۆچـییەکەی، حەقیقـەتی عەقڵانییـەکان دەبێـت لەچوارچـێوەی



هەواڵنامەی کتێب

راستیەکی بینراودا بێنەبوون. بەدیوێکی تردا هێزە باڵا و عەقڵانیەکان لەچوارچێوەی کاتوشوێن و لەرێگەی بوونە جیاوازەکان و رووداوە مێژووییەکانەوە بوونی خۆیان دەسەلمێنن.

دواتر کرۆچە ئاماژە بەوەدەدات، دەکرێت رووداوێك لەچوارچێوەی مێژووداو لەکاتوشوێنێکی دیاریکراو و لەبارودۆخێکی تایبەتیدا روویدابێت، بەڵام مێژوونوسێك لە (جزئیات) ی ئەم رووداوەوە بۆ یاسا و حەقیقەتە گشتەکان (کلیات) بگەڕێت. بەمجۆرە یەکشوناسی دوولایەنە بۆ (حەقیقەت) یاخود (واقع) هەیە، ئەویش هەم (جزئیە) و هەم (کلیە) بەواتایەکی دی لەپرۆسەی ناسینەوەی (واقع)دا لێکۆڵەر رووبەڕووی دووبابەت یاخود دووجۆر لە(شوناس) دەبێتەوە، (جزئی) و (کلی) کە لەبنەڕەتدا هەردووکیان یەکشتن.

بەدوو نموونە دەتوانرێت ئەم بابەتەی سەرەوە زیاتر روونبکرێتەوە:

**یەکەم:** کاتێك بڕیاردانێکی گشتی (حوکمی کلی)، بڕیاردانێکی تایبەتە (حوکمی جزئی) لەهەمانکاتدا، نمونە: چۆن ستیوارد میل کرداری راستودروست، بەو کردەوەیە دەڵێت کە زۆرترین شادی و بەختەوەری بەباربێنێت بۆ زۆرترین رێژە لەخەڵك. بەڵێ ئەم وتەیەی (میل) حەقیقەتێکی عەقڵانیە و هەمووان کۆکن لەسەری، ئەم بڕیاردانەی (میل) لەمەڕ کرداری چاك، سەرەتا وەك گشتێك (کل) دەردەکەوێت. وەك بڕیارێکی نامێژوویی دێتە پێشچاو، کە بۆ هەموو کاتێكو هەموو شوێنێك و هەموو دۆخێك دەگونجێت و راستە، بەڵام پێویستە وردتر بڕوانین بۆ ئەم حوکمدانەی (میل)، چۆن ستیوارد میل دەڵێت: (ئێمەچ کردارێك بە باش دەزانین، ئێمە پێوەرمان چییە بۆ بەباشزانینی کردەوەیەك، بەڵگەی باشی کردارێك لەوەدایە کە زۆرترین شادی دەستەبەر بکات بۆ زۆرترین خەڵك). لێرەدا مەبەستی (میل) لە(ئێمە) و لە(خەڵك) هەموو مرۆڤایەتی نییە،





بەڵکو رێك و ڕاست مەبەستی بەریتانیەکانی رۆژگاری خۆیەتی، وە مەرج نییە ئەوەی بۆ بەریتانیەکانی سەردەمی (میل) نیشانەی بەختەوەری بووە، بۆ هەموو مرۆڤایەتیش هەروابێت، پێوەری (میل) بۆ کرداری چاك هەمان پێوەرە ئەخلاقیوسیاسییەکانی سەدەی نۆزدە بووە، ئەمەش واتە حوکمدانەکەی (میل) لەسەر کرداری چاك، حوکمدانێکی (جزئیە) و تایبەتە بەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژوووە.

چۆن ستیوارد میل لەم حوکمدانەیدا، باس لەسەردەمێکی دیاریکراو دەکات کە سەدەی نۆزدەیە، باس لەهەموو مرۆڤایەتی ناکات، بەڵکو باس لەژمارەیەکی دیاریکراو لەمرۆڤ دەکات، کە خەڵکی بەریتانیان، هەروەها باس لەشوێنێکی دیاریکراو دەکات کە (دورگەی بەریتانیایە)، تەنانەت پێوەرەکانی بینین و بڕیاردانی (میل) هەمان پێوەرە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمەن.

ئەگەرچی ئەم بڕیاردانەی (میل) سەرەتا وەك بڕیاردانێك یاخود یاسایەکی گشتی (کلی) خۆی دەنوێنێت، بەڵام لەراستیدا بڕیاردانەکەی (میل)گشت نییە و تایبەتە بەکات و شوێن و بارودۆخێکی دیاریکراوەوە لەچوارچێوەی مێژوودا. بەواتایەکی دی، (میل) قۆناغێکی تایبەت لەمێژووی ئەخلاقی مرۆڤ باس دەکات، رەنگە خۆی وای مەبەست نەبووبێت، بەڵام وایە.

**دووەم:** کاتێك بڕیاردانێکی تایبەت (حکومی جزئی) وەك بڕیاردانێکی گشت (حوکمی کلی) دەردەکەوێت، نمونە: بەڕێکەوت کتێبێکی مێژوویی دەکەینەوە ئەم رستەیەی تێدا دەکەوێتە پێشچاو: (پادشاگەلێکی وەك لویسی یازدەهەم و فێزدیناندی کاتۆلیك، بەچاوپۆشین لەتاوانەکانیان، هەردوو نەتەوەی فەرەنسی و ئیسپانیان کرد بەدوو نەتەوەی بەهێز) ئەم رستەیە، باس لەسەردەمی لویسی

یازدەهەم و فیزدیناندی کاتۆلیك دەکات، باس لەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودەکات. بەڵام چەند چەمکێکی (کلی) لەم رستەیەدا هەن، کە تایبەتنین بە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووەوە، بەڵکو حەقیقەتی عەقڵین، چەمکگەلێکی هەمەکین، (هێز، تاوان، نەتەوە) ئەمانە گشتن، مێژوونوس بەم چەمکە عەقڵانیو هەمەکیانەوە (کلی) باس لەقۆناغێکی دیاریکراو دەکات، هەربۆیە ئەم حوکمدانە حوکمدانێکی (کلی)ە، بێ گوێدانە کات و شوێن و دۆخێکی تایبەت، هەمووان تێدەگەن کە (هێز، نەتەوە، تاوان) چ واتایەك دەگەیەنن.

کرۆچە پێی وابوو، فەلسەفە یاخود حەقیقەتی عەقڵانی، پەیوەستە بە مێژووەوە و تەواوکاری یەکترین. ئەو لەبری ئەوەی فەلسەفە و مێژوو وەك دووکایەی جیاواز پێناسە بکات، هەردووکیانی لەکایەیەکدا کۆکردەوە. بەم چەشنە ئیدی مێژوو بەواتای سەرەنجدەری پەتی نایەت، مێژوو بەتەنها (جزئیات)ی رووداو ناگرێتەوە، چونکە گەر وایکرد ئەوا دەبێتە هونەر، لەکاتێکدا مێژوو رامانە لە (جزئیات) بۆ گەیشتن بە (کلیات).

### ٣- (مێژوو) و (فەلسەفە).

تاوەکو سەردەمی کرۆچە، فەلسەفە لەترۆپکی هەرەمی زانستدا بوو، یاخود بەوجۆرە دەبینرا، مێژووش لەپلەی خوارەوەی هەرەمی زانستدا بوو، بەڵام لەسەدەی (١٩)دا و بەتایبەتیش لەقۆناغێکدا کە فیکری کرۆچە لەترۆپکی گەشاندنەوەیدابوو، ئەرکی فەلسەفە سنوردارکرا بۆ ئەنجامدانی یەکشت: چەمکو واتاکان بخاتە چوارچێوەی بیرکردنەوەوە، ئەو چەمك و واتا (باڵا)یانەی کەوەك (کردار) تەنها لە چوارچێوەی مێژوودا دەبنە راستی بینراو، تەنها یەك رێگە بۆ ناسینەوەی (واقع) بوونی هەیە، ئەویش رێگەی ناسینەوەی (جزئیات)ە لە





مێژوودا، دواتر ناسینەوەی (جزئیات)ی مێژوو بە گەیشتنە (کلیات) کۆتاییدێت.

تەواوی (واقعیەت) مێژووە و تەواوی (حەقیقەتەکان) و زانست، مێژوویین، فەلسەفە، لەم نێوەندەدا تەنها رەگەزێکی پێکهێنەری مێژووە، تێڕامانی مێژووە لەڕووداوەکانی خۆی.

دەتوانرێت ئەم دیدگایەی (کرۆچە) لەگەڵ بیروڕاکانی (رێکرێت)ی بیرمەندی ئەڵمانیدا بەراوردبکرێت، ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانیەش، هەروەك (کرۆچە) پێی وابوو تەواوی راستیەکان مێژوویین، حەقیقەتەکان تەنها لە چوارچێوەی مێژوودان.

بەڵام (رێکرێت) پێی وابوو دۆسینی (چەمك و واتاکان) هیچنین، جگە لەو مەفهومە نەبێت کەلەخەیاڵی (مێژوونووسدایە) و لەڕێگەی (وشەوە) دەریدەبڕێت. لێرەدا (وشەوە) ئەوەندەی وێنەی خەیاڵی (نوسەرە) ئەوەندە پەیوەندی بە واقعی مێژووەوە نییە، حەقیقەت بەدوتوێی (رووداوە) مێژووییەکاندایە، (چەمك و واتاکان) تێگەشتنی (مرۆڤن) لەڕووداوە مێژووییەکان، بۆ نمونە: (لویسی یازدە، لەتاوانەوە گلابوو، کەواتە تاوانبارە) ئەمە تەنها دەربڕینێکە بۆ تێگەیشتن لەکردەوەکانی لویسی یازدە، چەمکی (تاوان) ئەوەندەی وێنای (زهنە)، ئەوەندە پەیوەست نییە بەکردەوەی لویسی یازدەوە، واتای ئەمەش ئەوەیە کە: (تاوان، تەنها دەربڕینێکە (من) بەکاریدێنم بۆ کردەوەکانی لویس).

لەدیدی کرۆچەدا (تاوان) دەربڕینێکی لەزارەکی نییە بەتەنها، (وشە) نییە وەك وێنەیەك لەتێگەیشتنی (لێکۆڵەر) بۆ بابەت، بەڵکو (چەمکە) و (مانا لەخۆ دەگرێت) هەڵگری واتا و ناوەڕۆکی بابەتە، نەوەك وێنەیەك لەزهنی لێکۆڵەری بابەت. بەمپێیە ڕستەی (لویسی یازدە لەتاوانەوە گلابوو، کەواتە تاوانبارە) وێنای

زهنی مێژوونووس نییە، بەڵکو پەیوەستە بە کردەوەکانی لویسەوە. بەواتایەکی تر: (چەمکی (تاوان) حەقیقەتێکی عەقڵییە و، کردەوەکانی لویسی یازدە بە (فعل) بوونی ئەو حەقیقەتەیە).

هەردوکیان چوارچێوەی کرۆچەو چوارچێوەی ڕێکرێت، ڕەنگە لەوەدا هاوبەشبن کە: ڕاستیە بینراوەکانی (ڕووداوەکان)ی مێژوو خودی حەقیقەتن، بەڵام لەڕووی لێکدانەوەی چەمك و واتاکانەوە بەتەواوەتی جیاوازن لەیەکدی. لەدیدی (ڕیکرێت) حەقیقەت بریتیە لەکۆمەڵێك ڕووداوی مێژووی جیاواز لەیەکدی، هەریەك لەو ڕووداوانە لەڕێگەی (جزئیات)ی خۆیانەوە دەناسرێن، هیچ پەیوەندییەکیان بە (کلیات)وە نییە. بەڵام لەدیدی کرۆچە (جزئیات)ی ڕووداوە مێژووییەکان بریتین لە بە (واقع) بوونی (کلیات).

**سەربەخۆبوونی مێژوو، تێڕوانینی کۆتایی کرۆچە.**

بەوجۆرەی کە باسکرا کرۆچە (سەربەخۆبوون) مێژووی سەلماند، ئەو مێژووی وەك کایەیەکی سەربەخۆ ناساند، کە هەژموونی تەواوی بەسەر کاروباری خۆیدا هەیە و، بەڕێگەی تایبەتی خۆی بابەتەکانی تاوتوێدەکات. مێژوو لای کرۆچە لەپلەیەکی باڵاتردایە بە بەراورد بە (فەلسەفە) و (زانست).

سەبارەت بە فەلسەفە، جگە لەڕەگەزێکی پێکهێنەری مێژوو، ناتوانێت شتێکی تر بێت. فەلسەفە دەکرێت وەکو پرۆسەی ناسینەوەی چۆنێتی کارکردنی مێژوو پێناسەبکرێت. هەروەها مێژوو دەبێت لەدەستتێوەردانی زانست پارێزراوبێت زانست پرۆسەی گەڕانە بەدوای کەرەستە و بابەتەکانی خۆیدا، بەپشت بەستن بە ئەزموون، تەواوی (کەرەستە و بابەتەکانی) زانست، لەنێو ڕووداوە مێژووییەکاندان، بەم پێیەش زانست دەبێتە ڕەگەزێکی تری پێکهێنەری مێژوو.

لێرەدا بواری ئەوە دەڕەخسێت هەندێك لەسەر چەمکی مێژوو بوەستین، تەواوی مێژوو، مێژووی هاوچەرخە، (نەوەك بەواتای سادەی وشەی هاوچەرخن کە تایبەتە بەگێڕانەوەی ڕابووردوی نزیك)، بەڵکو بەواتای بەرفراوانی ووشەکە، بەواتایەکی وردتر، مێژوو هۆشیاری کەڵەکەبووی مرۆڤە لەکردارەکانی خۆی بەوجۆرە لەسەرزەمینی واقعدا ئەنجامیان دەدات. ئەم چەشنەی مێژوو بریتیە لەخۆناسینی (زهنی) زیندوو. تەنانەت ئەگەر ڕووداوگەلێکیش لەمێژوویەکی دووردا ڕوویاندابێت، کە مێژوونووس ئەو ڕووداوانە دەکات بەبابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی، مەرجی سەرەکی لەدەرکردنی ئەوڕووداوانە بەشێوازی مێژوویی، زانست و زانینیان وەك بابەتێکی مێژوویی ئەوەیە کە: لایەنە جیا جیاکانی ئەو ڕووداوانە لە زهنی مێژوونوسدا زیندوبکرێتەوە و زیندووڕابگیرێت. بەواتایەکی تر، بەڵگەکانی پەیوەست بەو ڕووداوە هەبن و ئامادەبن، جگە لەوەش، خودی ئەو بەڵگانە بۆ مێژوونووس قابیلی تێگەیشتنبن، مێژوونوس بەواتا کرۆچە یەکەی تەواوی لایەنە جیاجیاکانی مەدلوێکی ڕابووردوو لە زهنی خۆیدا (خەیاڵدانی ئەمڕۆ) دەژێنێتەوە، ئەوەی دوێنێ ڕوویداوە، لەڕێگەی زهنی مێژوونوسەوە بەشێوازێکی ئەمڕۆیی بەرهەمدێتەوە، بە پشتبەستن بە بەڵگە لەبەردەستەکاندا، کەواتە: مێژوو گێڕانەوەیەکی مردوانەی ڕابوردونیە، بەتەنها حکایەتکردنێکی ڕووتی ڕابووردوو نییە کە هیچ پەیوەندیەکی بەمڕۆوە نەبێت، بەڵکو زیندوکردنەوەی ڕابوردوی مرۆڤە لەخەیاڵاندنی ئەمڕۆدا، بۆ تێگەیشتن لەئەمڕۆکە درێژکراوەی ڕابوردووە و بۆ بونیادنانی ئایندەیەکی چاکتر.

مێژووی ڕابووردو بەمانای ڕابوردوی پوخت نایەت، بەڵکو مێژووی ڕابووردو بەمانای ڕابوردویەك دێت کە ئێمە بۆ گێڕانەوەی بەڵگە، زانست شایەتی مێژووییمان لەبەردەستدایە، بەدیوی ئەودیودا، بەشێکی زۆری ڕابووردو لەبەرئەوەی بەڵگە و شایەتی مێژووییمان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان،

هەواڵنامەی کتێب

لەبەردەستدا نییە، هەربۆیە ناچنە چوارچێوەی مێژووەوە، بەڵکو تەنها وەک ڕابوردویەکی پوخت وەردەگیرێن. بۆ نمونە: ئێمە بڕوامان وایە لەنێو یۆنانیەکان لەمێژووی کۆندا وێنەکێش و پەیکەرتاشی گەورە هەبوون، بەڵام ئەم بڕوابوونەی ئێمە نابێت بەزانینی مێژوویی، چونکە بەرهەمە هونەریەکانی ئەو وێنەکێش و پەیکەرتاشانە لەنێوچوون، کەوابوو بەڵگەی مێژووییمان لەبەردەستا نییە، بەمجۆرە میکانیزمی دووبارە بەرهەمهێنانەوە و زیندوکردنەوەی ئەو کارە هونەریانە لەدەستچوون. کەوابوو گەر گێڕانەوەی ئەو بەرهەمە دێرینیانە وەک زانینی مێژوو سەیرنەکرێن، دەبێت لە چوارچێوەیەکدا دابنرێت، لەدیدی کرۆچەوە گێڕانەوەیەک کە تەنها پشت بە ڕیوایەتە زارەکێکان ببەستێت، نەک بەڵگە و شایەتی مێژوویی، ئەوا ئەو گێڕانەوەیە، ناتوانرێت بە مێژوو دابنرێت، بەڵکو بەتەنها بریتیە لەتۆمارکردنی ڕاستی (ڕاستیەک کە دەماودەم گێڕاوەتەوە، مەرج نییە حەقیقەت بێت) ئەم لێکدانەوانەی کرۆچە بەرەو دووشتی جیاوازمان دەبات: مێژوو، تۆمارکردنی ڕاستیەکان، ناوی نەقاشە گەورەکانی یۆنانی کۆن (کە دەماودەم بەریوایەت بە دەستی ئێمە گەیشتووە). مێژووی وێنەکێشان لەیۆنان پێکناهێنێ، بەڵکو بریتیە لەتۆمارکردنی ئەوڕاستیانەی کە لەسەر هونەری وێنەکێشان وتراوە لەیۆناندا. کەوابوو، تۆماری ڕاستێکان، گێڕانەوەی ڕابوردویەکە کە بڕواکردن پێی وەک حەقیقەتێک، پشت بە ڕیوایەت دەبەستێ، نەوەک بەڵگە و بەڵگەکاری، بەڵام بە شێوازی مێژوویی (بەواتا مێژووییەکەی) نەزانراوە و دەرک ناکرێت بە تەنها ڕیوایەتێکە کە دەماودەم دەمێنێتەوە و دەپارێزرێت، بێ ئەوەی تێیبگەین، یاخود حەقیقەتی کەشفبکەین. چونکە ئەگەر بڕواتە ناو پرۆسەی زانین و دەرککردنەوە و وەک حەقیقەتێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دەبێتە مێژوو.





مێژوو کاتێک دەبێت بەحکایەتکردن و تۆمارکردنی ڕاستی، کە لەگێڕانەوەدا نەتوانێت بەپشتبەستن بە بەڵگەکان و تیۆری ڕەخنە، ئەزموونی کەلەپوری مرۆڤ لەڕابووردودا، زیندو بکاتەوە. بۆ نمونە نووسین لەسەر ژیان و فیکری فەیلەسوفێک، بێ ئەوەی ئەو نوسینە لەتوانایاندابێت کە ئەزموونی فەیلەسوف وەک کەسایەتی زیندوو بکاتەوە، یاخود فیکری فەیلەسوف ڕەخنە بکات، دەبێتە تۆمارکردن نەک مێژوو .

بۆ ئەوەی تۆماری ڕاستیەکان بوونی هەبێت، سەرەتا پێویستە مێژوو بوونی هەبێت، چونکە مێژوو ڕۆحی ڕاستەقینەی (تۆماری ڕاستیەکانە)، تۆماری ڕاستیەکان بەتەنها جەستەی مێژووە، جەستەیەکی بێ ڕۆح.

بەپشتبەستن بەم وتانەی سەرەوە، مێژوو نەتەنها دەشێت لەڕیوایەتەوە دووربێت، بەڵکو دەکرێت هیچ پەیوەندیەکی بە ڕیوایەتکردنی ڕووتەوە نەبێت. هەر لێکۆڵەرێک کە قسە لەڕاستییەکانی ناو ڕیوایەت بکات، ئەوا قسەی لەتۆماری ڕاستیەکان کردووە، نەوەک لەمێژوو . مێژوو لەگێڕانەوەدا تەنها پشت بەدوو ڕەگەزی پێکهێنەری خۆی دەبەستێت، بەڵگەکان و ڕەخنە، بەڵگەش تا ئەو جێگەیە بەڵگەیەکە تەنها وەک کەرەستەیەکی مێژوو سودی لێوەربگیرێت، نەوەک حەقیقەت. بەواتایەکی دی، دەبێت بەپێی بنەمایەکی ڕەخنەیی شیبکرێتەوە و بنەمای ڕەخنەش تاوەکو ئەو جێگەیە دروستە کە لەکاری شیکردنەوەی بەڵگەکان سودی لێببینرێت.

ڕابووردو هەمیشە پاشماوەیەک بەدوای خۆیەوە جێدێڵێت، تەنانەت ئەگەر کەسێکیش ئەو (پاشماوەیە) وەک کەرەستەی (بەڵگە)ی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکارنەهێنێت، ئەم پاشماوەیە زۆر و هەمەچەشنن، دەپارێزرێن و هەڵدەگیرێن، بە ئومێدی ئەوەی لەئایندەدا وەک بەڵگە بەکاربهێنرێن بۆ سەلماندنی

حەقیقەتەکانی رابوردو.

ئەوەی کە ئاخۆ ئێمە لەئێستادا چوارچێوەی بەشێك و چوارچێوەی رووخسارێکی تایبەتی رابووردو بەیاد دێنینەوە و لەزهندا زیندووی دەکەینەوە، پەیوەستە بە چۆنیەتی هەلومەرجی ئێستامانەوە. بەڵام هەمیشە ئەوەشمان لەیادە کە دەشێت بەشی رووخساری دی لەرابووردودا هەبن، بەڵام هەلومەرجی ئێستا رێگە بەدەرکەوتنیان نادات. بەڵام بەهۆی هۆشیاری مرۆڤەوە لەمەڕ پێویستبوونی لایەنەکانی تری رابووردو لەڕۆژگاری خۆیدا، ئەو بەش و روخسارانەی تری رابووردوو دەپارێزرێن.

پاراستنی ئەو شتەی کە لەڕابووردودا ماوەتەوە و هەڵگرتنی بۆ هەلومەرجی گونجاو نابێتە مێژوو، بەڵکو ئەمە ئەرشیفسازیە.

ئەرکی پاراستنی ئەوشتەی کە لەڕابووردو ماوەتەوە، لەسەر شانی لێکۆڵەر و کۆنینەناسان و ئەرشیفسازانە، وەك چۆن کۆنینەناسێك کەرەستە و شمەکە کۆنەکان لەمۆزەخانەیەکدا دەپارێزێت، بێ ئەوەی بتوانێت مێژووی لێدروست بکات.

ئەم جۆرە پارێزگاری کردن و پاراستنی نوسراو و بەڵگە و شمەکە مێژووییەکان کارێکی زانستیانەیە، بەڵام مێژوویی نییە، بەڵکو لە مێژووەوە نزیکە، کرۆچە پێی دەڵێ: (مێژووی کاتناسی)، مێژوویەك: کە ئەکی وەرگرتن و کۆکردنەوەو پاراستنی بەڵگەکانە، نووسینەوە و وەرگێڕان و پاککردنەوەی نووسراوە مێژووییەکانە، دیاریکردنی سەردەم و کاتی مێژوویی شمەکە کۆنەکانە. (مێژووی کاتزانی) سودی هەیە، بەڵام زانینێکی مێژووییانە نییە، رەخنەی تێدا نییە، شیکردنەوە لەخۆ ناگرێت و لەزهنی خودی ئەو کەسەی کەلەپوری رابووردو زیندو ناکاتەوە بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئەمڕۆ. بەڵکو گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی رووتە لەسەر رابووردو لەپێناو رابووردودا.





کرۆچە باس لەجۆرێکی دی لەمێژوو، گێڕانەوەی مێژوویی دەکات، کە ئەویش مێژووی فێرکاریە، لەڕاستیدا کرۆچە لەگەڵ ئەوەدا نییە کە زاراوەی (مێژووی فێرکاری) بەکاربرێت، بەڵکو ئەو ناوی لێدەنێت (زانستی فێرکاری)، ئەم زانستەش لەدیدی کرۆچەوە جیاوازە لەگەڵ مێژوودا.

زانستی فێرکاری زۆرجار تووشی زیادەڕۆیی دێت، و لەم زیادە رەوییەشدا پشت بە هەست و سۆزەکان دەبەستێت. ئەمەش مێژوو نییە بەمانا وردەکەی، بەڵکو گێڕانەوەیەکی رۆمانسیان یاخود شاعیرانەی رابووردوە، بەمەبەستی کاریگەریکردنە سەر هەست و سۆزی ئەمڕۆ. لێرەدا مەبەست لەم گێڕانەوەی رابووردوە کەشفکردنی حەقیقەتی رابووردو نییە، بەڵکو بەیانکردنی هەست و سۆزی نوسەرە لەسەر رابووردو، فرمێسك هەڵڕشتنی نوسەرە بۆ رووداوێك، یاخود ڕقهەستان و تووڕەبوونیەتی لەشتێك لەڕابووردودا، ئەمەش کەش و هەوایەکی ناعەقڵانی پێکدێنێ. بۆ نمونە وەك: (مێژووی نیشتمانی، مێژووی حزبی، مێژووی ئاین ....). وە هەرمێژوویەك کە دەرخەری عەشق و ستایشی نووسەربێت لەسەر بابەت، یاخود بەپێچەوانەوە دەرخەری رق و کینەی مێژوونووس بێت.

لەدیدی کرۆچەوە مێژوو نە (داشۆرینە) و نە (پیاهەڵدان)، هەروەها مێژوو بریتیی نییە لەشانۆیەك بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی حەماسی مێژوونوس. بەڵکو مێژوو تەنها مۆڵەتی بەڕاست زانینی ئەو شتانەیە کە بەڵگەی تەواو بۆ سەلماندنی حەقیقەت بوونیان لەبەردەستدایە. وە هەر ئەو بەڵگانەش مێژوونووس ناچار بە بڕواهێنان بە بابەتی مێژوویی دەکەن، نەوەك هەست و سۆزی رۆمانسیانە.

*** * ***



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە / (مفهوم کلی تاریخ) / ار.جی. کالینگود/ ترجمە/ علی اکبر ممدیان/ شمارە نشر (١٠٦) چاپ اول ١٣٨٥ چاپ و صحافی ریحان.

## پەراوێزەکان

[١] - ئەندریە بریتۆن، کە یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی قوتابخانەی (ئەدەبی سوریالیستی) پێی وابوو، هونەر لەچرکەساتی مامەڵەکردنی چێژی هەستەکان لەگەڵ بابەتی هەستپێکراودا لەدایکدەبێت. جوانی و شکۆمەندی شتێك یاخود کاریگەری بابەتێك، هەستی کەسی هونەرمەند دەبزوێنێت و، چێژێکی جیاواز و تایبەتی لەئەنجامی ئەم (هەست بزواندنەوە) سەراپای کەسی هونەرمەند دادەگرێت و رۆحی دەخاتە سەر کەڵکەڵەی داهێنان. بەواتایەکی دی ، کاتێك (هەستی هونەرمەند) دەکەوێتە ژێر کاریگەری جوانی شتێك یاخود گەورەیی رووداوێکەوە ، ئەوا هونەرمەند بۆ تەعبیرکردن و دەرکردنی ئەم کاریگەریە هونەر دەکاتە هۆکاری دەربڕین. کەواتە هونەر ئەو پانتاییەیە کە چێژی هەستەکان و کاریگەری بابەت و شتەکانی دەوروبەر بەسەر (هەستەوە)ی، تێدا دەردەکەوێت. ئەمەش پێچەوانەی دیدی کرۆچەیە.

[٢] - هونەر تەعبیرکردن نییە لەڕاستیە بینراوەکانی سروشت.

[٣] - یەکێکە لەچەمکەکانی فەلسەفەی (یەکێتی بوون)، رووخسار (صور) بەواتای وێنەی دەرەوەی شتەکانی دەوروبەر دێت لە زهنی (مرۆڤدا). لایەنی ماتریاڵ و هەستپێکراوی (وجودە) جیاوازەکانە، بۆ دەرککردن و سەلماندنی (بوونی) شتێك، سەرەتا رووخساری ئەو شتەمان لەبەردەستدایە (رەنگ و بۆن و شێواز و قەبارە و ......)، ئەمانەش بینراو و مەلموسن، تایبەتمەندێتی (وجودە) جیاوازەکانن، تایبەتمەندی (شتەکان) یاخود رووخساری (شتەکان) لەیەکدی جیاوازن، کەوابوو (روخسار) وێنەی دەرەکی شتەکانە و ئەوەندەی پەیوەندی بەزهنی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بەناوەڕۆك و گەوهەری (شتەکانەوە) نیە، هەر بۆیە فەلسەفەی (وحدة الوجود) بۆ دەرککردنی حەقیقەت و گەوهەری (وجود) نەپشت بەهەستەکان دەبەستێت نەبەڕوخساری (شتەکان) ، بەڵکو پەنادەباتە بەر هێزی (تعقل)، رووخساری مادی (وجود) دەکاتە پردێك بۆ پەڕاندنەوەی تێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤ بۆ ئەوەی دیوی مادە و دەرکەوتە ماتریالیەکان.

بڕوانە ئەم شیعرەی سنائی:





زلف و گیسوی دلبر، چیزی نیست رنگ و بووی ناونینان، چیزی نیست
انما پردە هستن بر گوهر او پشت پردە نمایان هست جمال او

لێرەدا کرۆچە مەبەستێتی بڵێت: هونەر تەعبیرکردن نیە لەو پەیوەندیەی کە لەنێوان بینەر و روخساردا هەیە، لەهەمانکاتدا ئەرکی هونەر کێشانی نەخشە نییە بۆ نمایشکردنی حەقیقەتە نەبینراوەکانی پشتەوەی روخسار.

[٤] - هونەر لەدیدی کرۆچەوە سەرەنجدانی رووتە لە (جزئیات) ی (شتێك) یاخود (رووداوێك) کە لەکات و شوێنێکی دیاریکراو لەدۆخێکی تایبەتدا (هەیە) یاخود (روودەدا).

[٥] - تێبینیەك لەسەر (جزء) و (کل) و پەیوەندیان بە (مێژوووەوە)

(کلیات) یاخود (گشت، هەمەکی) یان (حەقیقەتەکانی عەقڵ): چەمك و مانا باڵاکانن ، لەسەروی (جزئیاتەوەن) ، کات و شوێن ناناسن ، تایبەت بەدۆخێکی دیاریکراونین ، مەفهوم گەلێکی گشتن، بۆ هەموو سەردەمەکان و بە هەموو شوێنێك و هەموو دۆخێك. ئەبستراك و نەگۆڕن. ئەو یاساو ڕێسایانەن کەزاڵن بەسەر گێتیدا، ئەو پێوەر و پێودانگە (ئەخلاقی و عەقلانیانەن) کە گەردوونین و، پێوانەگەلێکن کە بەقەولی کانت: (هەموو مرۆڤایەتی کۆکن لەسەری. تەواوی تایبەتمەندی (وجودە) جیاوازەکان دەرهاویشتەی هێزێکی باڵان، ئەو هێزە باڵایەش لەحەقیقەتی عەقلانی و لەچوارچێوەی یاسا گشتەکاندا تەعبیر لەخۆی دەکات، مەفهوم و یاسا گشتەکان (کلیات) وجودی ئەو هێزە باڵایەن، بەڵام وجودێکی بێ(واقع)، وجودێك لەدەرەوەی کات و شوێندایە، لێرەدا دەتوانین بڵێین (جزئیات و رووداوە واقیعیەکان) هیچ نین جگە لەبەواقعبوونی (حەقیقەتەکانی عەقڵ) و (کلیات) نەبێت.

ئەگەر لەدیدێکی تاك کەسیانەوە بۆ (جزئیات)ی رووداوە مێژووییەکان بڕوانین، ئەوا ئەوکات مێژوو بریتیدەبێت لەکۆمەڵێك رووداوی (واقیعی) جیا لەیەکدی، هەر رووداوێك (جزئیات) و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەریەکەشیان تایبەتن بەکات و شوێنی دیاریکراو، وە سەرنجدانی ئێمەش لەو (واقع)ە مێژووییانە ، تەنها بۆ ناسینەوەی (جزئیات)ی ئەو (رووداوانەیە) وەکو خۆی، نەوەك بە گەیشتن بەیاسای گشت (کلیات).

بەڵام لە دیدی (هیگل)دا تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی وەکو (گشتێك) خۆی دەنوێنێت، کە ئاراستەیەکی مەبەستداری کرتۆتەبەر، ئاراستەیەك کە بەکامڵبوونی کۆتایی دێت، بەم پێیە (جزئیات)ی واقعە مێژووییەکان هیچ نین ، جگە لەکەرەستەیەك نەبێت بۆ کەشفکردنی یاسا

گشتەکان (حەقیقەتی عەقڵ). لەم کاتەدا رووداوە مێژووییەکان لەسەر زەمینی (واقع)دا روودەدەن، هیچ نین جگە لە بە ماتریاڵ بوونی (حەقیقەتی عەقڵ) و (یاسا گشتەکان) نەبێت. لەم کاتەدا تێڕوانین بۆ (جزئیات)ی رووداوە (واقعیەکان) لەپێناو ناسینەوە و دەرککردنی ئەو رووداوەدانیە کە وەکو (راستیەکی بینراو) روویداوە، بەڵکو لەپێناو کەشفکردن و تێگەیشتنی ئەو یاسا گشتەدایە کەزاڵە بەسەر قۆناغە مێژووییەکاندا. تەواوی رووداوە مێژووییەکان لەدیدی هیگڵەوە لەپەیوەندی دیالێکتیکیدان پێکەوە، هەر (تێزێك) (ئەنتی تێزێك)ی هەیە، ئەنجام بریتیدەبێت لەدروستبوونی (سەنتێز)، ئەم رەوتە درێژە دەکێشێ، لێرەدا ناچار دەبین وەکو گشتێك بڕوانینە مێژوو، لێکۆڵینەوەشمان لە (جزئیات)ی (واقعە مێژووییەکان) لەپێناو پەی بردن بێت بە (کلیات). ئەوکات (واقعی مێژووی) حەقیقەت نییە، بەڵکو کەرەستەیەکە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی نادیار و سەرو واقع.

نیچە دەڵێت: (تەنها راستیە بینرا و مەلوسەکان (حەقیقەت)ن، چونکە لەچوارچێوەی کات و شوێندا و لەژێرتیشکی خۆردا، وە بەپێش چاوی مرۆڤەوە روودەدەن و کاریگەری لەچارەنووسی مرۆڤ دەکەن). بەڵام ئەگەر بە دیدی (کلیات) بڕوانین، مەرج نیە ئەوەی لەسەرزەمینی واقعدا رووبدات خودی (حەقیقەت) بێت، بەڵکو راستی بینراو تەنها پەردەیەکە بەرووی (حەقیقەت)ی باڵادا دراوە.

سەبارەت بە (جزئیات) ، ئەوا ناتوانرێت (جزئیات) بە (فعلەی تام) دابنرێت، یاخود وەك (هێزێکی باڵا) سەیر بکرێت، (جزئیات) مفهومی گشتی نییە، بەڵکو (جزئیات) لەنێو ناخی (واقع)دایە و لەکات و شوێندا دیلە.

کرۆچە سەرەتا پێی وابوو کە (مێژوونووس) تەنها لە (جزئیات)ی (واقع) رادەمێنێت بۆ تێگەیشتن و دەرککردنی (واقع) ، بەم پێیە ئەرکی مێژوونوس تێرامان نیە لەپەیوەندی نێوان (جزئیات)ی (واقع) و (کلیات) یاخود مێژوونوس نایەوێت لە(جزئیات)ەوە بگاتە (کلیات).

٦ - لەفیکری کرۆچەدا، بەتایبەت لەسەرەتادا، مێژوو بریتی بوو لەگێڕانەوەی جزئیاتی (واقع) ، لە کاتێکدا زانست گەڕانە بەدوای (کلیات)دا.

٧ - لۆژیك: ژیربێژی، منطق.

هەواڵنامەی کتێب

# تورکیا لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆگان

**(بەشی دووەم)**

ن: مەنال لوتفی
و. لە عەرەبییەوە:سالار تۆفیق

### ئەڵقەی سێیەم - باوکی ئیسلامی سیاسی کە ماندوو نابێت

وتەیەکی ئەربەکان: هەر لەو کاتەوەی حیزبی دادو گەشەپێدان دەسەڵاتیان لە تورکیادا وەرگرتووە، بەرگی ئیسلامییان لەبەر خۆیان داکەندووە.

(نجم الدين اربكان) یەکەمین سەرۆك وەزیرانی ئیسلامییە لە مێژووی تورکیادا، لە نێو لایەنگرەکانیدا بە تەنها سەرکردەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو سەرکردەیەکی رۆحی و ئایینیشە، لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەی، کاتێك سەردانیدەکەن، لە بەردەمیدا سەری بۆ دادەنەوێنن و سێ جار دەستی ماچ





دەکەن، ئەو پیاوەی لە تەمەنی (٨١) ساڵیدایەو بەهۆی خراپی باری تەندروستییەوە ناتوانێت بە تەنها بەرێدا بڕوات و هەمیشە دوو کەس ئەملاو ئەولایان گرتووە، هێشتا هەر لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەیە، دەتوانێت بۆ چەندین کاتژمێر قسە بکات بەبێ ئەوەی ماندوویی پێوە دیار بێت.

لە چواچێوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بۆ حیزبی (سەعادە)، ئەربەکان چەندین شاری تورکیای بەسەر کردەوە و بۆ چەندین کاتژمێر وتاری خوێندەوە، هەتا ئێستاش ئەو میکانیزمە ئەندازیارییەی ئەربەکان لە سیاسەتدا جێیهێشتووە، لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان دا کاری پێدەکرێت ناوبانگێکی گەورەی بۆ دروستکردووە، شێوازی قسەکردنەکانی هەمیشە بەرجەستەیانە بووە، هەموو شتێك بە ژمارە دابەش دەکات.

ئەربەکان: (٥) پێنج هۆکار لە بردنەوەی حیزبی داد و گەشەپێدان دا رۆڵیان گێڕا، چوار هۆکاریش بوونە مایەی رووخاندنی حکومەتەکەمان.

بەڵام لە کاتێك دا زۆرینەی تورکەکان هەست بە گەشبینی دەکەن لە بەرامبەر سەرکەوتنە ئابوورییەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان، لە ولایشەوە زۆر لەو تورکە ئیسلامییانەی کە لەگەڵ حکومەتەکەی ئەردۆگان دا ناکۆکن، وا لەسیاسەتەکانی ئەردۆگان دەڕوانن کە خزمەت بە چینی دەوڵەمەندەکان دەکات نەك هەژارەکان. لە ساڵی (٢٠٠٢) دا تەنها (٣) خێزانی ملیاردێر لە تورکیادا هەبوون کە هەریەکیان خاوەنی نزیکەی (١) ملیار دۆلار بوون. بەڵام ئەم رێژەیە لەساڵی (٢٠٠٧) دا گەیشتە (٢٦) خێزان.

بەهۆی سیاسەتەکانی ئەردۆگانەوە، ئەربەکان دوچاری دوو دڵی و رەشبینی بووە بۆ ئایندەی ئابوری تورکیا، ئەردۆگانی بە خوێندکارێکی شکستخواردوو وەسفکرد کە لە دەرگای پشتەوەی خوێندنگاکەی ئەووە هەڵاتوە.



هەواڵنامەی کتێب

وا دەردەکەوێت ئەربەکان دڵی بە ((ئەردۆگان)) خۆشنەبێت، کە جاروبار پەیوەندی بە ئەربەکانەوە دەکات و هەواڵی دەپرسێت.

ئەربەکان بەم پەیوەندیکردنانەی ئەردۆگان دەڵێت ((ئەم پەیوەندییانە هیچ مانایەکی نییە)). ئەربەکان لۆمەی رۆژنامەی ((شرق الاوسط))ی کردوو وتی هاوکاری بریقەدارکردنی وێنەی (ئەردۆگان)یان کردووە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، کاتێکیش رۆژنامەی ((شرق الاوسط)) وەڵامیدایەوە پێی وت: ئێمە بەبێلایەنی خۆمانەوە پابەندین و هەروەها زۆر لە خوێنەرانی رۆژنامەکەش شانازی بە ئەربەکان و ئەزمونی حکومەتەکەیەوە دەکەن لە تورکیادا، ئەربەکانیش پێکەنی و وتی رۆژنامەی (شرق الاوسط) وەك گەلی تورکیا ئێمەی خۆشدەوێت، بەلاّم پشتگیری حیزبی دادو گەشەپێدان دەکات.

تەمەنێکی درێژی (٤٠)ساڵەیی ژیانی سیاسی نەیتوانیوە چۆك بە چالاکییەکانی ئەربەکان دابدات، هەتا ئێستاش بیر لە خانەنشینی ناکاتەوە، بەڵکو لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا بیری لێدەکاتەوە، ئەوەش کە پاڵ بە ئەربەکانەوە دەنێت بە هەموو هێز و توانایەوە بەردەوام بێت لە هەڵسوڕان، ئەو هەستکردنە قوڵەیەتی بە دوو دڵی و ترس لەسەر ئایندەی تورکیا، ئەربەکان و کەسانی دیکەش لەو بڕوایەدان دەوڵەتی عوسمانی بە پیلانی خۆرئاوا رووخا، رۆڵەکانی تورکیای لایەنگرانی خۆرئاواش پشتگیرییان لەو پیلانە کرد، بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە ئەربەکان پێی وایە پیلانەکەی خۆرئاوا بۆسەرخیلافەتی ئیسلامی هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە.

مەبەستەکەی ئەربەکانیش جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی نییە، هەروەك خۆی دەڵێت ئامانجێکی لە پێشینەی نییە، بەڵکو ئەوەی لەلای ئەو لە پێشینەدایە، رزگارکردنی تورکیایە لە دەست بالأدەستی ئەمریکاو سەهیۆنیزمی جیهانی.



بەزۆری دووبارەکردنەوەی وشەی (سەهیۆنیزم) یشدا دەردەکەوێت لایەنگری تیۆری پیلانگێڕییە، بەلاّم دڵنیایدەکاتەوە کە لایەنگری ئەوە تیۆرە نییە، بەڵکو یەکێکە لە قوربانییەکانی. روخاندنی حکومەتەکەشی لەلایەن سوپای تورکییەوە دەکاتە گەواهی دەری ئەوە، هەروەها ئەربەکان دەڵێت: ئەوەش هەنگاوێك بوو بە پیلانی سەهیۆنیزم ئەنجامدرا.

ئەمەش دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە کە رۆژنامەی ((شرق الاوسط)) لەگەڵ ئەربەکان دا لەماڵەکەی خۆی لە سەر دەریای ئیجە ئەنجامیداوە:

- پ: ئایا حیزبی دادو گەشەپێدان چۆن ئەو ئەنجامە گەورەیەی بە دەستهێنا؟
- و: تورکیا دەوڵەتێکی گەورەیەو ژمارەی دانیشتوانەکەی (٧٥) ملیۆن کەسە، کلیلێکی ستراتیژییە لەجیهاندا، داهاتی نیشتمانیشی لە نێو جیهانی ئیسلامیدا لە بەرزترین ئاستدایە، لەو روانگەیەشەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە تەنها بە تورکیاوە پەیوەست نابێت، بەڵکو بەسەرجەم جیهانەوە پەیوەستدەبێت، ئەم هەڵبژاردنانەی ئەم دواییە زۆر گرنگ بوون ئەوەش کە ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنانە زیاتر گرنگتر دەکات، ژمارە زانراوەکانی هەڵبژاردنەکانە، بەلاّم ئەم پەیامەی لە پشت ئەم ژمارانەوەیە چین، راستییەکەی چییە؟؟ راستییەکەی ئەوەیە هەڵبژاردنەکانی تورکیا وەك گەردەلوولێك وابوو، گەردەلوولێك لەو دەمەدا لە ئارادا بوو، تورکەکانیش بەو گەردەلوولەی بەسەر وڵاتەکەیان دا هەڵیکردبوو کاریگەر بوون. ئەو گەردەلوولەی بەسەر هەڵبژاردنەکان دا هەڵیکرد دەتوانین لە (٥) هۆکاردا کورتی بکەینەوە:

١: هەڵوێستی (ئەحمەد نەجدەت سیزەر)ی سەرۆك کۆماری پێشووی تورکیا بوو، (سیزەر) لە پێش هەڵبژاردنەکاندا هەڵوێستێکی نێگەتیفانەی لە دژی

بالاپۆشی وەرگرت. سیزەر وتیشی: هەندێك شوێنی گشتی هەیە نابێت دیاردەی بالاْ پۆشی تێدا بێت، ئەم قسانەشی پێچەوانەی مانای راستەقینەی عەلمانییەت بوو، بۆچوونەکانی سەرۆکی پێشوو بۆ عەلمانییەت دژی مافەکانی مرۆڤ بوو.

بێگومان ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤانەیەی بۆ بالاپۆشی لە بۆچوونێکی ناڕاستەوە بۆ عەلمانییەت سەرچاوەی گرتبوو. گەلی تورکیاش زۆر بە پەنگ خواردوویی بەوە کاریگەربوون، بەلاْم لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دا هەڵوێستە پەنگخواردووەکەی گەل تەقییەوە.

٢: هۆکاری دووەم ئەوە بوو کاتێك وادەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار نزیك بووەوە، هەندێك گروپ وتیان ئەو سەرۆکەی هەڵدەبژێردرێت دەبێت ژنەکەی بالاْ پۆش نەبێت. ئەم هەڵوێستەش لە خۆیدا بێزاری و نیگەرانی لە نێو تورکەکان دا دروستکرد، ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەش کاردانەوەیەك بوو لە دژی ئەو رەوتە.

٣: هۆکاری سێیەمیش ئەو هۆکارە بوو کە لەسەر رۆشناییەکەی دەتوانرێت لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە تێبگەین، ئەویش ئاگادارکردنەوەکەی ئێوارەی (١٧) ی نیسانی سوپا بوو کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە دژی حکومەت بلاْوکرایەوە. ئەو ئاگادارکردنەوەیە تورکەکانی بێزارکرد، کێشەی زۆر گرنگتر هەبوو تا گرنگی پێبدەن، کێشەی قوبرس هەبوو، قوبرس چووە نێو یەکێتی ئەورووپاوە، بەلاْم سوپا هیچ قسەیەکی لەسەر ئەوە نەکرد.

گۆڕانکارییەکانی ناوچەی خۆرهەلاْتی ناوەڕاست لە ئارادا بوو، وەك عیراق و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەلاْم سوپا هیچ بەیاننامەیەکی لەسەر ئەوانە دەرنەکرد. هەروەها لە ناو تورکیاشدا چەندین شانەی تیرۆریستی دروستبووبوو و پلانی پەلاماری تیرۆریستیانەیان دادەڕشت، لە هەر





پیلانێکیشیاندا کوژرانی چەندین هاوولاْتی مەدەنی لێدەکەوتەوە، سوپا هیچ بەیاننامەیەکیان دەربارەی ئەو پەلامارە تیرۆریستییانە دەرنەکرد، بەلاْم بەیاننامەکەی شەوی (١٧) ی نیسانی سوپا بوونی مەترسی بۆ سەر عەلمانیەتی لە خۆگرتبوو، ئەو مەترسییەش بەهۆی ئاهەنگێکەوە هاتبووە ئاراوە کە بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەرەوە سازکرابوو، لەو ئاهەنگەشدا چەند کیژۆڵەیەکی بچووکی بالاپۆش بەشدارییان کردبوو، بەلای سوپاوە ئەمە هەڕەشەیەك بووە بۆ سەر عەلمانیەتی دەوڵەتی تورکیا.

٤: هۆکاری چوارەمیش ئەوە بوو لیژنەی یاسایی بۆ تۆژینەوەی بالاْ کە سەرپەرشتی هەموو زانکۆکانی تورکیای دەکرد، بڕیاری داخستنی خوێندنگاکانی پێگەیاندنی مەلایەتی و وتار خوێندنەوە و قورئان خوێندنی دەرکرد، ئەم هەڵوێستەی لیژنەکەش کاردانەوەیەکی تووڕەی میللی لێکەوتەوە.

٥: هەرچی فاکتەری پێنجەمیشە، هەڵوێستە نێگەتیڤانەکەی (دینیس بایکالْ) ی سەرۆکی حیزبی گەلی کۆماری بەرهەڵستکار بوو بۆ حیزبی دادوگەشەپێدانی دەسەلاْتدار و هەروەها دووبارەکردنەوەی ئەو تۆمەتانە بوو کە حیزبی دادو گەشەپێدانی بە دژی عەلمانی دادەنا، ئەمەش وای لە گەلی تورکیا کرد هاوسۆزییان بۆ حیزبی دادو گەشەپێدان بێت. ئەمەش بەلای زۆرینەی تورکەکانەوە وا لێکدرایەوە ئەگەر حیزبی گەلی کۆماری بەرهەڵستکار دەسەلاْت بگرێتەدەست، ئەوا ئازادییەکانی خەڵك زەوتدەکات.

ئەم بارودۆخە گەلی تورکیای کردە بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ تەقینەوە، راستەوخۆ لە پێش هەڵبژاردنەکانیشدا حیزبی گەلی کۆماری بەرهەڵستکار چەندین خۆپیشاندنیان رێکخست، (٣) سێ ملیۆن خۆپیشاندەر بەشدارییان لەوچەند خۆپیشاندانەدا کرد، بەشداربووانی خۆپیشاندانەکانیش بڕوایان وابوو



هەواڵنامەی کتێب

سیستمی عەلمانی تورکیا لە مەترسیدایە، هەندێکیشیان دروشمی (مەرگ بۆ شەریعەت) یان بەرز کردبۆوە، زۆربەی تورکەکان ئەم خۆپیشاندانانەی حیزبی گەلی کۆماری بەرهەڵستکاریان بە زریانی (تسونامی) لە دژی ئیسلام و موسڵمانان دادەنا، بۆ بەرگریکردنیش لە ئایین، بەرپەرچیاندانەوە، بەرپەرچدانەوەکەش لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە ئەنجامدراو دەنگیان بە حیزبی دادو گەشەپێدان دا.

هەروەها ئەو کەسانەی دەنگیان بە حیزبی دادوگەشە پێدان دابوو، پێیان وابوو توند کردنی هێرشەکانی بەرهەڵستکاری عەلمانی بۆ سەر حیزبی دادو گەشە پێدان وەك دەستوەردانێك بووە لە دژی مافی دەنگدانی گەل. زۆربەی تورکەکان ئەم هەڵسوکەوتەیان بەلاوە باش نەبوو، لە نێو تورکەکان دا کەسانێك هەبوون نەیاندەویست دەنگ بە حیزبی دادو گەشەپێدان بدەن، بەهۆی نوقومبوونی تورکیا لە قەرزو بێ کاری و بەرز بوونەوەی ئاستی هەژاریو خراپ بەڕێوەبردنی ئیدارەو دەسەلاّت و هەروەها بەهۆی بوونی پەیوەندییەکانیان بە ئیسرائیلەوە، هەڵبژاردنەکان لە کەش و هەوایەکی ئاساییدا ئەنجامنەدران، بەڵکو لە چوارچێوەی زریانێکی تسونامییانەی حیزبی گەلی کۆماری بەرهەڵستکار و ئەوانی دیکەوە دژ بە دادو گەشەپێدان ئەنجامدران.

بژاردەکانی گەلی تورکیا بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەم هەڕەشەیە چی بوون؟

چەند بژاردەیەکی کەم لە ئارادا هەبوون، لە نێویان دا (حیزبی سەعادە) بوو، بەلاّم حیزبی (سەعادە) لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بە تەنها ڕێژەی (٣٪)ی دەنگەکانی بە دەستهێنابوو، لەم هەڵبژاردنەدا هەلێکی راستەقینەی لەبەردەمدا نەبوو، دەنگدەران لەوە دەترسان گەر دەنگ بە ئێمە (سەعادە) بدەن ئەوسا دەنگەکانیان بە فیڕۆ دەڕوات، بەو پێیە دەنگیان بە حیزبی دادو گەشەپێدان بەخشی.

هەموو ئەو تورکانەی کە شەپۆلە تسونامییەکەی بەرهەڵستکاری عەلمانییان



به هەڕەشە بۆ سەر ئایین و مافەکانی هەڵبژاردنی خەڵك لێکدایەوە، دەنگەکانی خۆیان بەخشی بە حیزبی دادو گەشەپێدان....

ئەمە لێکدانەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەم دواییە بوو، ئەمانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاسەتەکانی دادو گەشەپێدانەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندییان بەو بارودۆخە نائاساییەوەبوو کە وڵاتی پیا تێپەڕ دەبوو..

پ / ئایا بەرای تۆ دەنگدان بۆحیزبی دادو گەشەپێدان بڕیارێکی دروستبوو؟

و/ئەربەکان: بەڕای من (٥٠٪) ی بڕیاری گەلی تورکیا دروستبوو، چونکە هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نەبوو، هەروەها (٥٠٪) ی دیکەشی هەڵەبوو، چونکە گەل بۆ ئەوەی خۆی لەو (تسونامییە) بپارێزێت، ئەوەی پشتگوێخست کە حیزبی دادو گەشەپێدان خۆی بەرپرسبووە لەو زریانی تسونامییە.

هەر لەو پێنج ساڵەی رابوردووەوە و لەو کاتەوەی دەسەڵاتی حوکمی گرتە دەست، حیزبی دادو گەشەپێدان بەرگی ئایینی لەبەر خۆی داکەندووە، بۆ پابەند بوون بە مەرجەکانی بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا، سەرکردەکانی ئەو حیزبە بە ئاشکرا ئەوەیان وت و نکۆڵییان لێ نەکرد، وانە خوێندنە قورئانییەکانیان قەدەغەکردو خوێندنگاکانی پەروەردە کردنی ئیمام و وتار بێژیان داخست، یاسای بەتاوان کردنی (زینا)شیان هەڵوەشاندەوە.

هەروەها حیزبی داد و گەشەپێدان ئایەتە قورئانییەکانیان لە خوێندنگا رەسمییەکاندا گۆڕی، دەستەواژەی ((غیر المغضوب علیهم ولا الضالین)) یان لە سورەتی (الفاتحة)دا لابرد، هەر لە بنەڕەتدا وەریان نەگێڕا، ماناکەشیان

وەرنەگێڕا، بۆئەوەی جولەکەکان لە (غیر المغضوب علیهم) و مەسیحییەکانیش لە (الضالین) تورە نەبن، هەروەها ئەم حیزبە گرنگییەکی زۆر گەورەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکا دا، وتیان نابێت لە (یەکێتی ئیسلامی) نزیکببینەوە، تورکیا بەرەو ئەوروپا هەنگاو دەنێت، لە ماوەی ئەم (٥) ساڵەدا ئەردۆگان چەندینجار ئەم و وتانەی دووبارە کردۆتەوە.

راگەیاندن و نوسراوە رۆژنامەوانییەکان، هزری خەڵك ژەهراویدەکەن بەکورتی دەنگدانی تورکەکان بۆ حیزبی دادو گەشەپێدان لە خۆشەویستی ئەوان نەبوو بۆ حیزبەکە، بەڵکو لە ڕقی عەلمانییەکی توندڕەو بوو بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە تورکیادا.

پ/ ئێوە وتان حیزبی دادو گەشە پێدان لەبەرئەوە بردییەوە چونکە جێگرەوەی عەلمانی توندڕەو بوو، دەنگدانی تورکەکانیش بەو حیزبە، رق و کینە بوو لە عەلمانی توندڕەو نەك لە خۆشەوسیستی دادو گەشەپێدان بووبێت، بەڵام ئەی دەربارەی حیزبەکەی ئێوە چی، بۆچی حیزبی (سەعادە) بە تەنها ڕێژەی (٢. ٥٪) یان لە هەڵبژاردنەکان دا بە دەستهێنا، ئایا وتاری سیاسیتان لە زمان و هزرێکی هێندە ئاڵۆزەوە هاتبوو، نەیتوانی شەقامی تورکی تێبگەیەنێت، ئێوە لەسەر کاریگەری سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی و بانکی نێو دەوڵەتی لەسەر ئابوری تورکیا خوردببوونەوە؟

و/ بە بڕوای من وتاری سیاسی حیزبی (سەعادە) ئاڵۆز نەبوو، من لەو بڕوایەدام تورکەکان لە وتارو هزری حیزبی (سەعادە) تێگەیشتبوون، زۆرێك لە تورکەکانیش هاوسۆزی ئێمە بوون و بەرنامەی سیاسی ئێمەیان بە باشترین بەرنامە دادەنا.



بەڵام (تسونامیی)یە سیاسیەکەی تورکیا بەسەر ئاراستەی هەڵبژاردنەکان دا زاڵبوو و نە دەتوانرا بەدەر لە حیزبی دادو گەشەپێدان دەنگ بە هیچ حیزبێکی دیکە بدرێت. ئەوەش لە ترسی بردنەوەی حیزبی گەلی کۆماری عەلمانییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئەمە یەکەم جار نییە تورکەکان بەو مەنتیقە دەنگ دەدەن، (٣٠) ساڵ لەمەوبەر و پێش کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٨٠)، حیزبێکی راستڕەو بەناوی بەناوی حیزبی (داد)وە هەبوو، ئێمەش لەو دەمەدا لە حیزبی (ئاشتی نیشتمانی ئیسلامی) دا بووین و لە دژی ئەو حیزبە کارمان دەکرد، هەوڵماندەدا مەترسی سیاسەتەکانی ئەو حیزبە لە سەر تورکیا بۆ خەڵك روونبکەینەوە، بەڵام دەستی دەرەکی لە ئارادا هەبوو، بەرژەوەندییان لە تورکیادا هەبوو و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستیان لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەردەدا.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی تورکەکان پشتگیری سیاسەتەکانی (حیزبی ئاشتی نیشتمانی) یان دەکرد، بەڵام زۆربەی دەنگدەرانی تورکیا دەنگیان بە حیزبی (داد) ی راستڕەوی ئەو دەمەدا، چونکە گەلی تورکیا لەو دەمەدا لە سەرکەوتنی چەپڕەوی توندڕەو دەترسان.

ئێمە لەو دەمەدا وتمان جیاوازی نێوان حیزبی چەپڕەوی کۆمۆنیستی و حیزبی راستڕەوی ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان پەیڕەویان وایە نەشتەرگەری بەبێ بەنجکردن ئەنجامدەدەن، بەڵام حیزبی راستڕەوی لە پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری، بەنجکردن بەکاردەهێنن و لەو دەمەدا هەست بە هیچ شتێك ناکەیت.

کاتێکیش لە دوای بەنجکردنەکە بە هۆش خۆت دێیتەوە، دەبینیت کە راستڕەوەکان زۆر زیاتریان لە کۆمۆنیستەکان بۆ خۆیان بردووە.

حیزبی (ئاشتی نیشتمانی) شکستیهێنا، بەڵام نائومێد نەبووین، گەڕاینەوە

بۆ نێو گۆڕەپانەکەو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٧) دا و لەڕێی حیزبی (فەزیلە)وە سەرکەوتنمان بە دەستهێنا وحکومەتیشمان پێکهێنا. ئێستاش هەمان گەمە دووبارەبۆتەوە، بەلاّم هیواداریین بە هاوشێوەی رابوردوو، لە ئایندەدا هەمان سەرکەوتن بە دەستبهێنینەوە.

پ/ ئەردۆگان ئەندامێکی حیزبی (ڕەفاه) بوو و پاشان ئەو حیزبەی جێهێشت و لەگەڵ (عبدالله گول)دا حیزبی دادو گەشەپێدانیان دامەزراند، ئایا ئێوە جیابوونەوەی ئەردۆگان بە هەلاّتن دادەنێن لە خوێندنگاکەی خۆتان؟ ئایا بەڕای ئێوە ئەوان سەرکەوتوون یان شکستیان هێناوە؟

و/ بەڵێ... ئەردۆگان خوێندکارێکی شکستخواردووەو لە دەرگای پشتەوەی خوێندنگاکەی ئێمەوە هەلاّتووە، هات بۆ خوێندنگاکەی ئێمە بۆ فێربوون، بەلاّم فێری وانەکە نەبوو. هەرچەندە ئەو لە خوێندنگا ئایینیەکاندا خوێندوویەتی، بەلاّم کارو کردەوەکانی ئەوە ناخەنە روو، ئەردۆگان دەڵێت: پرۆسەی بە شارستانیکردنی کۆمەڵگەی موسوڵمانان ناتوانێت کێبڕکێی بەشارستانیکردنی خۆرئاوا بکات، لەکاتێکدا پێغەمبەر (محمد) دەڵێت: ئاین بەرەو بڵندی هەنگاو دەنێت، بەلاّم هیچ شتێك بەسەریدا بڵند نابێت. ئایا هەرکەسێك زانست و دانایی هەبێت، قسەی لەو جۆرە دەکات!

ئەردۆگان لە یەکێتی ئەوروپا نزیکدەبێتەوە، یەکێتی ئەوروپا هەر شتێکی لێ داوا بکات، جێبەجێیدەکات.

لە هەمان کاتیشدا دەڵێت نابێت لە یەکێتی ئیسلامی نزیك ببینەوە.. ئایا ئەمە راستە؟ ئایا ئێمە خزمەتی ئیسلام دەکەین یان خزمەتی جوولەکە دەکەین؟؟؟



هەواڵنامەی کتێب

پ/ لە راستیدا زانیارییەکی کەم لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان ئێوە و ئەردۆگان و دەربارەی جیاوازی سیاسەتەکانی حیزبی (سەعادە) و (دادو گەشەپێدان) هەیە، هەتا ئێستاش بۆچوونی ئەوە هەیە ئەزموونەکەی ئەردۆگان لە دەسەلاّتدا تەواوکاری ئەزمونی حوکمی ئیسلامییانەیە کە لەسەر دەستی ئێوەو لە ماوەی دەسەلاّتی حیزبی (رەفاه) ی ساڵی (١٩٩٧) دا هاتە ئاراوە. ئێوە لەسەرئەوە چی دەڵێن؟

و/ حیزبی دادو گەشەپێدان لەسەر هەمان رێچکەی ئێمە نەڕۆیشتن، هەتا ئێستاش تێگەیشتنیان بۆ بارودۆخەکە دەرنەکەوتووە.

پێغەمبەر دەڵێت: ((رێز لە هزر روونی باوەڕدار بگرن، چونکە بە رۆشنایی خودا دەڕوانن)).

حیزبی دادو گەشە پێدان دەبێت هزر روونی هەبێت، ئیسلام ئاینێکی ئاینزایی نییە، بەڵکو ئایینی عەقڵ و تێگەیشتن و هوشیارییە، لەبەرئەوە دەبێت بە شێوەیەکی راست و دروست لە ئیسلام تێبگەین.

دوو شتی کەموکوڕ لە هەموو کۆلێژێکی شەریعەتی جیهانی ئیسلامیدا هەیە: یەکەمیان دامەزراندنی کۆلێژی تایبەتە بە چۆنێتی جێبەجێکردنی شەریعەت بە جۆرێك کە لە گەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێت، دووەمیان کردنەوەی کۆلێژێکی دیکەیە کە تایبەتمەند بێت بە تێگەیشتن لە ئیسلام بەشێوەیەکی راست و دروست.

لەبەرئەوە موسوڵمان دەبێت هوشیار بێت و باش لە ئیسلام تێبگات. جوولەکە و مەسیحی مەکەنە پێشەنگی خۆتان، ئەگەر هەر کەسێك لە جوولەکە نزیك بێتەوە و بیکاتە پێشەنگی خۆی، چۆن دەبێتە موسوڵمانێکی راستەقینە!

ئەم گرفتی هوشیاریە لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بوونی هەیە.

پ/ ئایا دەکرێت زانیاری زیاترمان لەسەر ئەو هۆکارانە پێ بڵێیت کەوای لە ئەردۆگان کرد لە حیزبی (رەفاه) جیاببێتەوە و حیزبێکی نوێی رکەبەری ئێوە پێکبهێنێت؟

و/ هەمووان (تیۆدۆر هیرتزل) ی دامەزرێنەری ئیسرائیل و (حاییم نعوم) ی رووناکبیر و هەڵسوڕاوی جوولەکەو (زوبیجینیۆ بیرگینسکی) راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی دەناسین. بیرگینسکی دەڵێت: ((کاتێك تەماشای جیهانی ئیسلامی دەکەین دوو جۆر دەبینین، جۆرێکیان بۆ دونیا دەژین و جۆرەکەی دیکەیان بۆ ئایین دەژین، ئێمە دەمانەوێت ئاینپەروەرەکان لاواز بکەین و هاوکاری ئەوانەش بکەین کە بۆ دونیا دەژین)). ئێوە دەپرسن بۆچی ئەردۆگان لە ئێمە جیابۆوە و حیزبێکی نوێی دامەزراند؟ منیش ئەو وتەیەی بیرگنسکی دەکەمە وەڵامی پرسیارەکەت........

ئەردۆگان بە ویستی خۆی ئەم حیزبەی دانەمەزراندووە، بەڵکو فەرمانی پێکراوە ئەم حیزبە دابمەزرێنێت. بۆچی ئەردۆگان بووبە دامەی ئەم پرۆژەیە؟ چونکە حەزی لە پێگەو پارەو دەسەلات و سەرۆکایەتی و پۆستە.

پ/ ئایا جۆری پەیوەندی ئێستای نێوان بەڕێزتان و بەڕێز ئەردۆگان چۆنە؟ ئایا پەیوەندیتان هەر پێکەوە هەیە؟؟.

و/ هەندێك جار ئەردۆگان بە تەلەفون قسەم لە گەڵ دەکات و هەواڵی تەندروستیم دەپرسێت، بەڵام ئەمە مانای هیچ شتێك نابەخشێت.... قسەی وەك چۆنی و تەندروستیت چۆنە.. هیچ بایەخێکی نییە... گرنگ ئەوەیە بە هۆش



هۆشیاری ئیسلامی راستەقینە بێیتەوە...

پ/ کەواتە ئێوە لە سیاسەتەکانی بەڕێز ئەردۆگان نارازین؟

و/ من لە هەڵسوکەوت و شێوازو ئەو رێگایەی پیایدا گوزەر دەکات نارازیم، ئێمە سکالآی لێدەکەین چونکە گەلی تورکیا بەرەو گێروگرفتی گەورە دەبات. لێی نارازین چونکە لە هەندێك بەرنامەدا ئەمەکداری خۆی بۆ سەهیۆنیزم نیشاندەدات و خۆی دەکاتە هاوبەشی ئەوان. ئەردۆگان بۆ چ مەبەستێك هێزی سەربازی تورکی لە چاوچێوەی هێزی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان دا رەوانەی (لوبنان) کرد؟ بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە چەك داماڵینی (حزب الله) ی لوبنانی دا.

پ/ بۆچی هەوڵنادەن دەربارەی ناکۆکییەکانتان گفتوگۆ لەگەڵ ئەردۆگان دا بکەن، چونکە دواجار هەر زیانێك رووبدات، رووی هەموو ئیسلامییەکی تورکیا دەگرێتەوە؟

و/ وتەیەك هەیە دەڵێت: خودا بڕیاری لە چارەنوسی هەرشتێك دابێت هەر دەبێت ببێت، ئەوسا خودا عەقڵ و کاری راست وەردەگرێت و ئامۆژگاری هیچ سودێکی نابێت، ئێمە ئامۆژگاری زۆرمان کرد، بەڵام هەمووی بێ سوود بوو.

پ/ ماوەی دەساڵ بە سەر روخاندنی حکومەتەکەی حیزبی (رەفاه) دا تێپەڕیوە کە ئێوە سەرۆکایەتیتان کرد... ئایا ئەو هۆکارو پاڵنەرانەتان هەڵسەنگاندووە کە وای لە سوپای تورکی کرد حکومەتەکان بڕوخێنێت؟

و/ هۆکارەکە دیارە. دام و دەزگا سەهیۆنیزمە جیهانییەکان لە پشت

ڕووخاندنی حکومەتەکەی ئێمەوە بوو.

جولەکە لە خەونی دروستکردنی دەوڵەتی خەیاڵ بۆ کراوی نێوان (نیل و فوڕات) دان.

جەنگی جیهانی یەکەم لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتی ئیسڕائیلی گەورەی هەر لە (نیلەوە بۆ فوڕات) هەلگیرسا، هێزە سەهیۆنیزمییەکان ویستیان ئەستانبوڵ داگیربکەن بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە ئیسڕائیلییە دروستبکەن. ئەگەر داگیرکردنی ئەستانبوڵ سەریبگرتایە، دەبوو بە سەرەتایەك بۆ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە.... بەڵام چی ڕوویدا؟

شەش سەد کەشتی و شەش سەد هەزار سەربازیان هێنا، بەڵام شکستیان هێنا. دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکەی لە نیلەوە بۆ فوڕات بۆتە بەشێکی سەرەکی لە بیرو باوەڕەکانی جولەکەدا، ئەمان هەرگیز ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیان دا ناگۆڕن. ماوەی هەشتا ساڵە، هێزە سەهیۆنیزمییەکان هەوڵی دوورخستنەوەی تورکەکان دەدەن لە ئایین، گەمارۆی ئابورییان دەخەنە سەر. ساڵی(١٩٩٠) چی ڕوویدا؟

کۆمۆنیستی داڕما، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووبە تاکە زلهێزی جیهان‌وئەمریکا خۆشی لەژێر دەستی جوولەکەدایە.

لە دوای نەمانی یەکێتی سۆڤێت، سەر لە نوێ خەونی جولەکەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی نێوان نیل و فوڕات هاتەوە پێشەوە... ئەوان چییان کرد؟

لەساڵی (١٩٩٠) لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی پەیمانی (ناتۆ) دا (مارگرێت تاتچەر) ی سەرۆك وەزیرانی ئەو دەمەی بەریتانیا وتی: ئێمە پەیمانی (ناتۆ) مان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتی سۆڤێت دامەزراندبوو، ئێستا یەکێتی سۆڤێت کۆتایی پێهاتووە... ئایا پەیمانی ناتۆ هەڵبوەشێنرێتەوە؟ ئەگەر دوژمنێك بۆ



پەیمانی ناتۆ نەدۆزینەوە، ئەوا (ناتۆ) ناتوانێت بە زیندوویی بمێنێتەوە، لەبەرئەوە دەبوایە لەجیاتی یەکێتی سۆڤێت دوژمنێکی دیکەی نوێیان بۆ بدۆزیبایەوە، تاتچەر هەروەها وتی: دوژمنە نوێیەکە لە ئارادایە، ئەویش ئیسلامە، لەو بارودۆخ و دەمەشدا حیزبی (ڕەفاه) لە تورکیا سەریهەڵدا. ئەم قسەیەی ئێستا دەیکەم وتەی (بیرگنیسکی)ییە... ووتی: هەتا حیزبی (ڕەفاه) لە تورکیا دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، ئێمە ناتوانین ئامانجەکانی خۆمان بهێنینە دی، دەبێت کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕەفاه بکەین.. وو تیان چۆن حکومەتەکەی حیزبی (ڕەفاه) لەناو ببەین؟ حکومەتی ئەمریکا نەیدەویست سوپای تورکی لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە لە جیاتی حکومەتێکی هەڵبژێردراو دەسەڵات بگرێتە دەست. هاتن چیانکرد؟ چاویان خستە سەر حیزبی دووەم کە لەگەڵ ئێمەدا بەشدارییان لە پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافیدا کردبوو، ئەویش حیزبی (ڕێگای ڕاست) بوو بە سەرۆکایەتی (تانسۆ چیلەر).

هەڕەشەیان لە (٥٠) پەرلەمانتاری سەر بە حیزبی ڕێگای ڕاست بەوە کرد، کە ئەگەر پشتگیری حکومەتە ئیئتلافییەکەی نێوان (ڕەفاه) و (ڕێگای ڕاست) بکەن، ئەوا ئەوسا تورکیا ڕووبەڕووی دەستوەردانی سوپای تورکی دەکەنەوە، بە هاوشێوەی ئەو کودەتا سەربازییەی کە لە ساڵی (١٩٨٠) و لەلایەن (کەنعان ئەفرین) ەوە ئەنجامدرا.

(تانسۆچیلەر) هاوشەریکی حکومەتەکەمان هات بۆ لام و پێی وتم: (٥٠) پەرلەمانتاری حیزبەکەمان لەدژی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتلافین لەگەڵ ئێوەدا. ئێمە ئێستا لە قەیراندداین و دەبێت هەر هەڵبژاردنی نوێ ئەنجامبدەینەوە، لەپاش هەڵبژاردنەکەش دەتوانین سەر لەنوێ هەنگاو بۆ حکومەتێکی ئیئتلافی نوێ هەنگاو بنێینەوە. ئێمە لە ڕێکەوتنێکی مەبدەئییانە



هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ چیلەر وتمان: ئەگەر بەهۆی هەر قەیرانێکەوە ناچار کراین هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجامبدەین، ئەوسا سەرۆك وەزیران دەگۆڕین، ئەمەش بەمانای ئەوەی من دەست لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەڵبگرم و چیلەر ببێتە سەرۆك وەزیران. بەزۆرینەی دەنگی ((٢٥١)) پەرلەمانتار، لە پەرلەماندا بڕیار درا لە ماوەی (٣) ی مانگدا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.. بەڵام ئەوەی لە دواییدا روویدا پێچەوانەی هەموو پرەنسیپەکانی دیموکراتی بوو. ئێمە (٢٩١) دوو سەدو نەوەتو یەك پەرلەمانتارمان لەگەڵدا بوو، بەڵام لەمیانەی قەیرانەکەدا مافی پێکهێنانی حکومەت درا بە (مەسعود یەڵماز) کە حیزبەکەی لە پەرلەمان دا کەمینە بوو.

پ/ بە بۆچوونی خۆت بۆچی دەزگا سەهیۆنیزمییەکان رقیان لە تۆ بوو؟ ئەو سیاسەتانە چیبوون کە تۆ پیادەتکردوو ئەوانی بێزارکردبوو؟

و/ لەو چەند مانگەی لە حکومەتدا بووین، سێ شتی زۆر گرنگمان کرد:

**یەکەمیان:** دەستمان لە سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی هەڵگرت و پێمان وتن نامانەوێت بەرنامە ئابورییەکانتان لە تورکیا جێبەجێبکەن.

**دووەمیان:** بودجەیەکمان دانا کە خەرجییەکانی دەوڵەت و داهاتەکانی هاوسەنگ کردەوە. ئەمەش لە پێشووتردا ئەنجامنەدرابوو.

**سێیەم:** هاوپەیمانیەکی هەشت دەوڵەتی پێکهێنا. ئەو هەشت دەوڵەتەش هەر یەك لە (تورکیا و پاکستان و ئەندەنوسیا و میسرو نایجیریا و مالیزیا و بەنگلادیش و ئێران) بوون. ((بیرۆکەی ئەو هاوپەیمانێتییەش کە لەمیانەی کۆنگرەی ئەستانبوڵی مانگی تەموزی ساڵی (١٩٩٧) دا دامەزراو پەیماننامەکەی تیادا دەرکرا، لە سەردەمی حوکمی حیزبی (رەفاە) و لە لایەن حکومەتەکەی (ئەربەکان)ەوە هاتە ئاراوە)).



ئامانجمان گۆڕینی ریزبەندی سیستمی نێو دەوڵەتی بوو کە لە لایەن چەند هێزێکەوە کۆنترۆڵ کرابوو و هیچ هێزێکی ئیسلامی تیادا نەبووە..

هاوپەیمانێتی ئەو هەشت دەوڵەتە ئیسلامییەش، سەرەتایەك بوو بۆ دامەزراندنی دەنگێك بۆ جیهانی ئیسلامی لە جیهان دا. هەروەها بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەتر بوو، بەڵام ئەم کارە بەلای زۆربەی زلهێزەکانی جیهان و جولەکەکانەوە باش نەبوو.

هەمیشە بە تورکەکانم دەوت: بۆچی لە پێش جولەکەکانەوە لێم تێناگەن؟ جولەکەکان هەرزوو درکیان بە کاریگەرییەکانی هاوپەیمانێتی هەشت دەوڵەتە ئیسلامییەکە کردو دەستبەجێ کەوتنە جووڵە بۆ دژایەتیکردنی بۆ ئەوەی پەکی بخەن. بەڵام جیهانی ئیسلامی درکیان بەو دەرەنجامە گرنگە نەکرد کەلەم هاوپەیمانێتییە دەکەوتەوە.

پ/ دوای روخاندنی دەسەڵاتەکەتان، ئایا چ هەستێکتان لەلا دروستبوو؟؟ هەستتان بەدڵتەنگی کرد یاخود هەستتان بەوە کرد خیانەتتان لێکراوە، بەتایبەتیش لە کاتێك دا کە هەندێك سەرمایەداری تورك هەبوون لە دژی حکومەتەکەی ئێوە وەستانەوە؟

و/ بێگومان هەستمان بە دڵتەنگی کردو هەستیشمان بەوە کرد لە خشتە براوین، بەڵام خۆمان دڵنیا بووین لە گرنگی ئەو کارەی کە دەیکەین، هەندێك لە سەرمایەداران لەبەرئەوە لەدژمان وەستانەوە چونکە ئێمە دەمانویست بودجەیەکی دادپەروەرانە بۆ دەوڵەت دابنێین. سەرمایەدارەکان پارەیەکی زۆریان لە بانکەکاندا دادەناو رێژەیەکی گەورەی سوودو قازانجیان وەردەگرت، هەروەها

لێخۆشبوونیشیان لەلایەن حکومەتەوە پێدەبەخشرا بۆ ئەوەی باج نەدەن، ئەم کارەش بە چەندین ملیار دۆلار لەسەر ئابوری تورکیا دەکەوت، لەو بودجە تەرخانکراوەی ئێمەدا بڕی (١٠) ملیار دۆلارمان لە سەرمایەدارەکان سەندەوە و بۆ چینە هەژارەکانمان تەرخانکرد، ئەم هەنگاوەی ئێمەش بەلای سەرمایەدارەکانەوە باش نەبوو.

پ/ باستان لە ترس و نیگەرانی کرد لە سەر ئایندەی ئیسلامی... پرسیارێکی بارودۆخی هەنوکەییت لێ دەکەم، ئایا بە رای ئێوە ئەمریکا هێرشی سەربازی دەکاتە سەر ئێران؟

و/ بێگومان هەڕەشەیەکی راستەقینە لەسەر ئێران هەیە، جۆرج بوش کەسێکی موحافزکارەو ئیسلام بەدوژمن دادەنێت، ئێران بە هەڕەشە دادەنێت، بەبۆچوونی ئەو هەموو بەرنامەیەکی ئیسلامی هەڕەشە دروست دەکات، ئێران وتورکیا و. هتد بەلایەوە هەموویان دەبنە مایەی هەڕەشە.

پ/ئایا تورکیاش لە مەترسیدایە؟

و/ نەك هەر مەترسی، بەڵکو رووبەڕووی گەورەترین مەترسی دەبێتەوە. تورکیا بەلای ئەمریکاوە گرنگترین دەوڵەتی ناوچەکەیە، ئەگەر تورکیا هاوپەیمانێتی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا ببەستێت، ئەوا ئەمریکا هەموو شتێك لە دەستدەدات. لەبەرئەوە ئەمریکاو جولەکە دژایەتی فراوانبوون و یەکگرتنی جیهانی ئیسلامی دەکەن.

بۆیە جیهانی ئیسلامی دەبێت هاوکارییان پتەوتر بکەن.



هەواڵنامەی کتێب



پ/ هەندێك دەڵێن سوپای تورکی لە بەرامبەر حکومەتی هەڵبژێردراوی حیزبی دادو گەشەپێداندا کە رێژەی (٤٦٪) ی دەنگی تورکیایان بەدەستهێناوە بەرەو لاوازی دەڕوات، ئایا بەرێزیشت هەمان بۆچوونت هەیە؟

و/ نەخێر... سوپا لەئێستادا لاواز نییە.. هەتا ئێستاش سوپا بەهێزترین دامودەزگای دەوڵەتە لە تورکیادا.

پ/ چۆن لە ئەزمونەکانی ئیسلامی سیاسی نێو جیهانی عەرەبی دەڕوانیت؟

و/ هەر ئەزمونێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئامانجی ئەزمونەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا کۆتاییهێنانە بە بالا دەستی چەپڕەوی و سەرمایەداری بەسەرماندا، ئەمەش مەبەستە سەرەکیەکەیە.

پ/ بەلام هەندێك ئەزمونی ئیسلامی هەیە، تۆتالیتارییەو پشتی بە شێوازی دیموکراتی نەبەستووە... تۆ چۆن ئەوە هەڵدەسەنگێنیت؟

و/ ناکرێت حکومەتێکی ئیسلامی تۆتالیتاری بوونی هەبێت.

پ/ بەلام بۆنموونە.. ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن، دیموکراتی نییە!

و/ هەموو حکومەتێك دەبێت لە لایەن گەلەوە شەرعیەتی خۆی وەربگرێت، رەتکردنەوەی هەڵبژاردن و رای گەل دروست و راست نییە، لەگەڵ یاساکانی ئیسلامدا ناگونجێت.

پ/ دوایین پرسیارم ئەوەیە ئایا نازناوی ((باوکی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا)) بۆ بەرێزتان، دڵخۆشتان دەکات یان نا؟

و/ پەنام بەخودا.. ئێمە گرنگی بەنازناو نادەین، ئێمە دادپەروەری و یەکسانیمان بۆ هەموو موسوڵمانان و مرۆڤایەتی دەوێت، ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و بەزەییە، ئامانجیشمان دڵخۆشکردنی نەک بەتەنها موسوڵمانەکانە بەڵکو هەموو ئەو (٦) شەش ملیار مرۆڤەی سەر زەوییە.

**ئەڵقەی چوارەم / مزگەوتەکانی تورکیا... لەنێوان پیاوان و ژنان دا**

زۆرێک لە تورکەکان چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد رۆژێک دێتە پێشەوە کاتێک دەچنە نێو مزگەوتەکانەوە دەبینن ژنێک لە شوێنی ئیمامەکە دانیشتووەو وانەیەکی ئاینی پێشکەشدەکات، بە دەیان گوێگری ژن و پیاو بەدەوری دا دانیشتوون و گوێبیلێدەگرن.

بەڵام ئەمە روویدا، ئەمڕۆ لە تورکیا زیاتر لە (٤٥٠) مامۆستای ئایینی ژن وانە ئایینیەکانی خۆیان لە مزگەوتەکانی تورکیا پێشکەشدەکەن و دەسەڵاتی ئایینی لەگەڵ پیاواندا دابەشدەکەن.

هەمووان نەبەم بریارەو نە بە بریارەکەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی، دڵخۆشنەبوون، کە داوای لە سەرۆکایەتی وەزیران کرد ژنان لە پۆستی (یاریدەدەری موفتی) دابمەزرێنن. بەهیوا بوون بەم نزیکانە یەکەمین موفتی ژن لە تورکیا دابمەزرێنرێت.. هەروەها بە هیوای ئەوەش بوون رۆژێک لەرۆژان پێشنوێژێکی ژن دابمەزرێنن. بەڵام هەروەک دەڵێن، هێشتا کەشو هەوا لەبارنییە.. بەواتایەکی تر.. دەکرێت هەموو شت بکرێت تەنها پێشنوێژی نەبێت.

ئەو کەسانەی لە بەرامبەر دامەزراندنی ژنان لە پۆستی مامۆستای ئایینی مزگەوتەکان یان پۆستی یاریدەدەر یان جێگری موفتی تووشی شۆکبوون،



هەمیشە دەستەواژەی ((مزگەوت بۆ پیاوانە)) یان دەوتەوەو دووبارەیان دەکردەوە.

بەڵام داکۆکیکەرانی ئەم گۆڕانکارییەی لە ماوەی (٥) ساڵی رابووردوو لە تورکیا روویدا، دەڵێن ئەم گۆڕانکارییانە بەشێکن لە زیندووکردنەوەی (ئیسلامی تورکی). ئەوە دەردەخات کەئیسلام لە تورکیا بەپیر پێویستییەکانی کۆمەڵگاو پەرەسەندنەکانی رۆژانەوە دەچێت، دەسەڵاتی ئایینی تەنها لە دەستی پیاوان لە ئیسلامدا هیچ پاساوێکی نییە، هەرچی ژنە هەڵسوڕاوەکانی بزوتنەوەی ژنانی تورکیایە دەڵێن: هەمیشە ئێمە ئایین لە پیاوانەوە فێربووین، ئەگەر باوک بێت یان مێرد یان مامۆستا لەخوێندنگا یاخود ئیمام لە مزگەوت، زۆر بە دەگمەن چانسی فێرکردنی ئایینی بە ژن دەسپێردرێت.. هەرچەندە ژنانێکی زۆری وا هەن زانیارییان لەسەر کاروبارە ئایینیەکان بە هاوتای ئاستی پیاوانە.. کاتێک پرسیار لە هەر تورکێک دەکەیت دەربارەی ئەوەی چ فاکتەرێکی سەرەکی وای لە ئیسلامی تورکیا کردووە لە ئیسلامێتی دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دیکە جیاواز بێت، زۆربەی جار وەڵامەکە بەم جۆرە دەبێت: کاتێک ئیسلام هاتە ناو تورکیاوە دەستبەجێ بە کلتوری تورکیاو مێژوو و سروشتی دەوڵەتەکەیان کاریگەری کەوتۆتە سەر.. ئەم پرۆسەی کاریگەربوونەش نەوەستاوەو دوچاری بەستوویی نەهاتووە، کاتێک ئەتاتورک لە دوای شۆڕشی ریفۆرمی دەستوری، هەموو کاروباری ئایینی خستە ژێر دەستی دەوڵەتەوە، لە نێویدا فێرکردنی ئایینی و تەنانەت خوێندنگا قورئانییەکانی گوندە بچوکەکانیش. رۆشنبیری هاوچەرخی تورکیا بیرۆکەی (کردنی ئایین بە پرسێکی کەسێتی) و پەیوەندی نەبوونی بە دەوڵەت یان بە دامەزراوە حکومی و رەسمییەکانەوە بڵاودەکردەوە... هەروەها کردیە پرسێکی بێلایەن کە نابێت بۆ خزمەتی ئامانجی هیچ گروپ و کۆمەڵەیەک

بقۆزرێتەوە..

بەهۆی ئەو یاساو رێسا توندانەی ئەتاتورك دایناببوو، هیچ پیاوێکی ئایینی یان وتاربێژێك یان ئیمامێکی مزگەوت ناتوانێت فەتوایەك دەربکات کە هێڵە سورەکانی دەستورو یاسای تورکیا ببەزێنێت. بە فەرمانی یاسا فرە ژنی قەدەغەکراوە، ئەگەر فرە ژنی هەشبێت، ئەوا لەهەندێك گوندی چەپەك و دوورە دەستدا بوونی دەبێت. هەروەها وەك شێخ (محسن کوروتولس) دەڵێت: فرەژنی بە یاسا قەدەغەکراوە، بەڵام هەروەها لە یاساکانی ئیسلامیشدا فرەژنی سنوری بۆ دانراوە، چەندین مەرجی بۆ دانراوە، لە نێو ئەو مەرجانەدا مامەڵەی یەکسان و چەندین مەرجی دیکەی تێدایە کەوا دەکات فرەژنی ئاستەنگ بێت و ئاسان نەبێت.

هەرچی باڵا پۆشییە.. پرسێکی تایبەتی کەسێتییە، بەڵام لە دامودەزگا حکومییەکاندا قەدەغەیە، زۆرێك لە پیاوە ئاینیەکانی تورکیا دەڵێن ئەم شێوازە دەوڵەت و ئیسلام لە قۆرخکردن دەپارێزێت.

داکۆکی لەوە دەکەن کە هیچ دژبەیەکییەك لە نێوان ناوەرۆکی دەستورو ناوەرۆکی ئیسلامدا نییە، پاش ئەوەی ئەتاتورك هەموو شێوازکانی فێرکردنی ئایینی لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابوردوو قەدەغە کردبوو، پیاوە ئایینیەکان فێری ئەم جۆرە بۆچوونە بوون. لەپاشان فێرکردنە ئایینیەکان وردە وردە لە تورکیا بوژانەوەو سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە. لەپاش یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراتی لە ساڵی (١٩٥٠) سەر لە نوێ خوێندنگا و کۆلێژە ئایینیەکان کرانەوە.

بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری دەنگدەران، حکومەتەکەی حیزبی گەلی کۆماری ی حیزبەکەی ئەتاتورك، راستەوخۆ لەپێش هەڵبژاردنەکان لە هەوڵێکی بێهوودەیدا بۆ خۆپاراستن لە دۆڕاندن لە بەرامبەر بەرهەڵستکاری لیبڕاڵی، فێرکردنی ئایینی سەر لە نوێ گێڕایەوە، لە نێو ئەو بڕیارانەش کە



حکومەت لەو دەمەدا دەریکرد، رێگەدان بوو بە خوێندنی وانە ئایینیەکان لە خوێندنگا سەرەتاییەکاندا ئە گەر باوکان بە داوایەکی رەسمی داوای فێرکردنی ئایینی منداڵەکانیان بکردایە. بەڵام لە پاشان چاکسازی لە یاساکەدا کرا بۆ ئەوەی ماددەی ئایین ببێتە ماددەیەکی ئاسایی خوێندن. تەنها ئەوانە لە خوێندنی ئەو وێنە ئایینیانە دەردەکران کە باوکەکانیان داوایان دەکرد منداڵەکانیان وانەی ئایینی نەخوێنن. بەم جۆرە خوێندنی بەسەر هەموو خوێندنگاکانی تورکیادا گشتێنرا.

لەو دەمەشدا خوێندنگا ئایینیەکان زۆر بە خێرایی فراوانییان بە خۆوە بینی تاکو بە گوێرەی فەلسەفەی فێرکردن لە تورکیا هەنگاو بنێت. دەسەڵاتدارانی تورکیا خوێندنگا ئایینیەکانیان بۆ مەبەستی (کاری وەزیفی) پۆلێنکردووە، واتە بۆ ئامانجی پێگەیاندنی دوعاخوێن و ئیمامی مزگەوت و موفتییەکان بەکاریدەهێنن. هەرچەندە لەو دەمەدا هێشتا رێگە بە ژنان نەدرابوو وەك موفتی و مامۆستای ئایینی کاربکەن، بەڵام دواتر رێگە بە ژنان درا بچنە ناو ئەو خوێندنگایانەوە.

خوێندن لە خوێندنگا ئایینیەکان لە قۆناغی ناوەندییەوە دەستیپێکرد، بەڵام لە دوای ئەوە چووە قۆناغی ئامادەییەوە کە خوێندکارەکان رێزمانی عەرەبی و قورئانی پیرۆز و وتەی پێغەمبەرو هاوەڵەکانی و زانستی فەقێیەتیان تیادا دەخوێند.

یەکەمین کۆلێژی زانستی ئایینی لە شاری ئەنکەرەو لەساڵی (١٩٥٠) دا کرایەوە..

لە سەرەتادا سوپا هانی ئەم خوێندنگا ئیسلامییانەی دەدا لەسەر ئەو بناغەیەی سوپاو تورکیا لە پەلکێشانی کۆمۆنیستی سەردەمی جەنگی سارد دەپارێزێت.

لە پاش کودەتاکەی (١٢) ی ئەیلوولی (١٩٨٠) وانەکانی رۆشنبیری ئایینی بە گشتی لە هەموو خوێندنگاکان دا بووبە ناچاری، بەڵام پاش سەرکەوتنی حیزبی (رەفاه) ی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٦) و پێکهێنانی حکومەت لە



هەواڵنامەی کتێب

لایەن (نجم الدین اربکان) ی سەرکردەی ئەو حیزبەوە، سوپا هەستی بە دوودڵیو هەڕەشەکرد. یەکەمین کاریش کە سوپا لە دوای روخاندنی حکومەتەکەی (اربکان) لە ساڵی (١٩٩٧) کردی، داخستنی خوێندنگا ئایینیەکانی قۆناغی ئامادەیی بوو. سەرجەم خوێندنی وانە ئایینیەکانی قۆناغی ئامادەیی هەڵوەشاندەوە. قۆناغی فێرکردنی بەزۆری لە (٥) ساڵەوە کردە (٨) ساڵ.

هەرچی خوێندنگا دواناوەندییە ئایینیە وەزیفیەکانیشە کە تایبەتن بە پێگەیاندنی مامۆستای ئایینی و موفتییەکان، سنورێکی بۆ وەرگرتنی خوێندکاران دانا و تەنها بەشی پێویستبوونی مزگەوت و دامەزراوە ئایینیەکانی وەردەگرت بۆ دامەزراندنی ئیمام و مامۆستای ئاینی تیایاندا.

بەشێوەیەکی گشتی وەرگرتنی خوێندکاران لە و خوێندنگا ئایینیانە بەرتەسککرایەوە.

هەروەها بەربەستەکان لەسەر خوێندنی قورئان بۆمنداڵان توندترکرایەوە، گەیشتە ئەو رادەیەی مۆڵەت وەرگرتن بۆ خوێندنی وانەی قورئانی زۆر ئاستەنگتر بوو.

لەپاش کودەتاکەی ساڵی (١٩٨٠)، بۆ کۆنترۆڵکردنی زانکۆکان، دەسەڵاتداران بڕیاریاندا هەموو زانکۆکان بخرێنە ژێر رکێفی ئەنجومەنی باڵای فێرکردنەوە و چاودێرییان لەسەر چالاکیە خوێندکارییەکان توندتر کرد. هەروەها رێگری لە دامەزراندنی هەر کۆلێژێکی ئایینی کراو سەرجەم پۆستە ئایینییەکانیان کۆنترۆڵکرد.

شێخ (محسن کورتولومس) دەڵێت: (٨) هەشت هەزار ئیمامان هەیە، لە هەموو شارێکی تورکیادا موفتیەك و چەندین نوێنەری موفتی و ئیمامی مزگەوتمان هەیە، لە هەموو ناوچەیەکی شارە گەورەکانیشدا چەندین موفتی هەیە کە لەژێر فەرمانی موفتی گشتی شارەکەدان.



لە هەموو دەزگایەکی ئایینیدا وانە بۆ فێرکردنی قورئان هەیە، چەندین ئیمام و وتار خوێنی سەر بە وەزارەتی فێرکردن هەیە کە ئەرکیان وانە وتنەوە و فێرکردنی ئیمامە نوێیەکانە لە کۆلێژە ئایینیەکانی تورکیادا... هەروەها شێخ (محسن) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە وتارەکانی هەینی بەگوێرەی ڕووداوە هەنوکەییەکان فرەیی و جۆراوجۆر دەبێت.. ئاماژەش بەوە دەکات کە دوایین وتاری خۆی دەربارەی مافی مرۆڤ بوو. وتارەکەشی لە قورئان و پەیماننامەی جیهانی مافی مرۆڤەوە ئامادە کردبوو. بەهۆی ئەو بیرۆکانەوە کە لەماوەی (٨٠) ساڵی رابوردوودا بڵاوبووەوەو بەهۆی چاودێری دەوڵەتەوە لەسەر فێرکردنی ئایینی بەهەموو شێوەو قۆناغەکانیەوە، جۆرێك لەپەیوەندی تایبەت لەنێوان تورکەکان و ئاییندا دروستبوو.

رێگە بە خەڵك دەدرا بۆ گوێگرتن لە وتارەکان بچنە نێو مزگەوتەکانەوە بەبێ ئەوەی نوێژیش بکەن. تەنها لە کاتی نوێژی هەینیدا نەبێت، خەڵکی زۆر لە مزگەوتەکاندا نابینرێن. ژمارەی مام ناوەندی ئەوکەسانەی لە رۆژانی هەفتەدا لەمزگەوتەکاندا نوێژ دەکەن لە (٢٠) بۆ (٣٠) کەس تێپەڕ ناکەن.....

موحەممەد گەنجێکی تورکیایەو لە یەکێك لە بازاڕەکانی ئەستانبوڵدا کاری بازرگانی دەکات دەڵێت: من تەنها لە مانگی رەمەزاندا نوێژ دەکەم، خۆشم بە موسوڵمانێکی باوەڕدار دەزانم. موسوڵمانێك بە هەموو پێوەرەکانیەوە.

هەمیشە گەشت بۆ ئەوروپا دەکەم، هاوڕێیەتی زۆرم لە ئەوروپا هەیە، بە بڕوای خۆم ئەمەش وام لێناکات ببمە موسوڵمانێکی خراپ. هەروەها دەڵێت: زۆربەی لاوەکانی تورکیا وەك لاوانی هەر وڵاتێکی ئەوروپا ژیان بەسەر دەبەن لاوانی تورکیاش هەروەك لاوەکانی ئەوروپا دەکەن، کە تەنها جارێك لە هەفتەدا سەردانی کەنیسە دەکەن و تەنها لە بۆنە ئایینیەکاندا سەردانی دەکەن. لاوە



هەولنامەی کتێب

تورکەکانیش هەمان شێوە دەکەن.

بالآپۆشی لە تورکیا تا رادەیەکی گەورە ناوچەگەرییانەیە، لە هەندێك ناوچەی ئەنکەرە و ئەستانبوڵدا بە دەگمەن بالآپۆشی دەبینی.

شێخ (محسن کورتولوس) ی ئیمام و تاربێژی مزگەوتێکی ئەستانبوڵ دەڵێت: رەنگە لە هەندێك گیروگرفت دا ئیسلامی تورکیا زۆر نەرمتر بێت. ئێمەش هەروەها ئەوروپین، توندڕەوی ئایینی لەنێوماندا لاوازە، کاتێك تورکەکان چوونە سەر ئاینی ئیسلام، زۆر بەخێرایی و بە ئاسانی روویدا. زۆرینەی پێکهاتەی کەسێتی تورکیا بە شێوەیەکی لە خۆییانە لەگەڵ رێنماییەکانی ئیسلام و رۆحیدا، دەنگونجێت. تورکەکان بەبێ هیچ فشارێك درك بەپیرۆزی ئیسلام و پێگەکەی دەکەن.

بۆ نموونە شیعەکانی تورکیا وەك شیعەکانی ئێران نین، خەڵك بۆ گفتوگۆی سیاسی ناچنە مزگەوتەکانەوە، بەڵکو بۆ زانینی حەرام وحەلاڵ دەچن. زۆرترین پرسیاریش کە دەیکەن دەربارەی خۆپاك راگرتنی مرۆڤ و چۆنێتی نوێژکردنە.

رۆژێکیان کەسێك دەربارەی فرە ژنی پرسیاری لێکردم، منیش پێموت راستی نێو ئیسلام ئەوەیە هاوسەرگیری تەنها لەگەڵ یەك ژندا دەبێت...

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی نوێژکەر لە تورکیا زۆر گەورە نییە، تەنها لە رۆژی هەینی دا نەبێت، بەڵام بەرەوپیرچوونێکی زیاتر بۆ ئایین لەو وڵاتەدا هەیە. هەندێك جار لاوی کوڕ و کچی کەم تەمەنیش بەبێ ئەوەی نوێژ بکەن دێن بۆ مزگەوتەکان بۆ ئەوەی گوێ لە وتارە ئایینیەکان بگرن.

ئێمەش رێگایان لێ ناگرین.. باوەڕداری تەنها خۆی لە نوێژکردندا نابینێتەوە، بەڵکو هەڵسوکەوتیش دەگرێتەوە.

هەروەها دەڵێت:(لەپێناو هاوکاریکردنی هاووڵاتیانی تورکیا،



بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایین ماوەی دوو ساڵە بەدرێژایی (٢٤) کاتژمێر، هێڵی تەلەفونی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دابینکردووە، هاووڵاتیان لەو رێیەوە دەتوانن پرسیار دەربارەی هەر فەتوایەکی پەیوەست بە هەر بابەتێکەوە بکەن. ئەو بەرپرسانەش کە وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتیان دەدەنەوە، دەرچووی کۆلێژە ئایینیەکانی تورکیان و مەشق و راهێنانیان لەسەر دەرکردنی فەتواو کارکردن لەو بوارەدا پێکراوە).

لە تورکیای ئەمڕۆدا گرنگییەکی زیاتر بە ئایین دەدرێت. ئەم زیادبوونی گرینگی پێدانە بە ئایینیش، بە هۆی کاریگەری هیچ شوێن و لایەنێکەوە نییە، بەڵکو لە مەزاج و حەزی تورکەکان خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

چۆن دیاردەی بالآپۆشی لە تورکیا زیادیکردووە، هەر بەو شێوەیەش ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بە دەستهێنا، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراو بوو.

هەروەها دیاردەی حەزی ژنانی تورکیا بۆ هاوتا بوونیان لەگەڵ پیاوان لە بواری دەسەلآتی ئایینیدا بە دەرکەوت و پەرەیسەند. بەلآم ئەمەیان شتێکی ئاسایی نەبوو، ئەم دیاردەیەی ناو تورکیا لە پێنج ساڵ لەمەوبەرەوە دەستیپێکرد کاتێك لەمانگی ئەیلوولی ساڵی (٢٠٠٣)دا لە شاری (حەیدەر ئاباد) ی باشووری هیندستان سێ موفتی ژنیان دامەزراند. لەو دەمەوە زۆرێك لە ژنانی تورکیا کەوتنە پرسیارکردنی ئەوەی: ئایا بۆچی هەتا ئێستا ئەمە لە تورکیا روونەداوە؟؟ هەر لەو ساڵەدا، ساڵی (٢٠٠٣)، بۆ یەکەمجار چەند ژنێك وەك یاریدەدەری موفتی لە شاری ئەستانبوڵ دامەزرێنران. پاشان لە ئەزمیرو ئەنکەرە هەمان کار کران. ئەم سێ شارەش ئازادترین سێ شاری تورکیان. ئەم دامەزراندنانەش هەمووی لە دوای هەڵبژاردنی (علی بارداك ئوغلو) بە سەرۆکی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی و لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٢) دا ئەنجامدران.

لە پاش ماوەیەکی کەمیش لە سەرکەوتنی حیزبی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکان، ئەمکارە زیاتر پەرەیسەند.

بە بۆچوونی (باردادك ئوغلو) کە یەکێکە لە رۆشنبیرەکان و خۆی بە ریفۆرمخوازێکی موحافزکار دەزانێت، خەڵکانی ئاسایی پێویستیان بە موفتی هاوچەرخ و رێگا رۆشنکەر هەیە، ئەو موفتییەش نێر بێت یان مێ گرنگ نییە. هەروەها دەربارەی دامەزراندنی ژنان وەك موفتی وتی: لە ئیسلام دا رێگری لەبەردەم ژندا نییە بۆ ئەوەی ببێتە موفتی.. بە درێژایی مێژووی ئیسلام، ژنان هەمیشە پێگەیەکی گرنگیان لە ئاییندا هەبووە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە یاریدەدەرە ژنەکانی موفتی ماڤ دەرکردنی فەتوایان هەیە.

(ئەنوەر موعەززەم) ی سەرۆکی بەشی خوێندکارانی ئیسلامی ژنان لە کۆمەڵەی (عوسمانیا)ی تورکی دەڵێت: لە تەنها ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و وتەیەکی پێغەمبەردا رێگری لە ژنان نەکراوە بۆ ئەوەی ببنە موفتی.. ناشتوانرێت بووترێت ئەم وەرچەرخانانە بەبێ خواستی دەوڵەت و بەهۆی فشاری کۆمەڵگای مەدەنی تورکیاوە هاتۆتە ئاراوە.

لە راستیدا دەوڵەتی تورکیا خۆی مامۆستای ئاینی ژن و یاریدەدەری ژنی بۆ موفتییەکان دامەزراند. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاینی تاکە بەرپرسی هەموو کاروبارێکی ئایینیە.

فەرمانبەرە ئایینیەکانی تورکیا بە فەرمانبەری مەدەنی یان حکومی دادەنرێن.. سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینین (کە لە تورکیا ناوێکی کورتکراوەی هەیە و پێی دەڵێن: دیانات)... ژمارەی فەرمانبەرەکانی ئەم دەزگا



ئایینیە (٨٠) هەشتا هەزار کەسە، لە نێویدا (٧٥) هەفتاو پێنج هەزار پیاوی تێدایەو تەنها (٣) سێ هەزار ژنی تێدایە.

وەك بەڵگەیەکیش بۆ فراوانبوونی مەودای دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی، ئەوەندە بەسە کە خەرجی هەموو مزگەوتە تورکییەکانی ناوەوە و دەرەوەی تورکیا لە لایەن ئەو دەزگایەوە دابیندەکرێت.... بە دەستپێکردن لە پسووڵەی کارەبای مزگەوتە تورکییەکانی سەر سنوری ئەرمینیاوە بۆ خەرجکردنی موچەی ئیمامی بەرلین کەخزمەتی جالییەی تورکی لە ئەڵمانیا دەکات و تا دەگاتە دامەزراندنی موفتی و ئیمام و مامۆستا ئایینیەکان لە هەموو شارو گوندێکی تورکیادا.

ئەگەر چی یاریدەدەرە ژنەکانی موفتی زۆربەی جار لە ناو خانەی دەزگاکانی فەتوادەرکردندا فێردەکرێن و زۆر تێکەڵ بە خەڵکی نابن لە مزگەوتەکاندا، تاکو کاردانەوە خەڵك لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ بەرەوپیرچوونی ژنان بۆ ناو بواری ئایینی بەو بەهێزییە، ببینن.. بەڵام مامۆستا ئاینیەکان ناچارن تێکەڵ بە خەڵك بن، بەڵکو رۆژانە رووبەرووی کاردانەوەی نێگەتیڤانە و پۆزەتیڤانەی ئەو کەسانە دەبنەوە کەلە وانە ئایینی و ئامۆژگارییەکانیان دا بەشداریدەکەن.

ئەمڕۆ لە تورکیا (٤٥٠) چوار سەدو پەنجا مامۆستای ئایینی ژن هەیە، لە نێو ئەو ژمارەیەدا هەژدەیان لە ناو ئەستانبوڵدایە. ئەم مامۆستا ئایینیە ژنانە، بە هاوشێوەی هاوتا پیاوەکانیان خوێندن لە زانکۆ ئایینیەکان تەواو دەکەن. پلەی مامۆستای ئاینی لە تورکیا لە پلەی ئیمام بەرزترە. مامۆستا لە مزگەوتێکدا دادەنیشێت کە بەدەیان و سەدان خەڵك لە ژن و پیاو لە دەوری کۆدەبنەوە. ئەویش دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو دەست بە ئامۆژگارییەکانی خۆی دەکات.

لیستێکی هەفتانەی ئەو بابەتانە لەلایەن (وەزارەتی کاروباری ئایینیەوە) بۆیان دیاریدەکرێت، تاکو ئامۆژگارییەکانی خۆیانیان لەسەر پێشکەشبکەن ئەمەش والە خەڵك دەکات گرنگی بە ئامۆژگارییەکانی ئەو بابەتە بدەن یاخود بەتایبەت دەچن بۆ گوێگرتن لەو ئامۆژگارییانەی کە هەمیشە لە دوای نوێژکردن پێشکەشدەکرێن.

(زلێخا شاکیر) ی تەمەن (٢٧) بیست و حەوت ساڵ دوای ماوەیەکی کورتی خۆئامادە کردن لەگەڵ ئیمامی مزگەوتدا، دەستی بە ئامۆژگاریکردن کرد.

یەکەمین بابەتیش کە زلێخا ئامۆژگاری ئایینی خۆی لەسەر پێشکەشکرد، دەربارەی رۆڵی باوکان و دایکان بوو لە بەرامبەر ئەو فشارە دەروونیەی دوچاری منداڵان دەبێتەوە.

فرە بابەتە ئامۆژگاریە ئایینیەکان لە نێوان تاوانەکانی شەرەف و هاوسەنگی نێوان ژیانی بەختەوەری و پابەندبوون بە بەها ئایینیەکان و ئەرکەکانی ناو خێزان و چەند کێشەیەکی دیکەوە دەبێت.

ژنان سوربوونی خۆیان دەردەخەن بۆ ئامادەبوون لە مزگەوتەکان بۆ گوێگرتن لە وانە ئایینیەکانی (زلێخا) و مامۆستا ئاینیە ژنەکانی دیکە.. زۆربەیان پێیان وایە ئامادەبوونیان لە ئامۆژگارییە ئاینیەکانی مامۆستا ژنەکاندا هەلی دیالۆگیان پێدەبەخشێت. بەلاّم بەشداریکردنیان لە ئامۆژگارییە ئایینیەکانی پیاواندا تەنها بۆ گوێگرتنە و بێ ئەوەی دیالۆگی لەگەڵدا ئەنجامبدەن. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە، بەلاّم زۆربەی پیاوان لە تورکیا لەسەر پێدانی رۆڵ بە ژنان لە ناو بواری ئایین دا ناڕازین. وای بۆ دەچن کاری ژنان لە ئامۆژگاریکردن و فەتوا دەرکردن دا کۆمەڵگا توشی تێکەڵکردنی مەسەلەکانیان دەکات.





هێشتا خەڵك لەسەر ئەوە رانەهاتووە بچنە نێو مزگەوتێکەوە ژنێك لەسەر مینبەر ببینن کە ئامۆژگاری ئایینی پێشکەشبکات.

هەتا ئێستاش پیاوە تورکەکان ئەو دەستەواژەیە دووبارە دەکەنەوە کە دەڵێت: ژنان رۆڵی خۆیان هەیە کە خودا بۆی جیاکردوونەتەوە لە رۆڵی پیاوان.

زلێخا دان بەوەدا دەنێت کە کارکردنی وەك مامۆستایەکی ئایینی، کارێکی ئاسان نییە.

دووچاری خۆڕاگرتن دەبێتەوە لە بەرامبەر ئەوەی لە دژی دەوترێت بە هۆی ئەو بۆچوونە باوەی پەیوەستە بە پەیوەندی ژنان بە دەسەڵاتی ئایینیەوەو لە مێشکی خەڵکدا چەسپاوە.

جارێکیان لە دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا سکالاّیکردو وتی: کاتێك ئیمامەکان دێن بۆئەو مزگەوتەی منی تیادا دامەزراوم، هەندێکیان پێشوازیمان لێ دەکەن، بەلاّم زۆربەیان پێش ئەوەی من بێم، دەستبەجێ لە تەواوبوونی نوێژ هەڵدێن و دەچنە دەرەوە، چونکە حەز ناکەن بمبینن. تەنانەت لە ناو خانەی فەتوای ئەستانبوڵیشدا هەمان شت روودەدات، وێڕای ئەوەی موفتیەکانی ئەو دەزگایە زۆر رۆشنبیریشن. بەلاّم هەتا ئێستاش خەڵکانێك هەن حەزناکەن هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ ئێمەی ژن دروستبکەن، کاتێك ئێمە ئامادە دەبین، هەندێك لە پیاوان یا سەیری کۆمپیوتەرەکەیان دەکەن یان سەیری سەقف یاخود سەیری پێی خۆیان دەکەن، چونکە حەزیان بە بیرۆکەی هاوتا بوونی ژنان نییە لەگەڵ پیاوان لە دەسەڵاتە ئایینیەکاندا.

هەروەها دەڵێت: ((چاوم بڕیوەتە ئەو ئایندەیەی کە گۆڕان بەسەر ئەم روانینەدا دەهێنێت)).

ئاستەنگییەکەش تەنها لەلای پیاوانەوە نییە، بەڵکو چەندان ژنی تورکیا

هەن حەز بەموفتی ژن یان مامۆستای ئایینی ژن ناکەن..

هەروەها زلێخا دەڵێت: ((زۆرێك لە ژنانی تورکیا دەڵێن لە ئیسلام دا ئیمامی ژن بوونی نییە، پێغەمبەر لەسەردەمی خۆیدا هیچ ژنێکی بە ئیمام دانەناوە))..

لەگەڵ دامەزراندنی ژنان وەك یاریدەدەری موفتی و مامۆستای ئایینی. ژنان دەستیانکرد بەوەرگرتنی بەشی خۆیان لە خوێندنی قورئانی پیرۆز.

لە خانەی فەتوای ئەستانبوڵدا (٥٨٣) پێنج سەدو هەشتاو سێ ژنی تێدایە کە وانەی قورئان دەڵێنەوە و کاری فێرکردن دەکەن، کەلەلایەن خانەی فەتوادانەوە سەرپەرشتیدەکرێن و ڕێکدەخرێن..

بەلام ئەوەی جێی ئاماژەیە ژمارەی ئەو ژنانەی لە بەشە ئایینیەکانی کۆلێژو زانکۆ ئیسلامییەکانی تورکیادا دەخوێنن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ روو لە زیادبوونە. ئەمرۆش خوێندکارانی ژن زۆرینەی ژمارەی خوێندکارانی بەشە ئایینیەکانی زانکۆ ئیسلامییەکان پێکدەهێنن.

ئارەزووی ژنان بۆ بەشداریکردن لە بواری ئایینی و ئەو ئاستەنگییەی دێتە ڕێیان بۆتە هۆی هێنانەئارای گفتوگۆو مشتومڕ لە ناو کۆمەڵگای تورکیادا. نەك تەنها دەربارەی ئیسلام و ئەوەی تێیدا هاتووە، بەڵکو دەربارەی روانینی کۆمەڵایەتیش بووە بۆ ژنان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگادا.

موفتی ئەستانبوڵ وا دەڕوانێت کە ژنان هەمیشە وەك هاووڵاتی پلە دوو تەماشایان کراوە، نەك تەنها لە خۆرهەلات، بەڵکو لە خۆرئاواش. بەلام بە چەندین شێوازی جیاجیا پاکتاو لە دژی ئەنجام دەدرێت. ئەو پاکتاوکردنەش بە پێی جیاوازی کلتوری کۆمەڵگاکان جیاواز دەبێت. منیش خۆم بە داکۆکیکەرێکی بەجۆشی مافی ژنان دادەنێم.





موفتی ئەستانبوڵ دەیەوێت کاری زیاتر بۆ ژنان بکات، بە تایبەتیش لە دۆخێکدا کە چەندین ڕێکخراوی ژنان لە تورکیا هەن پێیان وایە هەموو ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان بەس نین. هەروەها ئەوەش کە کراوە بۆ ژنان، وەك شتێکی ڕۆتین و رواڵەتیانە وەسفیدەکەن.

پیاوانی ئاینی تورکیا ئازادییەکی بەرکەماڵیان نییە، تەنها وەك فەرمانبەرێکی حکومی لێیدەڕوانن. ڕێگەیان پێنادرێت هیچ فەتوایەکی ناکۆك لەگەڵ یاساکانی تورکیا دەربکەن، یاخود لێدوانێك بدەن کە دژ بە یاساکانی تورکیا بێت. بۆ نموونە ئەگەر دەربارەی بالاپۆشی پرسیار لە هەر پیاوێکی ئاینی یان ئیمامێك یاخود موفتییەکی تورکیا بکەیت، ئەگەر ئیختیاری بێت یان ئیجباری، هیچ وەلامێکت لێیان دەستناکەوێت. ئەگەر دەربارەی فرەژنیش پرسیارت لێکردن..... ئەوا زۆربەیان پێت دەڵێن: پرسیار لە موفتی یان بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاینی بکە.

**ئەڵقەی پێنجەم: ئیسلام لە نێوان جل و بەرگی ئایینی و مۆدێرندا لە تورکیا:**

موفتیەکی ئەستانبوڵ: ئێمە فەتوا بۆ جیهادکردن دەرناکەین، ئەوەی لە عێراقیش بە جیهاد ناو دەبرێت حەرامە.

هەموو تورکێك وێنەیەکی (موستەفا کەمال ئەتاتورك) ی دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ لە نوسینگە حکومییەکانیان هەڵدەواسن، زۆربەی جاریش ئەو وێنەیە هەڵدەواسن کە لەسەر ئەسپەکەیەتی. یاخود ئەو وێنەیە هەڵدەواسن کە لە نوسینگەکەی خۆیدایەو ئالایەکی تورکیای لە پشتەوەیە و کلاوە بەناوبانگەکەی لە سەردایە. بەلام (موستەفا شاگریچی) ی موفتی ئەستانبوڵ لەجیاتی وێنەیەك، دوو وێنەی ئەتاتورکی هەڵواسیوە، یەکێکیان ئەو وێنەیەیە



هەواڵنامەی کتێب

کە شەبقە خۆرئاواییەکەی لەسەردایە، ئەوی تریان وێنەیەکی دەگمەنە و ئاستەمە لەهیچ نوسیگەیەکی دیکەی حکومیدا ببینرێت ئەویش وێنەی ئەتاتورکە کە بە قاتی چاکەت و پاتۆڵ و بۆیمباخەوەیە و لە ناوەڕاستی چەند پیاوێکی ئاینی بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە، راوەستاوە.

موفتی ئەستانبوڵ وا لە ئەتاتورك دەڕوانێت کە موسوڵمانێکی باوەڕداری عەلمانییە و هیچ دژبەیەکییەکیش لە نێوان ئەو سیفەتانەدا نابینێتەوە. موفتی ئەستانبوڵیش بە رۆڵی خۆی لەو هاوکێشەیە بەدوور نییە، پێش ئەوەی وەك موفتییەك لە ئەستانبوڵ دابمەزرێت، دکتۆر و مامۆستایەکی ئەکادیمی زانکۆ بووە. تەنانەت دوای دامەزراندنیشی وێڕای ئەو هەموو سەرقاڵییەی کە پۆستەکەی بەسەریدا سەپاندوویەتی، خۆشەویستی قووڵی بۆ ژیانی ئەکادیمی ماوەتەوە کە نەك بە جلوبەرگی مەلایەتییەوە بەڵکو بە جلوبەرگی زانکۆییەوە واتە بە چاکەت و پانتۆڵەوە کار دەکات. موفتی ئەستانبوڵ بەڕووی زۆرێك لە کلتوورە تورکی و ئیسلامی و ئەوروپی و ئاسیاییدا کراوەتەوە. بڕوای وایە لەڕێی گفتوگۆو کۆششی زیاترەوە بۆ لێك نزیك کردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و لابردنی پرسە جێ ناکۆکان دەکرێت کێشەکان چارەسەربکرێن، ئەویش بە پراکتیکیانە ئەوەی کرد، کاتێك بەهۆی چەند لێدوانێکی پاپا (بینیدکتۆس) ی شانزدەهەمەوە لە زانکۆیەکی ئەڵمانی لە مانگی ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٦) دا دروستبوو، کەلەو دەمەدا ناوبراو دەقێکی سەدەی چواردەهەمی هێنابۆوەو ئیسلامی بە توندوتیژییەوە گرێدابوو. لەپاشان بە پێشنیارێکی بەرپرسە تورکەکان، پاپا سەردانی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەدی کرد کە بە مزگەوتی شین ناسراوە و پاپا لەکاتی نوێژکردنی لە دوای موفتی ئەستانبوڵەوە رووی خۆی بەلای مەککەدا وەرگێڕا.



هەرچەندە هەندێك لەو کەسانەی کە زۆر لە لێدوانەکانی پاپا نیگەران بووبوون، پێیان وابوو ئەمە بەس نییە و دەبێت داوای لێبوردن بکات، بەڵام خەڵکانێکی زۆر وتیان ئەم هەنگاوە رەمزییەی پاپا مانای داوای لێبوردنێکی پراکتیکانە دەردەخات.

لە نێو تورکەکان دا موفتی ئەستانبوڵ رێزێکی گەورەی هەیە، بەڵام ژنان بۆ شێوازی کار و بەڕێوەبردنی زۆر بەجۆشترن بۆی. لە ماوەی دەستبەکاربوونی لە پۆستی بەرپرسیارێتی فەتوادانـدا لە ئەستانبوڵ رێگەی بە چەندین ژن داوە لە بواری ئاموزگاریکردنی ئاینی و فەتوادانـدا کار بکەن، نەك تەنها لە بواری کاروباری ژنان، بەڵکو لە هەموو کاروبارەکانی ئاییندا. موفتی ئەستانبوڵ دەربارەی تایبەتمەندێتی ئیسلام لە تورکیا قسەدەکات و ئەوە دەخاتە روو کە فەتوای جیهادکردن لە تورکیادا دەرناکرێت، بۆچوونی خۆشی وادەردەبڕێت کە ئەو جیهادەی لە عیراق دەکرێت حەرامە ((چونکە پێی وایە ئەو کەسەی باجی ئەو کردەوانە دەدات هاووڵاتیانی عیراقی و ئیسلامە، ئەم کارو کردەوانەی هەندێك ئەنجامی دەدەن، تاوانەو لە دژی ئیسلام ئەنجامدەدرێت)). هەروەك ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئەو گیروگرفت و ململانێیە رۆژانەی نێو جیهانی عەرەبی وای لە عەرەب کردووە نەتوانێت مانای ئیسلام شیبکاتەوە، هەروەها موفتی ئەستانبوڵ وتی: گرفتەکانی جیهانی ئیسلامی نەبوونی دیموکراتییە تیایدا، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی ((ئەگەر جیهانی ئیسلامی دەروازەکانی خۆی بەڕووی دیموکراتی و ئازادیدا بکاتەوە، ئەوسا دەبینێت لە ماوەی چاوتروکانێك دا کێشەکانی چارەسەردەکرێن)). هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردووە کە یەکێك لە هۆکارەکانی پشتەوەی تایبەتمەندبوونی ئیسلامی تورکیا، کرانەوەیەتی لە پێش نزیکەی سێ سەدە زیاترەوە بەڕووی خۆرئاوادا. لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی

ئەم کرانەوەیە وای لە بەرامبەر کردووە نەبێتە دوژمن. ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنێکە کە ڕۆژنامەی ((شرق الاوسط)) لەگەڵ موفتی ئەستانبوڵ ئەنجامیداوە:

پ/ هەمیشە تورکەکان قسە لەسەر جیاوازی تایبەتمەندێتی ئەزموونەکەیان دەکەن بە بەراورد بە ئەزموونەکانی دیکەی ناوچەکە، بەڕای تۆ چی وا لە ئیسلامی تورکیا دەکات بە بەراورد بە ئەزموونەکانی دیکەی ناوچەکە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەبێت؟؟

و/ لەسەردەمی نوێگەریدا تورکیا لە پێشەوەی وڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتێکی زۆر زوو و بەشێوازێکی چڕوپڕ پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆرئاوادا دەستپێکرد. لەسەر بناغەکانی دیموکراتیو عەلمانییەت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خۆرئاوا گرێدا. ئەمەش وا لە تورکیا دەکات لە وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە جیاوازبێت، تورکیا هەتا ئێستاش خۆی بە ڕابوردوو و بەهاکانیەوە گرێداوەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەسەر بەها هاوچەرخ و نوێگەرییەکان دا دەژی. لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵگای تورکی زیاتر بەرەو موحافزکاری چووە، دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش بەڵگەیەکی ڕوون بوون لەسەر ئەوەی کۆمەڵگای تورکیا بەرەو موحافزکاری دەڕوات. بەڵام شتێکی دیکە لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە تورکیا دەکەوێتە نێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی خۆرئاواوە، بە شێوازێکی تەندروست و بەرهەمدارو کارایانەش پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەردوولادا ڕێکدەخات. هەروەها وێڕای ئەوەی تورکیا هەندێك کێشەی ناوخۆیی هەیە، بەڵام کلتورو تێگەیشتنی خۆی بۆ



ئیسلام دەپارێزێت، هەروەها مشتومڕێکی دیموکراتی و تەندروست دەربارەی ئیسلام و نوێگەری و کلتور هەیە.

پ/ وتتان لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵگای تورکی بەرەو موحافزکاری هەنگاوی ناوە، ئایا ئێوە ئاماژەتان بۆ دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییە کرد کە گەل دەنگیان بۆ بەرژەوەندی حیزبێکی خاوەن باکگراوندی ئیسلامی دا، یاخود ئاماژە بۆ چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەك دیاردەی بالاپۆشی بە نموونە، دەدەیت؟

و/ ئاماژە پێدراوێکی زۆر هەیە، لە نێویاندا دەنگدان بوو بۆ حیزبی داد و گەشەپێدان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی بالاپۆشی. من وەك موفتی ئەستانبوڵ و وەك مامۆستایەکی ئەکادیمی لە کۆلێژی زانستە ئایینیەکان دەتوانم بڵێم گرنگیدان بە فێرکردنی ئایینی لە تورکیا ڕوو لە زیاد بوونە. هەروەها وانەکانی فێرکردنی قورئانی پیرۆز لە وەرزە تایبەتەکانی وەك هاویندا ڕووی لە زیاد بوون کردووە، هەروەك ڕێژەی ئارەزومەندان بۆ خوێندنی وانە ئایینیەکان هەموو ساڵێك زیاد دەکات. کاتێك لەو کەسانە دەڕوانین کە یارمەتی دارایی و پشتگیری خوێندنی ئەو وانە قورئانییانە دەکەن، دەبینین هەموویان پیاوی بازرگانی و سەردەمیانەو ڕۆشنبیرن. بەشێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمییانە لەم جیهانەدا دەژین. لەو کاتەوەی تورکیا بۆتە دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئیسلام لە تورکیا مۆرکێکی تورکییانەی وەرگرتووە. هەروەك چۆن تورکیا لە ماوەی سەدەی هەشتەمەوە هەتا سەدەی بیستەم پێشەوایەتی جیهانی ئیسلامی کردووە، هەروەهاش ڕۆڵی بەشداری ڕۆشنبیرانەی هەبووە. ئێمە زۆر بەتەنگ ئیسلامەوەین. نزیکەی (٥٠٠) پێنج سەد خوێندنگای دواناوەندی هەیە کە بە



هەواڵنامەی کتێب

((خوێندنگاكانی ئیمام و وتار بێژ)) ناودەبرێن و تەنها وانە ئیسلامییەكانیش ناخوێنن، بەڵكو وانەی كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریش دەخوێنن. ئەم خوێندنگایانەش سەر بە وەزارەتی فێركردنی دەوڵەتی توركیایە. هەروەها (٢٣) بیست وسێ كۆلێژی زانستی ئاینی هەیە كە هەموو زانستەكانی ئاینی تیادا دەخوێنرێت. لەم خوێندنگا و كۆلێژە ئاینیانەشدا زانیارییە راست و دروستەكانی پەیوەست بە ئیسلام پێشكەشدەكرێن. بەو پێیە ئاسانكاری بۆ توركەكان دەكات بە شێوەیەكی ئاشتییانە پابەندبن بە بەها سەردەمییەكانەوە.

پ/ ئایا تۆ دەڵێیت كۆمەڵگەی توركیا خەریكە دەبێتە موحافزكارو زیاتر روو لە ئایین دەكات؟

و/ راستتر وایە بڵێین خەریكە زیاتر روو لە ئایین دەكەن، بەڵام هەروەها روو لە ئایین بوون بە مانای موحافزكاری زیاتر دێت لە هەڵسوكەوتە كۆمەڵایەتییەكاندا.

پ/ لە ئایینپەروەری توركیادا سۆفیگەری پێگەیەكی تایبەتی هەیە، ئایا وانییە؟

و/ بۆ تێگەیشتنی ئیسلام لە توركیا، سۆفیگەری پێگەیەكی تایبەتی هەیە. بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا مانای سۆفیگەری لە توركیا و لە جیهانی ئیسلامیدا شێوێندرا، كارو كردەوەكانی سۆفیگەری كاریگەرییەكی نێگەتیڤانەی لەسەر كۆمەڵگەی توركیا دروستكرد. لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسا دەوڵەتی توركیا تەریقەتەكانی سۆفیگەری هەڵوەشاندەوە، بەڵام لە راستیدا تەریقەتەكانی سۆفیگەری هەر لە ئارادا مانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا لە توركیا فێركردنێكی



تەندروستی ئاینیمان هەیە و رۆژ لە دوای رۆژ گەشە دەكات، توانراوە لایەنە نێگەتیڤەكانی سۆفیگەری لە ناو ببرێت.

پ/ ئەو لایەنە نێگەتیڤانەی سۆفیگەری چییە كە باسی لێوەدەكەیت؟

و/ لە سەردەمێك لە سەردەمەكان، سۆفیگەری لەلایەن گەلی توركیاوە پشتگوێخرا، خەڵك چیتر گرنگی بە هیچ شتێكی نەدەدا، نە بە كارو كردەوەكانی و نە بە كاروبارەكانی. بە شێوەیەكی تر تێگەیشتنی ئەو دەمە لە سۆفیگەری، هاوواڵاتیانی توركیای لە گرنگیدان بە بارودۆخی گشتی دوورخستەوە. بەڵام لە توركیای ئەمڕۆدا چەندین دامەزراوەی ئاینیمان هەیە تێگەیشتنی هاوچەرخانەی لە خۆگرتووە، لە نێویشیاندا چەندین تەریقەتی سۆفیگەری. زۆرێك لە تەریقەتە سۆفیگەرییەكان دامەزراوەی هاوچەرخ و سەرمایەیەكی گەورەیان هەیە. سۆفیگەری چەمكێكی نوێی لە توركیا لە خۆگرتووە، ئەمەش كارە راست ودروستەكەیە. تەریقەتە سۆفیگەرییەكانی وەك نەقشبەندی و مەولەوی و قادری، ئەمانە چەند گروپێكن لەم سەردەمەدا و گرنگییەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و كلتورییان هەیە، بەبێ ئەوەی بەها ئیسلامییە سۆفیگەرییەكان پشتگوێبخەن. هەروەها ئەمان بەهێزن و كاریگەری خۆیان لە سەر كۆمەڵگای توركیا هەیە. خزمەت بە خەڵك و بە كۆمەڵگا پێشكەشدەكەن. تەریقەتە سۆفیگەرییەكان زۆرێك لە پیاوە بازرگانەكانیان لە خۆگرتووە و یارمەتی دارایی پێشكەش بەو تەریقەتانە دەكەن..

پ/ بنكەو لایەنەكانی دەركردنی فەتوا لە توركیا چییە؟؟؟

و / لایەنی بەرپرسیار لە دەركردنی فەتواكان بەڕێوەبەرایەتی كاروباری

ئاینییە، بەڵام ئیمامە ڕێگەپێدراوەکانیش دەتوانن فەتوا دەربکەن، فەتوا یاسایی یان ڕەسمی نییە، بەڵکو لایەنێکی مەدەنییە. بەواتایەکی تر لەبەرئەوەی فەتوا لایەنێکی مەدەنییە و شێوەیەکی یاسایی نییە، بۆیە لەو لایەنەوە دەردەچێت کە یاسا ڕێگەی پێداوە فەتوا دەربکات، ئەو لایەنەش بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاینییە، بەڵام ئیمامە ڕێگە پێدراوەکانیش دەتوانن فەتوا دەربکەن. بۆنموونە گەر کەسێك فەتوایەکی ئاینی لەسەر پرسێك بوێت و بشزانێت کە ئەو پیاوە ئاینییە یان ئیمامی ئەو مزگەوتەی لێوەی نزیکە، ئاستێکی زانستی ئاینی بەرزی هەیە، دەتوانێت بچێت بۆلای و داوای فەتوایەکی ئاینی لێبکات. هەروەها چەندین سەنتەری ئاینی هەیە، کە چەندان مامۆستای ئاینی ژن و پیاوی تێدایەو دەتوانن فەتوا دەربکەن، خەڵك بۆ پرسیارکردن دەچن بۆلایان. ئەگەر ئەوانیش نەیانتوانی وەڵامبدەنەوە، دەتوانن پەیوەندی بە خانەی فەتوا دەرکردنەوە لە ئەستانبوڵ بکەن.

پ/ ئایا موفتی ژنتان هەیە؟

و / بێگومان موفتی ژنمان هەیە، تەنهاش فەتوا لە کاروباری ژناندا دەرناکەن، بەڵکو فەتوا لە هەموو کاروبارێکی ئاینیدا دەردەکەن. (٤٠) چل موفتی ژنمان لە ئەستانبوڵدا هەیە، بە ئاینەکەیان تورکەکان پێناسە دەکەن. هەروەها زیاتر لە (٤٠٠) چوارسەد وانەبێژ بۆ فێرکردنی قورئان و (١٠٠٠) هەزار وانە بێژی وانە قورئانییەکانمان هەیە.

پ/ هەروەك وتت فەتوا کاروبارێکی مەدەنییە و ڕەسمی نییە و ئیمامی هەر مزگەوتێك دەتوانێت فەتوا دەربکات، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فەتوایانە دا



دەکەن، کە هەندێك لە پیاوانی ئاینی دەریدەکەن و وەك نموونە هانی جیهاد دەدەن؟

و/ یەکەمین شت ناکرێت ئەم جۆرە فەتوایانە لە تورکیا دەربکرێت، هەندێك حاڵەتی زۆر لاوەکی لەو جۆرە هەیە، هەروەك بۆ نموونە چۆن لە بەریتانیا و لە ئەمریکا هەیە، بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی دەگمەن لە تورکیاشدا هەیە. تورکیا وەك پاکستان نییە. بەڵام تورکەکان لە هەموو کەس زیاتر دژی شەڕی عیراق بوون، بەشێوازێکی ئاشتیانە دژایەتی خۆیان بۆ ئەو شەڕە ناشەرعییە دەربڕی. نابێت بە خوێن خوێن بپارێزرێت، بەڵکو بەئاو، بە کۆتاییهێنان بە باڵادەستی خۆرئاوایی، هێنانە کایەی ئاشتیش بۆ جیهانی ئیسلامی نابێت لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بێت، بەڵکو دەبێت لەڕێی بەکارهێنانی ڕێگا چارە ئاشتییەکانەوە بێت. بەو کەسانەی سەردانی وڵاتانی خۆرئاوا دەکەن هەمیشە پێیان دەڵێم: لە ڕووی مانای سەربازی و سیاسی و ئابوورییەوە، چی بەو جیهانە ئیسلامییە دەڵێن کە بە بازنەیەکی وڵاتە خۆرئاواییەکان دەورە دراوە؟ مەسەلەکانی خۆیان دۆڕاندووە و لەلایەن خۆرئاواشەوە دەچەوسێنرێنەوە، ئایا بەدەر لە جەنگ و توندوتیژی چاوەڕوانی چ شتێکی تری لێدەکەن؟ سەرزەنشتکردنی توندوتیژی مەسەلەیەکەو شیکردنەوەی شتێکی ترە. هەموو ئەو کارەی خۆرئاوا پێی هەڵدەستێت سەرزەنشتکردنی توندوتیژیە، نەك شیکردنەوەو لێکدانەوەی. بەو پێیەش ناتوانن بگەنە چارەسەرێکی کارای ئەو کێشەیە.

پ/ وەك موفتییەکی ئەستانبوڵ چۆن لە جیهادو خۆکوشتن لە عیراق دەڕوانیت؟

و/ هەمووی حەرامن و دژ بە ئیسلامن.

پ/ بۆچی؟

و/ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئاستەنگە. ئەو کەسەی ئەم جۆرە کارانە دەکات، تەنها خۆی رووبەرووی خودا دەبێتەوە، تەنها خوداش دەتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئەم کارە راستە یاخود ناڕاستە.

پ/ بەڵام بە بۆچوونی تایبەتی خۆتان ئەوە حەرام بوو؟

و/بە بڕوای من حەلاڵ نییە.

پ/ بۆچی؟

و/چونکە ئەوەی لە بەرامبەر ئەم کارو کردەوانە باج دەدات، عیراقییەکان و ئیسلامە. ئەم کاروکردەوانە تاوانێکە و هەندێك کەس بەرامبەر بەئیسلام ئەنجامیدەدەن، لە بەرئەوەیە دەڵێم بە بۆچوونی من حەلاڵ نین. ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامی دەوڵەمەندە، ئایا ئەم سەروەت و سامانە لەپێناو ئاییندە بەکاردەهێنرێت؟ لە پێناوی بونیاتنانی رۆشنبیری بەکاردەهێنرێت؟؟ لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا زانکۆیەکی وەك زانکۆی (هارڤەرد) نییە، رێژەی بەشداری جیهانی ئیسلامی لە داهێنانە هاوچەرخەکاندا سفرە. جیهانی ئیسلامی هەمیشە گلەیی و گازەندە لەوانی دیکە دەکات و خۆی بە قوربانییەکی بێ گوناه دەزانێت. ئەمە یەکێکە لە دیارترینی کێشەکانمان.

پ/ چەند مزگەوت لە تورکیا هەیە؟

و/ زیاتر لە هەشتا هەزار مزگەوت هەیە.



هەواڵنامەی کتێب

پ/زۆرترینی ئەو کێشانە چین کە خەڵکی تورکیا دەربارەیان، پرسیار لە پیاوە ئایینیەکان دەکەن؟

و/ (بەپێکەنینەوە دەڵێت) دەربارەی ئەوەی کەی نوێژە بارانە دەکەن، هەروەها دەربارەی شەرعەکانی هاوسەرگیری و تەڵاق و مەسەلەکانی دیکەی ژیانی رۆژانە.

ژمارەی ئەو خەڵکانەی لە تورکیا هاتوچۆی مزگەوتەکان دەکەن روویان لە زیادبوونە، بۆ نموونە لە ئەستانبوڵ سێ هەزار مزگەوتمان هەیە، بۆ وەرگرتنی ئەو روو لەزیاد بوونەش بە نیازە (٣٥٠) سێ سەدو پەنجا مزگەوتی نوێ بونیات بنرێت.

پ/ بە رای تۆ بۆچی روو لە ئایین کردن لە تورکیا رووی لە زیادبوونە؟

و/ بەبڕوای من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازی لێکۆڵینەوەیەی بۆ ئایین دەکرێت لە تورکیا دا، ئەویش شێوازێکی هاوچەرخی رۆشنگەرییانەیە، وا لە خەڵك دەکات هەست بەوە بکەن کە مرۆڤ دەتوانێت لە یەك کاتدا ئاینپەروەر بێت و هەروەها سەردەمییانەش بێت. بەم مانایەش تورکیا وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێدێت، کاتێك لە ئەمریکا قەیرانەکان روو لە زیادبوون دەکەن، خەڵك وابیردەکەنەوە کە چارەسەر خۆی لە ئایندا دەبینێتەوە. لە تورکیاش بەهەمان شێوەیە، کاتێك کێشە ناوخۆییەکان یاخود هەرێمییەکان توندتر دەبنەوە، خەڵکی روو لە بەها ئاینیەکان دەکەنەوە کە پڕ لە مانا ئەخلاقیوبەها بڵندەکانە، وایدەبینن کە چارەسەرەکە لە ئاییندایە. زۆربەی ئەو ژنانەش کە بالاپۆش نین لە رۆژێکدا پێنج جار نوێژ دەکەن. بەگوێرەی فێرکردنە ئاینیەکانی لای ئێمەش ئاین مەسەلەیەکی رواڵەتی نییە، بەڵکو بەهاو

هەڵسوکەوتو ئەخلاقیاتیشە، تێگەیشتنی خەڵکی تورکیا بۆ ئیسلام بەم جۆرەیە. ململانێ لە تورکیا دەربارەی ئاین هەیە، بەڵام ململانێکە لە نێوان ئەو کەسانەدا نییە کە ئاینیان دەوێت و نێوان ئەوانەی نایانەوێت، لە راستیشدا ئەو کەسانەی لە تورکیا ئاینیان ناوێت رێژەیان زۆر کەمە. بەڵکو ململانێکە لەنێوان ئەوانەدایە کە وای دەبینن دەبێت ئاین لە کردەوە و هەڵسوکەوت و بەها تاکیەکاندا دەربکەوێت و نێوان ئەوانەی تر کە پێیان وایە دەبێت ئاین هەروەها بەشێوەیەکی دەرکەوتووانە دەربکەوێت وەك بالآپۆشی و ریشهێشتنەوە و رۆتینەکانی دیکەی لەو جۆرە.

پ/بە بۆچوونی تۆ جیاوازی نێوان ئیسلامی تورکیاو ئیسلام لە جیهانی عەرەبیدا چییە؟

و/ بەبۆچوونی من بە داخەوە بە هۆی ململانێکان و گیروگرفتە رۆژانەکانی جیهانی عەرەبییەوە، عەرەب نەیتوانیوە مانای ئیسلام شیبکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەم جۆرەیە. مانای راستەقینەی جیهادیش خێراترکردنی رێبازی پێشکەوتنە. لە ئایندا دوولایەن هەیە، یەکێکیان بێ ئەوی دیکە کارناکات، باوەڕ لە ناخدا و رۆشنبیرکردنی عەقڵ.

ئایینی ئیسلام تاکە رێبازێك نییەو رێبازێکی هەمیشەییە، ئەگەر بە دڵ باوەڕداربیت و عەقڵیشت بە ئاگا بێت، ئەوسا ئەوە مانای جیهاد دەبێت. واتە جیهادی عەقڵ و دانایی و باوەڕ گەورەترینی جیهادن. بەڵام پێغەمبەر (محمد)(د.خ) عەرەب بوو، لە ناوچەیەکی عەرەبی خاوەن رابوردوویەکی بەهێزدا



لە دایکبووەو ژیاوە، ئەو رابوردووە مەزنە یارمەتی دارشتنەوەی ئایندەی ناوچەکە دەدات. بە بڕوای من لە ماوەی پەنجا یاخود سەد ساڵی ئاییندەدا ئایندەی جیهانی عەرەبی مەزنترو گەشەدارتر دەبێت.

پ/ بەشێك لە جیهانی عەرەبی وا لەو نموونەیەی تورکیا دەڕوانن، دەکرێت لە جیهانی عەرەبیدا سوودی لێوەربگیرێت... بە بڕوای تۆ ئایا نموونە تورکییەکە دەکرێت بۆ جیهانی عەرەبی هەناردە بکرێت؟

و/ وشەی هەناردە بۆ ئەو مەسەلەیە وشەیەکی گونجاو نییە. پێویستە هەردوو کۆمەڵگەی عەرەبی و تورکی دیالۆگی نێوانیان دەربارەی بەها هاوبەشەکان قوڵتر بکەنەوە. دەکرێت کەڵك لە یەکتری وەربگرن، هیچ لایەکیان لە لاکەی تر باشتر نییە، گرنگترین شت ئەوەیە بڕەوی زیاتر بە ئەزموونی دیموکراتی بدەن. وتەیەکی جوانی فارابی هەیە کە دەڵێت: ئەو دەوڵەتەی فەیلەسوفەکان حوکمڕانی دەکەن، نموونەیە. بەڵام ئەو دەوڵەتەی دیموکراتی حوکمڕانی دەکات، باشترە.

بۆیە دەوڵەتی دیموکراتی لە حاڵەتەکانی دیکە باشترە. چونکە لە سیستمی دیموکراتیدا ئازادی بەرقەرارە. ئەگەر جیهانی ئیسلامی دەرگاکانی خۆی بە رووی دیموکراتی و ئازادیدا بکاتەوە، ئەوسا لەماوەی چاوتروکانێکدا هەموو گیروگرفتەکانی چارەسەر دەبن.

## دەروونشیكاری گۆڕانكارییەكانی ئەم دواییانە:

# كامە ڕێگا و بە چۆن "قوربانی"ـیەكەوە؟

داریوشی بەرادەری*

و/ ئەردەڵان فەرەجی

ئێستا ئێمە، پاش ئەو گڕوكەف و هەڵچوونانەی سەرەتای گۆڕانكارییەكان، چوویننەتە قۆناغێكی نوێوە كە دەبێت ئەو قۆناغە بە قۆناغی "قەیرانی و بنبەستی سیاسی و هەست" و قۆناغی هەست و جوڵە ناسازە دووفلیقانەكان ناوزەد بكەین. بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی جێی گومانی ئەنجوومەنی چاودێری بەسەر یاسای بنەڕەتی كۆماری ئیسلامی و ڕەفزی ناڕەزایەتییەكان بەرامبەر بە هەڵبژاردنەكان، ئێستا بۆشایی و كەلەبەر و لێكترازانێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستە جۆراوجۆرەكان لە گەشەكردن دایە و قوڵتر دەبێتەوە. ئەم قەیران و دژوارییە دەروونییەكان هەم دەسەڵات و گرووپە جۆراوجۆرەكانی دەسەڵاتی گرتۆتەوە و هەروەها بزووتنەوە شارستانی و ڕێبەرانی ئێستاشی لە خۆگرتووە.



ئەحمەدی نەژاد باس لە هەوڵ بۆ "ڕووخاندنی مەخمەری لە هەڵبژاردنەكان" دەكات و خاتەمیش لە وەڵامی ئەو لە "كۆدەتای مەخمەری لە هەڵبژاردنەكان" دەكات. بەشێك برووسكەی پیرۆزباییان بۆ سەرۆك كۆمار دەنێرن و كەسانێكی وەك موسەوی و كەڕووبی، ئەو و دەوڵەتەكەی بە ڕەسمی ناناسن و بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوام لە دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان. بەڵام بزووتنەوەی مەدەنیش ئێستا ڕێك تووشی بۆشایی و كەلەبەر و لێكترازانە ناو خۆی و دەوڵەتو هەروەها لە نێوان بۆچوونە جۆراوجۆرەكان بووە و دەبێت.

هێمای ئەم پارادۆكسە ناوخۆییە لە بزووتنەوەكە بەم جۆرەیە كە ئێستا دەیەوێت بزانێت بە كام لادا دەبێت بڕوات و تووشی هەستە دژ بەیەكەكانی وەك تووڕەیی، بێهیوایی و ترسە و لە ڕێبەرانییەوە بگرە تا چین و توێژە جۆراوجۆرەكانی وەدوای ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لەم قەیران و بنبەستە دەگەڕێن. بە جۆرێكی تر كۆمەڵگای ئێمە لەم ساتەوەختەی ئێستادا تووشی بنبەستێكی پەیوەندی و قەیرانی پەیوەندییە. چونكە لەم ساتەوەختەی ئێستادا هیچ ڕێگایەك، بۆ وێنە سەركوتی خوێناوی بزووتنەوەكە یان هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەكان، ناتوانێ ببێتە خاڵی هاوبەشی بەشی گشتی گرووپەكانی ناو دەسەڵات یاخود خەڵك.

ئەم گۆڕانكارییەی ئێستا لە كۆتایی قۆناغێكی ناوەنجی و گرنگ لە گۆڕانی گوتاری و مۆدێرنی ئێراندایە و باس لە بەرامبەركێی دەسەڵات و گوتارێكی قوڵ لە هەناوی كۆمەڵگای ئێمە و لە هەموو ئاستەكاندا دەكات. بابەت، دۆزینەوەی باشترین شێوەی هەڵسووكەوت لەگەڵ ئەم حاڵەتە و نەهێشتن بەگرفتاربوون بە تووڕەیی كوێرانە، جووڵە بەپەلەكان و یان خەمۆكییە كە مرۆڤ یان كۆمەڵی



هەواڵنامەی كتێب

گرفتار بە بنبەست و قەیران بە گشتی تووشی دەبن و لەم ڕێگایەوە زەبری قورس لە خۆیان دەدەن.

بۆ دۆزینەوەی هێڵە گشتییەکانی گۆڕانکاری داهاتوو، دەبێت بە بڕوای من دوو گۆڕانی گرنگی خوارەوە و حاڵەتە ئاوێتەییەکانی ئەم گۆڕانە لە بەرچاوبگرین تا بتوانین لێکدانەوەیەکی گشتگیرتر لە دۆخی ئێستا و داهاتوومان هەبێتو گۆڕانی گوتاری و سێناریۆی ئەم گۆڕانکارییانە، گرێدراوی جووڵە دوو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەت باشتر ببینین و تاوتوێیبکەین و هێڵە گشتییەکانی گۆڕانکارییەکە دیاریبکەین. ئەم دوو هێڵە گشتییەی دەروونی و گوتارییە بەم جۆرەی خوارەوەن:

١/ کاریگەری حاڵەتی "قوربانی" و "بزنە قوربانییەکە"★★ لە گۆڕانکارییەکانی ئێستادا

"دەروونناسی مێژووی [٢]" لوی دێماوس فێرمان دەکات کە کاتێك کولتوورو کۆمەڵگایەك لە وەها قەیران و دووبەرەکایەتییەکی ناوخۆیی گرفتار دەبن، ئەوکاتە هەر بەشێك لە کۆمەڵگا بە جۆری خۆی و بە شێوەی خۆی تێدەکۆشێت بە سەر ئەم دوو بەرەکایەتییە و قەیرانەدا زاڵبێت و یەکێتییەکی نوێ چێ بکات. لە وەها هەلومەرجێکدا هەر گرووپەو دەیەوێت، وشیارانە یان ناوشیارانە، بە بەڕێوەبردنی "ئاینی قوربانیگرتن" و دۆزینەوەی "تاوانبار و بزنە قوربانییەکە" بۆ قەیرانەکەی خۆی، بگاتە یەکێتی و دووبارە لە دایکبوونەوەیەکی تر. جیاوازییەکە لە جۆری حاڵەتی پێگەیشتووانە (ژیرانە) و پێنەگەیشتووانە (کاڵ و ساویلکانە)ی ئەم "ئاینی قوربانی چێتی و گەڕان بە دوای تاوانبار"دایە. چونکە لە جۆری پێگەیشتووانە (ژیرانە)دا، کۆمەڵگایەك، لە جیات "قوربانیکردنی گەنجان یان دوژمنێك" لە پێناو ئارمانج و یەکێتییە لە



دەستچووەکە، وەدوای گۆڕانی ئاشتیخوازانە و قوربانیکردنی قەوارە یاسایی‌و کولتووره دواکەوتووانەکانە و لە جیات "بزنە قوربانیکراوەکە و تاوانبار" باس لە "بەرپرسانی یاسایی، هەڵەکانی رابردوو" دەکات.

کاتێك لە روانگەی دەروونشیکارانەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەو قەیرانەکەی ئێستا دەکەی، دەبینی کە چەند جۆر حاڵەت و شێوەی هەڵسووکەوتکردن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە و شاهیدی کۆمەڵێك هەوڵ بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە یەکێتییەکی نوێ و یان لە دەستچوو دەبی و مەترسییەکانی ئەم حاڵەتانە بۆ گەشەی بزووتنەوە مەدەنییەکە و هەروەها هەموو وڵات دەستنیشانبکەین:

١/ شێوەیەکی هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم بنبەست و قەیرانە و ڕێگای تێپەڕبوون لێی، هەوڵ بۆ سادەکردنەوەی گرفتەکان لە ڕێی خستنە ئەستۆی "دوژمن"ێك و هەوڵ بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی دووبارە لە ڕێگەی ناوڕزاندن و قوربانیکردنی ئەم بەناو "دوژمنە گشتی"یەیە. شێوازێك کە حاڵەتە مەترسیدارەکەی دەتوانێت ببێتە مایەی کۆمەڵکوژی کەمینە و یان گرووپێك. ئەم شێوەی دروستکردنی "بزنێکی قوربانی" رەنگە بتوانێت بۆ ماوەیەك ببێتە هۆی پێکهاتنی ئارامی و هێمنییەکی درۆیینە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی قوڵتربوونەوەی قەیران و گەشەی تووڕەیی و حەزی "هەڵچوون". ئێمە دەتوانین لە هەندێك لە جووڵەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئێستای وڵاتەکەمان هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم سیناریۆ هەڵەیە ببینین. هەوڵی ئەم سیناریۆیە کردنی نارازیان بە "ئاژاوەگێڕان" و کردنی دەوڵەتانی رۆژئاوایی بە "تاوانباری ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان"ی خۆیەتی و دەیەوێت بە کەڵك وەرگرتن لە تیۆری "پیلان"

و پشتگوێخستن و خستنە ئەستۆی کێشەکان بۆ ملی دوژمنێکی خەیاڵی و بە هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی "دانپێدانانە تەلەفزیۆنییەکان" یەکێتییەکی دووبارە لە نێوان هێزەکانی خۆی پێکبێنێتەوە. بەڵام ئەم سیناریۆیە لە کۆمەڵگای ئێمە ئیتر هێزی خۆی لە دەستداوە و یەکێتی ناوخۆیی نێوان گرووپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت، لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات ناتوانێت بەمشێوەیە وەدەستبێت. تەنانەت ڕێبەری وڵاتیش هەوڵدەدات بەمشێوەیە و هەندێجار بە حاڵەتی "فەرمانێکی تووڕە و هەڕەشەئامێز" و هەندێجار وەك وتاربێژییەکەی هەفتەی رابردوو، بە هەوڵدان بۆ بانگەواز و بانگهێشتی لایەنەکانی پرسەکە بۆ ئاشتی و بە چاکە ناوهێنانی هاشمی رەفسەنجانی و ئەحمەدی نەژاد، جارێکی تر ئەم یەکێتییە لە دژی "دوژمنێکی دەرەکی" پێکبێنێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵە لە کۆتاییدا بێدەستکەوتە. دەستگیری کارمەندان و کارگێڕانی ئێرانی باڵوێزخانەی بەریتانیا و یان هەوڵ بۆ دۆزینەوەی دەستی ڕێکخراوی "سیا"ی ئەمریکا لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە و لە کوشتنی "نەدا ئاقاسوڵتان" ئەمجارە زۆرتر کەم کاریگەرتر لە ئاستی ناوخۆیی و لە ئاستی جیهانی دا بوو و دەبێت. شکستی ئەم سیناریۆیە و گاڵتەجاری خەڵك دەربارەی ئەم "دانپێدانانە تەلەفزیۆنییانە" لە کۆتاییدا هێمایەکی تری لە پێگەیشتووی کولتووری و گوتاری کۆمەڵگای ئێمەیە.

بەشێکی تر بەدوای ئەوەوەن کە بە شێوەی "هاندان و هەڕەشە" (نان قندی و شلاق) هەندێك کاندیداتۆرەکان و هەروەها خەڵکیش بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە هەڕەشەی سەرکوتدەکەن و هەندێجاریش بە وتەی ئەوان بەڵێندەدەن تا ئاستێکی سنووردار داواکارییەکانیان جێبەجێبکەن. کێشەی "بنەڕەتخوازان" لەمەدایە کە نە دەتوانن لە "ئەحمەدی نەژاد" چاوپۆشی بکەن



و تەسلیمی دەسەڵاتی بەشێکی تر لە هێزەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بن و نە دەتوانن و نە کۆمەڵگا ئیزنی ئەوە دەدات کە سیاسەتی سەرکوت و ترس و تۆقاندن ڕەچاو بکەن و بەمشێوەیە کۆتایی بە بنبەستی ئێستا بێنن. لەم ڕووەوە شێوەی کۆتایی ئەم بەشە لە "بنەڕەتخوازان" لەمەدا دەبێت کە بە ئاوێتەکردنێك لە سیاسەتی "هاندان و هەڕەشە" بەردەوام لە پاراستی دەسەڵاتی خۆیان. هەر بەمپێیە ئێمە دەتوانین و دەبێت نیگەرانی زیندانیانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە و هەلومەرجی داهاتوو بین، بەڵام ئەگەری گەڕانەوە بۆ دۆخی بەر لە هەڵبژاردنەکان ئیتر بۆ هیچ کەس بوونی نییە و سادەکردنەوەی کێشەکان و یەکێتی نەریتیانەش ئیتر مسۆگەر نییە. لە ڕاستیدا ئەحمەدی نەژاد لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی ئەم دواییانە ناچارە کە دەریبخات ئەو نوێنەر و پشتیوانی "هەموو ئێران"ـە و دەبێت وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی "لایەنگرانی بیست و چوار ملیۆنییەکەی" خۆی بێت. لەم ڕووەوە ئەم گۆڕانە و کەلەبەری قووڵی ناوخۆیی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات ناچار بێت بە شێوەی "چینی" بجووڵێتەوە و بیەوێت لە لایەکەوە لە بەرامبەر هێزەکانی نەیار پتەو بنوێنێت و هاوکات بە تێپەڕبوونی کات تەسلیمی گۆڕانکارییەکان بێت و خۆی بەشێك لەم گۆڕانکارییانە ئەنجامبدات. چونکە هەر جووڵەیەکی ئەو دەتوانێت ئەم کەلەبەرە گەشەکردووە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەرینتر بکاتەوە و هەرچی زۆرتر ئەو بکاتە "کێشەی هاوبەش و ئامانجی توڕەیی و گاڵتەجاری هاوبەش" بۆ بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنی و بە تایبەتی چینی مامناوەند و بەشە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن. هەر بەمپێیە گۆڕانی ئەم دەوڵەتە و جووڵە لە بواری گەشەی باشتری پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا و پێکهێنانی گۆڕانکاری لە

ناوخۆشیدا چارەسەر هەڵنەگرە.

هەر شێوە کردەیەکی تری وەك هەوڵ بۆ سەرکوتێکی درێژماوە و سەرکوتی هەر نارەزایەتییەك لە کۆتاییدا بە مانایی کورتکردنەوەی تەمەنی خۆی و کردنی خۆی بە "تاوانبار و دوژمنی گشتی" و بردنی کۆمەڵگا بۆ قۆناغی "هەڵچوونی مەترسیدار" و بۆ قۆناغی "باوك کوشتە و کوڕ کوشتە"ـییە. یان لە حاڵەتی پێگەیشتووانە بە گۆڕانی بنەڕەتی دەسەڵات و کۆمەڵگا و هاوڕێ لەگەڵ خوێندنەوە نوێکان و ئاوێتەیەك لە ئیسلامی دیموکراتیزە کراوە. دەروونشیکاری بە جوانی دەریدەخات کە کاتێك کۆمەڵگایەك یان مرۆڤێك ناتوانێ داواکاری و ویست و نارەزایەتییەك قبووڵبکات و دەستدەداتە سەرکوت و داپڵۆسینی، ئەوکات ئەو نارەزایەتییە قبووڵنەکراوە دەبێتە "راستەقینە و خەونێکی ئاڵۆز"، واتە بە تورەیی و بۆ تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا و حەزی پێشێلکردنی یاسا و "باوك کوشتەیی" سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات[٣]. چونکە "کوڕکوشتەیی و باوك کوشتەیی" دوو رووی یەك دراون و رەفزی دیالۆگ و رەخنە و پەیوەندی و گۆڕانی پێگەیشتووانەن. لەوەها هەلومەرجێکدا سیستم لە جیات قبووڵ و دانپێدانان بە رەوایی نارەزایەتییەکان و خۆی نوێبکاتەوە، لە راستیدا خۆی و کۆمەڵگاکەی خۆشی بەرەو وێرانی و توندوتیژی وەك شۆڕشی ٥٧ پاڵی پێوە دەنێت. ئەم مەترسییە زۆرێك لە راگەیەنەکانی کاندیداکان و هێزەکانی ناوخۆی وڵات و یان دەرەوەی وڵات هەستپێکردووە و دەریان بڕیوە.

٢/ ئێستا بزووتنەوەی مەدەنیش کە لە بەردەم سەرکوتی توندوتیژانەدایە، هەرچی زۆرتر لە مەترسی گەڕانەوە بۆ هەست و گرفتاربوونی لە حاڵەتەکانی توندوتیژی و زێدەڕۆیی "باوك کوشتەیی و پێشێلکردنی یاسا" و یان "خەمۆکی و خۆکوژیدا"یە. هێماکانی ئەم حاڵەتانە، ئێمە لە گەشەی توندوتیژییەکان لە خۆپیشاندانەکانی هەفتەی رابردوو و پاشەکشێی خۆپیشاندانەکان دەبینین. ئەم بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی خۆڕسك و بە داواکارییەکی دیاریکراوەوەیە. ئێستا کە ئەم خواستە و هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو مسۆگەر نابێت، ئەم بزووتنەوەیە لە راستیدا تووشی حاڵەتی "خنکان" دەبێت و هەستدەکات کە دەستوپێوەندەکانی ئەم "هەستی خنکاندنە و سەرکوتی داخوازییەکانی" سەرۆك کۆمار، ئەنجوومەنی چاودێری یاسای بنەڕەتی و رێبەر یان "باوك"ن. هەم تورەیی و هەم خەمۆکی بزووتنەوەکە لە راستیدا نارەزایەتییەکی لۆژیکییە. بابەتی جۆر و حاڵەتی پەیوەندی ئەو لەگەڵ هەستەکان و جۆری تێکۆشانی بزووتنەوەکە بۆ "تێپەڕبوون لە خنکان و دەستپێڕاگەیشتنی بە رزگاری و ئازادی"ـیە، کە جووڵەی ئەو دەکاتە "هەڵچوونێکی تورانە و ناپێشگەیشتووانە (ساویلکانە)" و یان بە گشتی دەیکاتە گۆڕانێکی قەوارەیی و پێگەیشتووانە و ئاشتیخوازانە. بزووتنەوەی مەدەنی ئێمە بۆ دەستپێڕاگەیشتنی بە لەدایکبوونەوەی خۆی و دەربازبوونی لە حاڵەتی خنکان، پێویستی بە رێگایەکی نوێ و سیمبولێك هەیە و ئەگەر نا تورەیی ئەو و خەمۆکییەکەی لەوەی کە خواستەکانی خۆی دەستەبەر بکات، بە شێوەیەکی مەترسیدار دەگەڕێتەوە لای و "قوربانی" دەوێت و خوازیاری تۆڵەسەندنەوە لە "تاوانباری خەیاڵ"ـیەکەی خۆیەتی.

پاشەکشە و کەمبوونەوەی نارەزایەتییەکان لەم چەند رۆژەی دواییدا لە لایەکی دیکەوە هێمای پێگەیشتوویی رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیەشە، کە لە جیات جوڵەی بەپەلە وچانێك دەگرن و رادەمێنن تا رێگا نوێکان بۆ دەربڕینی خۆیان بدۆزنەوە و لە رێگەی یاساییەوە بجوڵێنەوە و توانای سەرکوت لە لایەنی بەرامبەر بستێننەوە. هەروا کە ئەم پاشەکشێی نارەزایەتییانە و یان بەرینتر

نەبوونەوەی، ناتەبایی ناوخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی ئێمە و دابڕانی نێوان خواستەکانی چینی مامناوەند و چینی هەژار لە پاڵ کاریگەری گرنگی سەرکوت و توندوتیژی دژی خۆپیشاندانەکان، دەردەخات.

بەختەوەرانە لە ناو بزووتنەوەکەدا هێشتا توخمی سەرەکی جووڵانەوەکە ئاشتیخوازانەیە. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە شاهیدی شکانی یەکێتی سەرەتایی و دەستپێکی بەرامبەرکێی ناوخۆی بزووتنەوەکە لە شێوەی هەڵسووکەوت لەگەڵ دۆخی ئێستاین. نموونەی ئەم گۆڕانکارییانەش لە بواری رەخنە و وتارنووسیدا دەبینین و هەم لە بواری پراکتیکی و شێوەی هەڵسووکەوت لەگەڵ دۆخی ئێستا. بۆ وێنە موحسین سازگارا لە وتارێکیدا رێگا پراکتیکییەکانی هەڵسووکەوت لەگەڵ کودەتا و شێوەی لەکارخستنی دەسەڵاتی خستۆتە روو [٤] و ئەوانی تر بۆ وێنە بەڕێز ئەمینی سەبارەت بەمشێوە هەڵسووکەوتە نارەزایەتی خۆی دەربڕیوە[٥]. نارەزایەتی ئاشتیخوازانە لە بەرامبەر باڵوێزخانەی وڵاتان لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە هێرش بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە وڵاتی سوید، دەستپێکی دروشمە توندڕەوانەکانی وەك "مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی" و فەرامۆشکردنی خواستی مەدەنی بزووتنەوەکە هێماکانی ئەم گۆڕانکارییە کێشە خولقێنەن و هێمان لە گەڕانەوە بۆ هەست و سۆز. هەر ئەم شکانی یەکێتییە سەرەتاییە لە بزووتنەوەی سەوز و دەستپێکی راو بۆچوونە جۆراوجۆرەکان لە ناوخۆی وڵات و لە نێوان کاندیداکانیش دەبینرێت. بەڕێزان کەرووبی و موسەوی لە راگەیاندنەکانی ئەم دواییانەی خۆیاندا، پاش راگەیاندنی رای ئەنجوومەنی چاودێری یاسای بنەڕەتی ئێران، لە راستیدا تێدەکۆشان هەم لە نارەزایەتییەکان بەردەوامبن و هەم بە پێش بە گەشەی ئەم هەستە ناکۆکانەی وەك تورەیی و رەشبینی و بێهیوای لە ناوخۆی بزووتنەوەکە بگرن و





یەکێتییە سەرەتاییەکە بپارێزن. بەڵام سەرنجراکێش ئەمەیە کە لەنێوان ئەم دووانەشدا کەلەبەرێك لە رەوتی داهاتوو و جۆری هەڵسووکەوت پێکهاتووە و هەر ئەم بۆشاییە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و لە شێوەی هەڵسووکەوت، لە گەشەکردن دایە.

٣/ گەشەی باسە سەرەکییەکان لە چوارچێوەی یاسا و یاسای بنەڕەتی

لە پاڵ گەشەی ئەم حاڵەتە رادیکاڵیزمە سیاسی و هەستیارانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە لایەکی دیکەوە ئێمە شاهیدی گەشەی دەروونیبوونەوەی باسە مۆدێرنەکان لە قووڵایی کۆمەڵگا و لە هەموو ئاستە جۆراوجۆرەکان، لە دەوڵەتەوە تا کۆمەڵگای مەدەنین. ئەم گۆڕانە لە راستیدا گۆڕانی پێگەیشتووانە و مۆدێرنە، کە دەبێت ببێتە مایەی سەرنجی هەمووان و پشتیوانی لێبکرێت. ئەم گۆڕانە، گەشەی باس و مشتومڕ لە چوارچێوەی "یاسا" و لەبەرچاوگرتنی "یاسا" لە باسە ئەمڕۆییەکانە. باسی یاسا یەکێك لە گرنگترین و سەرەکیترین باسەکانی شارۆمەندانی ئێرانە. ئێستا لە رێبەرەوە بگرە تا سەرۆك کۆمار، لە کاندیداتۆرە نارازییەکان و بزووتنەوەی مەدەنییەوە تا هێزی ئینتزامی، خوازیاری جوڵەی یاسایی و لەبەرچاوگرتنی یاسان و بۆ پاساوی کارەکانی خۆیان پەنا دەبەنە بەر یاسا. ئەم باسە و ئەم حاڵەتە کە لە گەشەسەندن دایە، لە راستیدا دەریدەخات کە چۆن بە گەشە و پەرەسەندنی پێکدادانەکان و مشتومڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەپاڵ حاڵەتە توندڕەوانەکانی "باوك کوشتەیی و کوڕ کوشتەیی"، ئێمە شاهیدی گەشەی گۆڕانێکی گوتاری مۆدێرنین کە تێیدا "قوربانی" نە یەك نارازی و یان ئەحمەدی نەژاد و یان تووڕە بوون بەرامبەر بە "بزنە قوربانییەکە و تاوانبارە گشتییەکە"یە، بەڵکوو بابەتی "بەرپرسایەتی"

لە بەرامبەر "یاسا"یە و هاوکات کێشە ناوخۆییەکانی "یاسا و یاسای بنەڕەتی"، "خۆدزینەوە لە یاسا" لە کۆمەڵگای ئێمەدا و پێویستی باس و مشتومڕ لە هەموویاندا گەشە دەستێنێت.

گەشەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی تەنیا لە چوارچێوەی دوو توخمی "دەسەڵاتی یاسا" و پێویستی "یاسای شارۆمەندی" مسۆگەرە. کۆمەڵگای مۆدێڕن "ئازادی یاسامەند"ە. قەیرانی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە لە راستیدا "لەبەرچاو نەگرتنی یاسا" لە لایەن بەرپرسان و لە لایەکی دیکەوە لە کێشە قەوارەییەکانی "یاسا"ی وڵاتەکەمانەوە سەرچاوەی گرتووە و ئێستا لە ژێر کاریگەری ئەم قەیران و بنبەستەی ئێستا، هەرچی زۆرتر ئەم باسانە بوون و دەبنە باسی سەرەکی کۆمەڵگای ئێمە. لە ناوخۆی ئەم قەیرانەی ئێستادا رێگا چارەی سەرەکی و مۆدێرنەکان بۆ چارەسەری کێشەکان و قەیرانی ئێستا لە گەشەکردن دان و گوتاری مۆدێڕنی ئێرانی هەموو بەشەکانی خۆی، لە دەوڵەتەوە بگرە تا کۆمەڵگای مەدەنی ناچار دەکات، کە بە شێوەی خۆی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئەم کێشانە چارەسەر بکات. چونکە کێشەی کۆمەڵگای ئێمە لە لایەکەوە هەرچی زۆرتر خۆی لە باسی "یاسا" و پێویستی گەشەی دەسەڵاتی "یاسا" دەردەخات. لەمڕووەوەش باسەکانی وەك "لباس شخصی ها"*** و یان دەستوپێوەندەکانی ئاژاوەکان و دەستوپێوەندییەکانی هێرش بۆ زانستگای تاران لە لایەن سێ دەزگای دەوڵەتییەوە تا مەجلیس و ئۆپۆزیسیۆن و کاندیداکانەوە دەبێتە مایەی سەرنجی گشتی. لایەنێك خوازیاری خۆپیشاندانی خاوەنی مۆڵەتی یاساییە و ئەوی تر وەك مووسەوی و کەڕووبی داوای ئەمە دەکات و وەڵامی نادرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەم باسانە، هەرچی زۆرتر کێشەکانی یاسای بنەڕەتی و





پێویستی گۆڕان لە یاسای بنەڕەتی دەخاتەڕوو. چونکە بە پێی هەر ئەم یاسا بنەڕەتییە تاکەکان مافی رێپێوانیان هەیە و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەم یاسا بنەڕەتییە بەردەوام لە نێوان دوو پایە و بناغەی خۆی تووشی ناهاوسەنگی و قەیرانە. چونکە لە لایەکەوە لە یاسای بنەڕەتی "پێوەر دەنگی خەڵك"ە و لە لایەکی دیکەوە پێوەر "دەنگی ئەنجوومەنی چاودێری یاسای بنەڕەتی ئێران و رێبەر"ە. هەر ئەم باسە لە باسەکەی ئێستادا لە نێوان پێویست بە رێبەر و یان بە "ئەنجوومەنی رێبەری" هەستپێدەکرێت. هاشمی رەفسەنجانی ئاماژەی بە "بنبەستێکی یاسایی و هەلومەرجی مەترسیدا" کردووە و مەجلیس و ئەوانی تریش بە شێوەی خۆیان سەرقاڵی ئەم باسانەن و هەر کامەیان بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێت بە شێوەیەك بگەنە "یاسا و رێگە چارەیەکی هاوبەش و جێی متمانەی هەمووان".

## ئەنجام

بە پشتگیری دووبارەی سەرۆك کۆمار لە لایەن ئەنجوومەنی چاودێریکردنی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی، ئێستا دروشمی "هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکان" ئیتر دروشمی رۆژ و دروشمی سەرەکی نییە، بەڵکوو پرسی ئێستا باس دەربارەی "دەسەڵاتی یاسا و گەشەی مافی شارۆمەندی" بە شێوەی جۆراوجۆر و دروشمی کورت ماوە و درێژ ماوەیە. بەختەوەرانە بەڕێزان کەڕووبی و موسەوی، هەر کامەیان بە شێوەی خۆیان لە ئاستی توانایی خۆیان، رێك ئەم پێویستییەیان ئاوزان پێکردووە و دەریشیانبڕیوە و هەر دوولاش باسیان لە "نایاساییبوونی سەرۆك کۆمار" و دەربڕینی توڕەیی و نارەزایەتی خۆیان بەم هەڵبژاردنە کردووە و لە لایەکی دیکەوە رێگا جۆراوجۆرە یاساییەکان بۆ

بەردەوامی باسەکە لەم بوارەدا، بۆ داکۆکی هاوبەش و ئاشتیخوازانە لە مافی شارۆمەندی و بە تایبەت لە مافی دەستگیرکراوەکانیان هێناوەتە گۆڕێ. بە تایبەتی راگەیاندی ژمارە ٩ی بەڕێز موسەوی زۆر بە ڕوونی باسی لەم باسانە کردووە و هاوکات روونە کە بەڕێزان کەڕووبی و موسەوی هەرکامەیان ڕێگەی تایبەتی خۆیان بۆ بەردەوامی و درێژەی جووڵانەوەکە لە مێشکیاندایە. لەم ڕووەوە ئێمە لە بزووتنەوەی سەوز و مەدەنی ئێستادا شاهیدی گەشەی بۆچوون و رای جۆراوجۆر دەربارەی هەڵسووکەوت لەگەڵ "کێشەی یاسا و پێویستی گۆڕان لە یاسای بنەڕەتی" دا دەبین.

پرسەکە ئەمەیە کە ئایا ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت یەکێتییەکی بەرین پێکبێنێت و تورەیی و نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بە نابەرابەرییەکان و "باوەڕمەند بوون بە خۆ"ی گەشەکردووی لە کۆمەڵگای مەدەنی بکاتە بزووتنەوەیەکی هاوبەش بە بۆچوون و رای جۆراوجۆر و یان تووشی لێکدابڕانی قووڵی ناوخۆیی دەبێت. ئەم باسانە و پێویستی گەشەی ئەم باسانە بە شێوەی مۆدێرن و لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا، لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە، لە ڕێگەی دیالۆگ و هتادەوە و لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا گرنگترین پرسی بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگای ئێرانە و گرنگترین ئامرازی نەگەڕانەوەی گشتی بۆ "هەڵچوون و سەرکوت"ە.

لە رەوتی ئەم مشتومڕە گرنگ و بنەڕەتییەدایە کە هەم بزووتنەوەی مەدەنی و هەم ڕێبەرەکانی دەتوانن پێش بە فەرامۆشی "دەنگ" خۆیان بن و لە هەمانکاتدا بەردەوام دروشم و باسی نوێ بێننە گۆڕێ. بۆ وێنە هەوڵ بۆ دەستپێڕاگەیشتنی یاسایی بە دۆخی زیندانیان و دەستگیرکراوەکانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە و ئازادی خێرای ئەوان ئەرکێکی پێویستی و



هەنووکەیی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت و مەجلیسیشە لە میانەی ئەم گۆڕانەدا، کە ئەم بزووتنەوەیە هەرچی زۆرتر پێبگەیەنێت و بیکاتە "بزووتنەوەیەکی مەدەنی جیاواز و مۆدێرن" و بە بۆچوون و مەیلی جۆراوجۆر و ئیزنپێدان بە گۆڕانی ناوخۆیی و کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەت و ڕێبەری ناچار بە پەیوەندییەکی نوێ دەبن. لە رەوتی ئەم گۆڕانەشدا هەیە کە ئەندێشەی ڕێبەران و بزووتنەوەکە گۆڕانی بە سەردا دێت، خوێندنەوەی نوێ و دیموکراتیک لە یاسای ئیسلامی و دۆخی ئێستای ئێران و هەرچی زۆرتر لە جیات "ڕێبەر"ێك، "ڕێبەران" جێی دەگرنەوە و لە مشتومڕی نێوان "دەنگی خەڵك" و دەنگی "ئەنجوومەنی چاودێری یاسای بنەڕەتی ئێران و ڕێبەر"، دەنگی خەڵك زۆرتر ببێتە بنەما.

لەم نێوانەدایە کە هەرچی زۆرتر خوێندنەوە ئاوێتەییەکان و خوێندنەوە مۆدێرنە ئێرانییەکان لە ناوخۆیی بزووتنەوە و ڕێبەرانی ئێستا و داهاتووەکەی گەشە دەکەن و ئێرانی بە واتەی ژیژەك، وەك بەشێك لەم جیهانە "پەسادیموکراتیک"ە، ڕێگا تایبەتەکانی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی خۆی دەدۆزێتەوە. (٧) چونکە مشتومڕی کۆمەڵگای ئێمە مشتومڕی نێوان نەریت و مۆدێرنیتە نییە، بەڵکوو مشتومڕ لە نێوان خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرن لەگەڵ ئاوێتەییەکان لەگەڵ توخمەکانی نەریت و مۆدێرنن. لە ئیسلامی و شۆڕشی مووسەوی تا ریفۆرمخوازی مۆدێڕنی کەڕووبی تا مۆدێڕنیتەی بەڕێوەبەرایەتی وێڕای دەسەڵاتی ئیسلامی ئەحمەدی نەژاد، هەموو لە هێماکانی ئەم گۆڕانە مۆدێڕنەن کە ژیژەکیش ئاماژەی پێدەکات. لە رەوتی ئەم گۆڕانە گوتارییە و مشتومڕی نێوان خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی مۆدێڕنیتە، لە خوێندنەوەی سست تا بەهێزی مۆدێڕنن و لە ڕێگەی باس و مشتومڕی گرنگی "دەسەڵاتی یاسا و

گۆڕانی یاسای بنەڕەتی" نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنییە کە ئەم قەیرانەی ئێستا و گۆڕانکاری چەند هەفتەی رابردوو دەتوانێت هەرچی زۆرتر یارمەتی "لە دایکبوونەوەیەکی دووبارە و گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتی مۆدێرن"ی ئێرانی بدات. لە میانەی ئەم گۆڕان و مشتومڕە بەرین و چەند لایەنەیە کە سووژەکان هەرچی زۆرتر ئاڵوگۆڕیان بە سەر دادێت و خواکان و پیرۆزەکان لە بەرامبەر یەکتریدا دەوەستنەوە.

ڕێگەی ئێمە تێپەڕین لە هەڵەی تێکەوتن و تووشبوون بە سیناریۆی کۆنو ئێرانی "چەوسێنەر/چەوساوە" و ڕۆچوونی هەرچی زۆرتر لە مشتومڕی مۆدێرن و یاری مۆدێرن و وێڕای گاڵتەجاری و چاوجوانی ئێرانی، وێڕای دڵی گەرم و مێشکی سارده. گەشەی ئەم گوتارە و یاری و تێپەڕبوون لە هەڵەی کۆن، مشتومڕ و بابەتێکە کە لە بەردەم تاك بە تاکی ئێمە لە دەوڵەتەوە بگرە تا کۆمەڵگای مەدەنی، لە سەرۆك کۆماری ئێستا ئەحمەدی نەژادەوە بگرە تا "سەرۆك کۆماری بزووتنەوەی سەوز" بەڕێز موسەوی و کەڕووبی، لە ڕێبەری وڵات و مەجلیسەوە بگرە تا ڕێبەرانی بزووتنەوە مەدەنییەکان و ڕووناکبیران و ئۆپۆزیسیۆن و شارۆمەندانی ئێرانی.

*دەروونناس و مامۆستای زانستگا

** ئەو بزنەی بۆ دوورخستنەوەی بەڵا قوربانی دەکەن.

*** ئەو کۆمەڵە لە مەئمووورانی ئەمنییەتی ئێران کە جلوبەرگی مەدەنی دەپۆشن و خەڵك دەگرن و دەیاندەنە بەر لێدان و کوتان.

# ووتار


- پرسی كورد له داهاتوودا.
- گەنج و ئەركە گەنجانەكانی.






## پرسی كورد له داهاتوودا

م.هێرش عبدالله

ئەم بابەتەی كە لەبەردەستدایە لە روانگەی سێ نەگۆڕی سیاسیەوە نوسراوە:

**یەكەم:** سیستەمی نوێی جیهانی كه له ئیستادا سیتەمێكی تاكجەمسەرییەو ئەمریكا سەركردایەتی دەكات.

**دووەم:** جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەراست كه ئەگەری گۆرانی زۆر كەمە.

**سێیەم:** هەرێمی كورستان وەك چەقی پرسی كورد دانراو.

ئەو هۆكارانەی لە ئیستادا پرسی كورد پێك دەهێنن لە سێ بازنەدا دامانناوە كە بازنەی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە، هەریەك لەم هۆكارانەش جیاوازیەكی زۆری هەیە لە هۆكارە مێژوویەكانی سەدەی بیست، كه دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە خاڵبەندی بكەین:

هەوالنامەی كتێب

یەکەم: بازنەی ناوخۆیی: بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

**جوگرافیا:** جوگرافیای دەوڵەتە هەرێمییەکان نەگۆڕێکی درێژخایەنە، بەڵام پەیدابونی ناوچەیەکی جوگرافی بە ناوی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (١٩٩١)، کاریگەرییەکی گەورەی لە جوگرافیای سەربازیو سیاسی ناوچەکە کردووە، بە جۆرێك وایکردووە ئەم هەرێمە لە ئیستاو لە داهاتوویەکی دوریشدا، ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. ئەم هەرێمە لە ڕووی جوگرافی سیاسیەوە جگە لەوەی کە چەقو هاوسنوری سەرجەم پارچەکانی کوردستانە، هاوکات هەر چوار دەوڵەتەکەی کە کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە، بەیەکەوە گرێ دەدات، لەبەر ئەم هۆیە جوگرافیای سیاسی هەرێمی کورستان لەبەردەم دووریانێکی ئاراستە پێچەوانەدایە، ڕێگایی یەکەمی ئەوەیە یان خۆی دەکاتە خاڵی هاوبەشی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بە شێوەیەکی کارا دەبێتە پێکهێنەرو ڕاگری سیستەمی ئاسایشی بە کۆمەڵ لە ناوچەکەدا، (نظام الامن الجماعی) کە بریتیە لە بەشدارییەکی بە کۆمەڵ کە چەند دەوڵەتێك ئەنجامی دەدەن بە مەبەستی بەدیهێنانی جۆرێکی تایبەت لە ئاسایش کە تیایدا سەرجەم ئەو دەوڵەتانە لێی سودمەند دەبن). ئەم سیستەمە خەونی لە مێژینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە بۆ بەدیهێنانی ئاشتیو سەقامگیری لە ناوچەکە، هەڵیشی لە پێناوا دراوە کە لە ڕێکەوتنامەی سەعدئابادی ١٩٣٧ دەسپێدەکاتو تا ڕێکەوتنامەی بەغدادو پەیمانی سەنتۆو ڕێکەوتنامەی جەزائیر هەڵدەکشێت، بەڵام لەبەر ئەوەی گرنگترین پێکهێنەری نەتەوەیی ناوچەکە کە نەتەوەی کوردە تیایدا بەشدا نەبووە بۆیە ئەو سیستەمە سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە. بەڕای ئێمە ئەگەر پێشتر ئەم سیستەمە لە ناوچەکەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە،





ئەوا لە ئێستادا هەرێمی کوردستان وەك نوێنەری دەسەڵاتی نەتەوەی کورد لە ناوچەکەدا، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لەم نێوەندەداو بەهۆیەوە لە لایەك پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکاتو لە لایەکی تر دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەکەدا، چارەسەرە نەك کێشەو ئاڵۆزی. ئەگەری دووەمیان ئەوەیە کە جوگرافیای سیاسی هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێی دەوڵەتە هەرێمیەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێ لە دەرەوەی سنوری ئەو دەوڵەتانە، وەك چۆن لە ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٨ ڕویدا، کە هەریەك لە ئێرانو تورکیاو عێراق وەك خاکێکی بێ خاوەن شەڕی خۆیان لەم هەرێمەدا ئەنجام دەدا. لەم بارەدا ئەو ڕاستە مێژوویە بۆ سەرجەم دەوڵەتان دەسەلێت کە پرسی کورد پرسێکی پڕ کێشەوە ئاڵۆزیەو وەڵامدانەوەو چارەسەر کردنی ئەم پرسە لە سنورێکی جوگرافیای دیاریکراوی خاوەن دەسەڵاتی خۆ بەخۆ، دەبێتە هۆی ڕودانی پەشێویو نا سەقمگیریو پێکدادانی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

١. **ئابوری:** پەیوەندیە ئابوریەکانی کوردستان لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانیەوە، بەهۆی سنورە دەستکردەکانەوە توشی لێکبچڕانێکی نا سروشتی بووە، بەڵام لەدوای ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەك دیاردەی جیهانگیری بوو بە ڕاستییەك کە سنورە سیاسیەکان دەبەزێنێت، لێرەوە پەیوەندیە ئابوریەکان سەر لەنوێ لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا پەیدا بونەوەو هەرێمی کوردستان بوو بە سەنتەری ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوریە، ئەمە وایکردوە ئەم هەرێمە هیچی کەمتر نەبێت لە سەنتەرە ئابوریەکانی تری وەك تارانو ئەستانە، بگرە لە ئێستادا پێشی بەغدای داوەتەوە. گرنگی ئەم دۆخە

ئابوریەی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە دەتوانێت بوارێکی لە بار بۆ سەرمایەی خۆیی‌و سەرجەم پارچەکانی کوردستان برەخسێنێت بۆ بەشداری کردن لە گواستنەوەی پرسی کورد لە پێگەیەکی سیاسیەوە بۆ پێگەیەکی ئابوری گرنگ، لە لایەکی تریش مێژوی ١٨ساڵەی دەسەڵاتی کوردی دەرخەری ئەو راستیەیە کە بونی دەسەڵاتێکی کوردی لە سایەی جیهنگیریدا، پەیوەندیە ئابوریە نیشتمانیەکان لە نێوان تاکەکانی نەتەوەی کوردا بەتینتر دەکات‌و سنورە دەسکردەکان کاڵ دەکاتەوەو ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە پرسی کورد لە پرسێکی خاوەن خواست‌و هەستێکی رۆمانتیکی نەتەوەییەوە هەنگاو بەرەو بەرژەوەندی پراگماتیکی نەتەوەیی هەڵ بنێت.

٢. **هۆکاری نەتەوەیی:** هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم بەشەکانی تری کوردستان بەو هەرێمە لە قەڵەم دەدرێت کە توانیویەتی لە رێگای میدیاو ئەو بارە دیفاکتۆیەی کە پەیدای کردووە، بۆتە هیوایەکی نەتەوەیی بۆ سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان‌و بە وردی لەلایەن سەرجەم تاکەکانی نەتەوەیی کوردەوە چاودێری دەکرێت‌و رۆڵێکی گرنگ لە زیندو راگرتنی ئەو هەستە دەگێرێت، بۆیە بەڕای ئێمە ئەگەر لە پێشودا نەتەوەی کوردو نیشتمانی کوردستان سومبولێکی نەتەوەیی بووە، ئەوا لە ئێستادا دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان گەورەترین سومبولی نەتەوەییەو بە زیندوو راگرتنی ئەم سومبولە گەورەترین هیوابەخشی نەتەوەییە بۆ سەرجەم پارچەکانی تر.

٣. **کۆمەڵایەتی:** لە ئێستادا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گۆرانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، دەسەڵاتی خێڵ کەم بۆتەوەو پێکهاتی مەدەنیەکان‌و پارتە نیشتمانیەکان جێگەیان گرتۆتەوە، کەئەمەش وایکردووە لە شارەکاندا





ئینتمای خێلایەتی لە خزمایەتی‌و خوێنەوە گۆرانی بەسەردا بێت، هەروەها ژمارەی شارنشین‌و کرێکاروخاوەن کارو سەرمایەدارەکان بە بەراورد لەگەڵ لادێنشین‌و جوتیارو ئاغاو شێخەکان لە زیادبوندا بێت، . ئەم هۆکارە وایکردووە کە کۆسپێکی گەورەی مێژوویی بەردەم پرسی کورد کە پەیوەندیە خێڵەکیەکانە بەرەو لاوازبون بچێت‌و جۆرێکی تر لە پەیوەندی کۆمەڵگای کوردی پێکبهێنێت، کە ئەمانیش گرفتی خۆی هەیە کە هێشتا تایبەتمەندیەکانی خێڵی تیادا ماوە بەلاّم ئەم پەیوەندیانە چونکە لەسەر بنەمای خوێن نین، بۆیە لاوازەو ئەگەری پەیدا بونی پەیوەندی مۆدێرنی نیشتمانی زۆرترە نەك کەمتر.

بەرای لازارێف، زۆرینەی پارتە کوردیەکان لە ژێر ئالاّی ناسیۆنالیزم، دیموکراسی، شۆرشگێری. کۆبونەتەوە، لەگەڵ ئەوش بزوتنەوەی کورد هێشتا لە یەکێتی‌و یەکگرتنی واقعیانە دورە، ئەمەش بەهۆی نزمی ئاستی فەرهەنگی سیاسی‌و دواکەوتویی کۆمەڵگەی کوردییە. بەلاّم لە ئیستادا پێگەیشتنێکی بزوتنەوەی کوردی لە هەموو کوردستاندا دەبینرێت‌و مەیلیان بۆ دروستکردنی بەرەی سیاسی پارتە جیا جیاکان زیاتر دەبێت. کلیلی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێستادا خەباتی سیاسیە، ئەمە نەك بۆ کورد بەلکو بۆ ولاّتە هەرێمیەکانیش ئەو سەلێنراوە کە مسۆگەرکردنی سەقامگیری باری ناوخۆییان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدایە.

**دووەم: بازنەی ناوچەیی:**

نەتەوەی کورد تا ئێستاش سنورەکانی سەدەی بیست دابەشی کردووە بەسەر تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریا، بۆیە لێرەدا وا پێویست دەکرێت هەر بەشەو بە جیا باسی لێوە بکرێت.

**ئەلف: تورکیا:** لە ناو تورکیادا حکومەتی تورکیاو کورد ئامانجەکانیان تەنها لەیەك خاڵدا هاوبەشە، ئەویش گەشەپێدانی دیموکراسیەتە لە تورکیا، کە ئەمە تەنها رێگایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو دەوڵەتەدا. هەرچەندە زۆرێك لە تورکەکان چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی کورد بە تاکتیکێکی کوردی دەزانن بۆ جیابونەوەو سەربەخۆیی. بەلاّم خودی ئۆجالان لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت: ئەگەر دیموکراسیەت لە تورکیا بچەسپێت ئەوا من هیچ داوایەکی ترم نیە بۆ کێشەی کورد. بەڕای ئەو، دیموکراسی لە تورکیا مانای چەسپاندنی مافی کوردە بەپێی دەستورو یاسا، لێرەدا ئەو قسەیەی کەمال ئەتاتورك کردویەتی کە دەڵێ بەختیار ئەو کەسەیە کە دەڵێت من تورکم، دەگۆرێت بۆ وتەیەك کە دەڵێت بەختیار ئەو کەسەیە کە دەڵێت من هاولاّتیەکی تورکیامو شانازی بە رەگەزی نەتەوەیی خۆشم ئەکەم. ئەوەی جێگای سەرنجە لە مێژوی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر باکوری کوردستان ئەوەیە کە هەرچەندە دەوڵەتێکی مەڵبەندیە، بەلاّم مامەڵەیەکی سەربازیو کارگێری توندی تایبەتی لەگەڵ کوردستان دەکات کە جیاوازە لە مامەڵەی ئاسایی دەوڵەت لە سەرجەم ناوچەکانی تری تورکیا، بۆیە ئەم جۆرە جیاوازیە لە مامەڵە کردن، دوو هاولاّتی جیاوازی لە تورکیا دروست کردووە، هەر بۆیە لە کاتی چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی لە تورکیا، وا چاوەروان دەکرێت کە تورکیا هەمان سیسەتی تایبەت لە کوردستان پەیرەو بکات بەلاّم جۆرەکەی لە ئیدارەی توندوتیژی تایبەتەوە بگۆرێت بۆ ئیدارەیەکی میانەرەوی تایبەت، کە ئەو مامەڵە تایبەتە تەنها ئیدارەیەکی شێوە سیستەمی فیدرالّی لێدەکەوێتەوە، واتە چۆن پێشوتر مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ کوردستان کراوە بەهەمان شێوە ئەو مامەلەیە لە داهاتودا بەردەوام بێت، بەلاّم لە شێوازێکی سەربازی بگۆرێت بۆ شێوازێکی مەدەنیانە.





**بێ: عێراق:** کوردی عێراق بەرزترین خواستی شاراوەی تێدایە بۆ سەربەخۆیی بەلاّم گرفتەکانی بەردەمی ئەوەیە کە نەیتوانیوە بەسەر دەستەگەری‌و ناکۆکی ئایدۆلۆجی‌و بەربەستەکانی بەردەم زمان‌و کلتوردا زاڵبێت. خەباتی نەتەوەیی ئەم پارچەیە لە دوای دووەمین جەنگی جیهانەوە بالاّنسی پرسی کوردی لە رۆژهەلاّتی ناوەراست گرتۆتە دەست‌و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێشی بردووە پارچەکانی تری کوردستانیشی وابەستەی خۆی کردووە، کە بە پێشکەوتنی ئەم هەرێمە لە روی سیاسی‌و ئابوری‌و رۆشنبیری، دەبێتە هۆی کەمەند کێشکردنی پارچەکانی تریش بەدوای خۆیدا. لە لایەکی تر مانەوەی ئەم هەرێمە فیدرالّە لە سنوری عێراقیدا بەشێوەیەك کە هۆکاری پێشکەوتنی دەوڵەتی عێراقی بێت، ئەو راستیە بە تورکیاو ئێران‌و گشت جیهان دەسەلمێنێت کە بە سەلماندنی مافەکانی کورد لە سنوری دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی رۆژهەلاّتی ناوەراستدا هۆکاری ئارامی‌و سەقامگیریە نەك پەشێوی‌و ئاژاوە. هاوکات بە مانەوەی ئەم دەسەلاّتە بۆ نەتەوەی کوردیش بە گشتی دەبێتە ئەزمونێکی پراگماتیکی بۆ ئەوەی کە فێربێت چۆن مومارەسەی دیموکراسیەت لە ناوخۆدا بکات‌و پەیوەندی سیاسی گەڵ نەتەوە جیاوازەکانی دەورو پشتدا پەیدا بکات.

تێ: ئایندەی کێشەی کورد لە ئێراندا جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ عێراق‌و تورکیا چونکی نامۆبونی کلتوری عەرەبی‌ودواتریش تورکی هەستی سەربەخۆیی قوڵی لە لای کوردی باشورو باکوری کودستان تۆختر کردۆتەوە بەلاّم فاکتەری جوداخوازی کلتووری لەناو کوردی رۆژهەلاّتدا کارناکات. هەر بۆیە ئەوپەری داواکاریەکانی پارتە سونەتیەکانی وەك کۆمەڵەو دیموکرات بریتە لە ئۆتۆنۆمی، بەلاّم لە سایەی گۆرانکاریەکانی هەرێمی کوردستانو تورکیا، پارتی پژاك سەریهەڵداوە کە داوا نەتەوەییەکان ئۆتۆنۆمی تێدەپەرێنێ‌و خۆی لە فدرالّی‌و

سەربەخۆیی دەدا. دەكرێت بڵێین لە سایەی سیستەمی ئیسلامی ئێراندا ئایندەی پرسی كورد لەو دەوڵەتەدا بەندە لەسەر گۆڕانكایە نێودەوڵەتیو هەرێمیەكانو خەباتی نەتەوەیی كورد لەم پارچەیە هەڵبژاردنەكانی بەردەمی زۆر سەختە، ئەگەر لە عێراقو توركیا پرسی كورد لە ڕێگای دیموكراسیەوە لە چارەسەر نزیك بووبێتەوە، ئەوا لە ئێران ئەم هیوایە زۆر كەمەو خەباتی چەكداری هەمیشە بونێكی پێویستە كە بمێنێتەوە، چونكە سیستەمی برایەتی ئیسلامی شیعە لە ئێراندا لەگەڵ پرۆژەی عەلمانی نەتەوەیی سونەگەری بەهیچ شێوەیەك یەكناگرێتەوە.

بەرای نادر ئینتسار دوو ڕێگا هەیە بۆ تەسك كردنەوەی ناكۆكی نێوان كورد لەگەڵ توركیاو عێراقو ئێران. ڕێگای یەكەم: پیادەكردنی سیتەمی فیدراڵیو دوركەوتنەوە لە ناوەندێتی، كە ئەم تەكنیكە یاریدەی بە دیموكراسی كردنو دوركەوتنەوە لە توندوتیژی دەوڵەت دەدات.

**ڕێگای دووەم:** گۆڕانكاری لە یاساكانی هەڵبژاردنە كە دەكرێت بە بێ بونی سیستەمی فیدراڵی جێبەجێ بكرێت، ئەوەش بە دامەزراندنی سیستەمێكی نوێنەرایەتی هاوبەش، كە ڕێگە بۆ دڵسۆزی نیشتمانی زیاتر دەرەخسێنێتو بەشداریەكی پراكتیكیان لە دەسەلاتە لۆكاڵەكانو ناوەندیەكاندا دەبێت.

### سێیەم: كوردو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان:

لە سایەی سیستەمی نوێی جیهانیو جیهنگیریدا دوو گۆڕانكاری گەورە ڕوی داوە ئەویش لاوازبونی پێگەی دەوڵەتە وەك دامەزراوەیەك كە پێشتر بە ئارەزوی خۆی مامەڵەی لەگەڵ هاولاتیانی خۆی دەكردو دەیچەوساندنەوە، چونكە سنورەكان تۆخو قایم بوون بەلام لە سایەی سیستەمی جیهانگیریو كاڵبونەوەی





سنورەكان، ڕای گشتی جیهانیو داداگای نێودەوڵەتیو شەپۆلی دیموكراسی، فشارێكی گەورەی لەسەر دەوڵەت دروست كردووە، ئەمە لە ئازادی دەوڵەتی كەم كردۆتەوەو بواری بۆ ئازادی كۆمەڵگاكان فەراهەم هێناوە. خاڵی دووەم، دەستێوەردانی مرۆییە، بەواتا ئەگەر لە كاتێكدا پاكتاوی ڕەگەزی دژی گروپێك ئەنجام بدرێت ئەوا ئەنجومەنی ئاسایشی نیو دەوڵەتی، بە مافی خۆی دەزانی كە ڕێگە لەم پاكتاوە ڕەگەزیە بگرێت وەك چۆن لە ساڵی ١٩٩١ لە كوردستانو لە ١٩٩٣ لە بۆسنە ئەنجامیدا. ئەم دوو خاڵە هەلێكی باشە لە بەردەم نەتەوەی كورد تا چالاكتر لە خەباتدا بێت بەبێ ئەوەی ترسی لەناوچونی بە كۆمەڵ هەبێت.

نەتەوەی كورد لە داهاتوداو لە سەرجەم پارچەكانی كوردستان ئەگەری ئەوەی هەیە كە داوای مافی چارەنوس بكاتو سۆزی نێودوڵەتیش بۆ ئەم داوایە هەبێت بەلام ئەوەی جێگای مەترسیە ئەم داواكردنی مافی چارەنوسە بێ سنور بێتو كە وا بكات هەر عەشیرەتو بنەماڵیەكی بچوك لەژێر ناوی دیاری كردنی مافی چارەنوس ئەم مافە بۆ خۆی بەكار بهێنێتو جگە لە پەشێوی نێودەوڵەتیو گەندەڵی ناوخۆیی هیچ بەرهەمێكی تری نەبێت.وەك چۆن تا ئێستش لە بەلقان بەردەوامە.

بەرالا لازارێف گرنگترین كۆسپ لەبەردەم كێشەی كورد لە ئاستیدا ئەویە كە ئەم كێشەیە وەك كێشەیەكی ناوخۆیی بمێنێتەوەو پێگەیەكی جیهانی نەبێت. بە واتایەكی تر ئەم كێشەیە كێشەیەكی جیهانیەو خەبات كردن لە پێناو مافی چارەنوس بەپێی یاسانێودەوڵەتیەكان خەباتێكی ڕەوایە. نەهێشتنی ئەم كێشەیەش تەنها بەلابردنی ئەو پشتگوێخستنە بەدی دێت كە كۆمەڵی نێودەوڵەت لە سەدەی بیستدا پەیرەوی لێكردووە. هەنگاوی پراكتیكیش بریتە لەوەی كە كۆمیتەیەك بۆ چاودێری كردنی مافی كورد لە نەتەوە یەكگرتوەكان

پێکبهێنرێت. بەڵام هێشتا بزوتنەوەی کوردی هێندە پێنەگەیشتووە چ لەسەر ئاستی کوردستانو چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە بە بەرنامەیەکی یەکگرتوی سیاسی بجوڵێت. بۆیە دروستکردنی رێکخراوێکی سیاسی گشتی کە بتوانێت رابەرایەتی بزوتنەوەی کورد لە ناوخۆو دەرەوەدا بکات کارێکی زۆر پێویستە.

بەڕای لازاریچف لێکدانەوەی هاوچەرخ بۆ کێشەی کورد بەم شێوەیەیە:

١. کێشەی کورد دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش بڕوات واتە نە لەباری وەستانو نە لە بارە تیژرەویدا بێت.

٢. دەبێت بزوتنەوەی کوردی خۆی بۆ ئەگەرەکان ئامادە بکاتو لەگەڵ گۆرانکاریەکان خۆی بگونجێنێت وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە.

٣. دەبێت مەسەلەی کورد لەژێر چاودێری وردی نێودەوڵەتیو چاودێری رای گشتی جیهانیدا چارەسەر بکرێ.

لە کۆتاییدا دەڵێین کە سەدەی بیستو یەك بۆ کێشەی کورد جیاوازیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە بە بەراورد کردن لەگەڵ سەدەی بیستو یەك. بەرای ئێمە ئەم سەدەیە ئەگەر دور بێت لە سێیەمینو چوارەمین جەنگی جیهانی، ئەوا نەتەوەی کورد دەتوانێت بە سود وەرگرتن لە سیستەمی تاك جەمسەری جیهانیو هەروەها لە گەشەکردنی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دەتوانێت بگاتە ئامانجە نەهەییەکانی خۆی کە بە درێژایی سەدەی پێشوو لێی بێبەش بوو، ئەمەش ئەگەر بە شێوازێکی سیاسیانەو دور لە دەمارگرژی خێڵەکیو ناوچەیی خەبات بکات.

# گــــەنج و ئــەرکە گـــەنجانەکـانی

# یەک لەوان "**دەستپێوەگرتن**"

ئەردەڵان فەرەجی

گـەنجێتی یـان باشـترە بڵـێم سـەردەمی گـەنجێتی دەرفـەتی گەیـشتن بـە بەرزترین لوتەکانی پێشکەوتن لە بوارە ماددی و مەعنەوییەکانە، چونکە رۆحی گـەنج لێوانلێـوە لـە عەشـق و هیـوا و چـالاکی. بۆیـە ئـەم رۆژانـە بـە پڕدرەوشـانەوەترین بـەهاری تەمـەنی مـرۆڤ ئـەژمار دەکـرێن کـە دامەزرێنـەر و بنیاتنەری بنەما و بناغە سەرەکییەکان و بەهای تەمەنێکی بەسوود دەبن. گەنج دەتوانێت تامو بۆنی ئەم سـەردەمە بـە بیرکردنـەوە و راوێـژ لەگـەڵ گـەورەکان بە باشـترین شـێوە تێپـەڕ بکـات، بـەڵام لـەم نێوانـەدا رۆڵـی خێـزان، شـوێنی ژیـان و بەرنامـەی بەرپرسـانی پەیوەندیـدار زۆر گـرنگ و دیاریکـەر و لـە فۆڕمـدان بـە کەسایەتی گەنج کاریگەرن. گەنج لە زاتی خۆیـدا حـەقخوازە و خـاوەنی کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی وەك داهێنـان و مانـدوویی نەناسـییە لـە تێکۆشـان بـۆ گەیـشتن بـە





ئامانجە دیاریکراوەکانی کە دەبێت بـستێنی گەشـەی ئـەم تایبەتمەندییانـەی خـۆی بۆ خۆش و لەبار بکرێت.

کێ بێت کە نەزانێت گـەنج بڕبـڕەی پـشتی هـەر کۆمەڵگایـەك و یـەك لـەوان کوردستان. دەزانین کە بە گشتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد بـە تایبـەتی دەرەنجـامی کۆمــەڵێك گۆڕانکـاری کـە لـە قـەوارەی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و جیۆپۆلیتیك و هەڵکەوتەی جوگرافیایی بەرسەریدا هاتووە زۆربـەی پێکهێنـەرانی کۆمەڵگای کوردستان و بە تایبەتی کوردستانی عێراق لاوان و گـەنجان پێکیـدێنن. ئەگەرچی کـە گـەنجان و لاوان رێبـەرانی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان و مێـشکی بیرمەنـدی پێـشکەوتنەکان نـەبن، بـەڵام بێگومـان هێـزی ئـەکتیڤی پێـشکەوتنی کۆمــەڵگان. لــەم پەیوەندییەشـدا هێــزی ئــەکتیڤی پێکهێنــان و بنیاتنــانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، گەنجانی کوردن.

هەروەك لە سـەردێڕی ئـەم وتـارەوە دەردەکـەوێت، تێدەکۆشرێت ئەرکـەکانی گــەنج بــۆ بنیاتنــانی کۆمەڵگایــەکی پێــشکەوتوو دەستنیــشانبکرێت. بــە لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی کـە لـە تاقـەتی ئـەم وتـارەدا نییـە کـە هـەموو ئەرکـەکانی گـەنج دەستنیـشانبکرێت. بـەڵام یـەك لـەو ئەرکانـەی کـە گـەنجی وشیاری کـورد دەبێـت بیگرێتـە ئەسـتۆ بـۆ بنیاتنـانی کۆمەڵگایـەکی پێـشکەوتوو لـە کوردسـتان پرسـی "دەسـتپێوەگرتن" و دەروونـی کردنـەوەی کولتـووری "دەسـتپێوەگرتن"ـە. "دەستپێوەگرتن" نەك بە مانای کەم بـەکارهێنان، بـەڵکوو بـە مانـای دروسـت بـە کارهێنـان و کولتـووری دەسـتپێوەگرتنیش بــە مانــای هاوســەنگی راگـرتن بــە مەبەستی سوودی تەواو وەرگرتن لە هەموو توانست و دەستخستەکانی مرۆڤ.

کەمتەرخـەمی بەرامبـەر بـە کولتـوری بـەکاربردن، دەتوانێـت ببێتـە مایـەی زیادەڕۆیی و جێ هێشتنی کاریگەری نیگەتیڤ لە سەر جەستەی کۆمـەڵگا. ناسـینی



هەواڵنامەی کتێب

شێوەکانی دروستەکانی بەکاربردن و ئاشنایی توێژەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەتی لاوان بە ڕێگا دروست کەڵك وەرگرتن لە سەرمایە، توانست، کەلوپەلەکانی ژیان و... لە زومرەی ئەو پرسە زۆر گرنگانەیە کە دەبێت لە ئاستی بەرین و لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە تاوتوێبکرێت. ئەم جۆرە لە فێرکارییەکان بۆ جێخستنی کولتوری بەکاربردنی دروست و گونجاو لای گەنجان دەتوانێت لە ڕێگاکانی قوتابخانە، زانکۆ، ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان، رادیۆ و تەلەفیزیۆن و ... ئەنجامبدرێت.

## زیادەڕۆیی ( دەستپێوەنەگرتن ) و ڕەگەکانی

زیادەڕۆییش وەك زۆرێك لە کردەکان، هەڵقولاو و سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵێك هۆکارە کە بە بێ خەبات دژی، سڕینەوە لە ژیانی تاك و لە ناو کۆمەڵدا مسۆگەر نابێت. بۆ سڕینەوەی ئەم عادەتە ناشیرینە لە ناو ژیاندا و فێربوونی کولتووری راستی بەکاربردن، ڕەگ و هۆکارە سەرەکییەکان دەخەینە ڕوو:

### ١. خۆنواندن:

زۆرجاران تاکەکان و بە تایبەتی مێرمندالآن و لاوەکان بۆ خۆنواندن و دەرخستنی خۆیان لە نێوان دۆستان و هاوڕێکانیان یان کۆمەڵگا، بە زیادەڕۆیی و هەڵە خەرجی لە هەوڵی دۆزینەوەی کەسایەتییەکی دۆرینەن بۆ خۆیان. ئەوان پێیان وایە بەم کارانە، لە ناو کۆمەڵدا وەك مرۆڤ و کەسایەتییەکی دەست ئاوەڵاو بێبەهاکردنی سەروەت و سامان دەناسرێن، بێئاگا لەوەی کە زۆرجاران، ئەم جۆرە کەسانە نەتەنیا کەسایەتییەك بۆ خۆیان دەستەبەر ناکەن، بەڵکوو لە لایەن هاوڕێ و هەواڵانیشیان وەلا دەنرێن و دەخرێنە پەراوێزەوە.

### ٢. پەروەردەی خێزانی:



هەواڵنامەی کتێب



مێرمندالآن و لاوان بە لاساییکردنەوەی کردەی گەورەکانیان و بە تایبەتی دایك و باوکانیان، زۆرێك لە کردە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەوان لە ژیانی خۆیاندا دووپاتدەکەنەوە و لەو کردانە کاریگەری زۆر وەردەگرن. چونکە یەکێك لە کاریگەرترین شێوەکانی پەروەدە، شێوەی کردەکییە.

گەنجێك کە لە خێزانێکدا پەروەدەر بووبێت کە مۆدێلێکی دروست و گونجاوی بۆ بەکابردن نەبێت و تووشی زێدەڕۆیی و هەڵەخەرجی لە بەکاربردن بوون، بیەوێت یان نەیەوێت ئەم شێوە وەك باقی کردەکانی خۆی، لە دایك و باوکی بە میرات دەگرێت و لە ڕەفتار و کردار و خێزانی داهاتووی خۆیدا و ژینگەکەشی ئەنجام دەدات، جگە لەوەی کە بە ئاگایی و زانیاری دەربارەی  زیانەکانی زێدەڕۆیی، ئەم خووەی خۆی بگۆڕێت کە ئەمەش لە راستیدا ئاسان نییە.

### ٣. گەندەڵی ئەخلاقی:

بەداخەوە هەندێجار دەبینرێت هەندێك لە گەنجان خوویان بە ژێرپێنانی یاسا و تاوان و سەرپێچی گرتووە. ئەم گرووپە، بەردەوام لە رووی هەوەسی خۆیانەوە وەدووی حەزە سەرکەشەکانی خۆیانەوەن و لەمڕووەوە، سەرمایە ماددیو مەعنەوییەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئۆرگانیسمی ئەم حەزانە، بە فیڕۆدەدەنو بەم کارە جگە لە زێدەڕۆیی، بڕەبڕە کەسایەتی ئەخلاقی و ڕۆحی خۆیانیش لە کۆمەڵگادا لە دەستدەدەن و ڕێگەکی بەرەوە فەوتان دەگرنەبەر.

### ٤. لاساییکردنەوە:

زۆرێك لە مرۆڤەکان و بە تایبەتی گەنجان ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە مێشکی خۆیان کردوویانە بە سەرمەشق و مۆدێلە باش و سەرنجڕاکێشەکان، هاوئاهەنگدەکەن. هەڵبژاردنی ئەو سەرمەشقانە ئەگەر بە ڕێنمایی عەقڵ و بیرکردنەوەیەکی تەندروست بێت، ئەوا سوودمەند دەبێت،

بەڵام بەداخەوە هەندێجار دەبینرێت کە ئەم هەڵبژاردنە بە پێی دەمارگرژی، نەزانین، حەزە دەروونییەکان و... و گەنج بە لاساییکردنەوە کوێرانە لەو سەرمەشقە نەگونجاوانە، تووشی زێدەڕۆیی دەبێت. دەکرێت لەو نموونانە ئاماژە بەوە بکرێت کە زۆرێك لە گەنجان هونەرمەند و گورانیبێژێك یاخود ئەکتەرێکی سینەمایی و تەلەفزیۆنی و پاڵەوانێکی وەرزشی و... دەکاتە سەرمەشقی ژیانی خۆی. هەڵبەت دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە هەندێجار کەسان و کەسایەتی لەو شێوەیە دەتوانن سەرمەشقێکی گونجاو و بەسوود بن بۆ ژیانی تاك و بە تایبەتی گەنجان.

### ٥. ڕاڕایی (وسواس):

ڕاڕایی وەك نەخۆشییەکی دەروونی، یەکێك لە ڕەگ و هۆکارەکانی زێدەڕۆییە (دەستپێوەنەگرتن) کە دەتوانێت لە زۆرێك لە قۆناغەکانی ژیان سەر هەڵبدات و ببینرێت. بۆ وێنە گەنجێك کە بۆ کڕینی جلوبەرگ، پێڵاو، سەعات و چاویلکەکەی خۆی تووشی ڕاڕایی (وسواس) دەبێت و لە ئەنجامدا چەند جۆر لەوان دابیندەکات. یان خانمێك کە بۆ میوانداریی کردنێك چەند جۆر خواردن و چێشت دروستدەکات و بۆ دابینکردنی کەلوپەلی ناوماڵ، ڕازاندنەوەی ماڵ یان کڕینی کەلوپەلی ئارایشتی خۆی، تووشی ڕاڕایی دەبێت و بە کڕینی زیادی تووشی زێدەڕۆیی دەبێت. هەروەها کەسانێك بۆ خاوێن کردنەوەی خۆیان لە ئاودەست و حەمام، بۆ نوێژ و غوسڵ تووشی وەسواسن و بە زێدەڕۆیی کردن لە بەکاربردن ئاو، ئەم سەرچاوەی ژیانە بە فیڕۆ دەدەن.

### ٦. سەروەت و سامانی زیادی:

هەندێ جار دەبینرێت کە گەنج و لاوەکانی ئێمە بە دەستپێڕاگەیشتنیان بە





سەروەت و سامانی خێزانی و بنەماڵەیی خۆیان تووشی زێدەڕۆیی دەبن و پێیان وایە کە بەم جۆرە زێدەڕۆییکردنە بناغەی ئابووری ئەوان نالەرزێنێت، بەردەوامدەبن لە ڕەچاوکردنی ئەو عادەتە، بێئاگا لەوەی کە چەرخی گەردوون زۆرجاران بەو شێوەیە ناسووڕێت و زۆرجاران ڕووداوی نەخوازراو، شێوەی ژیانی ئەوان دەگۆڕێت و گەردەلوولێك، ژیانی هێمنی ئەوان تووشی ئاژاوە دەکات. هەڵبەت هەر وەك لە سەرەتای ئەم بابەتەش ئاماژەیپێدرا، مەبەست چروکی و کەمبەکاربردن نییە، بەڵکوو چۆنییەتی و دروست بەکار بردنی سەروەت و سامانە. بۆیە گەنجانی وڵاتەکەمان دەبێت دەستپێوەگرتن لە سەردەمی دارایی و دەوڵەمەندی خۆدوور گرتن لە زێدەڕۆیی لە بیری ڕۆژی تەنگانە و ڕۆژانی داهاتووشدا بن.

بە کورتی ئەو شەش خاڵەی سەرەوە پێناسەیەك لە زێدەڕۆیی (دەستپێوەنەگرتن) و ڕەگەکانی ئەم نەخۆشییە بوون کە هیواخوازە لە ڕێی جێگیرکردنی کولتوورێکی دروستی بە کاربەرەکی و فەرهەنگی دروستی کەڵك وەرگرتن، بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و تەندروست بە دەستی گەنجەکانی کوردستان بنیات بنرێت.



هەواڵنامەی کتێب

# القسم العربي

- نظريـــــــة المعـــرفـــــــــة.
- مبدأ عدم أستخدام القوة أو التهديد بها في العلاقات الدولية.

# نظريـــــــة المعـــرفـــة

م.ضياء حبيب توفيق

نظرية المعرفة عنوان لمباحث كثيرة تطوف حولها لتسقي بما لديها وما تحمل من مدلولات تكاد تنطوي كلها على الادراك البشري , الذي بدوره يمثل حلقة وصل بين الذات والموضوع او بين الفكر والفكرة. لذا نجد ان هذه النظرية احتلت مكانة مرموقة في البحث الفلسفي لاسيما في العصر الحديث حيث صيغت كعلم مستقل على يد الفيلسوف الالماني امانويل كانت واخذت تنمو شيئاً فشيئاً فبزغت فيها مدارس عدة بنت افكارها على افكار يونانية قديمة , ولكن باسلوب جديد يتوافق والواقع الحديث بالاضافة الى اراء جديدة اضيفت الى ذلك التراث الفكري الذي يعد موضوعا وفيراً للبحث والدراسة. واليك فيما يلي اهم موضوعاتها:

## الاول- ما المراد بنظرية المعرفة:

نظرية المعرفة مصطلح مركب من لفظين: احدهما نظرية ونعني بها كل قضية او تركيب عقلي مؤلف من تصورات منسقة تهدف إلى ربط النتائج بالمقدمات، كما انها تطلق على مايقابل الممارسة العملية في مجال الواقع اي على التجربة الخالية من الفرض والمتجردة من التطبيقات العملية كما انها تطلق على مايقابل المعرفة العامية تلك المعرفة التي تتقيد بالنتائج العملية وتظل بمعنى ما جزئية[١].



اما ثانيهما المعرفة وهي مرادفة للعلم والإدراك عند الفلاسفة المسلمين ومعناها واحد هي (حصول صورة الشيء في العقل) بمعنى هناك مدرك وعالم خارجي يدرك من جانب المدرك بعملية الادراك[٢]. ويقابل هذا المصطلح باليونانية مصطلح (الابيستمولوجيا) (Epistemology) وهو مؤلف من مقطعين (Episteme) ومعناه المعرفة و(logose) تعني نظرية.

فمعنى ابستمولوجيا اذن نظرية العلم او فلسفة العلوم اي دراسة مبادىء العلوم فرضياتها ونتائجها دراسة نقدية توصل إلى ابراز اصلها المنطقي وقيمتها الموضوعية. ولكن المدرسة الفلسفية تفرق بين مصطلح نظرية المعرفة وبين الابستمولوجيا فهذا الاخير ليس نظرية المعرفة كما يدل على ذلك اسمها، والتي تهتم بجميع المعارف بغض النظر على الموضوعات المعرفية في حين (الابيستمولوجيا) تتعرض فقط لنوع خاص من المعرفة وهو المعرفة العلمية[٣].

بيد ان هذا التمييز لايبقى له اهمية عند المدرسة الإنجليزية لانها منشأ الواقعية والتي لاتعترف باي معرفة سوى المعرفة العلمية وهذا واضح عن الواقعية المعروفة برفضهم جميع المعارف التي لاتتمتع بالصيغة العلمية ففي كتبهم انه لافرق بين نظرية المعرفة والابيستمولوجيا[٤].

وقبل ان ندرس نظرية المعرفة كدراسة منهجية منظمة لابد من تحديد قصدنا من نظرية المعرفة ، والتي نعني بها دراسة منهجية موضوعية منسقة في المعرفة من حيث أصلها وماهيتها وامكانها والوسائل الموصلة اليها بالاضافة إلى طبيعتها وحدودها وقيمتها، اي هي بحث في العلاقة بين الذات والموضوع ومدى التشابه بينهما اي بين التصور الذهني والواقع الخارجي بغية معرفة مدى أهمية الدراسة بالنسبة للعقيدة الدينية مع ابراز التصورات الاسلامية والمعاصرة الخاصة بصددها ومقارنتها بالتصورات الاخرى.

### الثاني- إمتداد النظرية في التاريخ:

ان نظرية المعرفة لم تحظ بالاهتمام والدراسة على طوال التاريخ الفلسفي كعلم مستقل، الا في العصر الحديث، وكان هذا على يد الفيلسوف الالماني عمانويل كانت حيث أخذت نظرية المعرفة في هذه الفترة من الاهتمام مافاقت به كل جوانب الفلسفة الاخرى، ورغم انها كانت غربية من حيث التسمية عبر تاريخ الفلسفة الا ان جذورها أمتدت حسب راي بعض الباحثين الغربيين إلى عهد بارميندس حين اعلن عن وجود لاتدركه التجربة وليس في مجالها، وهو الوجود الحقيقي ويكون ادراكه بواسطة العقل ونعت المحسوسات باللاوجود حين قال (ان الوجود لايدركه الا العقل اما مايدركه الحواس وما يظهر عليه اللغة فهو مختلف عن ذلك الوجود)[٥].

بينما نجد التفرقة بين الاحساس والعقل اكثر وضوحاً عند انكساجوراس بقوله (ان العقل قائد الكون والبشر على السواء لكنه لم يحدد مبادئه وفعاليته بعكس حديثه عن الادراكات الحسية بجعلها ناتجة عن ضدين، بمعنى ان الشيء يعرف بنقيضه وذلك بقوله (فالحرارة التي فينا تلاحظ بالبرودة التي في الموضوع والحلو والمر كذلك)[٦].

واتضحت الصور اكثر من ذي قبل بالنسبة للعقل والحس عند ديمقريطيس بجعله المعرفة الحسية نسبية والعقلية منها حقيقية لكنه تبقى النظرية ناقصة لانه جعل من العقل صدى للحس فحسب ولاتفسر نظريته كيف يرتفع العقل على الحس ولاكيف يدرك العقل اللامحسوس مثل الجوهر والخلاء)[٧].

وخيرمن جمع تصور هؤلاء الفلاسفة السابقين على سقرط بالنسبة لعملية المعرفة هو الدكتور (اولف جيجن) في كتابه الموسوم (المشكلات الكبرى في الفلسفة



اليونانية)، حين جمع تصور فلاسفة ماقبل سقراط على مبدأ مشترك قائم على التشابه او التضاد بين العارف والمعروف.

ونجد هذا المبدأ جلياً عند انبادقليس حين ذهب إلى أننا ندرك العناصر الاربعة والمحبة والكراهية لانها جميعاً توجد فينا فالمعرفة تماس بين الشبيه وشبيهه[٨].

فان هؤلاء الفلاسفة فيما يبدو لهم الفضل في وضع اللبنة الاولى للنظرية وان كانت ناقصة الملامح الا انهم أسهموا على الاقل في تقسيم عملية الادراك للموضوعات إلى قسمين الا وهما العقل والحس وتحديدها العلاقة بين العارف والمعروف بشكل عام وهذان الموضعان يعدان من اهم موضوعات نظرية المعرفة. ولايمكن ان ننسى فضل الحركة السوفسطائية واسهامها مساهمة هامة في تطور نظرية المعرفة من خلال حركتهم الشكية.

ويمكن هنا ان نجمل كلام السوفسطائين على لسان جورجياس، وبروتاغوراس الذي حذى حذوه بعبارة افلاطون في مذهب السوفسطائيين: (الانسان مقياس كل شيء مقياس الوجود: انها موجود، والنحو الذي هي عليه موجود ومقياس اللاموجودات: انها غير موجود والنحو الذي عليه هي غير موجودة)[٩].

وقد وردت عبارة افلاطون حول السوفسطائية بصيغة اخرى، لعل السبب يرجع إلى ترجمة النص ولاشكال في ذلك مادام المعنى واحداً وهو مانجده في كتاب تاريخ الفلسفة اليونانية للدكتور يوسف كرم[*] يقول: (الانسان مقياس الاشياء جميعاً وهو مقياس وجود مايوجد فيها ومقياس لاجود ومالاوجود)[١٠].

وللاتجاه السوفسطائي امتداد يتمثل باحد صغار السقراطيين، وهو ارستنيس القوريناني حين اعلن حول المعرفة انه ليس باستطاعة الانسان ان يحس الا بحالاته الداخلية هو نفسه وحسب اما سببها من موضوعات او ظروف خارجية

فانه لايدرى عن ذلك شيئاً[١١].

ويبدو ان مرحلة ماقبل سقراط تعتبر البوادر الاولى لرسم النظرية المعرفية، وذلك لان الفلاسفة رغم تمييز هم بين اداتين للادراك مع ظنية احدهما ويقينة الاخرى الا انهم لم يستطيعوا ان يفكروا في تحديدها ورسم حدودها وعلاقة احداها بالاخرى في العملية الادراكية.

والتمييز بين نوعين من المعارف نجده ايضاً عند سقراط حين ميز بين نوعين من الموضوعات فالاولى هي المفاهيم التي تعبر عن الجوهر اللامتغير الذي اسس عليها العلم وبين المعارف المتغيرة وهو النوع الثاني، وهذه المفاهيم المحدودة صارت بعد ذلك عند افلاطون هي (المثل)[١٢].

ولكن كل الذي ذكرناهم من الفلاسفة قاموا بتمييز المعارف من دون تحديد العلاقة بين المحسوس والمعقول في عملية الادراك. وهذه العلاقة وتحديدها تتجلى عند افلاطون اذ يعد اول من اهتم اهتماما عظيماً بكيفية الادراك والعلاقات بين المحسوس والمعقول وايهما اكثر ثباتاً واقرب إلى الحقيقة من خلال نظريته في المعرفة، والتي تعرف (بالمثل الافلاطونية) حيث ميزفيها بين ماهو ثابت وخالد وهو عالم المعقول وبين ماهو متغير والمتمثل بعالم المحسوس ولم يكتف بهذا الحد بل تجاوز طرح السابقين من الفلاسفة بتحديده العلاقة بين المحسوس والمعقول في الادراك[١٣].

فعملية الادراك عند افلاطون هي عملية استذكار لمافقدته النفس عند اتصالها بالبدن على اعتبار ان النفس قبل ان تتحد بالبدن وتتقيد بقيوده كانت على الاطلاع بعالم المثل عالم المعقول والثابت الذي لايتغير، ولكن عندما اتصلت بالبدن وبدنيا المادة فقدت كثيراً من المعلومات وتحاول استرجاع مافقدته سابقاً عن طريق الاحساس اذن فالتصورات سابقة على الاحساس ولكن عن طريق الاحساس تسترجع ماتستطيع من المعرفة[١٤].





بيد اننا نجد ان بعض الباحثين الغربيين يرون ان نظرية افلاطون في المعرفة بسيطة وهي تتلخص بان هناك إلى جانب كل شيء متغير شيئاً خالداً لايأتي عليه التغير ينبغي ان يقوم عليه وحدة المعرفة والسلوك، لكن سرعان ماتعرضت إلى تعميمات منظمة وان تسقط في النهاية في شراك الحجج التي تذهب كل مذهب[١٥].

يبدو ان هذا الراي يجانب الصواب لحد ما استناداً إلى ان النصوص الافلاطونية لم تات لنا مباشرة بمعنى أخذها من الفلاسفة في كتبهم بل جاءت لنا عن طريق الافلاطونية المحدثة التي فهمت النصوص الفلسفية القديمة على ضوء اعتقادها الديني، فاخذت بمايوافقها و نبذت مايعارضها من الاراء.

اما ارسطو فهو لم يبحث عن الكلي في عالم الصور النموذجية القائم بذاته كما عند الافلاطون بل بحث عنه في نطاق الاشياء المحسوسة ذاتها وراى ان الكلي هو الماهية التي يقوم عليها كل شيء محسوس وعيني ويجاهد من اجل تحقيقها بقدر ما يستطيع حيث المعقولات موجودة بالقوة في الصور المحسوسة لذا لايمكن التعلم و الفهم من غير الاحساس فالمحروم من حاسة محروم من المعارف المتعلقة بها[١٦]. وهو الذي قيل ما يصح بحقه انه انزل الفلسفة من السماء إلى الارض و رفض راي استاذه افلاطون في المعرفة.

وبعد ارسطو ازداد الاهتمام بالمعرفة العملية او الحسية واحتلت بدورها المرتبة الاولى في الادراك بعد ماكانت تحتل المرتبة الثانية عند افلاطون حيث اصبح شغل الشاغل للفلاسفة في هذه الفترة البحث عن قاعدة ثابتة للحياة ومقياس وثيق لليقين والمعرفة[١٧].

وأخذ على عاتقه هذه المهمة كل من الابيقورية والرواقية، فالرواقيون مثلاً يسلمون بيقين المعرفة الحسية ويرون ان فيها عناصر القوة والثقة والوضوح،

والافكار الحقيقية الآتية عن المعرفة الحسية تاتي بالدرجة الاولى في المعرفة و التصديق ياتي بعدها ثم يليها الفهم و اخر درجاتها العلم[١٨].

والابيقورية كالرواقية في المعرفة بجعلهم الادراكات الحسية هي المصدر الوحيد لكل معرفة، وانه يمكن الثقة بها ثقة مطلقة حيث قسم (ابيقور) المعرفة إلى اربعة انواع: الانفعال، الاحساس، والمعنى الكلي، والحدس الفكري.

فالانفعال هو الشعور باللذة و الالم والاحساس هو الادراك الظاهر واحساساتنا صادقة دائماً وانما يأتي الخطاءمن حكم العقل و يؤدي تكرار الاحساس إلى تكوين المعنى الكلي في الذهن. واخيرا فالحدس الفكري هو الاستدلال الذي يتلخص في التصديق ولايقع في ميدان التجربة. مثل الجوهر الفرد و الخلاء، وهذه المعاني حسب راي ابيقورس ليست معاني عقلية بل ولاحسية و ليس معناه لامادياً لان مذهبه قائم على المادة[١٩]. وحاول ابيقور من خلال نظريته هذه وضع اسس عملية للحياة قائمة على الثبات و يتفادى بها القلق والاضطراب.

اما المعرفة عن الافلاطونية المحدثة فمنهم من زعموا ان الحقيقة ليست قائمة في العلاقة بين الفكر والموضوع وليست كامنة كذلك في تامل الفكر ذاته وانما ينبغي الاخذ بان المصدر الابدي للحقيقة هو الله تعالى.

بينما عند المسيحيين يدخلون عنصر الايمان في نظرية المعرفة، فالايمان هو منبع اليقين وقد اوضح القديس اوغسطين دور الايمان في المعرفة و أخذ يسعى للربط بين الايمان الديني و اليقين العقلي ربطاً وثيقاً.

فاوغسطين يرى ان الايمان هو فعل الارادة ويعد الخطوة الاولى في المعرفة، وان الادراكات الحسية ليست الا امور ذاتية عارضة، وان هناك واقعاً ماوراء هذه الادراكات يمكن ادراكه بالايمان. وذهب ايضاً إلى انه لايمكن ان يكون هناك ايمان دون علم ولا يمكن تصور العلم من دون الايمان وهو بذلك يؤكد ان الايمان هو



مصدر ومنبع المعرفة[٢٠]، فقسم اوغسطين المعرفة إلى نوعين من الادراكات ادراكات مادية وأخرى معنوية[٢١]، ومنهج فلاسفة العصور الوسطى على منهج اوغسطين بان الايمان تجربة روحية واخلاقية معاً يقابلها التجربة الخارجية المادية[٢٢].

وناتي الآن على الحلقة المفقودة من ادوار الفلسفة الا وهي الفلسفة الاسلامية هي الحلقة المفقودة الذكر في تاريخ الفلسفة وخاصة عند المؤرخين الغربيين واكثر المستشرقين ومن سلك مسلكهم، مع العلم انها تعد مهمة في انماء الفكر البشري وتطوره ويرجع لها بعض الفضل ايضا لنشوء الفلسفة الحديثة في العالم الغربي. فنرى أن للفلاسفة المسلمين رايا في كيفية الادراك نبداها بالفارابي[*](٨٧٣-٩٥٣م) فهو يرى ان المعرفة البشرية ثلاثة انواع:

اولهما- مايصل إلى الانسان عن طريق ادوات الحس التي تنطبع من المحسوسات في الحواس ثم يفعل العقل فيها فعله من التخزين و الموازنةو التوفيق و التجريد.

ثانيهما- مايصل عن طريق الفكر البحت الذي لاتتدخل فيه الحواس ادنى تدخل .

ثالثهما-مايأتي إلى الانسان عن طريق التنسك الذي يرتفع بصاحبه عن علائق الحس وغواشي المادة[٢٣]. فالمعرفة التى تأتي عن طريق الحس هى المعرفة الاولية او الظاهرية، وهي لاتعتبر معرفة حقيقية مقارنة بالثانية والثالثة والتي يجب الاقتداء بها وهوالاصل الذي لايزول.

ولايكاد راي إبن سينا[*] يختلف عن الفارابي في مصدر المعرفة من حيث مآتى المعرفة الانسانية هو فيض العقل الفعال الذي يحيل بالكائنات المستعدة بقدر الذي يسمح به الاستعداد كما آفاض على هذه الكائنات صورها وحدودها بقدر استعداد المادة لقبول الصور والحدود. الا ان إبن سينا ميز بين ثلاثة انواع من المعرفة:

منها ماتكون فطرية كالمبادىء الاولى مثل الكل اعظم من الجزء، والواحد

نصف الاثنين، منها ماتكون مكتسبة تآتي عن طريق الاتصال بالعالم الخارجي[٢٤] بالاضافة إلى القلب وهويضعه في مقابل العقل والحس كمصدر من مصادر المعرفة باعتبار اذا كانت الحواس مصدر المعرفة الحسية والعقل مصدر المعرفة العقلية فان القلب مصدر للمعرفة الذوقية.

في الغرب الاسلامي نجد إبن باجة[**]طبع نظرية المعرفة بطابع جديد يختلف تمام الاختلاف عن الطابع الذي كان الغزالي يطبعه في الشرق اذ ذهب الغزالي إلى ان الالهام اهم وادق مصادر المعرفة بعد ان اعترته ازمة شك عنيفة نظر على ضوء العقل في المذاهب الرائجة في زمانه فوجد الحق في مذهب المتصوفة والانخراط في طريقهم[٢٥]. بمعنى ان الفرد يستطيع ان يصل إلى غاية المعرفة ويندمج في العقل الفعال، اذا تخلص من رذائل المجتمع واعتمده على قواه العقلية لتحصيل اكبر قسط من العلم والثقافة بعيداً عن اللذات الدنيوية.

فنعود إلى إبن باجة حيث اعتمد على العقل بعكس الغزالي في الشرق الاسلامي وتعويله على الالهام، ولعل للثقافة المعاشة آنذاك دوراً في ميل كل من الفيلسوفين لمصدر واحدمن مصادر المعرفة وتفضيله على المصادر الاخرى[٢٦].

اما المعرفة عن إبن طفيل[*] فقد مثلها في رسالته (حي بن يقظان) والغاية منها، تتلخص في ان الانسان يستطيع ان يدرك الحقائق ولوكان قد نشأ في عزلة تامة ولم يتلق اية ثقافة ولم يحتمل اقل اثر من غيره الا اثر العقل الفعال الذي ينير عقله كما انبا بذلك عزلة حي بن يقظان، وكذلك يستطيع ان يدرك الحقيقة ويتذوقها اذا لقن كصديقه (ابسال) الذي ادرك الحقيقة بواسطة (حي) لانهما كانا من الخاصة اللذين منحتهم السماء موهبة فلسفية وهو شرط لهذه المعرفة.

اما العامة في نظر إبن طفيل ليس لديهم الاستعداد لادراك هذه الحقائق، لان الجهود التي تبذل في تهذيبهم من جهود تذهب عبثاً كما ذهبت جهود (حي)



وصاحبه في تهذيب اهل الجزيرة الاخرى[٢٧]. ويظهر مما سبق ان شرط المعرفة اليقينية هو موهبة يخصها العقل الفعال (الله) لمن يريد وهم قلة اما الاكثرية الذين هم العوام فلا يمكن لهم ادراك هذه الحقيقة .

وإبن رشد[**] حذى حذو ابن باجة حين اخذ من النظر المحض طريقاً لكشف اسرار الكون و كشف خفايا الوجود والحكم عليها، وهي لا تتيسر الا لمن درس اداته الضرورية وهي المنطق دراسة عميقة تؤهله لاستخدامه على خير وجه حتى تكون النتائج المستنبطة من اقيسته يقينية لا يتطرق اليها الارتياب. وليس هذا فحسب بل جاء بآيات من القرآن الكريم تحث الانسان على التأمل في ملكوت السموات والارض ليستنبط وجود مبدعه من النظر ويسموا بعقله عن الايمان التقليدي الذي هو شأن العامة[٢٨].

ومما عرضنا من نظريات المعرفة او كيفية ادراك المعارف للفلاسفة المسلمين في الشرق والغرب الاسلامي نجدهم يميزون بين ضربين من المعرفة معرفة تدرك بالعقل وهي الحكمة ومعرفة تدرك عن طريق النصوص الدينية القرآنية وأحاديث السنة وهي الشريعة. وكذلك اعتمادهم على المنطق الارسطي حيث عدوا القياس طريقاً للوصول إلى اليقين ولما كان القياس يقوم على المقدمات وصحة المقدمات تكون ثابتة لاتزعزع فيها اذا كانت بديهية.

فبحث الفلاسفة المسلمون عن البديهيات (الكل اكبر من الجزء) وهل هي فطرية ام مكتسبة؟ وعليه بحث الفلاسفة المسلمون عن طبيعة العقل الذي تقوم فيه المعرفة وبحثوا عن طريق الوصول إلى المعاني والتصورات المختلفة. ناهيك عن اعتمادهم على نظرية ارسطو في العقل الفعال والعقل المنفعل ،فالعقل الفعال هو المحرك والعقل المنفعل هو الذي يتم به معرفة الاشياء بخروجها من القوة إلى العقل والعقل الفعال هو الذي يمكن ان يفارق البدن[٢٩]. وهذا لايعني انهم تقيدوا باراء

ارسطو ولم يتجاوزوها بل نجد لهم طروحات خاصة امتازت بطابع اسلامي صرف يتفق مع القران الكريم.

**الثالث- مجالات نظرية المعرفة:**

هناك تفسيرات متعددة، منهم من فسر المعرفة على انها تحصيل للعلم او العمليات العقلية التي يتوسل بهاإلى تحصيل العلم ويترتب على هذا ان يكون البحث في المعرفة فرعاً من علم النفس الذي يختص دون منازع بدراسة عمليات الاحساس والادراك والتذكر والتخيل والانتباه والتفكير وماعلى نسقها مما يجعل نظرية المعرفة بعيدة المنال عن حدود العلم الانساني وصدقه وكذبه وتعجز ايضاً عن حل المشكلات العامة للعلم كمشكلة العلاقة بين الذات والموضوع وتنحصر مهمتها في تبيان الوسائل التى يتم بها تحصيل العلم[٣٠].

ومنهم من خلط بينها وبين علم المنطق على اعتبار ان المنطق يبحث في القوانين الصورية للمعرفة الانسانية، وذلك تبعاً لتعريفهم للمعرفة بانها بحث في المعرفة التي تم لنا اكتسابها وقد يؤدي هذا بالطبع إلى التباس موضوعاتها بموضوع المنطق و العلوم الجزئية[٣١].

ولكن مجال المعرفة اوسع من ذلك واشمل فهو يبحث فى المعقولات العامة التي تشترك اغلب العلوم بالانتفاع بها وهي تعد الدعامة المتينة التي لاغنى عنها في العلوم كلها وهي بمثابة اساسيات العلم التي بدونها لايمكن للعلوم ان تطبق فرضياتها مالم يكن لها معيار في التطبيق .

فهي تحاول اذن (تعريف مادة العلم)، اي تناقش الشروط التي ينبغي توافرها لكي يتم هذا العلم ويدخل في ذلك التفرقة بين المحسوس وماهو خارج دائرة المحسوس والتمييز بين مايدركه العقل ادراكاً بديهياً فطرياً وبين مايتم اكتسابه



عن طريق العقل. وتبحث نظرية المعرفة ايضاً في التمييز والمفارقة بين المعلومات الذاتية والمعلومات الموضوعية وعلاقة بعضهما ببعض بالإضافة إلى بحثها في موضوع الوجود المتغير[٣٢].

**الرابع- إمكان المعرفة:**

يحاول هذا المطلب الاجابة على عدة اسئلة وهي: هل المعرفة البشرية ممكنة ام لا؟ واذا كانت ممكنة فما حدود هذه المعرفة؟ بمعنى هل هي معرفة احتمالية ظنية ترجيحية اوانها تقود مرحلة الاحتمال إلى اليقين؟ وقد انقسم الفلاسفة حول هذا الموضوع إلى:

**أ-مذهب الاعتقاد او الدجماطيقية:**

يذهب إلى ان بمقدرة الانسان اكتساب معرفة يقينية لانهاية لها وان في امكانه ان يتوصل إلى تعريفات للمعاني العقلية المجردة لاتقل في مراتب اليقين عن المعرفة التي تكتسب بالتجربة، وقد شاعت هذه النزعة العقلية في القرنين السابع عشر والثامن عشر[٣٣].

ويسمى هذا المذهب ايضاً بالدجماطيقية وهو اسم اطلقه الفيلسوف الالماني كانت (١٧٢٤-١٨٠٤) على وجهة النظرة الفلسفية او الشعبيه التي تأخذ بالمعرفة اخذ الواثق في صدق دعواه ويتثبت فيها من دون النظر والتمعن والنقد في اساليبها ومبادئها. وهذا الوصف ينطبق على كثير من المذاهب الفكرية والتيارات الفلسفية التي نبتت على اسس دينية وفي ظل سلطة دينية[٣٤].

وان هذا الوصف ل(كانت) لايجب ان يؤخذ على الاطلاق عندما اخذ من المذاهب الفكرية والتيارات الفلسفية الدينية مثالاً للدجماطيقية وهذه التسمية قد تكون صحيحة من الجانب العبادي للدين، لان مسائله خارج قدرة العقل البشري، ولكنها لاتنطبق على الجانب العملي، ان (كانت) هنا مزج بين المبادىء التعبدية

والعملية متغافلا عن المنهج العلمي المتبع لدى الاسلاميين في استنباطهم للاحكام الشرعية والعملية وفق أسس علمية.

**ب - مذهب الشك:**

الشك بشكل عام نظرية في المعرفة يراد بها التوقف عن اصدار حكم ما استناداً إلى ان كل قضية تحمل الصواب والخطأ وتقبل الايجاب والسلب بقوة متعادلة، باعتبار ان ادوات المعرفة لاتقبل اولا تكفل اليقين(٣٥).

وللشك دلالات شتى عزاه الدكتور توفيق الطويل لاستخدامه في مجالات شتى اظهرها مايقال منه نظرية في المعرفة، وكذلك منهجاً في التفكير اوانكارا لقواعد الدين، واما في اعتباره نظرية في المعرفة لانه هنا يجعل من العقل يميل إلى تعليق الحكم على مشكلة ما بسبب عجزه عن فهمها واعطاء الحلول لها.

اما اذا اصطنع الباحث الشك لنفسه ابتداءا بغية تخليص العقل من المعلومات السابقة والمؤطرة لعملية التفكير فيكون هنا منهجا في التفكير، واخيراً اذا انصب الشك على معتقدات الناس المسلمة لديهم فهذا هو الانكار او عدم الاعتقاد وهو يتضمن الالحاد بسبب الشك وانكار المسلمات(٣٦). ونحن نكتفي هنا بالشك كنظرية في المعرفة، وهو نوعان:

- الشك الحقيقي (المطلق).
- الشك المنهجي (او العلمي).

**الشك الحقيقي:**

هو زعزعة الايمان بالمعرفة اليقينية بحيث لايمكن ان ندرك الحقيقة مطلقاً لعجزنا على ذلك ولايوجد لدينا سبيل لمعرفته وحكم جازم او بالاحرى اعتقاد قويم .

وتاريخيا تعد المدرسة الايلية في الفلسفة القديمة اول من اثارت الشك في



الحواس في ادركها للموضوعات ثم جاءت بعدها السوفسطائية و كان اثر الايلية فيها حاسماً وقوياً فزعزعت الايمان بالحقيقة واليقين بل ذهب واحد منهم وهو جورجياس (٤٨٣-٣٨٥ ق.م) في مغالاته إلى ابعد الحدود حين انكر الوجود والمعرفة معاً في كتابه (في الطبيعة).

رغم ان المدرسة الايلية تعد اول من أثارت الشك في الحواس الا ان مؤسسها في العالم القديم هو بيرون (٣٦٥-٣٧٥ق.م) الذي لم يدون اراءه في مؤلفات وانما دونها تلاميذه خصوصاً تيمون– حسب راي يوسف كرم– ومجمل قوله: ان كل قضية تحمل قولين يمكن ايجابها و سلبها بقوة متعادلة فالحكم هنا هو العدول عن الايجاب و السلب والامتناع عن الجدل والوقوف على الظواهر فيعود في النهاية إلى العرف و التقاليد والمعتقدات الشعبية ويلتمس منها الامان و طمأنينة النفس(٣٧).

في حين نجد في الشك البيروني شكاً متخاذلاً متردداً في استصدار الحكم وعدوله في الوقت نفسه إلى العرف والتقاليد نجد السوفسطائية في موقف القوي ازاء القيم المالوفة في مجال الخير والحق فتتصدى لتفنيدها وبيان تهافتها والسخرية منها من دون اللجوء إلى التقاليد والتصورات الشعبية كما فعل بيرون.

وبين هذا او ذاك من التطرف، أخذت الاكاديمية الجديدة حد الوسط باعلانها على لسان احد تلامذتها اركسيلاوس(٣١٥-٣٤١م) اننا ليس لدينا وسيلة للتمييز بين الفكرة الحقيقية وغير الحقيقية وليس ثمة علامةعلى الحق، والافضل هو طرح الاراء جميعاً ثم نؤثر الترجيح الذي لايتجاوز إلى اليقين(٣٨). وقد قسم علماؤنا المسلمون المذاهب الشكية تبعا لموقفهم من الحقيقة إلى ثلاث فرق:

- فرقة اللاأدارية الذين يقولون بالتوقف على الحكم والذين يقدحون في كل من الحس والعقل طريقين للمعرفة ويعد بيرون ضمن هذا الصنف(٣٩).
- وفرقة العنادية وهم الذين يعاندون ويدعون انهم جازمون بانه لاوجود

اصلاً، ويعد(غورغياس)(٤٨٠-٣٧٥ ق. م) في هذا الصنف، لانهم يزعمون بانه لاتوجد قضية الا ولها معارضة بمثلها بالقوة[٤٠].

- والفرقة العندية الذين يزعمون بان الانسان مقياس كل شيء وهذا يعني ان المعرفة لاتتعلق بالموضوع المعروف بل بالذات العارفة وان مبدأ الاشياء ينبغي ان لايطلب من العالم الخارجي، وانما هو بالنسبة لكل فرد على حدة، فالحقيقة عند كل شخص كما تتراى عنده ولاوجود لحقيقة موضوعية يمكن الرجوع اليها لتصويب المصيب وتخطيء المخطىء[٤١].

اما في العصر الحديث، فأن الشك نجده حاضراً- سوا أكان بمعناه الواسع وهو القطع بالعجز عن ادراك الحقيقة او بمعناه الضيق وهو تعليق الحكم -في فرنسا ابان القرن السادس عشر عند كورني اجربيا سنة (١٥٣٣م)، وسانشيه (١٦١١م)، ومونتاني (١٥٩٢م) وفي انجلترا في القرن الثامن عشر عند هيوم (١٧٧٦)، ولقب هذا الاخير بالفيلسوف الشكاك، وكان يمتدح قدماء الشكاكين ويثني على انجازهم وقد انكر المعرفة التي تقوم على العقل، وانتهى هذا الاتجاه إلى انكار العالم الخارجي كما تمثل عند الفيلسوف باركلي[٤٢]. ولكن مهما يمكن في الحركة الشكية من جوانب سلبية فهي كما يبدو تعد ايجابية الغاية من خلال الوقوف على حدود المعرفة الانسانية وامكانيتها ورفض الحدود الموضوعة التي اقامها الفلاسفة سابقاً.

**الشك المنهجي:**

هو شك يفرضه صاحبه ويلزم به نفسه لكي يفحص افكاره ومعارفه ومعتقداته ويتاكد من خلوها من الاخطاء والمغالطات. فهو اذن ليس غاية لذاته وانما وسيلة للوصول إلى اليقين[٤٣].

واننا هنا يمكن ان نتبع جذور الشك المنهجي لنصل به إلى سقراط على الاقل في الجانب السلبي من منهجه اوما يسمى بجانب التهكم، الذي يهدف إلى أثبات جهل



الآخرين وافتقادهم لاولى درجات العلم وهي تجريد ذاته عن كل معرفة و يعبر عن ذلك بمبدئه المشهور هو (كل ما اعرفه اني لااعرف شيئاً).

بيد انه لايقف عند هذا الحد، وانما يواصل طريقه إلى اليقين بعد تطهير العقل وتسمى هذه المرحلة بمرحلة (التوليد) وهو الجانب الايجابي من مذهبه، وكلا الجانبين السلبي والايجابي يصنفان عند سقراط ضمن البحث الجدلي وهو الطريق الاول من التفكير ثم يليه الطريق الثاني وهو نظرية تتعلق بالبحث ذاته[٤٤].

ومجمل القول عند سقراط هو ان الشك بداية إلى اليقين وهو منهج بناء، ومبدا لليقين، اما ارسطو فهو بدوره ايد الشك واوصى بمزاولته عند البدء بدراسة اي بحث علمي وربط بين الشك والمعرفة الصحيحة. ومن زعماء الشك المنهجي في العصر الحديث يمكن القول ان ديكارت هو اكبر الفلاسفة الذين وضعوا اسس الشك المنهجي في العصر الحديث، فنجده يقول في معرض شكه (لقد تليقيت منذ حداثة سني قدرا كبيراً من الاراء الباطلة وحسبتها صحيحة، فكل ما بنيته منذ ذلك الحين على مبادىء هذا حظها من قلة الوثوق لايمكن ان يكون الا مشكوكاً فيه جدا، واذن فيلزم اذا اردت ان اقيم شيئا متينا في العلوم ان ابدا كل شيء من جديد وان اوجه النظر إلى الاسس التي يقوم عليها البناء) ويضيف ايضاً، (ولن يتحتم علي لذلك ان اثبت بطلان ارائي القديمة. بل يكفي لاطرحها ان اجد في كل راي منها سبباً ما للشك فيه. ولن يتحتم علي كذلك ان افحص كل واحد على حدة بل يكفي مهاجمة المبادىء لان انهيار الاسس يجر إلى انهيار بقية البناء)[٤٥].

ولكن ابعد ديكارت الشك في مجال الحياة العملية وقصره على مسائل النظر فحسب بقوله: (انه لاينبغي ان نستعمل هذا الشك في تدابير افعالنا) ويزيد هذه المقولة توضيحا عندما يقول (على ان بودي ان نلاحظ اني لااقصد ان نستعمل

الشك على هذا النحو الا حين نشرع في العكوف على تامل الحقيقة، لان من المحقق اننا فيما يختص بسلوك حياتنا مضطرون في معظم الاحيان إلى متابعة اراء ليست الا احتمالية، ذلك لان فرض العمل في شؤون حياتنا تكاد دائماً ان تنقضي قبل ان يتيسر لنا ان نتخلص من جميع شكوكنا. فاذا صادفنا فيها اراء كثيرة كهذه في موضوع واحد ولم نكن نستطيع ترجيح بعضها على بعض الاخر وكان العمل لايحتمل اي تأخير فان العقل يقضي بأن نختار منها رأياً وبعد إختياره ان نثابر على اتباعه كما لوكنا قد حكمنا عليه بانه يقيني جداً)(٤٦).

وفي الفكر الاسلامي نجد الامام الغزالي (رحمه الله) وهو سابق على ديكارت وله الصدارة في وضع الاسس الاولى لمنهج الشك والذي اعتبر الشك وسيلة إلى اليقين. فالغزالي فتش عن العلوم ووجد نفسه عاطلاً عن العلم اليقيني الا في الجليات الحسية والضروريات ثم انتقل شكه إلى المحسوسات، وأقبل بجد يتامل فيها وينظر ويسأل نفسه هل يمكنني أن اشك فيها؟

وانتهى به طول التشكيك إلى عدم السماح لنفسه بتسليم الامان في المحسوسات، وأختار حاسة البصر وبدأ التجربة عليها فوصل من خلال التجربة إلى عدم الثقة بالمحسوسات وقال (قد يطلب الثقة بالمحسوسات لان حاكم العقل كذب حاكم الحس)(٤٧)، وبالتالي التمس الغزالي الحقيقة واليقين في العلم الذي يقذفه الله سبحانه وتعالى على من يرتضيه من عباده وليس على الشخص العادي .

ولايبدو لي ان المقارنة بين ديكارت والغزالي في منهجيهما الشكي البناء مقارنة صحيحة(٤٨)، لانهما وان تشابها في الوسيلة إلى أن هدف ديكارت اكثر محاكاة من هدف الامام الغزالي. اذن فهو قياس مع فارق لأن غاية الغزالي معرفة صوفية يقذفها الله في قلب المؤمن الزاهد المتنسك ولايصل اليها الا قلة. وهذه الغاية عند الغزالي تعاش ولاتحكى ولايفهمها غير الذي يعيشها، بينما هدف ديكارت آخذ منحاً



آخر وهو أثبات النفس بمقولته المشهورة (أنا افكر إذن أنا موجود) وجعل منها اساساً للبحث عن الحقيقة ومنطلقاً لكل شيء، وهي تحكى وتقال بين البشر ويمكن لكثير من الناس مزاولتها باقل طاقة ومعاناة مقارنة بمنهج الغزالي والغاية الذي يسعى من أجلها. وبتعبير آخر أو بعبارة ادق ان هدف الغزالي لايمكن لكل انسان مزاولته الا واذا بلغ اعلى درجات الايمان ومن جانب آخر فان مرحلة الشك عند الغزالي لم تمس ايمانيته، وانما كانت تمس قدرة العقل على دفع الشكوك التي تعرض لذلك الايمان(٤٩).

وقد لاحظ الدكتور توفيق الطويل(*) من خلال تتبعه لتأريخ الفلسفة ان في كل مرحلة من مراحل الشك فيها مرحلة يقين، والثنائية التي يعيشها الفكر وتأخذ به نحو الصيرورة والتطور يشهد له تاريخ الشك نفسه فشك السوفسطائية اعقبه اليقين الذي اكده سقراط وارسطو وافلاطون، وشك المدارس المتاخرة اليونانية تلاه يقين فلسفي ديني صوفي، وشك فرنسا في القرن السادس عشر اعقبه يقين ديني عند (شارون) وتجريبي عند بيكون اعقبه عقلي عند (ديكارت) وشك هيوم قد ابطله كانت بمذهبه النقدي(٥٠).

### ج-دعاة اليقين:

وقد عالج القطعيون المفارقة بين الذات العارفة والموضوع المعروف باعلانهم ان في قدرة الانسان اكتساب المعرفة اليقينية، وله قدرات غير محدودة في ادراكه للحقائق، وقد شاعت هذه النزعة في فلسفة العقليين في القرنين السابع والثامن عشر وحتى قدر للمذهب النقدي عند (كانت) ان يتزعم هذا الادعاء، وبل ومن الممكن ان تقوم مناهج بنائية أو تأسيسية ترمي إلى بناء صرح المعرفة البشرية وبناء الكون والعمل على توحيد المفارقات الظاهرية لتؤلف منها هيكلاً عاماً يحقق وحدته، وهذا الادعاء يفسح مجالاً للنظريات الفرضية التي سبق وضعها كل

تجربة. ومن امثلة ذلك ان ديمقريطيس اسس مذهبه في الكون على نظرية الذرة وافلاطون على نظرية المثل وارسطو على نظرية المفاهيم وديكارت على نظرية الكوتيجو)[٥١]، وبحسب اختلاف تفسير العلاقة بين الذات العارفة والموضوع المعروف تنوعت الفلسفات القطعية إلى المذاهب التالية:

**المذاهب التجريبية:**

عالجت التجريبية العلاقة بين الذات العارفة والموضوع المعروف بتبعية الذات او الفكر للموضوع الخارجي الذي هو منبع المعطيات الحسية والتي يتلقاها الذات وبالتالي هو نتاج العالم الخارجي او الموضوعي. فمثلا يقرر رسل[*] من اصحاب الاتجاه الواقعي الحديث باننا لانكون على معرفة مباشرة بالموضوعات المادية او الاشياء، وكل مانكون على معرفة مباشرة به، انما هو معطيات حسية ولما كان من المحال ان تكون معطيات حسية بلا اسباب فان الموضوعات المادية لابد ان تكون اسباب هذه المعطيات وبذلك تكون مستدلاً عليها من هذه المعطيات[٥٢].

وكذلك نجد جون لوك ممثل المنهج التجريبي في العصر الحديث والذي يعد (رسل) امتداداً له يقر بإمكان المعرفة وذلك بالاعتماد على العالم الخارجي في تكوين الافكار وهي بدورها ناتجة عن التجربة الحسية والخبرة.

والماركسية ايضا بمعالجتها للذات العارفة والموضوع المعروف تعتمد على المبدأ القائل: (أنه يمكن معرفة العالم ومعرفة قوانيه تماماً وان معرفتنا بقوانين الطبيعة التي نبرهن على صحتها بالتجربة والتطبيق العلمي هي معرفة صحيحة لها معنى الحقيقة الموضوعية)[٥٣]. ويبدو من هذا المبدأ انهم يدركون الطبيعة ادراكاً كاملا وحقيقياً وتدرك دون ان يطبق عليها شيء من ذواتنا بمعنى هناك انفصال تام بين الذات والموضوع والثاني هو الاصل.

**المذاهب العقلية:**



اما موقف العقليين من امكان المعرفة فهو ايجابي، بمعنى أن العقل قادر على أن يصل إلى الحقيقة، ولكن أختلفوا في الطريق الموصل اليها فمنهم من يرجعها إلى عوامل بايولوجية حيوية، ومنهم من يرجعها إلى عوامل اجتماعية ومنهم من يراها مطابقة للواقع وهكذا .

ونسبية كانت تعتبر مثال المثالية الحديثة في اقرارها بالحقيقة وامكانية المعرفة البشرية، ولكنها تنظر اليهما نظرة نسبية، والحقيقة والمعرفة في نظرها ليست خالية من الشوائب الذاتية ومطلقة وانما هي مزيج من الناحية الموضوعية للشيء والناحية الذاتية للفكر المدرك، وتكون المعطيات الحسية اوالحدوس التجريبية فيها بمثابة معطيات ضرورية تتمثل أمام الذهن حتى يكون بوسعه ان يركب منها (معرفة)، وبعبارة اخرى ان المعارف الاولى في حد ذاتها لاتقدم لنا معرفة اللهم الا حين تجيء المعطيات الحسية او الامدادات العينية فتكون بمثابة مادة يركب منها التجربة ويقدم لنا، عن طريقها ما نسميه بالعلم[٥٤].

والمعرفة عند (كانت) معرفة تركيبية تشارك في تركيبها المعطيات الحسية والمعارف الاولية معاً وليست هي معرفة تحليلية كما كانت النظرة السائدة عند الفلاسفة العقليين، وتركيبية بمعنى اننا نضيف معنى جديداً إلى الموضوع حين نحمله على غيره، وذلك بان ياخذ الموضوع قيمته من التجربة طبقاً للمبادىء الاولية[٥٥].

ويقول الدكتور صالح الشماع (ان كانت يقف بين الشكية واليقينية، وبذلك نجد خطأ نقدياً قائماً على دراسة قدرات العقل وامكانية تحديد الاسئلة التي يسمح للانسان باثارتها والاجابة عليها)[٥٦]. وهو بذلك اي كانت يعني بمذهبه ان الموضوعات لكي نعرفها لابد ان تاتي موافقة للتصورات والمبادىء التي يملكها اذهاننا، والمعرفة هي نتاج الواقع والذات معا والعقل هو الذي يفرض قوانينه على

الاشياء مخالفاً في ذلك الفلاسفة العقليين الذين يؤمنون بتطابق العقل مع الاشياء وان المعرفة العقلية صورة آمنة لايحدث فيها اثناء عمليتها اي تشويه.

**النظرة الاسلامية:**

اما من وجهه النظر الاسلامية فيرى الفلاسفة الاسلاميون ان القضية الصادقة هي المطابقة للواقع والكاذبة هي المخالفة له. فمثلا اذا قيس موجود على موجود آخر فاما أن ينطبق احدهما على الآخر كالذراع على الذراع والمتر على المتر فعندئذ يرى بينهما التوافق والانطباق والوئام والتآلف اولا(٥٧)، ولكن التطابق وعدمه لايخصان الامور الخارجية فحسب وانما الادراكات الذهنية ايضا اذا نسبت إلى الخارج فمثلاً (الاربعة اكثر من الثلاثة) قضية صادقة مطابقة للواقع امالو قلناها بالعكس لكانت القضية كاذبة لعدم تطابقها مع الواقع. ولكي يتحقق الصدق والكذب في قضية ما حمل الفلاسفة المسلمون على تقسيم الادراكات التصديقية إلى صائبة وخاطئة، ولايقال في قضية صادقة او كاذبة، الا بعد تحقق امور:

- مقياس النسبة الموجودة في القضية إلى واقعها، وبالتالي فان المفاهيم المجردة عن المحمول و النسبة مثل (زيد) لايقاس إلى شيء.
- تحقق الاتحاد بين المقاس والمقاس عليه وعدمه. فاذا لم يكن التجانس حاضراً بين القضيتين كمخرج العمل عن قابلية الاتصاف باحدهما اي بالصواب والخطأ.

مثلاً لوقست قضية (الاربعة اكثر من الثلاثة) مع قضية أخرى غير متجانسة (الالماس يقطع بالزجاج) لم تتحقق الاولى بالصواب والخطأ.

والامر الثالث الحكم على القضية بصوابها أو خطأها فهو شرط غني عن الكلام، فلو لم يكن في الوجود متعقل متصور محاكم على القضية بالصواب أو الخطأ كيف لنا ان نعرف القضية بصدقها وكذبها(٥٨). ومجمل القول معيار الصواب والخطأ في



الامور الخارجية وكذلك الادراكات الذهنية في الفلسفة الاسلامية يكمن في انطباق القضية مع واقعها.

*** * ***

## المصادر


[١] الكردي، راجح عبد الحميد (الدكتور)، نظرية المعرفة بين القران والفلسفة، الطبعة الاولى، المعهد العالي للفكر الاسلامي هيرندن –فرجينيا، الولايات المتحدة الامريكية، ١٤١٢هـ-١٩٩٢م، ص٦٣.

[٢] نفس المصدر، ص٦٣.

[٣] بنعبد العالي، عبد السلام وسالم يفوت، درس الابيستمولوجياًو نظرية المعرفة، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٨٦م، ص٨-٩.

[٤] نفس المصدر، ص٩.

[٥] جيجن، اولف، المشكلات الكبرى في الفلسفة اليونانية، ترجمة الدكتور عزت قرني، مصدر سابق، ص٣٦٥، وينظر كذلك: بدوي، عبد الرحمن (الدكتور)، تاريخ الفلسفة، مصدر سابق، ص١٢٢.

[٦] جيجن، اولف، المشكلات الكبرى في الفلسفة اليونانية، ترجمة الدكتور عزت قرني، مصدر سابق، ص٣٦٦.

[٧] كرم، يوسف(الدكتور)، تاريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص٤١.

[٨] بدوي، عبد الرحمن(الدكتور)، تاريخ الفلسفة ،مصدر سابق، ص ١٤٩، وينظر كذلك: كرم، يوسف (الدكتور)، تاريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص٣٦.

[٩] جيجن، اولف، المشكلات الكبرى في الفلسفة اليونانية، ترجمة الدكتور عزت قرني، مصدر سابق، ص٣٧٠-٣٧١.

[*] د.يوسف كرم: مصري مسيحي توفي عام ١٩٥٩م تعلم الفلسفة في باريس، وتولى تدريسها في الاسكندرية، وهو اميل إلى تاريخ الفلسفة وله في ذلك ثلاثة مؤلفات تعتبر من افضل ما كتب في هذا المجال، هي (تاريخ الفلسفة اليونانية)، و(تاريخ الفلسفة الاوربية في العصر الوسيط)، و(تاريخ الفلسفة الحديثة).ينظر: الحفني، عبد المنعم (الدكتور)، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج٢، مصدر سابق، ص١٥٦٧-١٥٦٨.

[١٠] كرم، يوسف (الدكتور)، تاريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص٤٦.

[١١] جيجن، اولف، المشكلات الكبرى في الفلسفة اليونانية، ترجمة الدكتور عزت قرني، مصدر سابق، ص٣٧٠-٣٧١.

[١٢] غلاب، محمد (الدكتور)، المعرفة عند المفكرين المسلمين، مصدر سابق، ص٦٤.

[١٣] الشماع، صالح (الدكتور)، مشكلات الفلسفة من حيث نظرية المعرفة والمنطق، مصدر سابق، ص٣١-٣٢.

[١٤] الصدر، محمد باقر، فلسفتنا، مصدر سابق، ص٥٣.

[١٥] جيجن، اولف، المشكلات الكبرى في الفلسفة اليونانية، ترجمة الدكتور عزت قرني، صدر سابق، ص٣٧٤.

[١٦] Patrick Distante, Histor of Western Philosophy, Summary outline, Pdistan@eathlink.net. July٢٠٠٠, P١٠.

[١٧] Patrick Distante, Histor of Western Philosophy, op.cit.P١٠.

[١٨] الشنيطي، محمد فتحي (الدكتور)، المعرفة، الناشر: مكتبة القاهرة الحديثة، سنة الطبع لاتوجد، ص٧٦-٧٧.

[١٩] جيجن، اولف، المشكلات الكبرى في الفلسفة اليونانية، ترجمة الدكتور عزت قرني، مصدر سابق، ص٣٧٧.

[٢٠] بدوي، عبد الرحمن (الدكتور)، فلسفة العصور الوسطى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٢م، ص ٢١.

[٢١] كرم، يوسف (الدكتور) ،تاريخ الفلسفة الاوربية في العصر الوسيط، الطبعة الثالثة، دار المعارف بمصر، سنة الطبع لاتوجد،ص٣٩-٤٠.



[٢٢] الشنيطي، محمد فتحي (الدكتور)، المعرفة، مصدر سابق، ص٨٦.

[*] الفارابي (٨٧٣-٩٥٣م): ابو نصر محمد بن طرخان الفارابي، فيلسوف اسلامي لقب بالمعلم الثاني بالنظر إلى ارسطو المعلم الاول، الفلسفة عنده هي العلم بالموجودات بما هي موجودة ، وهي العلم الجامع الذي يعطي الانسان صورة شاملة عن الكون. وللفارابي كتب كثيرة يربو ما نشر منها مؤخراًعلى الثلاثين وهي (التعليم الثاني)، (المدينة الفاضلة)، (اراء اهل المدينة الفاضلة) واخرى. ينظر: الحفني، عبدالمنعم (الدكتور)، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج٢، مصدر سابق، ص٩٤١.

[٢٣] غلاب، محمد (الدكتور)، المعرفة عند المفكرين المسلمين، مصدر سابق، ص٢٣٢.

[*] إبن سينا: هو ابو علي حسين بن عبدالله بن سينا الملقب بالشيخ الرئيس (٤٢٨هـ) الفيلسوف الطبيب الذي خلف عدداً كبيراً من المؤلفات في مختلف الفنون كالقانون والشفاء والاشارات والموجز الكبير وغير ذلك. ينظر: الشيرازي، صدر الدين، مجموعة رسائل فلسفية، الطبعة الاولى، دار احياء التراث العربي، بيروت، ١٤٢٢هـ/٢٠٠١م، ص٥٥.

[٢٤] غلاب، محمد (الدكتور)، المعرفة عند المفكرين المسلمين، مصدر سابق، ص٢٥٢.

[**] إبن باجة: ابو بكر بن يحى بن الصائغ او ابن باجة كان لغوياً وشاعراً وفلكياً وفيلسوفاً واشتهر عند اللاتين باسم افيمباس (avempace) وقامت شهرته على شروحه على ارسطو، مات سنة ٥٥٣ه او ١١٣٨م. ينظر: الحفني، عبدالمنعم (الدكتور)، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج١، مصدر سابق، ص٢٤.

[٢٥] الغزالي، ابي حامد، المنقذ من الضلال، قدم له وعلق عليه الدكتورعلي بو ملحم، مصدر سابق، ص٤٧.

[٢٦] دي بور، ت.ج، تأريخ الفلسفة في الاسلام، ترجمة الدكتور محمد عبدالهادي أبوريدة ، مصدر سابق، ص٣٦٩.

[*] إبن طفيل (ابو بكر): محمد بن عبد الملك الفيلسوف الموسوعي اشتهر عند كتاب النصارى باسم ابو بكر ولد سنة ١١٠٠م باسبانيا الاسلامية وتوفي في المغرب عام ١١٨٥، واشهر مؤلفاته هي روايته الشهيرة (حي بن يقظان). ينظر: الحفني، عبدالمنعم (الدكتور)، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، ج١، مصدر سابق، ص٥٨.

[٢٧] غلاب، محمد (الدكتور)، المعرفة عند المفكرين المسلمين، مصدر سابق، ص٢٧٨.كذلك ينظر: الجسر، نديم (الشيخ)، قصة الايمان بين الفلسفة والعلم والقران، دار المثقف المسلم، قم ، ١٣٦٢/١١/١٦، ص ٧٣-٧٩.

** إبن رشدابو الوليد (١١٢٦-١١٩٨): محمد بن احمد بن رشد اشهر فلاسفة الاسلام العقلانيين، وكان وما يزال ابعد الاسلاميين اثراً في الفكر الاوربي المسيحي واليهودي ولد في قرطبة الاندلس وتوفي في المغرب وعرف في اوربا باسم (averoes) واطلقوا عليه اسم الشارح لشروحه على كتب ارسطو. ومن مؤلفاته (تهافت التهافت). ينظر: الحفني، عبدالمنعم (الدكتور)، موسوعةالفلسفة والفلاسفة، ج١، مصدر سابق، ص٥٢.

[٢٨] غلاب، محمد (الدكتور)، المعرفة عند المفكرين المسلمين، مصدر سابق، ص٣٠٩.

[٢٩] الشنيطي، محمد فتحي(الدكتور)، المعرفة، مصدر سابق، ص٩٠.

[٣٠] نفس المصدر، ص٥٦.

[٣١] الطويل، توفيق (الدكتور)، أسس الفلسفة، مصدر سابق، ص٢٩٧.

[٣٢] الشنيطي، محمد فتحي (الدكتور)، المعرفة، مصدر سابق، ص٥٧-٥٨.

[٣٣] الشرقاوي، محمد عبد الله (الدكتور)، مدخل نقدي لدراسة الفلسفة، الطبعة الثانية، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٠م، ص٢٥٦.

[٣٤] إمام، إمام عبد الفتاح (الدكتور )، مدخل إلى الفلسفة، مصدر سابق، ص٣٠٩.

[٣٥] الطويل، توفيق (الدكتور)، أسس الفلسفة، مصدر سابق، ص ٣٠١.

[٣٦] الطويل، توفيق (الدكتور)، أسس الفلسفة، مصدر سابق، ص٣٠٢.

[٣٧] كرم، يوسف (الدكتور)، تاريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص٢٣٤-٢٣٥.

[٣٨] الطويل، توفيق (الدكتور)، أسس الفلسفة، مصدر سابق، ص٣٠٩.

[٣٩] الكردي، راجح عبد الحميد (الدكتور)، نظرية المعرفة بين القران والفلسفة، مصدر سابق،ص٨٤.

[٤٠] كرم، يوسف (الدكتور)، تاريخ الفلسفة اليونانية، مصدر سابق، ص٤٩.

[٤١] الكردي، راجح عبد الحميد (الدكتور)، نظرية المعرفة بين القران والفلسفة، مصدر سابق، ص٨٥.



[٤٢] الطويل، توفيق (الدكتور)، أسس الفلسفة، مصدر سابق، ص٣١٠.

[٤٣] إمام، إمام عبد الفتاح (الدكتور )، مدخل إلى الفلسفة ، مصدر سابق، ص٣١٥.

[٤٤] المنوفي، محمود ابو الفيض (السيد)، تهافت الفلاسفة، مصدر سابق، ص٧١.

[٤٥] ديكارت، التاملات في الفلسفة الاولى، ترجمة الدكتور عثمان امين، الطبعة الرابعة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة ، ١٩٦٩م، ص٦٥. وكذلك ينظر: ديكارت، مبادىء الفلسفة، ترجمة الدكتور عثمان امين، دار الثقافة والنشر والتوزيع الفجالة، سنة الطبع لاتوجد، ص٥٣.

[٤٦] ديكارت، مبادىء الفلسفة، ترجمة الدكتور عثمان امين، مصدر سابق، ص٥٤.

[٤٧] الغزالي، ابي حامد، المنقذ من الضلال، قدم له وعلق عليه الدكتورعلي بو ملحم، مصدر سابق، ص ٧ .

[٤٨] M.msaarit، الفكر الاسلامي (منابعه واثاره)، ترجمة الدكتور احمد شلبي، الطبعة السادسة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٨م، ص١٦٤.

[٤٩] وبوزورث ، شاخت ، تراث الاسلام ، ترجمة الدكتور حسين مؤنس واحسان صدوقي العمد، مراجعة الدكتور فؤاد زكريا، الطبعة الثانية ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، ١٩٨٨م،ص١٠٥.

* د. توفيق الطويل: استاذ الفلسفة بكلية الاداب بجامعة القاهرة، بمصر .

[٥٠] الطويل، توفيق (الدكتور)، أسس الفلسفة، مصدر سابق، ص٣١١.

[٥١] الكردي، راجح عبد الحميد (الدكتور)، نظرية المعرفة بين القران والفلسفة، مصدر سابق، ص١٢٩.

* برتراند رسل (١٨٧٢-١٩٧٠م): فيلسوف انجليزي منطقي رياضي قدس الرياضيات إلى حد انه لم يؤمن بشيء بعد ذلك. ينظر: امين وزكي، احمد ونجيب محمود، قصة الفلسفة الحديثة، ج٢، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٤٩م، ص ٥٨٩-٥٩٠.

[٥٢] الكردي، راجح عبد الحميد (الدكتور)، نظرية المعرفة بين القران والفلسفة، مصدر سابق، ص١٣٢.

[٥٣] حسين، كمال، الفلسفة الماركسية، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٧٧م، ص٥٧.

[54] زكريا، ابراهيم (الدكتور)، كانت اوالفلسفة النقدية، الطبعة الثانية، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٧٧م، ص٤٨.

[55] الصدر، محمد باقر، فلسفتنا، مصدر سابق، ص١٢٧-١٣٣.

[56] الشماع، صالح (الدكتور)، مشكلات الفلسفة من حيث نظرية المعرفة والمنطق، مصدر سابق، ص٧٨.

[57] السبحاني، جعفر (الاستاذ)، نظرية المعرفة، بقلم الشيخ حسن محمد مكي العاملي، مؤسسة الإمام الصادق، قم، ١٤٢ه/١٣٨٢م، ص٢١٤.

[58] السبحاني، جعفر (الاستاذ)،نظرية المعرفة، بقلم الشيخ حسن محمد مكي العاملي، ص٢١٤-٢١٥.

هەوالنامەی کێتڕ

# مبدأ عــــــدم أستخدام القوة أو التهديد بها فـــي العلاقات الدولية

م.ريبوار كريم محمود

**المقدمة :**

يعتبر استخدام القوة في العلاقات الدولية من الأدوات الاساسية التي لجأت اليها الدول من أجل فرض سيطرتها على دول و أطراف اخرى. فمنذ قدم التأريخ و الى الان تعتبر القوة عاملا أساسيا في ادارة العلاقات الدولية، بحيث كان و لايزال اللجوء اليها و اختيارها من اولويات الدول. فمن جانب كثيرا ما رأينا و نرى أن الدول لجأت الى استخدام القوة بكل أبعادها السياسية و الاقتصادية و الايديولوجية و العسكرية في تعاملها مع القضايا الدولية، و هذا مانراه في الحروب العسكرية و استخدام القدرات الاقتصادية و المناورات السياسية بالاضافة الى الاستفادة من المكانة و النفوذ الايديولوجي التي تمتلكها الدولة.

من جانب اخر، و نظرا للافرازات و النتائج السيئة التي ظهرت نتيجة للاستخدام السلبي للقوة بجوانبها المختلفة ، فقد وصلت الشعوب و الدول الى ضرورة





الابتعاد في بعض الاحيان عن استخدام مكونات القوة المادية و المعنوية بشكل مباشر ، و بالمقابل ازدادت النزعة الاممية للحد من استخدام القوة أو التهديد بها، بمعنى اخر أن الاستخدام الفعلي للقوة يجب أن لا يترتب عليه نتائج سلبية على صعيد العلاقات الدولية، بل بالعكس يجب على الدول أن تلجأ الى القوة كنفوذ و سلطة معنوية للحصول على أكبر قدر ممكن من الانجازات و تحقيق نسبة كبيرة من الاهداف الاساسية للسياسة الخارجية.

نحاول في هذه السطور أن نتطرق الى مبدأ عدم أستخدام القوة في العلاقات الدولية أو التهديد بها، كأحدى أهم المباديء الجديدة في القانون الدولي العام، و ذلك من خلال معرفة الملامح الجديدة للقوة المادية و المكونات الجديدة. هذا بالاضافة الى معرفة طريقة الاستخدام الشرعي للقوة.

**مفهوم القوة:**

ان التعاريف المتعددة لمفهوم القوة أدت الى ان يعاني هذا المفهوم كغيره من المفاهيم المطروحة في حقل العلوم السياسية من عدم وجود تعريف دقيق و محدد من قبل الكتاب و الباحثين في ميدان العلاقات السياسية الدولية. فعلى الرغم من المفهوم الظاهري البسيط للقوة فان استنباط معناها ليس واحدا، "فمعنى القوة لدى السياسي تختلف عن معناها لدى القانوني، و كذلك يختلف تفسيرها لدى عامة الناس عن تفكير المفكر الاستراتيجي لها"[١].

و على الرغم من الاشكاليات التي يتسم بها مفهوم القوة في العلاقات الدولية الا أننا نستطيع ان نقول انه أذا نظرنا الى "ان القوة هي التي ترسم ابعاد الدور الذي تقوم به الدولة في المجتمع الدولي"[٢]، تظهر أهمية قوة الدولة كمحرك أساسي و فاعل في ادارتها. يجب معرفة ذلك بأن "القوة بكل مقوماتها الكمية و الكيفية

لاتفصح عن مكنونها و لاتكشف عن نفسها الا عن طريق ما تقترن به من تأثير فاعل، و تعد كمية و نوعية القدرات المتاحة للدولة من الوسائل التي تعين على قياس حجم و ثقل التأثير"[٣].

يعتبر ماكيافيللي أول محلل سياسي حديث للقوة في عصر النهضة الذي يرى "أن نجاح السياسة يقاس بمدى استخدامها للقوة"[٤]. و يفسر علماء السياسة التقليديون القوة بمفهومها الشامل و العام و هي أنها غاية و وسيلة، و حسب هذا التفسير فان القوة تعني قدرة طرف ما على حمل طرف اخر على الولاء و الطاعة، و هذا التوجه يمكن تلخيصها بأنها تقوم على أساس الفعل و رد فعل القوة في المجالات المختلفة.

يمكن القول ان القوة هي "محصلة الاشكال المختلفة للقوى التي تعمل و تتفاعل داخل النسق الاجتماعي، على ما قد يكون فيها من تجاذب أو تضاد التي ترسم في النهاية و تحدد الشكل و المسار اللذان يتخذهما النسق الاجتماعي و السياسي، أي القوة المؤثرة الفعالة في المجتمع، أو هي القوة السياسية اذا كانت هذه القوة تعني ادارة شؤون المجتمع بشتى مناحيها"[٥].

## المكونات القديمة-الحديثة للقوة:

للقوة عناصر و مكونات التي تركبها، و تتفاوت وجود تلك العناصر من دولة الى اخرى، لذلك لا يوجد تقييم واضح لتلك المكونات بكافة أبعادها. و مع ذلك فان الدراسات العديدة التي قام بها الكتاب و الباحثين المختصين في هذا المجال و تناولهما للكثير من المقومات أدى الى تنوع المكونات و بالتالي كثرة دلالاتها و أبعادها المؤثرة على قوة الدولة. و هنا يمكن التطرق الى تلك العوامل بالشكل التالي:





### أولا: المكونات الطبيعية:

"تتأثر قوة الدولة بالاعتبارات الجغرافية كالمساحة و الموقع و التضاريس، كما أنها تتأثر من ناحية أخرى بالمعطيات الديمغرافية و بالامكانيات و الموارد الطبيعية التي تمتلكها"[٦]. فالدولة تستطيع أن تستخدم هذه الاعتبارات و العوامل الطبيعية في ادارة سياساتها الخارجية. فمثلا أن هنالك دول تحاول الاستفادة من حجم سكانها عند محاولتها لاثبات قوتها على صعيد العلاقات الدولية، سواء كان هذا الحجم كبيرا أو صغيرا. و في هذا المجال هنالك دول يتفوق عدد سكانها مائة مليون نسمة و عدد هذه الدول قليل، من أمثلتها روسيا و الولايات المتحدة و اليابان و البرازيل، أما بالنسبة للدولتين العملاقتين سكانيا (الهند و الصين) فقد كانت نسبة نفوس الهند في عام ١٩٩١ (٨٦٥ مليون نسمة) و الصين (١١٥٠ مليون نسمة) ، أما في عام ٢٠٠٠ وصلت نسبة سكان (الهند) الى (٩٦١ مليون نسمة) و نسبة (الصين) الى (١٢٥٠ مليون نسمة)[٧]. و هذا ماتجلى في صورة الاهتمام المتزايد الكبير بالدور الهندي و الصيني، فمثلا عند الحديث عن اصلاح الأمم المتحدة و خاصة مجلس الامن الدولي هناك رأي كبير بضرورة انتماء الهند للأعضاء الدائميين في مجلس الامن الدولي. أما فيما يتعلق بالصين فهناك اراء عديدة تؤكد أن الصين سوف تكون القوة العظمى الوحيدة بحلول عام ٢٠٢٥.

بالاضافة الى ذلك، يمكن الاعتبار أن العامل الاقتصادي و التطورات الاقتصادية الحديثة و العالمية مرتبطة بمدى تنظيم قوة الدولة الدبلوماسية و السياسية، و يقصد بالعوامل الاقتصادية "النمو المستوى الذي بلغته الدولة في نواحي التنظيم و الكفاية الاقتصادية، و درجة التصنيع النسبي فيها"[٨]. ففي ظل هذا العامل نستطيع أن نقول أن القوة منقسمة بين كثير من الدول بشكل متفاوت، ولكن "هناك ثلاثة دول على قمة الاقتصاد العالمي و هي الولايات المتحدة الامريكية و

اليابان و ألمانيا"[٩] فهذه الدول لديهم قدرة كبيرة في الاستخدام الدبلوماسي للقوة الاقتصادية المتوفرة لديهم، فالولايات المتحدة الامريكية تستخدم المفاوضات الاقتصادية في معظم العمليات التفاوضية. مثلا عند غزو العراق عام ٢٠٠٣ طلبت الحكومة الامريكية من الحكومة التركية أن تفتح لها المجال أمام قواتها العسكرية بأن يدخلون العراق من بوابة كردستان العراق عبر قاعدة (أنجرليك) العسكرية في تركيا التابعة للجيش الامريكي، و اذا وافقت الحكومة التركية على هذا الطلب تقوم الولايات المتحدة بدفع مبلغ (٦ مليار دولار) كمنحة للحكومة التركية بالاضافة الى دفع قرض مبلغه (٢٠ مليار دولار)[١٠].

رغم أهمية العوامل الطبيعية في العمل السياسي و الدبلوماسي الا ان المكون الاقتصادي يأخذ الاولوية من حيث أهميتها، بالأخص أن الاقتصاد و السياسة يعتبران وجهان لعملة واحدة.

**ثانيا: المكونات المكتسبة:**

يقصد بالعوامل المكتسبة عناصر القوة التي تزيد و تنقص تبعا لمستوى التطور التكنولوجي و درجة الاستعداد العسكري و كفاءة القيادة السياسية و الروح المعنوية[١١]. فكل هذه المكونات تؤثر بشكل فعال في تكوين قوة الدولة من ناحية الدبلوماسية و السياسية على صعيد العلاقات الدولية.

ان ما تحققه الدولة من امتيازات و تطورات على الصعيد التقني يؤدي الى انماء قوة الدولة السياسية، فالتكنولوجيا من الناحية السوسيولوجية "تنطوي على عمليات و أدوات يستخدمها الانسان للسيطرة على الطبيعة"[١٢]، و هكذا تستطيع الدولة أن تضع نفسها في حالة الاستقرار و الاطمئنان عن طريق التطور التكنولوجي التي تصل اليها مما يعطيها قدرة لاستغلال مواردها بشكل يتلائم مع أهداف و مصالح الدولة و هذا ما يتجلى بالنتيجة في منح مكانة و قوة للدولة. هذا من جانب.





من جانب أخر "يمثل الاستعداد العسكري المظهر الرئيسي للقوة في المجال الدولي، فمن البديهي أن تكون أقوى الدول هي أقواها من الناحية العسكرية"[١٣]. فقد تعتبر القوات المسلحة إحدى الوسائل الأساسية لتنفيذ السياسة الخارجية وإحدى المقومات الأساسية لنجاح الدبلوماسية.

ورغم أن "القوات المسلحة تعتبر باهظة التكاليف إذا ما قورنت بالدبلوماسية وغير مرغوب في استخدامها في المجتمع الدولي كوسيلة لتحقيق الأهداف الخارجية"[١٤]، إلا أنها مع ذلك تحظى باهتمام بالغ لدى حكومات المجتمع الدولي ذلك أن الأداة العسكرية "تهيئ خلفية من الثقة والاستقرار لعمل الدبلوماسية وأن التفاوض من مركز القوة حكمة سليمة، إذ لا يمكن لدولة لا تسندها قوة عسكرية أن تمتنع عن إعطاء تنازلات تضر بمصالحها الحيوية إذا تعرضت لضغوط وتهديدات ليس بوسعها أن تقاومها"[١٥].

و القوات المسلحة تستخدم في أكثر من مظهر واحد. فبالإضافة إلى استخدامها التقليدي ونعني به الاستخدام الفعلي وقت الحرب للدفاع أو الهجوم، تستخدم القوات المسلحة أيضاً وقت السلم للضغط والردع وما يترتب عليهما من رضوخ الأطراف الأخرى وتحقيق المصالح القومية. "إن استخدام القوات المسلحة كوسيلة للضغط والردع وقت السلم هو الذي يبرر النفقات الباهظة عليها ويزيد من قناعة المواطن العادي بأهمية النفقات وتحمل آثارها"[١٦].

بالاضافة الى العامل الاقتصادي، هناك مكون ايديولوجي الذي يعني توجيه النظر الى دور الايديولوجيا انتماء وثقافة في السياقات الاستراتيجية والسياسية الدولية. فمن الواضح ان الوعي يتزايد بأهمية توظيف الدين في العلاقات الدولية.

بشكل عام كل ما استطاعت الدولة الاستفادة من قدراتها و مكونات قوتها

بشكل عقلاني، كل ما انعكس ذلك ايجابيا على صعيد علاقاتها السياسية الدولية.

**كيف يتم استخدام القوة؟**

إن القوة هي إحدى الوسائل والأدوات التي تستخدمها الدولة لتنفيذ مخططاتها وتحقيق أهدافها ومصالحها في إطار سياستها الخارجية. فمفهوم القوة مفهوم عام شامل يستند إلى عوامل اقتصادية، وسياسية، وعسكرية، وبشرية، تؤثر في بعضها البعض وتعد عاملاً لتحقيق سياسة الدولة في العلاقات الدولية والمجتمع الدولي.

**وهناك جملة من المظاهر المنظمة لاستخدام سياسة القوة في العلاقات الدولية، وأهمها[١٧] :**

١. التدخلات المباشرة (كالحرب العسكرية) واستخدام القوة العسكرية بشكل مباشر أو بشكل غير مباشر عبر المؤامرات وحرب العصابات.

٢. التحالفات الجماعية (تحالفات سياسية عسكرية—كالحلف الأطلسي، وتحالفات سياسية اقتصادية—كالاتحاد الأوروبي).

٣. التدخلات غير المباشرة (كالعقوبات الاقتصادية والسياسية) أو ما يسمى بأسلوب الحرب غير المعلنة.

ومن أبرز الصفات الأساسية المميزة لظاهرة استخدام القوة في العلاقات الدولية هو استخدام القوة الجماعية أي التنظيم الجماعي لظاهرة استخدام القوة التي أخذت تظهر بعد الحرب العالمية الثانية وبخاصة في فترة الحرب الباردة التي أدت إلى تشكيل المنظمات الجماعية المختلفة بهدف تنظيم ظاهرة القوة وإن مجالات تنظيم هذه الظاهرة قد تنوعت فظهرت المنظمات العسكرية والسياسية





والاقتصادية المختلفة. و إن انتشار التكتلات والتجمعات المختلفة كان هدفه الأساسي تحقيق أكبر قدرة ممكنة من القوة اللازمة لتنفيذ الأهداف والمخططات الموضوعة.

هل هناك حق في أستخدام القوة؟ هل هناك شرعية في استخدام القوة؟

من المعلوم أن الحرب وسيلة من وسائل العنف تلجأ إليها الدول لفض المنازعات وخلافاتها أو سعيا وراء تحقيق غاية أو مطمع سياسي أو إقليمي، ولما كانت هذه الظاهرة قديمة قدم التاريخ الإنساني والقواعد القانونية التي تحكمها وتنظم سير عملياتها كانت محل اهتمام القانون الدولي وموضوعا لاتفاقاته وقد تأصل قانون الحرب بعد أن أعلنت الدول استعدادها للحد من اللجوء إلى القوة عن طريق إخضاع الأعمال العسكرية لبعض قواعد الأطراف وفرض الالتزامات بإصدار تصريح سابق عن نشوبها. وقد توجت هذه الصيرورة بعد الإعلان عن حظر القوة في العلاقات الدولية وإن كان هذا الحظر غير مطلق زد على ذلك أن الدول لا تتقيد به بشكل تام[١٨].

في العلاقات الدولية تتوزع مجموعة من الممارسات سواء كانت مشروعة أم غير مشروعة، ومن خلالها يمكن تحديد مظاهر هذا الاستخدام ولكن هذه المظاهر تختلف وتتنوع حسب ما تقتضيه الأحداث الدولية ومن المفيد بين هذه المظاهر، و هي:[١٩]

**اولا: التدخل:**

لقد كان التدخل في الأساليب الرئيسية التي استخدمتها الدول لاستعمال القوة في علاقاتها الدولية منذ القدم، وشهد مفهوم هذه الفكرة تطورا كبيرا خلال فترة ما بعد الحرب الباردة، ثم تطورت الأفكار المتعلقة به إلى أن أصبح مظهرا غير مشروع من مظاهر استخدام القوة في العصر الحالي الراهن ويرى البعض أن أحسن طريقة لتعريف التدخل هي من خلال تعريف عدم التدخل، وفي هذا يقول تاليراند أن اللاتدخل كلمة تعني ما يعنيه التدخل.[٢٠] و التدخل يقع

سواء كان بدعوى من قبل الجهة المعنية به أم لا، وذلك لأنه موجه للتأثير على البناء السياسي والاجتماعي للجهة الأخرى. و في حالة التدخل بناء على دعوة الطرف الآخر لا توجد فرض للإرادة من جانب آخر و بذلك تخرج هذه الحالة من مفهوم التدخل وتصبح مساعدة أو تعاون أو تنفيذ معاهدة أو بناء على التزام بموجب التحالف وما شاكل ذلك[٢١].

كما تتضمن أسانيد التيار المؤيد للتدخل الإنساني وإنكار وإهدار واضح لمقررات الجمعية العامة التي تحرم استخدام القوة في العلاقات الدولية تعريفا شاملا بمقتضى ميثاق الأمم المتحدة. يستثنى الإعلان رقم ٢٦٢٥ الخاص بمبادئ القانون الدولي المحصلة بالعلاقات الودية والتعاون بين الدول وفقا لميثاق الأمم المتحدة من نطاقه الحق في التدخل ولا يتضمن لحد الآن أي نص يتعلق بالتدخل الإنساني تؤيد توصيات الجمعية العامة رقم ٣٣١٤ سنة ١٩٧٤ الخاصة بتعريف العدوان في المادة الخامسة منها ما ورد في إعلان العلاقات الودية رقم ٢٦٢٥ سنة ١٩٧٤ حيث نصت على "ما من اعتبار أيا كانت طبيعته سواء كان سياسيا أو اقتصاديا أم عسكريا أو غير ذلك يصح أن يتخذ مبررا لارتكاب عدوان"[٢٢].

**ثانيا: العدوان:**

شغلت مشكلة تعريف العدوان الحكماء والفلاسفة على مدى القرون العديدة وقد انبثق مفهوم العدوان منذ أيام روما القديمة ويعيد مؤرخو القانون مصطلح العدوان إلى الكلمة اللاتينية Aggressio أي الاعتداء، وكان من أقدم التعاريف الظاهرة اعتداء من دولة أقوى على دولة أضعف لتحقيق مكاسب ومصالح والتوسع في حدود وثروات المعتدى شهد في قواميس علم الاناسة الانتروبولوجيا تعبير جماعة بدل دولة باعتبار العدوان قد سبق الدول[٢٣].

جاء ميثاق الأمم المتحدة خاليا من أي تعريف للعدوان ويعود السبب في ذلك





برأي البعض إلى الرغبة في تجنب تحديد المفهوم والاحتمال ألا يأتي التعريف دقيقا وشاملا مما يؤدي لاستفادة المعتدي من ذلك[٢٤]. هذا بالإضافة إلى أن مصطلح العدوان يشمل جوانب سياسية وقانونية وعسكرية ومنطقية يصعب إدراجها في تعريف واحد وجامع.

أحيل هذا المشروع إلى بعثة القانون الدولي والتي قررت أن تعالج الموضوع بإضافة ما يلي : المادة ٢ من بروتوكول الجرائم المرتكبة ضد الإنسانية المقترح (أي عمل من أعمال العدوان بما في ذلك استخدام القوات المسلحة بناء على سلطة الدولة ضد دولة أخرى لأي هدف خلاف الدفاع عن النفس الفردي أو الجماعي أو تنفيذا لقرار صادر عن إحدى أجهزة الأمم المتحدة المختصة)[٢٥].

على الرغم من ذلك كله وعلى هذا وبغض النظر عن وجود إعلان الحرب أم لا، فإن الأعمال التالية تعتبر أعمالا عدوانية، و استخدام القوة فيها غير شرعي[٢٦]:

١. غزو أو هجوم دولة ما بقواتها المسلحة على أرض دولة أخرى أو أي احتلال عسكري مهما كان مؤقتا ناجم عن هذا الغزو أو أي ضم باستخدام القوة المسلحة لأراضي دولة أخرى أو جزء منها.

٢. قصف دولة ما بقواتها المسلحة أراضي دولة أخرى أو استخدام أية أسلحة من قبل دولة ضد أراضي دولة أخرى.

٣. حصار موانئ أو سواحل دولة ما من جانب القوات المسلحة التابعة لدولة أخرى.

٤. أي هجوم تقوم به القوات المسلحة لدولة على القوات البرية أو البحرية أو الجوية لدولة أخرى.

٥. استخدام القوات المسلحة لدولة ما الموجودة داخل أراضي دولة أخرى بموافقة الدولة المستقلة على نحو يناقض الشروط المنصوص عليها في الاتفاق أو أي

تحديد لبقائها في هذه الأراضي إلى ما بعد إنتهاء الاتفاق.

## الاستنتاجات

١. ان القوة قضية نسبية لايمكن الاطلاق بشأنها، و يمكن قياسها من خلال الاطراف ألاخرى الداخلة في الصراع.

٢. تعتبر القوة تجسيدا لاجمال القدرات و الامكانات المادية و المعنوية للدولة، و التي من خلالها يمكن أن تؤثر على سلوك الوحدات الدولية الأخرى.

٣. ان اعتماد القوة في العلاقات الدولية تنتج عنها الفوضى و عدم الاستقرار في العالم، بحيث تستمر الحروب و تزداد حدتها مع استمرار استخدام القوة في تسوية الكثير من المنازعات و في ادارة العلاقات مابين الدول.

٤. ان كثرة النزاعات و الازمات دليل واضح على عدم قدرة المجتمع الدولي، و المتمثلة بالمنظمة الدولية، في ادارة و حل تلك الازمات.

٥. لم يستطيع النظام العالمي الجديد تغير مجرى الصراعات و حدتها الا بشكل نسبي.

٦. ان الدلائل و المؤشرات تشير الى أنه قد تغير و تتغير أكثر في السنوات المقبلة الصورة التقليدية للقوة و ماهيتها، و يتم بناء جديد لها.

٧. منذ بداية تأريخ البشرية و الى الان نرى بأن منطق القوة هو المسيطر على السياسة الدولية، و هي التي تصوغ الاحداث و المواقف و ردود الافعال و تدير السياسة الدولية.

٨. توجد محاولات لأن يحل الحوار محل العنف المنتج عن القوة، و هذا يتطلب جهدا كبيرا، في مقدمته التمسك بعدم استخدام القوة أو التهديد بها في العلاقات الدولية.





## المصادر


[١] د.علي أصغر الكاظمي: دور القوة في المجتمع و العلاقات الدولية، ترجمة: محمود عبدالكريم، مصدر من الانترنت على الموقع: www.aldwnia.com

[٢] د. اسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية، منشورات ذات السلاسل، الطبعة الرابعة، الكويت، ١٩٨٤، ص٦٣.

[٣] د. عبدالقادر محمد فهمي: النظام السياسي الدولي، دار وائل للنشر، ١٩٩٧، ص ص ٢٣-٢٤.

[٤] نقلا عن: د. على عودة العقابي: العلاقات السياسية الدولية دراسة في الاصول و التأريخ و النظريات، الدار الجماهيرية للنشر و التوزيع و الاعلان، ١٩٩٦، ص ١٣٣.

[٥] د. اسماعيل على سعد: الرأي العام بين القوة و الايديولوجية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٨، ص ص ٤١-٤٢.

[٦] د.عبدالواحد الناصر: خصائص الدول في محيط العلاقات الدولية، بحث تأصيلي في بنيان سياسات الدول، منشورات دار حطين للطباعة و النشر و التوزيع، الرباط، الطبعة الثالثة، ١٩٩٥، ص ١٠٢.

[٧] د.علي أصغر الكاظمي: النظام الدولي الجديد، بناء القوة في مرحلة مابعد الحرب الباردة، ترجمة: محمود عبدالكريم، موقع الفكر الجديد، مصدر من الانترنت على الموقع: http://www.alfikraljadid.com/maqalat/١٣٩٨k/htm.1

[٨] د. اسماعيل صبري مقلد: مصدر سبق ذكره، ص ١٨٣.

[٩] د. علي أصغر الكاظمي، النظام الدولي الجديد، مصدر سبق ذكره.

[١٠ ٦] نقلا عن: محمد رمضان: القضية الكردية في العلاقات التركية-الامريكية، مصدر من الانترنت على الموقع: http://www.rezgar.com/turky/١٢٢٢٣!!/R٧٨.HTM

[١١] د.عبدالواحد الناصر: مصدر سبق ذكره، ص ١٢٦.

[١٢] د. صادق الاسود: علم الاجتماع السياسي أسسه و أبعاده، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، ١٩٩٠، ص ٢٠٣.

[13] د. عبدالواحد الناصر: مصدر سبق ذكره، ص ١٣١.

[14] مركز السلام للثقافة الدبلوماسية: الدبلوماسية و وسائل السياسة الخارجية، مصدر من الانترنت على الموقع:

http://www.siironline.org/alabwab/diplomacy-center/٠٠٩.html

[15] نفس المصدر.

[16] نفس المصدر.

[17] ماجد شدود: العلاقات السياسية الدولية، منشورات جامعة دمشق، دمشق،١٩٩١، ص ص ١٠٤-١٠٧

[18] سمير محمود ناصر: القوة في العلاقات الدولية، مصدر من الانترنت على الموقع:

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=٨٥٩١٠

[19] محمد وليد اسكاف: حق استخدام القوه ودوره في العلاقات الدولية، مصدر من الانترنت على الموقع:

http://syriasteps.com/index.php?d=١٦٠&id=٢٤٣\

[20] نفس المصدر.

[21] نفس المصدر.

[22] نفس المصدر.

[23] عبدالعزيز عيسى: المفهوم القانوني للعدوان، مصدر من الانترنت على الموقع:

http://www.alitijah.com/html.١٢٠٩.GH&KAS/

[24] للمزيد من التفاصيل أنظر نص ميثاق الامم المتحدة.

[25] محمد وليد اسكاف: مصدر سبق ذكره.

[26] نفس المصدر.